MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

هزره سیاسییەکانی رۆژئاوا

لە سەدەی بیستەم

# هزره سیاسییەکانی رۆژئاوا
# لە سەدەی بیستەم

نووسینی: ملك يحيى صلاحي

وەرگێڕانی: هیوا مەجید

هەولێر- ٢٠٠٨


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **هزره سیاسییەکانی رۆژئاوا لە سەدەی بیستەم**
- نووسینی: ملك يحيى صلاحي
- وەرگێڕانی: هیوا مەجید
- نەخشەسازی ناوەوە: طــە حسين
- پیتچنین: ڕێدار جعفر
- بەرگ: هۆگر صديق
- ژمارەی سپاردن: (١٦٣٠)
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣١٤)**



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


**پێشەكی** ١
خستنەڕووی بابەت ٥
أ- ئیمپریالیزم ٩
ب- لیبرالیزم ١٢
١. لیبرالیزم وەك فەلسەفەی سیاسی ١٢
٢. لیبرالیزم وەك سیستەمێكی ئابووری ١٣
٣. لیبرالیزم وەك پلانی كۆمەڵایەتی ١٤
ج- رەوتی كامڵبوونی لیبرالیزم ١٦

**بەشی یەكەم : بژاردەكان** ٢٣
أ- چەمكی بژاردە یان نوخبە ٢٣
ب- تیۆرییە كلاسییكییەكانی نوخبە ٢٤
١- گایتانۆ مۆسكا ٢٥
٢- ویلفردۆ پاریتۆ ٢٧
٣- رۆبرت میشێلز ٣٥

**بەشی دووەم: تیۆری نوێی نوخبەكان** ٤١
تیۆری میلز و دەسەڵاتی نوخبەكان ٤٣

**بەشی سێیەم: قەیران، كامڵبوون و گەشەی دیموكراسی** ٤٩
أ- دیموكراسی ٤٩
١- دیموكراسی وەك پرەنسیپێكی سیاسی ٥٢
٢- دیموكراسی وەك فۆرمی دەوڵەت ٥٥
٣- دیموكراسی وەك فۆرمی ژیان ٥٥
ب- پراگماتیزم ٥٨

**بەشی چوارەم: قوتابخانەی شیكاگۆ** ٦٥

**بەشی پێنجەم: هەڵسوكەوتی نوخبەگەرایان لەهەمبەر پلۆرالیزمەكان** ٧١
١. جۆزف شۆمپیتر ٧٣
٢. رۆبرت دال ٧٧
٣. سارتۆری ٨٠

**بەشی شەشەم: ماركسیزم لە سەدەی بیستەم** ٨٣
راو پێداچوونەوە لە ماركسیزمدا ٨٧
١. سۆسیالیزم لە ئەڵمانیا ٨٨
٢. سۆسالیزم لە نەمسا (ئەسترۆماركسیزم) ٩٨
٣. سۆسیالیزم لە فەڕەنسا ١٠٣

٤. سۆسیالیزم لە ئینگلتەرا ١٠٥

**بەشی حەوتەم: فاشیزم و ناسیۆنالیزم** ١٠٧
پێشەکی ١٠٧
أ. کورتە مێژوو ١٠٨
ب. ستراکتۆری فاشیزم ١١٦
١. ناعەقڵانیخوازی ١١٧
٢. داروینیزمی کۆمەڵایەتی ١٢٠
٣. ناسیۆنالیزم ١٢٤
٤. دەوڵەتی تۆتالیتەر ١٢٧
٥. پرەنسیپی سەرکردایەتی ١٢٩
٦. نەژادپەرستی ١٣٢
ج. سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی فاشیزم ١٣٧
د. فاشیزم لە نیوەی دووەمی سەدەمی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم ١٣٩

**بەشی هەشتەم: چەپی نوێ (تیۆریە رەخنەیی – دیالکتیکییەکان)** ١٤٩
پێشەکی ١٤٩
أ. تیۆرییە رۆژانەیی و زانستییەکان ١٥٢
ب. تیۆرییە دیالکتیکییەکان ١٥٢
ت. تیۆرییە رەخنەییەکان ١٥٣
١. ماکس هۆرکهایمر ١٥٤
٢. تیۆدۆر ئادۆرنۆ ١٥٦
٣. هربرت مارکۆزە ١٦٠
٤. یۆرگن هابرماس ١٧١

**بەشی نۆیەم: ئانارشیزم** ١٧٧
پێشەکی ١٧٧
أ. جۆرەکانی ئانارشیزم ١٨١
١. ئانارشیزمی سوودگەرایی ١٨١
٢. ئانارشیزمی لادێیی ١٨٢
٣. ئانارشیزمی سەندیکالیستی ١٨٣
٤. ئانارشیزمی دەستەجەمعی (کۆمەڵی) ١٨٤
٥. ئانارشیزمی پیلانگێڕی ١٨٥
٦. ئانارشیزمی کۆمۆنیستی ١٨٧
٧. ئانارشیزمی تاکگەرایی ١٨٩
٨. ئانارشیزمی ئاشتیخواز ١٩٢

**بەشی دەیەم: نهێلیزم** ١٩٥

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە:
**بـــــــانو**

# پێشەکی

ئامانج لە نووسینی ئەم پەرتووکە ئاشناکردنی خوێندڤانانە بە بیر و بۆچوونگەلێك، کە هەندێ جار وەك ئایدیۆلۆژیا و هەندێ جاریش وەك تیۆر پێشکەش کراون. سەرەڕای ئەمەش سەرنجی خوێندڤانی ئەم بوارە لە زانستی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم بابەتە رادەکێشی کە بیرمەندی سیاسی سەرەتا هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی چارەسەری و نەهێشتنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ جاریش بە ناچار ئابووری لە سەردەم و کۆمەڵگای خوێدا و، بەگشتیش بە دوای ئایدیال و فەلسەفەی ئامانجگەرایانەدا نییە.

هەر بۆیەش ئەم هزرگەلە، بەردەوام لە گۆڕان و وەچەرخاندان. بەڵام بە هەرحاڵ، چونکو کێشەگەلی کۆمەڵگا مرۆڤییەکان تارادەیەك وەك یەکن و سەرەڕای ئەمەش پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و نەتەوەکان وەها لێك نزیکبوونەتەوە کە ئەمڕۆ باس لە کۆمەڵگای جیهانی و تەنانەت گوندی جیهانیش دەکرێ، ئەم جۆرە تیۆرییەیانە زیاتر لایەنی گشتیان بەخۆوە گرتووە و شوێن پەنجەیان دیارە.

زیاد لەمەش دەبێ تێبینی دووخاڵی تریش بکەین: یەکەم، هەر لە بنەڕەتدا ئامانج لە خوێندنەوەی هزر و فەلسەفەی سیاسیی-کۆمەڵایەتی بە دەستهێنانی ئەزموونە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن لە داهاتوودا بە چەشنێك کە لە هەڵەکردن دوور بکەوینەوە. دووەم، مەبەست لە هزرە سیاسییەکان لە سەدەی بیستەمدا، خستنەڕوو



و کامڵبوونی بیرە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوایە کە لە رابردووی سەخت و دژواریدا- واتە لە سەردەمی دەوڵەت — شارەکانی یۆنان تاکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئەزموونی بەدەستهێناوە. هەربۆیەش هەوڵ دەدات بۆ پێشکەشکردنی بیرگەلێك کە هەندێ جار دژبەیەك و هەندێ جاریش سەرنجڕاکێشن. هەر وەك چۆن ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەم وانە زانکۆییە (لە ئەفلاتونەوە تاسەدەی بیستەم) ئەم پرسیارە گەڵاڵە دەبێ کە ئایا ئەوە بۆچوونگەل و فەلسەفەی سیاسی بوو کە بوو بە هۆی وەرچەرخانن و بزاڤ و تەنانەت (سەرهەڵدانی) شۆڕشەکان، یاخود بە پێچەوانەوە، وەرچەرخان و بزاڤ و شۆڕششەکانن کە هزرە سیاسییەکانی بە بوون هێنانەوە؟ ئەگەر بە وردی لەم بابەتە بڕوانین دەبینین کە بۆچوونە سیاسییەکان لە سەردەمێکدا ورژانەتەوە کە کۆمەڵگاکان لە وەستانی بیر و چەق بەستنی رێکخراویی رزگاریان بووە، دواتر وەرچەرخانە سیاسیەکان کە لە بەرەنجام ئەم بۆچوونانەن، سەریان هەڵداوە. هەروەك چۆن هزرە سیاسییەکان لەسەدەی پێنجەم و چوارەمی پ.ز و لەسەردەمی زێڕینی ئەسینا بە ترۆپك دەگات. دواتریش لە سەدەی پانزدەیەم و شانزدەیەم تیۆرییە سیاسییەکان یارمەتی دامەزراندنی دەوڵەتە سەربەخۆیە نەتەوەییەکان دەدەن و، شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ دا لە ناخی ئەم تیۆریانە سەر هەڵدەدات و خۆشی دەبێتە ئافرێنەری هزرگەلی سیاسی گرنگ کەواتە هەردووکیان، هەم هزرە سیاسییەکان و هەمیش وەرچەرخانە سیاسی — کۆمەڵایەتییەکان کار تێککەر دەبن. سەدەی بیستەم کە دوو شەڕی جیهانی وێرانکەری بەخۆوە بینی و بوو بە هۆی وەرچەرخانی قووڵ و سەر سوڕهێنەر لە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتوری کۆمەڵگاکان لە هەر پێنج کیشوەری جیهاندا، لەم پرەنسیپەی [کارتێککەری] رێزپەڕ نییە. هەر بۆیەش رووبەڕووی سەرنجڕاکێش و گرنگترین راو بۆچوونەکانی سەردمی ژیانی مرۆڤ بووەتەوە.

پێویستە رەچاوبکرێ کە هزرە سیاسییەکان لە سەدەی بیستەمدا، سەرەتا خوێندنەوە بۆ دامەزراوگەلی وەك دەوڵەت و، دابەشکردنی و چەق گرتنی دەسەڵات

به شێوه کلاسیکەکەی ئەم بابەتە ناکات، ئەگەرچی رەچاویشان دەکات. بەڵکو زۆرتر لە روانگەگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتورییەوە لێی دەڕوانێ. هەر چەندە هەمیشە چەقی قورسایی خوێندنەوەکانیشی یەکێك لەم فاکتەرە ئاماژە پێکراوانەن کە بارگاییەکی گرنگی سیاسیشیان هەیە.

زیاد لەمەش وەبیر دەخەینەوە، ئەگەرچی دوو ئایدیۆلۆژیای قوتابخانەی سەدەی بیستەم واتە سیستەمی چەقگرتووی سۆسیالیزم و ناچەق گرتووی سەرمایەداری لیبرالی دەوڵەتی، پەرەیان بە دوو جەمسەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتوری تایبەت بە خۆیاندا و لەسەدەی بیستەم کاریگەری زۆریان بەسەر جیهاندا هەبوو، بەڵام مەبەست لە هزرە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم راو بیرۆکەگەلێك نین کە لەم دوو قوتابخانەیدا سنووردار دەکرێن، بەڵکو لەوبەری ئەم دوو قوتابخانەیە تاوتوێ ئەم رایانە دەکات.

کەواتە بە رەچاوکردنی بابەت و پابەندییەکانی سەرەوە سەرەتا هەڵدەستین بە گەڵاڵەکردنی پرسەکان و دواتر خوێندنەوەی بۆچوون و قوتابخانەگەلێك دەکەن کە لەم سەدە پڕ لە رووداوەدا خرانەتە روو. بەڵام دووبارە ئاماژە بۆ دەکەین کە بناغەی بۆچوونە سیاسییەکان (بە وریاییەوە دەبێ بڵێین لە سەرەتاوە تا سەدەی بیستەم) تیۆرگەلێکن کە لە سەردەمی زێڕینی ئەسینا، یاخود باشتر و وردتر بڵێین، بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و چوار قوتابخانەی نەفیگەرای رکەبەرەکان واتە شەکاکی، کەلبی، ئەپیکوری و رەواقی، کە هەستاون بە داڕشتنی تیۆری. کەواتە گەڕانەوە بۆ ئەم تیۆریانە پێش خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە بە پێویست دەزانرێ. لەم پەرتووکەدا هەوڵدراوە بەپێی توانا قسە بە زمانێکی سادە و رۆژانەیی بکرێ بە چاو پۆشی لە ئاڵۆزی زمانی ئەدەبی و جوانبیژی بە سوودی باشتر تێگەیشتن.

**ملك يحيى صلاحی**

## خستنەڕووی بابەت:

یەکێك لە پرسە گرنگەکان کە بەردەوام زەینی پسپۆڕ و شیکاریستە ناسراوەکانی سیاسەتی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە، پرسی دەسەڵات و چۆنێتی بەکارهێنانیێتی. دەسەڵات کرۆکی سەرەکی و سەنتەری ڕێبەرایەتی کردن، پلان دارشتن، ڕێکخستن و بەرەوپێشەوە چوونە لە کۆمەڵگای مرۆییدا. دەسەڵات فاکتەرێکە هەستپێکراو بەڵام نەبینراو کە بەپێی ئەو میکانیزمەی لە دەست خاوەنی دایە کاردەکات، دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت. بە گوتەی (ئەرستۆ) مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەو مانایەی کە لە کۆمەڵگادا گەشە دەکات و بە ئامانج دەگات و مرۆڤبوونی وەدیار دەکەوێت. مرۆڤی ئاوەزدار زۆر زوو هەستی بەوە کرد کە کۆمەڵگای بێ دیسپلین بەردەوام نابێت. سەپاندنی دیسپلین و چۆنێتی بەکارهێنانی دەسەڵات بە درێژایی مێژوو بۆ کۆمەڵگا مرۆییەکان، کە بەدوای بەختەوەری و ئارامیشدا دەگەڕێن بەردەوام کێشەگەلی بەدواوە بووە، هەر بۆیەش ئەم پرسیارە گرنگە گەڵاڵە دەبێت، کە سەرکردایەتی و بەکارهێنانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا چ سوود و زیانی بۆ جەماوەر هەیە. ئایا پێویستە کۆمەڵگا لەلایەن هەموویان بەڕێوەبچێت یان لەلایەن زۆررینەوە؟ واتە هەمووان بەجۆرێك لە دەسەڵات و چۆنیەتی بەکارهێنانی بەشداربن، یان تاقمێکی بژاردە و نوخبە لەلایەن جەماوەرەوە هەڵبژێردرێن و هەستن بە ڕێبەرایەتی کردنی کۆمەڵگا، تەنانەت ئەم



تاقمە نوخبەیە لە پێشترەوە، خۆیان هەستن بە ڕێکخستنی کاروبارەکان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. بیردۆزە نوخبەگەراکان، جەماوەر بێ ژیر و بە هەستێنەر دەزانن و هەر بۆیەش بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای سیاسی و کاروبارەکانی بە هەستیارتر و گرنگتر لەوە دادەنێن کە بە بژاردن و رای جەماوەر بسپێردرێت. بەم پێیە نوخبەکە لە رووی ژمارەوە زۆر کەمن، بۆ ئەم کارە بە پێویست دەزانن. لەم ڕێڕەوەدایە کە حکوومەتە ستەمکارەکان سەرهەڵدەدەن.

خودی حکوومەتە ستەمەکارەکانیش بە (سەرەڕۆ) و (ڕێنماییکار) دابەشدەبن. سەنگی مەحکی ئەم دوو رەوتە لە حکوومەتە ستەمکارەکانیش ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدارە. بەواتایەکیتر ئەگەر بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدار لە پێشەوەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەرەوە بێت، ستەمکار بۆ (سەرەڕۆ) مەیلەدارە و ئەگەر دەسەڵاتدار بەرژەوەندییەکانی جەماوەر رەچاو بکات ستەمکار بەرەو حکوومەتی ڕێنماییکار ئاراستە دەکرێت. هەر لەم میانەیەدایە کە حکوومەتە ستەمکارە شیاو (صالح)ەکان لە ناشیاوەکان جیا دەکەینەوە. هزرە سیاسییەکان لە سەدەی بیستەمدا هەڵدەستێت بە باس و لێکۆڵینەوە لە حکوومەتە تاکێتی، تاقمی، کۆمەڵی، هەندێ جاریش تاکڕەو و جەماوەرییەکان. هەروەك لە خوێندنەوەی پێشینەی ئەم وانەیە باسمان کرد، خودی هزری سیاسی بەشێکە لە فەلسەفەی سیاسی، بەم مانایەش فەیلەسووف هەوڵنادات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو بە دوای دۆزینەوەی حەقیقەتدایە (ئەفلاتوون). لەکاتێکدا کە هزرە سیاسییەکان لەگەڵ خوێندنەوەی کێشەکانی کۆمەڵگا هەوڵ دەدەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەم کێشانە. هەر بۆیەش فەلسەفە سەقامگیری زۆرترە (ئەگەرچی هەندێ جار گرفتاری خەیاڵ دەبێتەوە). بەڵام هزری سیاسی لە وەرچەرخاندایە و بە ناچار لەگەڵ راستییەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت. واتە هزری سیاسی لە هەر سەردەمێك بە پرسەکانی تایبەت بەم سەردەمە سەرقاڵە (تەنانەت هەندێ جار لە کات و شوێنی تایبەتدا بە دوای چارەسەری دەگرێت) و هەر وەك وتمان هیچ کاتێك ناتوانین باس لە

هزرێکی سیاسی ڕەها و هەمیشەیی بکەین کە لە هەموو سەردەم و مێژووی مرۆڤدا وەڵامدەر بێت و ڕێگەچارە نیشان بدات. بۆ نموونە کێشەکانی سەدەی هەڤدەیەم، پرسی وڵاتە نەتەوەییەکان و سەرچاوەی دەسەڵات بوو. لە سەدەی هەژدەهەم پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و خەڵك پێووە زیادکرا. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەم پرسانە بە ترۆپك دەگات و ناسیۆنالیزم و پرس و کێشەگەلی تایبەت بە خۆ لە وڵات و قەڵەمڕەوە جۆراو جۆرەکاندا بەجێ دێڵن.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خوا بە سەرچاوەی دەسەڵات دەزانرا، کە دەبوایە لە لایەن کەنیسەوە جێبەجێ کرابا. بەڵام ئەم پرسە بوو بە هۆی مشتومڕێکی زۆر لە نێوان کەنیسە و لایەنگرانی دەسەڵاتی زەمینی (ئەگەرچی ئەم باوەڕە کە دەسەڵات هی خوایە هەر باو بوو بەو جیاوازییەی کە خوا ئەم دەسەڵاتەی بە ئیمپراتۆر سپاردووە). شەڕە ئایینزاییەکان لە سەدەی هەڤدەیەمدا ماوەی سی ساڵ واتە لە ساڵی (١٦١٨) تا (١٦٤٨)ی خایاند، لە ساڵی (١٦٤٨) کە بە ساڵی شکستی کەنیسە ناوی دەکرد بە گرێدانی ڕێککەوتنامەی ڤستفالیا، سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە مانای ڕاستەقینە دەستی پێکرد. وڵاتە نەتەوەییەکان کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم دامەزرا بوون، بەدوای ڕەوایی خۆیان، جیا لەو ڕەواییەی کە لە لە قۆناغی سەدەکان ناوەڕاستدا لەلایەن کەنیسەوە دەبەخشرا، دگەڕان. سەرەنجام لە سەدەی هەژەیەمدا ڕێڕەوی ئەم گۆڕانکارییانە دوای پەسەند کردنی (تیۆری مافی خواوەندی پاشاکان) بەرەو مافی سروشتی و سەرچاوەی دەسەڵات گەلە بە کۆتا هات. ئەم کێشانە کە لە سەدەکانی هەڤدەیەم تا نۆزدەیەم سەریان هەڵدا و تاڕادەیەك بە چارەسەر نەکراو هاتنە ناو سەدەی بیستەمەوە، هەر وەك چۆن ئێستا زۆربەی کێشەکانی سەدەی بیستەم لە ناو سەدەی بیست و یەکەمدان. لە پرسە گرنگەکانیتر کە لە سەدەی بیستەمدا کاریگەری زۆری هەبوو، بەڵام لە سەدەکانی ڕابردوودا بنیاتنرا بوو، پرسی ئیمپریالیزم، مارکسیزم و فاشیزم بوو. ئەگەرچی هەر سێ قوتابخانە لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لەگەڵ کاتی سەر هەڵدانیان ڕووبەڕووی گۆڕانی فراوان هاتبوون. سەرەڕای ئەمەش، زۆربەی



کێشەکانی سەدەی بیستەم و لە بەرەنجامیشدا چارەسەرییە زانستی — سیاسییەکانی ئەم کێشانە واتە (هزرە سیاسییەکان) کارتێکراو بە شۆڕشی پیشەسازی سەدەی هەژدەیەم بوون. شۆڕشی پیشەسازی وەچەرخانێکی بەرچاوی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەگەرچی خاڵی پۆزەتیڤی زۆری هەبوون بەڵام خاڵە نێگەتیڤەکانیشی کەم نەبوون، هەمان ئەو خاڵانەی کە لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمدا هزرمەندانی دژی پیشەسازی ناچار بە هزرین کرد. شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بوو بە هۆی لە ناوچوونی زۆربەی ناخۆشییەکان، بەرەنگاربوونەوەی نەزانی و خورافە و مرۆڤ توانی زۆرتر لە وێنای خۆی بەرهەم بێنێت و لەهەمبەر کارەساتە سروشتییەکاندا بەرگری لە خۆ بکات. فێرکردن و پەروەردە پەرەی سەند، پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگاکاندا فروانتر بوو، شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانی ڕیشەیی لە شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤدا کرد. بەرهەمهێنان، تەندروستی، بەکارهێنانی، چارەسەری و... چیتر بە خواستی خواوەند بەند نەبوو . چونکە خواستی خواوەند ئەقڵی کردووە بە ڕێ نیشاندەری مرۆڤ و پێویستە خودی مرۆڤ گرێ کەرەوەی پرس و کێشەکانی خۆی بێت. بەمەش، لە بەرەنجامی بەرهەم هێنانی فراوان، سامانی زۆر و بێ ماندوو بوون [بۆ بەدەستهێنانی] بۆ تاقمێك بەدیهات.

ئەم ڕەوتە گۆڕانکارییانە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەرەبەرە بەرهەمهێنەرە بچووکەکان، بەڵام سەربەخۆ، سەربەخۆییان لەدەست بدەن و بەناچار سەرەتا لە (مانوماکتور)ەکان و دواتر لە کارەگەکان بە کۆمەڵی کار بکەن و بە چۆنیەتی باشتر و نرخی کەمتر هەستن بە بەرهەم هێنان و دابەشکردنی لە پێناو بەکاربردنی زۆرتردا. ڕکابەری لە نێوان کارگەکان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بوو بە هۆی بێکاربوونی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار و لە بەرەنجامدا سوپایەك لە کرێکارانی کەڵەکە بوو سەریان هەڵدا کە لە دواجاردا بە چەوساندنەوەیان کۆتا هات.

پێش شۆڕشی پیشەسازی (ئادام سمێت) بنەماکان و میکانیزمی خستنەڕوو و داخوازیی و تیۆری دەستی شاراوە و هێزی وڵات، کە لە بەرهەمهێنان دایە نەك تەنیا

لە بازرگانیدا، دەربڕیبوو. بەم پێیە ڕێگا بۆ بەرهەمهێنانی زۆرتر و ڕکابەرێتی ئازاد لە نێوان بەرهەمهێنەراندا کرایەوە. دژیەك بوونی بەرژەوەندییەکان لە نێوان سەرمایەدار و کرێکار، بوو بە هۆی کەمبوونەوەی حەقدەستی کرێکار و دابەزینی ئاستی بژێوی ژیان بۆ نزمترین ئاست. چونکە هەرچەند حەقدەست کەمتر دەدرا، سوودی خاوەن کار زۆرتر دەبوو، چونکە سوود لە سیستەمی ڕکابەرێتیدا لە قۆرغ دایە. کەواتە ڕکابەرێتی ئازاد بەرەبەرە قۆرغکرا. داهاتی کەمی کرێکار و بەرهەم هێنانی فراوان بوو بە هۆی کەڵەکەبوونی کالاو بەرهەمەکان، بەرهەمهێنەرانیش بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە ڕوویان لەوڵاتانیتر کرد تا بە بەدەستهێنانی سەرچاوەی سەرەتایی ئەرزان و فرۆشی بەرهەمی پیشەکارانی خۆیان، لە قەیرانی سەرهەڵداو و لە سیستەمی سەرمایەداری تازە پێگرتوو پشتگیریی بکەن.

[سیستەمی] سەرمایەداری بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی و سەرمایەکانی لە دەرەوەی وڵاتدا پێویستی بە گەرەنتی کردنی دەسەڵات هەبوو. بۆیە بەرهەم هێنەران کە گرنگترین بەدیهێنەری سەربەخۆ و گەورەترین باجدەربوون، دەوڵەتیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و سوودیان لە هێزی ئامادەی دەوڵەت وەرگرت. بەم جۆرە کۆلۆنیال و چەوساندنەوە ڕێگای پێگەیشتنی خۆیان کردەوە و سەرمایەداران دوای کۆنترۆڵی ئابووری، کۆنترۆڵی سیاسەتیشان گرتەدەست.

### أ. ئیمپریالیزم

دیاردەیەکی گرنگتر کە لە سەدەی نۆزدیەمەوە بێ چارەسەری هاتە ناو سەدەی بیستەمدا، پرسی ئیمپریالیزم بوو. جێی ئاماژە پێدانە کە ئەگەرچی ئیمپریالیزم بابەتێکی گرنگە، بەڵام لە دەرەوەی باسی ئەم پەرتووکەدایە، بۆیە وەك تەنگ و چەڵەمەیەك کە لە سەدەکانی ڕابردووە کاریگەری لە سەدەی بیستەمدا کرد باسی لێدەکەین. بەگشتی، ئیمپریالیزم دیاردەیەکی کۆنە کە بە بەرفراوانبوونی دەستڕۆیی و زاڵبوونی وڵاتێك لە دەرەوەی سنوورە سیاسییەکانی دەوترێت (ئیمپریالیزمی ڕۆم). بەڵام ئەم وشەیە لە سەدەمی نۆزدەیەمدا واتە لە ساڵی (١٨٤٠)ەوە بە پەرەسەندنی



سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا، لە فەرهەنگی سیاسییەدا واتای نوێ وەرگرت و لە ساڵی (١٨٧٠) وە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان بە کۆلۆن سازی چوونە ناو بازنەی وڵاتانی ئیمپریالیزمیدا. مێژوو نووسانی ڕۆژئاوا چوار چێوەی زەمەنی (١٩١٨-١٨٨٠) بە سەردەمی کۆلۆن سازی ناو دەبن. بیردۆزە مارکسیستەکان جەخت لەسەر بۆچوون و پێناسەی (لێنین) دەکەنەوە، لە ڕاستیدا ئەم سەردەمە بە قۆناغی قۆرغ کارییەکانی سەرمایەداری دەزانن، هەر وەك چۆن کۆمۆنیستە چینییەکان لە ساڵی (١٩٦٨)ەوە لە نووسراوەکانیاندا جەخت لەسەر سۆسیال ئیمپریالیزم دەکەن.

هەروەك باسکرا لە ڕاستیدا پەرەسەندن و پێگەیشتنی سەرمایەداری لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و زیادبوونی بەرهەم هێنان و کەڵەکەبوونی کالا لە کۆگاکاندا و پێوستی بە کەرەستەی سەرەتایی ئەرزان، ئەوروپییەکانی ناچار بۆ هێرش بردنە سەر ئەفریقیا و ئاسیای کرد.

لە سەرەتادا ئیمپریالیزم، توندوتیژییەکی زۆری نەنواند، چونکە بە ئالوگۆڕی کالای پیشەسازی (گران) و کڕینی کەرەستەی سەرەتای (ئەرزان) ڕازی بوو، بەڵام لە ساڵی (١٧٨٠) دا چەند ڕووداوێك لە کۆمەڵگە ئەورووپییەکاندا ڕوویدا، کە لە ناکاو کۆلۆنیالیستە ئەوروپییەکان بەخێرایی و بە توندوتیژییەکی فراوان هەوڵیان بۆ کۆلۆن سازی بە شێوازی نوێ لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا کرد.

**گرنگترین ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە، بریتی بوون لە:**

١. شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەمریکا کە لە دوای پێکدادانێکی بەرفراوان لە ساڵی (١٧٧٥)ەوە دەستیپێکرد و سەرەنجام لە جولای ساڵی (١٧٧٦) دا سەربەخۆ بوونی لە ئیمپراتۆری بریتانیا بە دەست هێنا. ئەم ڕووداوەش، واتە، بۆ یەکەم جار نەتەوەیەك توانی سەربەخۆیی بوونی لە ژێر سەرپەرشتی دەرەوە بەدەست بێنێت بووە هۆی ئەوەی کە بە دوو هۆکار لە ڕێگەی توندوتیژییەوە پارێزگاری لە کۆلۆنەکانیان بکەن، یەکەم تا ئەم کۆلۆنیانە لە دەست دەوڵەتێکی تری کۆلۆنیالیست بپارێزن، دووەم، تا نەتەوە کۆلۆن کراوەکان بیر لە سەربەخۆ بوون نەکەنەوە.

٢. لە ساڵی سەرکەوتن و لە دایکبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٧٧٦) (سەرەتا ١٣ ولایەت) پەرتووکی ناوداری (ئادام سمیت) یش (سامانی نەتەوەکان) بڵاوکرایەوە. سمیت لەم پەرتووکەدا، کە بە شاکاریی هەژمار دەکرێت، سەڵماندی کە سامانی نەتەوەیەك بە هۆی بەرهەم هێنانەوە زیاد دەبێت، نەك تەنیا لە ڕێگەی بازرگانی کردنەوە. بەم جۆرەش بۆچوونی مەرکانتلیزمەکانی ڕەتکردەوە، بۆیە بازرگانی و دەسەڵات کە بە دوو باڵی بۆرژوازی دەژمێردرا جەختی لەسەر پاراستنی کۆلۆنەکان دەکرد.

٣. دواجار، شۆڕشی پیشەسازی بوو کە گۆڕانکارییەکی زۆری لە فەلسەفەی ئیمپریالیزمی ئەوروپیدا هێنایەکایەوە. لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و لاوازبوونی کۆلۆنیالیستە ئەورووپییەکان بە تایبەت ئینگلیز و فەڕەنسا، زۆربەی کۆلۆنەکان بە سەربەخۆبوونێکی ڕووکەش و تاڕادەیەك ڕاستەقینە گەیشتن. ئەگەرچی کۆلۆنیستی نوێ، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێی ئەم وڵاتانەی پڕکردەوە. وڵاتانی تازە بە سەربەخۆی گەیشتوو لەو بڕوایەدا بوون کە ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالیستەکانەوە ڕێگەی پێشکەوتن و گەشەسەندن لەبەردەمیان کراوە دەبێت و بە دارابوونی کەرەستە سەرەتایی و زانیارییە پیشەییەکانی بە جێماو لە کۆلۆنیالیستەکان، دەتوانن بە ئاسانی کێشە و گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. ئەگەرچی وڵاتانی تازە سەربەخۆ، بە سەربەخۆییەکی سیاسی ڕووکەش و لاوزا گەیشتبوون، بەڵام کاریگەرییەکانی کلتوری و وابەستەیی ئابووری ئەم وڵاتانە بە وڵاتی دایك بە ئاسانی چارەسەر نەدەکرا. هەر بۆیە وابەستەیی ناڕاستەوخۆیان بە وڵاتی دایك (وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو) هەندێ جار زۆرتر دەبوو.

بەواتایەکیتر، وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان بەناچار سەربەخۆیی سیاسیان بەخشی، بەڵام وابەستەیی ئابووری و کلتورییان پاراست. لەم قۆناغە بوو کە کۆلۆن کردن چووە



ناو قۆناغی نوێیدا، واتە (کۆلۆنیالی نوێ)[1] کە چەوساندنەوەی هەمەلایەن[2] ی بەدواوە هات.

**ب. لیبڕالیزم**

ڕێچکە هزرییەکی ترە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی هەژدەیەم و نوزدەیەم، بەڵام لە سەدەی بیستەدام بووە هۆی گۆڕان و کاریگەرییەکی زۆر لیبڕالیزمە.

لیبڕالیزم لە زمانی ئیتاڵیدا لە وشەی (لیبرۆ)[3] بە مانای مرۆڤی ئازاد و (لیبرتاس)[4] کە ریشەی بۆ زمانی لاتین دەگەڕێتەوە بە مانای "ئازاد" وەرگیراوە. بۆ تێگەیشتنی باشتری ئەم زاراوە و ڕێچکە هزرییە سەرەتا پێویستە ڕەهەندە سێیانییەکەی، واتە ڕەهەندی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لێك جیا و دووبارە کۆ بکەینەوە.

**١. لیبڕالیزم وەك فەلسەفەی سیاسی**

لە ڕوانگەی سیاسییەوە لیبڕالیزم بانگەشەی جۆرە ئازادییەك دەکات کە تاك و کۆمەڵ بە باڵاترین پێوەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دامەزراوە سیاسییەکاندا هەژمار بکرێت. ریشە مەعنەوییەکانی لیبڕالیزم لە (مرۆڤگەرایی)، (ئەقڵگەرایی)، (ئەزموونگەرایی) و (ڕۆشنگەریی) سەدەکانی هەڤدە و هەژدەیەمدا مکوم بووە.

بنەمای گشتی لیبڕالیزم، گەشبینی بە خودی مرۆڤە، بە بۆچوونی لیبراڵەکان، مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە کە پێویستی بە سەرپەرشت نییە و ئەگەر ڕێگە بۆ پێشکەوتنی کراوە بێت، سەرکەوتن و پێشکەوتنی بێ سنوورە و لەم ڕێگەیەشدا تەنیا پشت بە خۆوە دەبەستێت. بەپێی ئەم بنەمایەیە، کە تاك لە بەندی

1. neo – colonize
2. exploitation
3. libero
4. libertas

بۆچوونەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست واتە (ئەسکۆلاستیسیزم)[1] رزگار دەبێت و بۆ ئازادەییە تاکەکەسی و سیاسییەکان خۆی، بڕیار دەدات.

لە روانگەی مێژووییەوە، لیبڕالیزم ریشەی لە ئازادییە تاکە کەسییەکانی سیستەمی دەوڵەت — شاری یۆنانی کۆن و دیموکراسی ئەوکاتدایە، کە دیموکراسی ئەرستۆکراتی رێنێسانس زیندوو دەکاتەوە.

ئەکتەری سەرەکی لیبڕالیزمی سیاسی، ئەقڵی پراکتیکییە کە لە قەڵەمڕەوی مشتومڕی [نێوان] دەسەڵات و ئەقڵی رەخنەگردا، ئاشتییەکی هەمە لایەن بۆ تاك کۆمەڵ بە دیاری دێنێت.

**۲. لیبڕالیزم وەك سیستەمی ئابووری**

بە وتەی (ماکس ڤێبەر) بناغەی لیبڕالیزمی ئابووری هەڵقوڵاوی ئەو رەخنەگرتنە عەقڵانییە بوو کە لە سەرەتای کۆمەڵگای بۆرژوازییەوە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە قوتابخانەی مەرکانتلیزم و سیستەمی ستەمکار کرا.

(ئادام سمیت) لەو بڕوایە دابوو کە هەماهەنگییەکی سروشتی بەسەر سیستەمی ئابووریدا زاڵە. ئەگەرچی بنەمای لیبڕالیزمی ئابووری لەسەر ئازادی ئابووری بنیاتنراوە بە شێوەیێك، کە دەوڵەت هیچ جۆرە دەستتێوەردانی تیایدا نەبێت و تەنیا زەمینە و هەوڵ و مەرجی پێویست بۆ ئازادی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنان برەخسێنێت و ژینگە بۆ رکابەرێتی ئازاد بپارێزێت، بەڵام لە پراکتیکدا بەرهەمە پیشەییەکان کە لەلایەن تاك و کۆمەڵە تایبەتەکان بەرهەم دەهێنران و دابەش دەکران بەرەبەرە بوو بە هۆی لە نابردنی پیشەکارە دەستییە بچووکەکان و بە دامەزراندنی پیشەسازی گەورە، سەرمایە بازرگانییەکان لە رێگە سەرمایە پیشەییەکانەوە بەدیهات، بە جۆرێك کە سیستەمی سەرمایەداری ئەمڕۆی پێگەیاند و بەرەوی دا واتە لەگەڵ هەڵئاوسانی دەیەکانی (۲۰) و (۳۰) ی سەدەی بیستەم، وەك (جان مینارد) دەڵێت:

1. scholasticisn.



پێویستی بە چاودێری و بەدواداچوونی دەوڵەتی کرد، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا نیولیبرالەکان سەر لە نوێ خوازیاری کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدان.

**۳. لیبڕالیزم وەك پلانی کۆمەڵایەتی**

لە دەروونی لیبڕالیزمی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا سیستەمەکانی پەرلەمانی نوێنەرایەتی بە شێوازی نوێی بنیاتنرا. دەبوایا ئەم جۆرە دیموکراسییە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای سەربەخۆیی ئابووری و ئازادییە تاکی و کۆمەڵییەکان بە شێوەیێك کۆ بکاتەوە کە لە هەمانکاتدا هاوڕایی لە نێوان هاوڵاتیان بە تایبەتیش رۆشنبیران لە چوارچێوە و بۆچوونی ئەنسکلۆپیدیا نووسانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بێنێتەکایەوە.

بەم پێیە، لیبڕالیزم توانی یاساکانی هەڵبژاردن بە سوودی عامەی [خەڵك] بگۆڕێت بە چەشنێك، کە چیتر داهات یان سامان لە مافی دەنگدانی تاکدا کاریگەرنەبێت، ئازادی یاسایی و سیاسی گەرنتی بکرێت و چاکسازی لە شێوازی پەروەردە و فێرکردندا ئەنجام بدرێت، بە جۆرێك کە پەروەردەی گشتی پەرە بسێنێ و هەروەها، رەچاوی دژایەتی کردنی پەروەردەی چەق بەستوو و چاودێری کردنی کەنیسە بکرێت. پێویستە لە بیرمان نەچێت کە بە سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی، خەونی کۆمەڵگای بێ چین لە بەین چوو. بۆ یەکەم جار لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بوو کە دیموکراسییەکانی خۆشگوزەرانی یان دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکان سەرهەڵدەدەن.

دوای خستنەڕووی رەهەندە سێیانییەکانی لیبڕالیزم، بە راشکاوی دەبینرێت کە لیبڕالیزم لە روانگەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی یەك دروشمیان هەیە، واتە «ئازادی، یەکسانی، برایەتی» کە هەر سێ لایەنی دروشمی ئاماژەپێکراو دژی سیستەمی فیۆداڵ- کەنیسەیی ئەوکات بوون.

ئازادیی و یەکسانی لیبڕالیزم بە هۆی فاکتەری بزوێنەریی واتە بۆرژوازی، لەهەمبەر یەکبوونی فیۆدالیزم و کەنیسە وسیستەمی چەق بەستوو و یەك بە دوای یەك و پیرۆزکراویی وەستا. بۆیە نەك تەنیا سەرنجی جەماوەری بۆ خۆ ڕاکێشا، بەڵکو ڕۆشنبیرانش پشتگیری هەمە لایەنی لێ کرد.

لیبڕالیزم بۆ لە ناوبردنی لەمپەرە تەقلیدییەکان و باوەڕگەلی کەنیسەیی بانگەشە بۆ ئایدویۆلۆژیای خۆی کرد. بەم پێیەش شۆڕشگەلێك لە وڵاتە پیشەسازییەکان سەریانهەڵدا، کە گرینگترینیان شۆڕشەکانی ئینگلتەرا (١٦٦٠- ١٦٤٢) و شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦) و شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩) بوون.

پێشتر شۆڕشی هۆڵەندا (کە لەنێوان ساڵانی ١٦٤٨ — ١٥٦٨) ڕوویدا هێزی دەریاوانی ئیسپانی تێك شکاندبوو و بەدامەزراندنی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هۆڵەندای کردبوو بە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری و لەڕاستیدا، دەرفەتی بۆ شۆڕشەکانی داهاتوو ڕەخساند. وەك (ماکس ڤێبەر) دەڵێت: پرۆتستانیزم لە هۆڵەنداو ئینگلتەرا هێزێکی هێنایەکایەوە کە دەتوانین بە (ڕۆحی سەرمایەداری) ناو ببەین. چینی نوێی ئەوروپی واتە بۆرژوازی سەرەتا هەوڵیدا دەست بەسەر سەرچاوەی یاسا داڕشتن واتە پەرلەمان بگرێت و دواتریش لە دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردندا دەستڕۆیی بۆ ڕەخسا.

زەرگی سەرەکی بۆ بۆرژوازی گەرنتی کردنی مافی سروشتی بوو. مافی سروشتی ئەو مافەیە کە مرۆڤ بە هۆی مرۆڤبوونی هەر لە سەرەتایی لە دایکبوونی ئەم مافەی هەیە. نەتەنیا تاك یان حکوومەت ناتوانێت ئەم مافە لە مرۆڤ زەوت بکات، بەڵکو خودی مرۆڤیش بۆ نییە ئەم مافە بە کەسێکیتر بسپێرێت. بە واتایەکیتر مرۆڤەکان خاوەن مافێکن کە لە زاتی مرۆڤدا شاردراوەتەوە. کە واتە حکوومەتەکان بۆ هێنانەدی خۆشگوزەرانی بۆ عامەی [خەڵك] دامەزراون، هەروەك چۆن لە لایەن جەماوەرەوە ڕەواییان پێدەدرێت. فەلسەفەی مافی سروشتی کە لە لایەن ڕەواقییەکان لە سەدەی (٥ی پ. ز) دا بنیاتنرابوو و لە لایەن



ئیمپراتۆری ڕۆماوە پەرەی سەند، بوو بە دروشمی ئایدیۆلۆژێکی بۆرژوازی و بەکەڵك وەرگرتن لەم دروشمە سەرنجڕاکێشە هەستا بە دژایەتی کردنی سیستەم و باوەڕەکانی ڕابردوو و سەرکەوتنی زۆریشی بەدەستهێنا.

لیبڕالیزم فەلسەفەی خۆی لەسەر بنەمای ڕکابەرێتی ئازاد و نەهێشتنی لەمپەرەکانی ڕکابەرێتی ئازاد کە لەلایەن دەوڵەتەوە [داڕێژرا بوون] بنیاتنا، هەروەها تاکی لە سەرووی کۆمەڵ دادەنا. ئەم بابەتە بەم جۆرە دەسەلمێنرا کە ئەگەر بێتوو تاك ئازادبێت بە چەشنێك کە بە ئارەزووی خۆی خاوەن بەری کاری خۆی بێت و بەکاری بێنێت، سوود لە گشت شارەزایی و بەهرەی خۆی وەردەگرێت، لە کۆتایشدا کۆمەڵگا (بەپێی ڕێسای دەستی شاراوەی سمیت) لێی سوودمەند دەکات. هەر بۆیەش پێشنیاری (حکوومەتی ئەوپەڕی کەمی) دەکرێت، بەو مانایە کە حکوومەت بە هیچ شێوەیێك نابێت دەست لە کاروباری ئابووری وەربدات، بەڵکو ئەرکی سەرەکی حکوومەت لەبەرگری کردن لەسنوورەکان و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتدا کورت دەبێتەوە، تا بەم جۆرە ژینگەیەك بێتەکایەوە کە تاك تەواوی بلیمەتی خۆی وەگەر بخات و سوود بە خۆی و کۆمەڵگا بگەیێنێت. هەر بۆیە (فردیناند لاسال) بەگاڵتەجارییەوە حکوومەتی لیبراڵەکان بە (حکوومەتی پاسەوانی شەو) ناو دەبات.

**ج/ ڕەوتی کامڵبوونی لیبڕالیزم**

مافی سروشتی کە ڕەواقییەکان بنیاتیاننا و لیبڕالیزم کەڵکی لێ وەرگرت هەندێ تارمایی پێوە دیاربوو. چونکە بەپێی ئەم بڕوایە، خوا مافی سروشتی لە سروشتدا بە وەدیعە داناوە و پێویستە عەقڵی ساغڵەمی مرۆڤ بیدۆزێتەوە و، زاڵ بێت بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا. بەڵام زۆربەی ئەم یاسایانە ڕێژەی و بەو چەشنە کە وێنا دەکرا شەفاف و ڕوون نین، هەر بۆیەش لەکردەوەدا کێشەی زۆری خوڵقاند. دروشمی سەرەکی لیبڕالیزم سەبارەت بە مافی سروشتی (ئازادی و یەکسانی) بوو. بەڵام ئازادی ڕووت سەرەتا دەبێتە هۆی نایەکسانی ئابووری و دواجاریش بە

نایەکسانی کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت. چونکە ئەو کەسانەی کە لە رووی ئابوورییەوە لە پێگەیەکی باشتردابن، بارودۆخ بۆ ئەوانیتر سەخت دەکەن و ئەمەش یاسایی رکابەرێتی ئازادە کە سوود لە قۆرغکردن دایە نەك لە رکابەرێتییدا. بە واتایەکیتر رکابەران بەرەبەرە بۆ قۆرغکەر دەگۆڕێن، کەواتە یەکسانی بۆ نایەکسانی کۆتایی دێت و ئەمەش سروشتی لیبڕالیزمە.

سەرەڕای ئەمەش، پەرلەمان کە لە پارت و تاقم و تەنانەت تاکە جیاوازەکان بە حەز و سەرمایەی جۆراوجۆر پێك دێت، بەناچار رەچاوی هەندێ بەرژەوەندی تایبەت دەکات کە لەگەڵ یەکدیدا یەکانگیر نین، بۆیە هاوبەندی و یەگکرتوویی لە ئاستی نەتەوەیدا لە کۆمەڵگادا زیاد دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەرکی دەوڵەت لە سیستەمە لیبرالەکاندا، پاراستنی سامان و ئازادی تاکەکانە (جان لاك)، بەڵام ئەم ئازادییە لە هەلومەرجی بێ سنووردا تەنیا بە قازانجی دەوڵەمەندانە. چونکە ئەوانەی کە ماڵ و سامانیان نییە کاریشیان بە دەوڵەت نابێت، نەباج دەدەن نە بە خۆشگوزەرانی دەگەن، بەم شێوەیە دەوڵەت تەنیا لە خزمەت سەرمایەدارەکاندایە.

هەروەك پێشتر ئاماژە پێکرا، سەرمایەدارە لیبرالەکان دەستیان بەسەر پەرلەماندا گرت و هەندێ مەرجیان بۆ خۆ پاڵاوتن و هەڵبژردن داڕێشت، لەوانەش هەبوونی لانی کەمی سامان و باجدان و خوێندەواری. چونکە خوێندن پێویستی بەسەرچاوەی دارایی هەبوو، کەواتە زانین و خوێندنیش بوو بە قۆرغی سەرمایەداران. لەم بارەیەشەوە، مافی دەنگدان لە (١ تا ٤) دەنگ لە هەندێ وڵاتی ئەوروپیدا پێشنیار و تەنانەت جێبەجێشکرا، خودی ئەمەش دەسپێکێك بوو بۆ [سەرهەڵدانی] ناکۆکی و مشتومڕی گەورە لە ناو فەلسەفەی لیبڕالیزمدا لە بەرەنجامیش، جیاوازی چینایەتی پەرەی سەند و ئەوانەی کە بە سامان و دارایی گەیشتبوون (لەئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی)دا، راستەوخۆ یان ناراستەخۆ دەسەڵاتیان گرتە دەست. زیادەخوازی سیاسی و ئابووری سەرمایەداری لیبرال لە چوارچێوەی مرۆڤگەرایی و مەسیحیەتدا لە ژێر ناوی کۆڵۆنیال کردن بە مانای بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە



فۆڕمۆلە کرا. گەشبینی ئەوان بە سروشتی مرۆڤ بەرەو رەشبینی وەرچەرخا و بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەم پارادۆکسە کە ببوو بە هۆی زۆربوونی جیاوازی چینایەتی، داواکەوتوویی تاك یان وڵاتەکان بۆ دوو هۆکار دەیانگەڕاندەوە: یان لە بەرەنجامی تەمەڵی ئەم تاك و وڵاتانە بوو، یانیش لە بنەڕەتدا ژیرییان کەمتر بوو، بە واتایەکیتر نکۆڵیان لە ئاوەزمەندی و یەکسانی لە عەقڵداکرد، کە رەواقییەکان بنیاتیان نابوو و دواتر لیبرالەکان لە سەرەتاوە بوون بە ئاڵا هەڵگری. لەم بارەوە، پەرتووکی ناوداری (مالتۆس) لەژێرناوی (نامەیەك لەبارەی دانیشتوان) کە لە ساڵی (١٧٨٩) دا بڵاوکرایەوە، گرنگی تایبەتی هەیە.

جەنگی جیهانی یەکەم و بێ بازاڕییەکانی (٢٣ - ١٩٢١ و ٣٣ - ١٩٢٩) بناغەی ئازادیگەرایی و حکوومەتە دیموکراتیکەکانی لەرزۆك کرد. هەندێ لە بیرمەندە لیبرالەکان بەم بەرەنجامە گەیشتن کە حکوومەتە دیموکراتیکەکان و ئازادی ئابووری ناتوانێت رێ خوشکەری بەختەوەری کۆمەڵگا بێت. هەندێکیتر بەو بڕوایە گەیشتن کە بەختەوەری کۆمەڵگا لە ژێر رێبەرایەتی تاقمێکی نوخبە باشتر بە ئامانج دەگات. بەم جۆرە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ناو خودی سیستەمی دیمکراتیکی لیبرالدا دوو فەلسەفەی سیاسی نوێ بە میتۆدی تایبەت بەخۆیان سەریان هەڵدا.

١. سۆسیالیزم بە ئامانجی یەکسانی بۆ مرۆڤ لەگشت بوارەکاندا.

٢. فاشیزم بە ئایدیای نوخبەرایی وەك رێگە چارەی کێشە بەرقەرارەکان. هەروەك ئاماژە پێکرا جۆری رێبەرایەتی سیاسی و جێبەجێکردنی دەسەڵات، هەمیشە هزرمەندانی زانستی سیاسی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە.

بەو مانایە کە پێویستە دەسەڵات لە دەست تاك یان تاقمێکی دیارکراودا چەقبەستوو بێت یان بە پێچەوانەوە دەسەڵات بەسەر گشت کۆمەڵگادا دابەش بکرێت و لە لایەن نوێنەرەکانیانەوە چەق بگرێتەوەو جێبەجێ بکرێت. ئەم

بابەتەش بە درێژایی مێژوو پێکدان و ناکۆکی و دواجار گریمانە و تیۆریگەلێکی داهێناوە و پێشکەشی کردووە.

لە بەرەنجامی ئەو پشێوییەی کە شەڕە ناوخۆیی و ئاینزاییەکانی سەدەی شانزدەیەم لە ئەوروپادا بە جێیهێشت، ئیدەکانی وەك «ستەمکاریی نوێ» کە ناودارترین نوێنەری (نیکۆلۆ میکیاڤیلی)یە و لە پەرتوکە بە ناوبانگەکەی دا (میر) دەریبڕیوە، ئەگەرچی لە سەرەتادا بە دوو دڵییەوە [پەسەندکرا]، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر تەنانەت بە پێشوازییەوە پەسەندیان کرد. فەرمانڕەوای بە هێز و ستەمکاری (هابز) کە لە ڕێگەی زەبر و زەنگەوە ئاشتی و ئارامشی بۆ کۆمەڵگای گەڕاندەوە، دەخەنە ژێر توێژینەوەدا، تا ئەو ئاستە کە هەندێ لە نووسەرە بەناوبانگەکان (هابز) بە یەکێك لە گەورەترین فەیلەسووفانی کۆمەڵایەتی ناو دەبەن.

پێشتر (مۆنتسکیۆ) هەر سێ جۆری حکوومەتی شیکردبووە و یەکێکیان بە خەراپ و دووانیتری، بەمەرج، بە باش ناساندبوو و ئاماژە بە کەم و کوڕییەکانی حکوومەتە ستەمکارەکان دابوو. ئەگەر (مۆنتسکیۆ) بە ئامۆژگاریکەری کۆمەڵایەتی بزانین، دەبێ (ئۆگۆست کۆنت) کە بە باوکی کۆمەڵناسی مۆدێرن ناوزەدکراوە، بە چاکوەری کۆمەڵایەتی ناو ببەین. (ئۆگۆست کۆنت) ڕێبازی پۆزەتیڤیزمی بنیاتنا و گرنگترین پەرتووکیش لە ژێر ئەم ناوە (وانەکانی فەلسەفەی پۆزەتیڤ) لە نێوان سالآنی (١٨٤٢ - ١٨٣٠) نووسیویەتی، لەم بڕوایە دابوو کە مەعریفە و زانینی مرۆڤ لە ڕەوتی کامڵبوونیدا سێ قۆناغی بڕیووە. قۆناغی یەکەم، قۆناغی ژیانی ئایینە کە مرۆڤ زەینی سنووردار و ئەزموونی کەمی هەبوو، بۆیە دیاردەکان، هێماکان، ڕووداوە سروشتییەکان و تەنانەت کێشەکانی [پەیوەست بە] پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی لە ئەنجامی هێزە میتافیزیکەکان و ئەو هێزانە دەزانی کە لە تەك خۆی و لە زاتی خۆیدا بتوانێت بپێورێت.

قۆناغی دووەم، قۆناغی فەلسەفییە، لەم قۆناغەدا مرۆڤ یارمەتی لە هێزە میتافیزیکییەکان و فەلسەفەی وەرگرت. واتە زەینی مرۆڤ لە جیاتی بوونەوەرە



سروشتییەکان بەرەنجامی لە ئەبستركتەکان کە لە ئاکامی بینینی تەسك بوو وەردەگرت. کۆنت لەم بڕوایەدا بوو کە مرۆڤ لە قۆناغەی سێیەمدا لە ئەزموونەکانی کەڵك وەردەگرێت و واز لە بەرەنجامی پوچی وێنا ڕەهاکان و هۆکارە بەراییەکانی دیاردەکان دەهێنێت و خەریکی دۆزینەوەی یاساکانی دیاردەکان دەبێت نە هۆکارەکانی. لەم قۆناغەدا، کە قۆناغی پۆزەتیڤگەراییە، مرۆڤ بینینەکانی خۆی دەخاتە ژێر تاقیکردنەوە و بەڵگاندندا. بەرەنجامی ئەم کارە ئەگەر لە ڕێگەی دروستەوە ئەنجام بدرێت، زانینی حەقیقی زۆر دەکات تەنیا لەم ڕێگەوەیە کە مرۆڤ یارمەتی لە زانین و زانستی شاراوە لە سروشتدا وەردەگرێت. ئەم ڕوانگەیە تا ئەندازیەك لەسەر چەمکی ڕیالیزم و ئەزموونگەریی کە لەسەر داتا ئەزموونییەکان لەگەڵ خودئاگایی و بە تایبەتیش ڕەخنەی ئەزموونگەریی کە لە تیۆریی ناسین وەرگیراوە، بنیاتنراوە. بەواتایەکیتر دەتوانین ئەم ڕوانگەیە لە بە بەرەنجام گەیشتنی پشت بەستراو بە تاقیکردنەوەی بنەما لۆژیکییەکانی ماتماتیك دابنێین. ئەم شێوە شیکاری و بە بەرەنجام گەیشتنە دەتوانرێت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی (سروشت، پەروەردە و فێرکاری، دەروونزانی، یاسا و زانستی ڕامیاری) بەکاربهێنرێت. کە دوایین بابەت [زانستی ڕامیاری] ڕۆڵێکی گرنگی لە قەڵەمڕەوی یاسا واتە یاسا پۆزەتیڤییەکاندا گێڕاوە.

(ئۆگۆست کۆنت) لە وتارە زانستییەکانیدا کە سەبارەت بە دووبارە نوێ کردنەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا ئامادەکردووە، لەڕاستیدا، بناغەی سیستەمی هزری خۆی بنیات دەنێت. ئەو لەم بارەیەدا ڕەچاوی پێش گریمانە دەکات. یەکەمیان [چۆنێتی] ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە میانەی هەلومەرجی شارستانییەت دیار دەکرێت. دووەمیان، خودی شارستانییەت جۆرە گەشەسەندن و پێشکەوتنێك بەدوایدا دێت، کە خودی ئەمەش بەدیهێنەری جۆرە یاسایەکە.

(کۆنت) بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە پرسی خاوندارێتی هاوبەشی دەخاتەڕوو. بە بڕوای ئەو کۆمەڵە مرۆڤێك کە دەبێ لە ڕووی ژمارە زۆربن، کاتێك کۆمەڵگا بنیات دەنێن کە بۆ کارە هاوبەشەکان ئامادەی ڕێکخستن کاری بن.

دەتوانرێت کردەکانی مرۆڤ یان بۆ بەرنگاربوونەوەی مرۆڤیتر یان بۆ بەرنگاربوونەوەی رووداوە سروشتییەکان رێك بخرێت.

ئەگەرچی کردەوەی هاوبەش پەیوەست بە رفتاری مرۆڤ پێویستی بە رێکخستنی کۆمەڵایەتی جیاواز هەیە بە بەراورد لەگەڵ رەفتاری مرۆڤ بەرامبەر رووداوە سروشتییەکاندا.

بۆیە، پێویستە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هاوشانی ئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا دابمەزرێن. بەڵام چونکە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان سەرەتا لەسەر پرسە ماددی و سروشتییەکان بنیاتنراوە، کە واتە ئاستێك لە شارستانییەت دەبێ لە کۆمەڵگادا بوونی هەبێت. ئەم شارستانییەتە لەسەر زەینیات و ئەزموونەکانی مرۆڤ دێتەکایەوە.

(کۆنت) پەسەند دەکات کە ئەزموونی مرۆڤ و رێبازی پۆزەتیڤ لەگشت بوارەکانی زانستدا یەکسان و هاوکات رەوتی کاملبوونی نەبڕیووە. بە واتایەکیتر، بە بڕوای (کۆنت) زانستە پەتییەکان وەك فیزیا و ماتماتیك و میکانیك پێش زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان رەوتی کاملبوونیان بڕیووە و، پێش زیندەوەرزانی و کۆمەڵناسی و زانستی سیاسەت رێبازی پۆزەتیڤیان بەکارهێناوە.

(کۆنت) لەم باسەدا بەو بەرەنجامە دەگات، هەر وەك چۆن رێباز و شێوەی هزرکردنەوەی پۆزەتیڤ لە ماتماتێکدا سەرکەوت و بوو بە بنەماساز، بەم جۆرەش هەرچەند ماوەییەك دەرنگتر و سەختتر، دەتوانێت لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بنەماساز بێت. درزکردنی ئەم بابەتە بۆ پانتای سیاسەت ئەم بەرەنجامە دەدات بەدەستەوە کە پێویستە تیۆری و قۆتابخانە سیاسییەکانیش لە پراکتیکدا شیاوی سەلماندن بن و لە ئەزموندا نیشان بدرێن.

گرنگترین ئەم رایانە لە سەردەمی کۆندا لە بۆچوونەکانی هەندێ لە سوفیستەکان و لە سەردەمی نوێدا بۆچوونەکانی دێڤید هیوم، جان ستوارت میل، ماخ، ئۆون ئایدۆس و دورینگدا دەتوانین بدۆزینەوە.



لە دەیەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەی زایینیدا، بەم جۆرە باوەڕە پۆزتیڤ و بەڵگاندنە وەك نموونەی رێڕەوی توێژینەوە و زانست، روحێکی تازە بەخشرا کە تا چەند دەیە گرنگی تایبەتی هەبوو، سەرەنجام ئەم باوەڕە بە چەق بەستووانە لە بۆچوونەکانی پۆزەتیڤیزمە نوێیەکاندا بەرجەستە بوونێکی تایبەتی بەخۆوە بینی. هەر بۆیەش پۆزەتیڤیزمەکان لە بەرهەڵستکارانی جیدی یۆتۆپیا و خەڵکی سالارین. چونکە بە نامومکینی دەزانن و بەو جۆرە کە لە زەیندا وێنا دەکرێت، لە پراکتیکدا ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.

فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم، ئەگەرچی لە فەرەنسا و لە لایەن (ئۆگۆست کۆنت)ەوە بنیاتنرا، بەڵام پۆزەتیڤیزمی سیاسی، لە سەدەی بیستەم لە ئیتالیادا پێگەی خۆی دۆزییەوە. پەیڕەوانی ئەم رێچکە هزرییە لەو بڕوایەدان کە دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵگا بە باشترین شێوە بە ئامانجەکانی بگەیەنێت، پێویستە لە رێگەی دەستەیەکی بژاردە رێبەرایەتی بکرێت و بەو جۆرەی کە لە هزری عامەدا وادەزانن کە دەسەلات لە نێوان گشت توێژەکانی کۆمەڵگادا دابەشکراوە، بەنامومکین دەزانن، هەروەك چۆن ئەم ئەزموونە لە یۆنانی کۆنیشدا بە ئاکامی نەگەیشت.

دوای ئەم پێشەکییە هەڵدەستین بە خوێندنەوەی بۆچوونگەلی پەیڕەوانی حکوومەتی بژاردەکان.

## بەشی یەکەم: بژاردەکان

### أ. چەمکی بژاردە یان نوخبە

نوخبە یان ئێلیت[١] لە وشەی لاتینی (ئێلیگرە)[٢] بەمانای بژاردە وەرگیراوە. بۆ ئەوەی، کە ناوەڕۆکی ئەم زاراوەیە باشتر روون ببێتەوە پێویستە بە پوختی بۆ پێشینەی مێژوویی ئەم چەمکە بگەڕێینەوە. لە زمانی عامەی کۆندا نوخبە بە کۆمەڵێکی بچووك کە پێگەیەکی تایبەتیان لە رووی داب و نەریت و پێگەی ئایینی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەستەبەرکردبوو، دەوترا. هەر لەم بارەشەوە، مەبەست لە (بەهای نوخبەیی)یش گشت ئەو ئیمتیازانە بوون کە چینی سەرکردە و دەسەڵاتدار پێشتر و لە دەسپێکی کۆمەڵگای بۆرژوازی خاوەنی بوون، هەر وەك چۆن لە رووی پلە و پایە لە کۆمەڵگادا پۆستی بەرزیان هەبوو. واتە (لە سەردەمی سەرهەڵدانی بورژازی) ناوەڕۆکی ئەم زاراوەیە گۆڕدراو بیردۆزانی سیاسی، بە بێ لایەنگری هەستان بە هەڵسەنگاندنی نوخبە. لەم سەردەمەدا چەقی قورسایی باسکردن دەربارەی نوخبە، ستراکتۆر، ئەرك و کارکردنی نوخبە سیاسییەکان لە خۆوە دەگرێت. هێزی ئەوان لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیموکراتیکی پشت بەستراو بە

1. elit
2. eligere



یاسای بنەڕەتی، وەك داتاشرانێك لە سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەیی باس و پێناسە دەکرێت.

ئەمڕۆکە، نوخبە سیاسییەکان وەکو تاقمێکی راسپێردراو کە هەڵبژێردراون و بە یاساییانە رەوابوونی خۆیان فەراهەم کردووە و بۆ ئەم کارە راسپێردراوە دەستنیشان کراون، شرۆڤە و پێناسە دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە رەچاو بکرێت کە لە پێناسەکردنی نوخبەکاندا هەمیشە جەخت لەسەر ئەم پرەنسیپە دەکرێت کە بۆ پاراستنی تاقمی نوخبە تەنیا ئامرازی ناچارکردن بەس نییە، بەڵکو ئامرازە مەعنەوییەکانیش بۆ قایمبوونی پێویستە و، لەم بارەیەشەوە بیردۆزە نوێنەکانی زانستی سیاسەت هاودەنگن.

### ب. تیۆرییە کلاسیکییەکانی نوخبە

ئەگەر قوتابخانەی چینایەتی مارکسیزم بە مێتۆدێکی رەخنەیی لەهەمبەر تیۆرییەکانی لیبڕالیزمی کۆمەڵی دابنێین، پێویستە بیردۆزانی نوخبەگەرایی بە دامەزرێنەری مێتۆدی رەخنەیی هاوبەشی[١] بزانین کە باڵە سیاسییەکانی دەستەراستی لە لیبرالە کۆنەکان و ئەرستۆکراتەکانەوە بگرە تا ئایدیۆلۆژییە فاشیستییەکانیان بنیاتنا. ئەمە رووداوێکی مێژوویی نەبوو کە تیۆرییەکانی نوخبە لە ولاتێکی وەك ئیتالیا بە پێشینە و رابردوویەکی دوور و درێژ دەبوایا دابڕێژرێت و بخرێتەڕوو.

هەلومەرج و بارودۆخێ ئیتالیا لە نێوان دوو جەنگی جیهانی و سیستەمی پەرلەمانی لاوازی ئەم وڵاتە بوو بە پێگەیەکی لەبار بۆ بیردۆزانی حکوومەتی نوخبەکان. ئەگەرچی ئەم جۆرە تیۆریانە بێ هیچ پۆلێن بەندییەکی رێژەیی لە نێوان نوخبە جۆراوجۆرەکاندا، دەخرانەڕوو. سەرەڕای ئەمەش کێشەی زۆری بۆ حکوومەتە پەرلەمانتارییەکانی خولقاند. ئەم کارەش سەرەتا لەلایەن نووسەریکی

1. dichotomisch

گومان کار و بێ ئومێد لە کارکردنی لیبڕالیزم، واتە (گایتانو مۆسکا) ئامادە و فۆڕمالیزە کرا.

ئەو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی گرنگترین مێتۆدە سەرەتایی و کلاسیکییەکانی تاخمە سیاسییەکانی دەستەڕاست، واتە لە لیبرالە کۆنەکانی ئەرستۆکرات بگرە تا ئایدیۆلۆژییە فاشیستەکان:

توێژەرە کۆمەڵگاناسانی مارکسیست بە توندی چەمکی نوخبە ڕەتدەکەنەوە بەڵام بە جەختکردنێکی زۆرتر چەمکی (جەماوەر) لە بەرامبەر چەمکی (کادری ڕێبەرایەتی) دادەنێن.

بە گشتی بەکارهێنانی چەمکی نوخبە لە تیۆرییە سیاسییەکاندا بە بەردەوام لە پاڵ ئەم پرەنسیپە بەڵگەنەویستەوە دێت، کە پێویستە حکوومەت لەلایەن باشترینەکان بەڕێوەبچێت. بۆ نموونە لەم بارەیەدا (ویلفێردۆ پارێتۆ) جەخت لەسەر حکوومەتی ژیرەکان و کەنیسە و ئاینزاکان و هەڵبژاردنی پیاوانی ئایینی و (تۆماس کارلایل) جەخت لەسەر قارەمانان و سۆسیال داروینیستەکان جەخت لەسەر بەهێزەکان دەکەن.

**١. گایتانۆ مۆسکا.**

هەروەك ئاماژە پێکرا، یەکێك لە بە ناوبانگترین ڕەخنەگر و بەرهەڵستکارە جیدییەکانی دیموکراسی، (گایتانۆ مۆسکا) کۆمەڵناس و زانای زانستی سیاسی ئیتاڵییە. ناونیشانی گرنگترین پەرتووکی (تۆخمەکانی زانستی سیاسەت)ە، کە لە ساڵی ١٨٩٥دا نووسراوەو لە زمانەکانیتردا بە (چینە سیاسییەکان) و (چینی دەسەڵاتدار) وەگێڕاوە.

بابەتی سەرەکی ئەم پەرتووکە هەروەك لە ناونیشانیدا دەبینرێت، چینە سەرەکی و گشتییەکانی کۆمەڵگایە. (مۆسکا) لەو بڕوایەدایە کە گشت کۆمەڵە مرۆڤی و کۆمەڵگا سیاسییەکان، چ ئەوانەی کە بە ئاستێك لە شارستانییەت گەیشتبن و لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکان هەژماربکرێن، یان کۆمەڵگا دواکەتووەکان، هەموویان



لە دوو چین پێکدێن: چینی فەرمانڕەوا و ئەو چینەی کە فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکرێت. چینی یەکەم لە رووی چەندێتی و ژمارە کەمن، بەڵام دەسەڵاتی سیاسییان بە دەستەوەیە و لە گشت مەزایاکانی (خۆشگوزەرانی، ڕێز لێنان، دەسەڵات...) سوودمەندن. بەڵام چینی دووەم لە رووی ژمارە و چەندێتی بە بەراورد لەگەڵ چینی یەکەم گەلێك زۆرترن و بە جەماوەر ناو دەبرێن، خودی ئەم چینەش لە چینی جۆراوجۆر پێکهاتووە کە بە یاسایی یان نایاساییانە بە ویستی خۆیان یان بە زۆرەملێ، ملکەچی حکوومەت دەبن. بۆ دروستبوونی مێژوو، بوونی دوو چینی فەرمانڕەوا و فەرمان هەڵگر پێویستە. سیاسەت کۆکەرەوەی ئۆریستۆکراتەکانە و دیموکراسی لە خەون و خەیاڵ زۆرتر نییە.

مۆسکا کە لە (پالرمۆ) لە دایکبووە و لە رۆم بە مامۆستای زانکۆ و سناتۆری گەیشت، هەوڵیدەدا ئەو کێشانەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ئیتاڵیادا، دەیدیت گشتگیریان بکات. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە لەو سەردەمەدا، ڕێبازی لیبڕالیزم لەگەڵ ئیدەکانی رزگارکردنی [مرۆڤ] لە هەمانکاتدا ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ داروینزمەکانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای بۆرژوازی بەرەو کۆمەڵگایەکی چینایەتی نوێ ئاراستە دەکرد. دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری و کۆمەڵگادا وەك دەوڵەتی دەستێوەردەر، کە ئەمەش ئەگەری کەڵەکەبوونی سەرمایەی لێ دەکەوێتەوە بە پێویستی دەزانی، تا لە رووکەشدا دیموکراسی نوێنەرایەتی پێشکەش بکات. هەر بۆیەش رووبەڕووی ڕەخنەی توندی مۆسکا بووەوە، ئەو بۆ سەلماندنی بەڵگەکانی دەڵێت:

لە راستیدا، پێویستە نوێنەر ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی دەنگدەری خۆی بکات.

هەر وەك چۆن ئەم بابەتە لە مافی تایبەتیشدا ڕەچاو دەکرێت. بەڵام لە پراکتیکدا، نوێنەری کۆمەڵگا بە ئازادی لە رادەبەدەر و بێ سنوور دەگات، [کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە] هەست بەوە نەکات کە پێویستە بە بەردەوامی راوێژ لەگەڵ دەنگدەری خۆیدا بکات، سەرەڕای ئەمەش ئیستغلالی هەستەکانی دەنگدەر دەکات

و دەخاتە ژێر کاریگەری ئامانجەکانی خۆیەوە، هەر بۆیەش ئەم نوێنەرایەتییە دەگۆڕدرێت بۆ پەیوەندییەکی یەك لایەنە کە زۆرتر بە شانۆگەرییەکی گاڵتەئامێز دەچێت تا نوێنەرایەتی کردنی گەل.

**مۆسکا لە درێژەدا دەڵێت:**

لەم بارەوە رێسایەکی گشتی فەرمانڕەوایە، واتە چینی سیاسەتمەدار مەبەستەکانیان لە میانەی ئەو باوەڕانەی کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، لە چوارچێوەیەکی بە رواڵەت عەقلانیدا دەخاتەڕوو تا بە ئامانجەکانی خۆی بگات. تەنیا تاقمێکی کەم، بەڵام خاوەن دەسترۆیی بەسەر تاقمی زۆرینەی گوێڕایەڵدا فەرمانڕەوایی دەکەن.

**٢. ویلفردۆ پاریتۆ**

دووەمین بیردۆزی گرنگ کە جەخت لەسەر حکومەتی کەمینە دەکات، ویلفردۆ پاریتۆیە.

پاریتۆ کومەڵناس و ئابووریزانی ئیتاڵی لە دامەزرێنەرانی (قوتابخانەی لۆزان) لەگەڵ مامۆستای خۆی (والراس) لە پەیڕوانی ئابووری ماتماتیکە.

ئەو وەك کۆمەڵناسێك، ریالی و پراگماتیست بوو، گرنگترین بەرهەمی (نامەی کۆمەڵناسی گشتی) یە کە لە ساڵی ١٩١٦دا لە فلۆرانسا بڵاوکرایەوە و کاریگەری زۆریشی بەسەر مۆسکا و میلزدا هەبوو. وەك مامۆستای ئابووری نەتەوەیی زانکۆی لۆزان لە ساڵانی (٣ – ١٩٠٢) رەخنەی توندی لە سیستەمی سۆسیالیستی گرت و ئەم جۆرە سیستەمەی بە سۆفیگەرێتی ئایدیالیستی ناوبرد کە تەنیا لە زەینی عەوامدا دەکرێ بوونی هەبێت. پاریتۆ هەستا بە توێژینەوە لە چۆنیتی پیکهاتنی نوخبە، هەربۆیەش بە تەواوی و یەکسەرە ململانێتی چینایەتی رەت ناکاتەوە.

رستەی بە ناوبانگی پاریتۆ کە دەڵێت: «مێژوو گۆرستانی ئۆریستۆکات و نوخبەکانە» بێگومان ئانتی تێزێکە هەمبەر رستەی کارل مارکس لە بەیاننامەی



کۆمۆنیستدا کە وتبووی : «مێژووی گشت کۆمەڵگاکان تا ئەمڕۆ بە مێژووی ململانێی چینایەتی دەچێت».

پاریتۆ لە گرنگترین بەرهەمیدا (کۆمەڵناسی گشتی) دوو جۆرە رەفتار دیاردەکات:

رەفتاری لۆژیکی رەفتاری نالۆژێکی. هەرچەندە ئەو لەو بڕوایەدایە کە لە نێوان ئەم دوو رەفتارە سنووری نەگۆڕ بوونی نییە، بەڵکو سنووری نێوان ئەم دوو رەفتارە لە گۆڕان دایە و هەر چەشنە سنووردانانێك لە نێوانیاندا زۆر سەختە.

رەفتاری لۆژێکی، رەفتارێکە کە هەم لە رووی عەینی[1] و هەمیش لە رووی زەینی[2]یەوە بەیەك بەرەنجام بگات. بۆ نموونە جووتیارێك وێنا بکەن کە گەنم دەچێنێت تا لە کۆتایی کاریدا داهاتێك لە ئەنجامی ئەم کارەی بە دەست بێنێت، ئەم کارە هەم لە رووی عەینی و هەمیش لە رووی زەینییەوە بەیەك بەرەنجام دەگات ئەگەر بێتو هیچ گرفتێك لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا روونەدات، بۆ نموونە هێرشی کلۆ.

پاریتۆ رەفتارەکانی جیا لەم رەوتە، بە رفتاری نالۆژیکی ناو دەبات. بە واتایەکیتر ئەگەر لە رووی عەینی و زەینییەوە رەفتار پەیوەندییەکی نالۆژیکی لەگەڵ یەکدیدا هەبێت، ئەو رەفتارە رەفتارێکی نالۆژێکی دەبێت پاریتۆ جۆری دووەم زۆرتر راڤە و شیتەڵ دەکاتەوە و بەرەنجام گیری دەکات.

بە بڕوای ئەو رەفتارە نالۆژیکییەکان لە لایەن جێماو[3] و داتاشراوەکان[4] بەرێوەدەبرێن. پاریتۆ، جێماوەکان وەکو غەریزە بنچینییەکان کە کاریگەری بەردەوامیان بەسەر رەفتاری تاکەکەسیدا هەیە پێناسەدەکات. لەکاتێکدا، مەبەستی

---

1. objectivity
2. subjectivity
3. residuen
4. derivaten

لە داتاشراوەکان شرۆڤەکردنی جێماوەکانە. بەواتایەکیتر، ئەگەر جێماکـان بـە بنـەما گریمانە بکەین پێویستە داتاشراوەکان بە تیۆری جێماوەکان دابنێین.

پارتیۆ جێماوەکان بە شەش چین دابەش دەکات.

١. غەریزەی تێکەڵ بوون[1] یان رێ و شوێن گرتنەبەر.

٢. مانەوەی کۆمەڵەکان[2]

٣. نیاز بە دەربڕینی هەستە سۆزدارییەکانی کارتێکراو بە کردەوە دەرەکییەکان

٤. پاشماوەکانی پەیوەست بە تەنشییە[3]

٥. یەکپارچەیی تاك و داراییەکانی

٦. پاشماوە سێکسییەکان

ئەگەرچی ئەم شەش چینە وەکو تورێکی یەککگر پارێزگاری لە جێماوەکان دەکەن، بەڵام لە روانگەی پارتیۆوە، (غەریزە) و (مانەوە) زۆرتر لە (نیاز) یان (پاشماوە) گرنگیان هەیە و لە بەرەنجام گیرییەکاندا لە ئاوێتەکردنی دوو چینی یەکەم و دووەم کەڵك وەردەگرێ.

پارتیۆ لەو بڕوایەدایە کە نوخبەکان بە بەدەستگرتنی دەسەڵاتی حکوومی، داواکارییەکانی جەماوەر رەچاو ناگرن. بۆیە تا ئەو کاتەی جەماوەر[4] سەر بەم دوو چینە بن واتە جێماوەکان و داتاشراوەکان، بەگشتی [جەماوەرێکی] هەڵچوون.

ئەو لە ژێر کاریگەری [میکیاڤیلی] دا لەو بڕوایەدایە، کە ئەو مرۆڤانەی غەریزەی تێکەڵ بوونیان هەیە زۆر هۆشمەند و داهێنەرن ئەگەرچی زۆر بوێر نین.

پارتیۆ بەم جۆرە کەسایەتییە (سروشتی رێوی) دەدات.

لە بنەڕەتدا، هێڵی جیاکەرەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ، غەریزەی تێکەڵ بوونە کە لە دەروونی مرۆڤدا بوونی هەیە.

1. Kombinations instinkt.
2. gruppenbeharvang
3. socialization
4. mob



ئەم غەریزەیە دەبێتە هۆی پەرەگرتن و فروانبوونی پێداویستە لۆژیکەکانی مرۆڤ.

درەنجامی ئەم کارەش، پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤە. کەواتـە بـە روونـی ئاشکرایە کە ئەم غەریزەیە لـە مرۆڤـدا چ بایـەخێکی هەیـە. پـاریتۆ دەڵێـت بـە درێژایی مێژوو پرشنگدارترین کۆمەڵگاکان، ئەو کۆمەڵگایانەن کە رادەیـەکی زۆر لـە چـینی یەکـەمی جێماوەکـانی لـە خۆگرتـووە. دووەم چـین لـە دابەشـکردنی جێماوەکاندا، مانەوەی کۆمەڵە. هەروەك لە واتایدا دەردەکەوێت تەواو لەهەمبـەر چینی یەکەم واتە غەریزەی تێکەڵ بوون دەوەستێتەوە. ئـەو چینـە بـە پێـچەوانەی چینی یەکەم کە گۆڕان و وەرچەرخان لە تاك و کۆمەڵگادا دێنێـە کایـەوە دەبێتـە هۆی جۆرە چەق گرتن و پارێزگاری لە دۆخی بەرقەرار. بە واتایەکیتر مرۆڤ لە ژێـر کاریگەری ئەم جێماوەیە مەیلی بۆ پارێزگاری لەو رێ و شوێنە بەرقـەرارە هەیـە و کەمتر مەیلدارە بۆ گۆڕان وەرچـەرخان و بۆیـەش فەرمانـە رەوشـتییەکان بـە بـێ شیکردنەوەی زانستی پەسەند دەکات.

بەواتایـەکیتر ئـەو کەسـانەی کـە بەرادەیـەکی پێویـست ئـەم جێمـاوە لـە دەروونیاندا هەبێت، هەمبەر بڕوا رەوشتییەکانی بـاو، دەمـارگیرن و بـە ئاسـانی ئامادە نین گۆڕان و پرسە نوێیەکان پەسـەند بکـەن. پـاریتۆ لـەو بڕوایەدایـە کـە ئەگەرچی ئەم جۆرە کەسـانە کـەم هۆشـن بـەڵام بـوێر و ئـازان. ئـەو بـەم جـۆرە کەسایەتییە (سروشتی شێر) دەدات.

لە روانگەی پاریتۆ گۆڕانگارییە خێراکان کاتێك بەرەو شۆڕش دەڕوات کە هەرەس هێنانی کلتوری لە چینەکانی سـەروودا دەسـت پـێ بکـات. بـە جۆرێـك کـە چیتر جێماوەکی سوودمەند بۆ پاراستنی دەسەڵات نەمابێتەوە. لەم کاتەدا، لـە چـینەکانی خواروو کۆمەڵگا، چۆنیەتی بنەماکانی پێکهێنانی دەسەڵات فۆڕمۆلە دەبێت.

بەکورتی، ئەو بەرەنجامەی کە پاریتۆ لەم باسـەدا پێـدەگات ئەوەیـە کـە تـەنیا تاقمە بژاردەکان (نوخبە) کە بتوانن رێژەیەکی گونجاو و پێویست لە [سروشتی] رێوی و شێر لە خۆدا کۆبکەنەوە، دەتوانن لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

بەڵام، چونکە کۆمەڵگا هیچ کات چەق بەستوو نامێنێتەوە، کەواتە گۆزار لە تاقمی شێرەکان بۆ رێوییەکان و بەپێچەوانەش هەمیشە لە ئارادایە. بە زۆر بوون و دەستڕۆیی شێرەکان لە تاقمی فەرمانڕەوادا دواتر مەیلداریان بەرەو سروشتی رێوییەکان ئەم هاوسەنگییە تێکدەچێت. هەر بۆیەش شێرەکان بەرەنگاری رێوییەکان دەبنەوە، و رێویەکانی دەسەڵاتدار سەرەتا لە رێگەی [بەکار هێنانی] زۆر و هێزی ناچارکەر هەوڵ دەدەن بۆ ئارامکردنی شێرەکان و ئەگەر سەرکەوتوو نەبوون، دروشمی ئازادی و یەکسانی بەرزدەکەنەوە، بەڵام شێرەکان بەسەر رێوییەکاندا زاڵ دەبن و دەسەڵات دەگرنە دەست. بەڵام دوای ماوەیەك و بەرەبەرە سروشتی رێوییەکان لە شێرەکاندا سەرهەڵدەدات و دووبارە ژمارەی رێوییەکان زۆر دەبێتەوە و دۆخی پێشوو دووبارە دەبێتەوە.

هەر کۆمەڵگایەك کە وێنابکرێت بەسەر دووتاقم دابەشدەکرێت: (بژاردە) و (جەماوەر).

خودی بژاردەش بەسەر دوو تاقمی (فەرمانڕەوا) و (نافەرمانڕەوا)[1] دابەشدەکرێت. هەروەك پاریتۆ دەڵێت بزاڤ پێویستی کۆمەڵگایە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە بەردەوام لە کۆمەڵگادا بزاڤێك لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ئارادایە. ئەگەرچی بژاردەی فەرمانڕەوا هەوڵدەدەن پشتگیری لەم بزاڤە بکەن، بەڵام زۆرجار بەرەنجامی ئەم کارە بە تەواوی سەرکەوتووانە نییە.

لەم بارەیەوە، پاریتۆ سەرەتا کۆمەڵگا بۆ دوو کۆمەڵگای توندڕەو دابەشدەکات: (کۆمەڵگای کراوە) و (کۆمەڵگای داخراو). کۆمەڵگای کراوە، کۆمەڵگایەکە کە تیایدا ئەم بزاڤە بە خێرایی و توندیی ئەنجامدەدرێت، بەڵام لە کۆمەڵگای داخراودا ئەم بزاڤە بە ئارامی لە ئارادایە و بەرادەیەك کە بزاڤێکی هەست پێ نەکراوە.

١. مەبەست لە بژاردە نافەرمانڕەواکان، کەسانێك کە لە پیشەی خۆیاندا سەرکەوتنی تەوایان بەدەست هێناوە، وەك مافناسان وەرزشوانان.



بە بڕوای پاریتۆ، کۆمەڵگامیانڕەو و حەقیقییەکان لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵگای توندرەودا جێی دەگرن. ئەگەر ئەم رەوتە واتە بزاڤی لە خوارەوە بەرەو سەرەوە بوستێت، کۆمەڵگا چەق بەستوو و گەندڵ دەبێت.

بە بڕوای پاریتۆ، حکوومەتە میراتییەکان، جووتیار و بازرگان و پیشەکاران، بە پیشەکانیانەوە پابەند دەکەن و بەم جۆرەش کاست[1] بەرهەم دێنن. لە روانگەی ئەو، سیستەمی سەرمایەداری ئازاد، باشترین گەرنتی کاری کۆمەڵگایەکی میانڕویە.

پێویستە فەرامۆش نەکرێت کە پاریتۆ سەرەتا ئەندازیار بوو، کەواتە کردە لۆژیکییەکانی لە روانگەی ئەندازیارێکەوە دەدیت، هەروەك چۆن دواتر رووی لە زانستی ئابووریکرد و کردەی لە روانگەی ئابووری و سوودمەندێتی دەخوێندەوە. بەواتایەکیتر پێویستە پاریتۆ وەك کۆمەڵناسێك بزانین کە هزر لە سیستەمێکی سیاسی دەکاتەوە، کە لەهەمان کاتی زۆردارانە بووونیدا میانڕووش بێت، واتە سیستەمێك کە فەرمانڕەواکانی توانای بڕیاردانیان هەیە، بەڵام ئازادی بیرکردنەوە بۆ هاوڵاتیان و بە تایبەتیش پسپۆڕان و رۆشنبیران دەپارێزێت. بەواتایەکیتر، پاریتۆ لیبڕالیزمی بیرکردنی بۆ کۆمەڵگا بە پێویست دەزانێت.

هەڵبەت پێویستە رەچاوی ئەوە بکەین کە بەو وانەیەی پاریتۆ لە ئەزموونەکانی خۆی فێرببوو، گرنگی بە دیموکراسی نەدەدا و بە بێ سوودی دەزانی. پاریتۆ تیۆری ململانێی چینایەتی مارکس پەسەند دەکات، بەڵام دوو رەخنەی سەرەکی ئاراستە دەکات. یەکەم، پاریتۆ بە پێچەوانەی مارکس پەسەند ناکات کە ململانێی چینایەتی تەنیا لە ژێر کاریگەری ئابووریدا دێتەکایەوە، واتە لە بەرەنجامی ئەو ناکۆکیانەی کە هەڵقوڵاوی خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە، بەڵکو دەکرێت ئەم ململانێیە سەرچاوەی تریشی هەبێت. بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم بۆچوونە زاڵبوو کە ئەگەر ناکۆکییە ئاییننراییەکان نەمێنن، کۆمەڵگا ئاشتی و ئارامی بە خۆوە دەبینێت.

١. CASTE: واتە چین و خێڵی دیار و جێگیر بوو.

لە کاتێکدا کە ئەم ناکۆکییە لە سەدەکانی نوێدا لەناوچوو، ناکۆکییەکیتر، واتە ناکۆکی سۆسیالیستی جێی گرتەوە و ململانێی چینایەتی شێوازی تری وەرگرت.

ئەگەر گریمانە بکەین کە حکوومەتی پرۆلیتاریاش بەرقەرار بکرێت و سەرمایە چیتر بە شێوەی تایبەتی (خصوصی) بوونی نەبێت، هەروەهاش دژیەك بوون لە نێوان رۆشنبیرە جۆراوجۆرەکان و کرێکاراندا بە پلەی پسپۆڕێتی جیاواز سەرهەڵدەدات. بەکورتی مرۆڤەکان لە کاروبارە جۆراوجۆرەکاندا خوازیاری باڵادەستین و لە بنەڕەتدا ململانێی لە دەروونی خودی ژیاندایە. پاریتۆ هەڵەی دووەم لەوەدا دەبینێت کە مارکس لەو بڕوایەدا بووە کە ململانێی چینایەتی سەدەی نۆزدەیەم لە رووی زاتێیەوە، جیاوازە لە ململانێی چینایەتی سەدەکانی رابردوو، واتە ململانێی چینایەتی پرۆلتاریا لەگەڵ بۆرژوازی.

سەرکەوتنی ئەم چینە [چینی پرۆلتاریا] دەبێتە خاڵی کۆتایی ململانێی چینایەتی، لە کاتێکدا ئەگەر بێتو ئەم رووداوە رووبدات، بەرەنجام، سەرکەوتنی چینی پرۆلتاریا نییە، بەڵکو سەرکەوتنی چینەکی کەم دەبێت کە پرۆلتاریای رێبەرایەتی کردووە. لە راستیدا، ئەم تاقمە کەسە «بژاردەکانن» کە بە ناوی پرۆلتاریاوە قسە دەکەن. بەواتایەکیتر پاریتۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا پەسەند دەکات، بەڵام بەرەنجامی جێگرتنەوەی بژاردەی نوێ لە شوێن بژاردەی کۆن دەزانێت، واتە لە روانگەی پاریتۆوە ململانێ چینایەتی هیچ کات ناوەستێت. مارکس و ئەنگلز لە بەیاننامەی پارتی کۆمۆنیستدا دەڵێن:

گشت بزاڤە مێژووییەکان تا ئەمڕۆ، بزاڤگەلی کەمینە بەسوودی کەمینە بوونە، لە کاتێکدا کە بزاڤی پرۆلتاریایی بزاڤێکی خۆهەستاوی زۆرینەیەکی بێ ژمارە بە سوودی زۆرینەیەکی بێ ژمار.

پاریتۆ لە وەڵامدا دەڵێت:

بەداخەوە ئەم راپەرینە راستەقینەیە کە دەبوایا بەختەوەریەکی پاك و بێگەرد بۆ مرۆڤ بە دیاری بێنێت، لە تراوێلکەیەکی هەڵخەڵەتێنەر زۆرترنییە کە هیچ کات



بەواقعییەت ناگات. مێژووی کۆمەڵگا مرۆڤییەکان، مێژووی بەردەوامی سەرهەڵدانی ئۆریستۆکراتیەتە. ئەریستۆکراتە جۆراوجۆرەکان سەرهەڵدەدەن، لە دەسەڵات سوود وەردەگرن و دواجار بەرەو دا رووخان دەچن و شوێنیان بە تاقمێکی سەرتەڵی نوێ دەدەن. کەواتە هەروەك پێشتروتمان، مێژوو گۆڕستانی ئۆریستۆکراتەکانە.

پاریتۆ کە کارتێکراوە بە میکاڤیلی، لەو بڕوایەدایە بناغەگەلی حکوومەتی گشت تاقمە فەرمانڕەواکان بە تێکەڵ بوونێك لە زۆر و باوەڕی خەڵك پێکدێت و پتەو دەبێت.

بەڵام لە حکوومەتدا، دەبێ زۆر و ناچارکردن لە پێشەوەی باوەڕ و متمانەی خەڵك بە تاقمی فەرمانڕەوا بێت. چونکە دەکرێت دەنگ و باوەڕی خەڵك بە ئاسانی لە رێگەی پرۆپاگەندە و وتاری هەڵخەڵەتێنەر دەستەبەر بکرێت.

پاریتۆ لەو بڕوایەدایە کاتێك راپەڕین سەردەکەوێت کە فەرمانڕەواکان ئەرکی خۆیان لە پاراستنی دیسپلین لە رێگەی ناچارکردنەوە فەرامۆش بکەن. لەم چەشنە دۆخەدا ئەوانەی فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکرێت [جەماوەر] خۆیان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرن و راپەڕین سەردەکەوێت. بەم جۆرەش [رادەی] دەسەڵاتی جەماوەر بەندە بە [رادەیی] لاوازبوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان و ئەگەر تاقمی فەرمانڕەوا نەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەریانە هێزی ناچارکەر بەکاربێنن دەبێ لەبەین ببرێن و شوێنیان بە تاقمێکی زۆردار و بەهێزێکی تر بدەن. چونکە سروشتی سیاسەت بەم چەشنە بووەو بەم چەشنەش دەمێنێتەوە.

هەندێ پاریتۆ لە دامەزرێنەرانی بیرۆکەی فاشیزم دەزانن، هەروەك چۆن لیبراڵەکان بە تایبەتیش لایەنگرانی پرسی ئازادی و ئابووری و دەوڵەتی، لانی کەم پاریتۆی لە پاڵ خۆوە دەزانن.

ئەو وەك کۆمەڵناسێکی لیبراڵ و ئەندازیار و ئابووریزان پەیڕەوی باوەڕگەلێك بوو کە خۆی بڕوای پێ بوو. نابێت پاریتۆ بە نوێنەری قوتابخانە یان پارتێکی

تایبەت دابنێن. هەروەك چۆن دژی توندوتیژی بوو، دیموکراسی ساوێلکانەشی سەرزەنشت دەکرد.

سەرەڕای ئەمەش ئەو لە (١٩ی ئۆگۆستی ١٩٢١)دا، واتە نزیك ساڵێك دوای بە دەسەڵات گەیشتنی مۆسۆلینی کۆچی دوایی کرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئەوە پەسەند بکەین کە پاریتۆ بۆ ئەو دیسپلین و یاسامەندی و پشتگیرییەی کە بۆ تیۆری نوخبەکانی خۆی لە فاشیزم وەردەگرت پشتگیری لە فاشیزمی ئیتاڵیای دەکرد.

### ٣. رۆبرت میشێلز (میخلز)

بێگومان دەبێ سێیەمین ئەڵقە لە زنجیرەی نوخبەگەرایی کلاسیك رۆبرت میشێلز کۆمەڵناسی بە رەچەلەك ئەڵمانی بزانین کە بە هۆی خۆشەویستی بۆ مێژوو و کلتوری رۆمای کۆن بەرەو ئیتاڵیا سەفەری کرد و تا کۆتایی تەمەن لەم وڵاتەدا نیشتەجێبوو.

دەکرێت گرنگترین بۆچوونەکانی میشێلز لە لابەلای دوو بەرهەمی گرنگی دا (کۆمەڵناسی پارتەکان لە دیموکراسییە مۆدێرنەکاندا) کە لەساڵی (١٩١١)دا بڵاوکرایەوە و (فاشیزم و سۆسیالیزم، رەوتێکی سیاسی لە ئیتاڵیا) کە لە دوو بەرگ لە ساڵانی ٢٦ — ١٩٢٥دا بڵاوکرایەوە، بخرێتە ژێر توێژینەوەدا. میشێلزیش هەروەك مۆسکاو پاریتۆ بە دیموکراسی رەشبین بووە.

بواری توێژینەوەکانی میشێلز، لەپلەی یەکەمدا، پەیوەندی نێوان رێکخراو و سیاسەتە. بە واتایەکیتر ئەو کۆمەڵناسێکی سیاسییە کە رێکخراوە سیاسییەکان، دەخاتە ژێر خوێندنەوەیەکی راستەوخۆدا. میلز بەم بەرەنجامە دەگات کە رێکخراو خەسڵەتێکی تایبەت و گرنگی هەیە، هەر بۆیەش کۆمەڵناسی پارتەکان بەم رستەیە دەست پێدەکات «دیموکراسی بە بێ پارتەکان مومکین نییە» واتە بەناچارانە سەبارەت بە دیموکراسی سنووردارییەك دادەنێت. لە بنەڕەتدا، [بەپێی] بەڵگەکانی تەکنیکی و گۆڕانی شێوە، رێکخراو دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ناوەوەی پارتە سیاسییەکان و سەندیکا و تەنانەت لە دەوڵەتیشدا، تاقمێك سەرهەڵدات کە بە تێپەڕ



بوونی زەمەنی رێبەرایەتی، ئەم تاقمە دەسەڵاتی زۆرتر دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە سەرسۆڕێنەریش. ئەوەیە کە تاکەکان و جەماوەریش بەم رەوتە چەق بەستنەی دەسەڵات بە دەست دەوڵەتەدا، بێ مەیل نین و پشتگیری لێدەکەن.

بەگشتی، سەرکردەکان بەم هۆیەوە دووبارە هەڵدەبژێدرێن، چونکە ماوەیەکی دوور و درێژ دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە. ئەزموون وانیشان دەدات کە رێکخراوە نوێنەکان شانسی کەمتریان هەیە بۆ پاراستنی دەسەڵات بە بەراورد لەگەڵ رێکخراوە کۆنەکاندا، هۆکەشی ئەمەیە کە رێکخراوە کۆنەکان زۆرتر هەوڵ دەدەن بۆ پاراستن و هێنانەکایەوەی ئەم رەوتە لە دەسەڵات.

ئەم راستییە کە جەماوەر بە بێ سەرکردە ناتوانن هیچ کارێك راپەڕێنن، بەسەرکردە دەسەڵات دەبەخشێت. ئەگەرچی سەرکردە خۆی بە نوێنەری جەماوەر پێناسە دەکات، بەڵام لە پراکتیکدا بەرەو ئۆتۆکراسی دەچەمێتەوە. سەرکردەکان چ لە رووی ماددی و چ لە رووی مەعنەوییەوە بەگشت مەزایا کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەگەن. رێکخستنی جەماوەر لە رێگەی سەرکردەکان و بە سوود وەرگرتن لە پرۆپاگەندا و هەڵخەڵەتاندن ئەنجامدەدرێت و جەماوەریش نوخبە سەرکردەکان بە نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن. هەروەك باسکرا، شانسی هەڵبژاردنی سەرکردە کۆنەکان و خاوەنی ناوبانگ هەمیشە زۆرترە.

لە ناکۆکی نێوان جەماوەر و سەرکردە نوخبەکاندا سەرکەوتن زۆتر بۆ سەرکردەکانە و تا ئەو کاتەی کە سەرکردەکان لەگەڵ یەکدی یەکگرتوو بن، تەنیا مەترسی مومکن بۆ بژاردە فەرمانڕەواکان، بژاردەی نوێنە کە بە دروشمی جۆراوجۆر و نوێ جەماوەر بۆ خۆراکیش دەکەن و پێویستە رەچاو بکرێت کە خودی تاقمی نوخبەی نوێش بەشێکە لە بژاردە [کۆنە] کان.

گۆڕانی دروونناسەکی[1] کە گشت نوخبەکان لە سەرەڕۆ و ئیدیالیستەکان دەگۆڕێت بۆ لایەنگرە پارێزگارەکان، لە راستیدا یاسای گشت سەرکردەی رێکخراوەکانە.

میشێلز وەك دیموکرات و سۆسیالیست باوەڕێك، رووبەرووی ئەم پرسیارە دەبێتەوە کە واقعییەتی دیموکراسی چییە؟ ئەو وەڵامی لە پارتە دیموکراتییە نوێنەکاندا دەدۆزێتەوە. واتە بۆ پاراستنی پارتی سیاسی، بەناچار برۆکراسی و دیسپلین کە خۆشی دەگۆڕدرێتەوە بۆ پرۆپاگەندە و جێبەجێکردنی باوەڕە کەسیەکان بە پێویست دەزانێت. بۆ میشێلز بەڵگەنەویستە کە هیچ روونووس و چارەسەرییەك بۆ نەهێشتنی ئەم تەنگ و چەڵەمەیە بوونی نییە و بۆیەش ئاماژە بۆ یاسایەك دەکات کە لە روانگەی ئەو گرنگترین و سەقامگیرترین یاسای هەمیشەیی کۆمەڵگا سیاسییەکانە لە جیهاندا، واتە **«یاسای ئاسنینی یاسای ئۆلیگارشی»**.

هەربۆیەش ئەو لە پراکتیکدا دیموکراسی بە نامومکین دەزانێت، ئەگەرچی هیوای بۆ دەخوازێت. لە روانگەی ئەو سۆسیالیزمیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هیچ جۆرە ئیمکاناتێکی نییە. بەڵکو تەنیا ئەم شانسەی هەیە کە وەك چینێکی فەرمانڕەوای نوێ سەرکەوتن بە دەست بێنێت کە بە بەراورد لەگەڵ چینی فەرمانڕەوای کۆن هیچ جۆرە جیاوازییەکی نییە. چونکە بە سەرکەوتنی سۆسیالیزم، یەکسەر سۆسیالیزم دمرێت و سەرکردەکانیشی لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا، دەست بە ئۆلیگارشییەکی نوێ دەکەن.

تەنیا لە کۆتایی تەمەن دایە کە ئەویش وەك پاریتۆ بە هۆی [بەڵگەکانی] نوخبەگەرایی بۆ فاشیزم مەیلدار دەبێت. بەڵام پێویستە رەچاو بکرێت، چەمکی تیۆری نوخبەکان کە لە راستیدا لە هەمبەر تیۆرییەکانی دیموکراسی دەوەستێتەوە، لەلایەن دامەزرێنەرانییەوە واتە پاریتۆ و میشێلز بە گومانەوە کەوتە بەر

1. metamorphose



رەخنەگرتن، لەکاتێکدا، کە لایەن فاشیزمەوە بە رێزگرتنێکی تایبەت سەیری ئەم تیۆرییە دەکرێت.

بەگشتی، بەرداشتە دژە دیموکراسییەکان لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی تیۆرگەلی نوخبەگەراییدا، کاتێك بە لوتکە گەیشت کە بیردۆزانی وەك میشێلز، بە گومانەوە دیموکراسیان دووبارە خستە ژێر خوێندنەوەدا و تەنانەت لەم بارەشەوە رێز و گەورەییان لەلایەن فاشیزمەوە بەدەست هێنا. چونکە میشێلز لەو بڕوایە دابوو کە دیموکراسی لە ریگەی خەڵك و بۆ خەڵك هیچ کاتێك بە مانا ناگات، بەڵکو دیموکراسی لە لایەن خەڵك بۆ نوخبەکان مانا وەردەگرێت و سوودمەند دەبێت. ئەو لەو بڕوایە دابوو کە هیچ تاقم و پارت و دەوڵەتێك بە بێ بوونی رێکخراو ناتوانێت بەردەوام بێت و بە ئامانجەکانی بگات و دەبێ ئەم پرەنسیپە بنچینەییە پەسەند بکەن کە لە راستیدا رێکخراو مانا و کارکردنی راستەقینەی ئۆلیگارشییە و دەوڵەت هیچ کات شتێك نەبووە جیا لە رێکخراوی کەمینەیەك کە بەردەوام ئاگاداری پاراستن و بەردەوام بوونی دەسەڵات و ئیمتیازەکانییەتی. رێکخراو دیسپلین دێنێتەکایەوە کەواتە سنووردارکەری ئازادییە و دەبێتە هۆی پارێزگار بوون.

دەسەڵاتی دەوڵەت دیسپلینکارە، کەواتە دژی ئازادییە. میشێلز لەم بارەوە دەڵێت:

بەگشتی کەسانێك دەبن بە شۆڕشگێڕ کە ئازادی زۆرتریان هەبێت، چونکە وابەستە بوون بەرێکخراو (جا چ خێزان، پیشە، پارت یان دەوڵەت بێت) مرۆڤ دەکاتە پارێزگارکەر. کەواتە دەوڵەت و شۆڕش لە بەرامبەر یەکدیدا دەوەستن.

ئەوە بەرەنجامەی کە میشێلز لەم باسەدا پێ دەگاتە ئەوەیە کە تاچ رادەیەك پارتە دیموکراتیکەکان لە نێوان پرۆپاگەندا و دیموکراسیدا جیاوازیان هەیە.

لە راستیدا، ئەو هەوڵ بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە دەدات کە تا چ رادەیەك دیموکراسی واتە بەشداری هەمووان لە سەرکردایەتی و بڕیاردانـدا، تەنانەت لە ناو بانگەشەکەرترین پارتە دیموکراتیکەکان (پارتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا) لە ناوەڕۆکدا بەتاڵە. چونکە ئەگەر گریمانە بکەین کە هەر لە دەسپێکەوە کرێکارو

تاکەکانی چینی خواروو لە پۆستە گرنگەکانی پارت، لەناو پارتە جەماوەرییەکاندا بگۆماردرێن یان هەڵبژێردرێن، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی نەچەندان درێژ بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بە هۆی پێداویستی ئەرکیان بۆیان فەراهەم دەکرێت، یان ئەو شارەزاییەی کە بەدست دێنن و سەرەڕای ئەمەش بەند بوون بەکاری هزری لە بری کاری دەستی خۆ بەخۆ بە سروشتی ئۆرستۆکراتی خوو دەگرن، ئەمەش یەکێك لەو دوو تەوەرەیە کە «یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی» لە سەری قایم بووە و تەوەریتریش هاندەرە دەروونییەکانی جەماوەرە. بە بڕوای میشێلز پێداویستە ئایینییەکان جەماوەر لە ڕێزگرتن لە سەرکردەکان کە بۆ پارتەکان دەگوازرێتەوە و، هەروەها بێ خەمیان لە بەکارهێنانی کاریگەریانەی دیموکراسی و بەشداریکردن لە سەرکردایەتیدا نەك تەنیا ڕێگا بۆ کەمینەیەکی بچووك واتە تاقمی سەرکردەکان دەکاتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرکردەکان بۆ چەق بەستووکردنی دەسەڵاتیان لە پشگیری جەماوەریش بەهرەمەند بن. لەم چەشنە هەلومەرجەدا ئەگەری گۆڕینی بارودۆخ و تانە گرتن لە خوارەوە زۆر لاوازە. لە بەگژیەکداچوونی سەرکردە ئۆریستوکراتەکان و جەماوەری هەژاردا، هەمیشە سەرکەوتن هی تاقمی یەکەمە و ئەگەر گۆڕان و وەرچەرخانێکیش رووبدات، هەڵقوڵاوی بەگژداچوونی جیاوازی لە بۆچوونگەلی خودی سەرکردەکانە. بە بڕوای ئەو راپەڕین و گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەمیشە لە بەرەنجامی ئەو جیاوازیانەیە کە لە نێوان نوخبەکاندا روو دەدات. لەم بارەشەوە ئەرکی جەماوەر تەنیا ئەوەیە کە بە سوودی نوخبەکان خۆپێشاندان بکەن و برێژنە سەر شەقامەکان و لەوانەیەش لەم ڕێڕەوەدا بکوژرێن. جەماوەر هەمیشە بێ ناونیشان و نوخبەکانیش بەرهەم هێنەری مێژوون.

هەروەك پێشتر باسمان کرد، ئەگەرچی میشێلز بەدیموکراسی رەشبین بوون، بەڵام لە جۆرەکانیتری حکوومەت بە باشتری دەزانی. بەواتایەکیتر خراپەی دیموکراسی کەمتر لە خراپەی جۆرەکانیتری حکوومەت دەزانێت. ئەو وەك ئەرستۆ حکوومەتی فەزیلەت و عەقڵ بە حکوومەتی ئایدیالی کۆمەڵگا دەزانێت، هەر بۆیەش بۆ نەهێشتنی کەم



وکوڕی حکوومەت، دەبێ لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنی جەماوەر بە حکوومەتی ئایدیال بگەین.

## بەشی دووەم: تیۆری نوێی نوخبەکان

بەرقەراربوونی دوو فەرمانڕەوایەتی توندڕەوی فاشیستی و کۆمۆنیستی لە ئەوروپا، کە لەراستیدا، ئانتی تێزێك بوو لە هەمبەر سیستەمی لیبرالی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، ئەوروپای خستە ژێرکاریگەری باوەڕگەلی نوێدا. لیبرالیزم بە هەموو ئەو راکێشەی کە هەیبوو، لە پراکتیکدا بوو بە هۆی ئەوەی کە ئازادییە تاکە کەسییەکان هۆکارێك بێت بۆ کەم رەنگبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هێنانە ئاراوەی کێشەگەلی فراوان، تاڕادەیەك کە هەندێ لە پەیڕەوانیشی هەستیان بە کەم و کوڕییەکانی ئەم سیستەمە کرد. لەم بارەوە، بۆچوونەکانی جان مینارد کینز شایانی تێڕامانە. قەیرانە ئابووری و داوتریش کۆمەڵایەتییەکانی چواردەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئەم پرسیارەی گەڵاڵە دەکرد کە لیبڕالیزم ئیتر لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و کێشەکانیدا دەستەوسانە و دەستی شاراوە و میکانیزمی ئۆتۆماتیکی ئابووری چیتر چارەسەر نییە و کۆمەڵگا پێویستی بە سەرکردایەتی تاکە ژیرەکان و خاوەن فەزیلەتی کۆمەڵایەتی — سیاسی و نوخبەیە و خودی ئەمەش یەکەم هەنگاوە بوو بۆ سەرهەڵدانی فاشیزم.

دوای کۆتایی هاتنی شەری دووەمی جیهانی و رووخانی سیستەمە فاشیستییەکان لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا، مرۆڤە کارتێکراوەکان بە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی فاشیستی و کۆمۆنیستی هەستیان بەم نیازە کرد، کە پرسی



ڕێککەوتن و هاوکاری (دیموکراسی و نوخبە) بخەنە ژێر خوێندنەوە و هەر بۆیەش بە سوود وەرگرتن لە تیۆرییەکانی مۆسکاو پاریتۆ، «تیۆرییەکانی پلۆرالیزم» یان گەڵاڵە کرد.

مەبەست لە تیۆرییەکانی پلۆرالیزم، لە بنەڕەتدا ئەو مۆدیلەیە کە (ریمۆن ئارون) و (ئۆتۆ شتامێر) لەم بارەوە پێشکەشیان کردووە. ئەم دوو نووسەرە دەڕواننە کۆمەڵگا دیموکراسی یان پلۆرالەکان وەك ئاژاوەگێڕی لێك جیاکردنەوەی گشتی لە نێوان خاوەندارێتی ئامرازی بەرهەمهێنان. سەرکردەکانی سەندیکاکان و سیاسەتمەداران هەروەك ستامێر لە پەرتووکی (کۆمەڵناسی سیاسی و خوێندەوەی دیموکراسی) کە لە ساڵی ١٩٦٥دا بڵاوی کردەوە دەنووسێت: «ململانێ لە نێوان تاقمە ئاماژە پێکراوەکان بە شێوەی ناکۆکییە مادديیەکان بەرجەستە دەبێت. ئەم چەشنە توێژینەوەگەلی نوخبەگەرا کە لە سەرەتاکانی دەیەی پێنجەمی سەدەی بیستەمدا دەستی پێکرد بوو، خەسڵەتی پلۆرالیزمی هەبوو و ستراکتۆری کۆمەڵایەتی ئەو کاتی نیشان دەدا و پەیوەندی نێوان کار و رۆڵگێڕانی بژاردەکان و جێبەجێبوونی دەسەڵاتی نوخبە جۆراجۆرەکان لە پانتای پراکتیکی جۆراوجۆردا دەخاتە بەر تاوتوێکردن. هەڵبەت پێویستە رەچاو بکرێت کە لەم رەوتەدا، بالآ دەستی لەگەڵ بۆچوونە پراکتیکییەکان دەبێت. بە واتایەکیتر کۆمۆنیستەکان پەرلەمان و دەوڵەت، دەستەی دادوەری، سەرکردە برۆکراسییە و وەزارییەکان، تاقمەکانی سەرکردایەتی سیاسی و، هزری رۆناکبیری تراستەکان و هتد، دەخرێنە ژێر خوێندنەوەو تاوتوێکردندا. لەو مۆدیلەی کە ئارۆن و ستامێر وێنادەکەن، ئەرك و کردەوە پراکتییەکانی نوخبە بە تەواوی روونە. بەڵام پرسیارێك کە لە بازنەی تارماییدا دەمێنێتەوە، پرسی نوێنەرایەتی کردن لە چوارچێوەی نوخبەی پلۆرالیزم دایە. چونکە ئەم پرسیارە گەڵاڵە دەبێت کە ئایا ئەو ململانێیەی لە پلۆرالیزمدا بوونی هەیە، نابێتە هۆی ئەوە کە توێژێکی نوخبە لە نێوان ململانکاراندا [سەرهەڵبدات] و لە بەرەنجام چینی فەرمانڕەوا بێتە کایەوە؟! چونکە

ئەگەر ئەم چەشنە نوخبە پلۆرالیزمە بە رووکەشانەش خۆیان دیارخەن پێویستە باردۆخێك بێتە ئاراوە کە هەم لە کردەوەکانی تاقمە سەرکردە سیاسییەکان پێشگیری بکەن و هەمیش لە پێکهاتنی چینێکی فەرمانڕەوا لە نوخبە خاوەندارەکانی ئابووری و کارگێری.

بەهەرحاڵ لە روانگەی ستامێر، دیموکراسی بە مانای فەرمانڕەوایی جەماوەر بەسەر خەڵکدا نییە، بەڵکو فەرمانڕەوایی نوخبەکان بە نوێنەرایەتی و پشتیوانی جەماوەرە.

**«تیۆری میلز و دەسەڵاتی نوخبەکان»**

تیۆری نوخبەکانی ئارون و شتامێر، تیۆری دیموکراسی و لیبرالی بە سەرکردایەتی نوخبەکان وێنا دەکرد و وادیارە لە دەیەی پێنجەمی سەدەی بیستەمدا وەڵامدەرەوەی ئەم تیۆرییە بووە. بەڵام لەم میانەیەدا واتە لە دەیەی شەشەم هاوکارییەکی نوێ و بەرفراوان لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریدا بەدی هاتبوو، هەر بۆیەش چیتر بە تیۆرییەکانی دەیەی پێنجەم و سەرەتاکانی دەیەم شەشەم زۆر سەرنج نەدەدرا. بەواتایەکیتر لەم قۆناغەدا ناکۆکییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا و کێشە هەڵقولاوەکانیی لە ئەولەویەتی خوێندنەوەکانی زانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا جێگیر ببوو.

ئەم ناکۆکیانە کە زۆرتر لە بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی هاتبوونەکایەوە لە ناوەندەکانی دەیەی شەشەم بە فراوانی و بە روونی دەبینران و هەر بۆیەش تیشك خرانە سەر. کێشەی سەرەکی لەمبارەیەوە ئەو ناکۆکیانە بوو، کە لە ناو سیستەمی ئابووری سەرمایەداری لە رەوڕەوەی دیموکراسی و یەکسانیدا بوونی هەبوو. بە واتایەکیتر یەکسانی سیاسی و یاسایی بەرەو نایەکسانی ئابووری شکێنرا بووە. سەرەڕای ئەمەش لەم کاتەدا فەرمانڕەوایی سەرەکی بە دەست ئابوورەوە بوو کە کێشەگەلی بنەڕەتی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتییە بەدیموکراسی کراوەکەی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکانی خولقاندبوو. کەواتە پێویستی پێداچوونەوە بە



مۆدێلی پلۆرالیزم لە رێگەی ئایدیۆلۆژی رەخنەگرەوە ببوو بە پێویستییەکی سەرەکی. بە ناوبانگترین نووسەر کە لەم بوارەدا کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخ بە تایبەتیش سەرکردەکەی، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای خستەبەر رەخنەگرتن (چارلز رایت میلز) بیرمەندی ئەمریکییە. ناونیشانی گرنگترین بەرهەمی لەم بارەیەدا (نوخبەکانی دەسەڵاتدار)ە، کە لەراستیدا، مەبەستی (نوخبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمریکییە). میلز هەوڵدەدات تیۆری خۆی وەك ئەزموونێك بخاتەڕوو کە تا ئەو کات چەق بەستنی دەسەڵاتی (٦٠) بنەماڵەی ئەمریکی لە خۆوە دەگرێت لە روانگەی یەکیترەوە، دەبێ مۆدێلی میلز لە چوارچێوەی تیۆری راپەڕینی بەڕێوەبەرەکاندا روون بکەینەوە.

ئەو پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی لە نێوان نوخبە ئابووری و سەربازییەکاندا دەدۆزرێتەوە، بە چەشنێك کە ئابووری نوێ وەك پلانی (پیشەسازی جەنگ) وێنا دەکات و لەم بارەوە دەڵێت: **«دەوڵەمەندان بە تەنیایی لە لوتکەی قوچەکی دەسەڵاتێکی سادە و شەفافدا فەرمانڕەوایی ناکەن»**.

هەر بۆیەش مارکسیستەکان بە حەزێکی زۆرەوە پێشنیاری [خوێندنەوەی] پەرتووکی میلزیان دەکرد و بۆ سەر زمان روسی وەرگێردراو بڵاوکرایەوە. ئەگەرچی بەرەنجامی پەرتووکەکە مارکسیستی نییە.

میلز دەسەڵاتی نوخبە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە سێگۆشەیەك دەشوبهێنێ کە هەر لایەکی ئەم سێگۆشەیە بە دەست یەکێك لە تاقمە دەسەڵاتدارەکان دایە. واتە برۆکراتە کارگێڕییەکان، خاوەن کۆمپانیا ئابوورییەکان و فەرماندەکانی سوپا، ئەگەرچی لە روانگەی میلز هەموو لایەکانی سێگۆشە لە رووی دەسەڵاتەوە یەکسان نییە و زنجیرەیەکی یەك لە دواییەك دێنێتە ئاراوە، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو هەوڵدەدات بە وێنەکردنی یەکگرتووی نوخبەکان لەم مۆدیلەدا، یەکانگیری ئەم تاقمە نیشان بدات. بەگشتی، تیۆرییەکانی نوخبە لە دەیە شەشەمی سەدەی بیستەمدا زۆرتر بە پێی ئەم تیۆرییە شرۆڤە کراون. بەواتایەکیتر، دەبێ

بناغەی تیۆری میلز ئەزموون و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بزانین کە تیۆر و پراکتیك لەگەڵ یەکدی هاوجووت دەکات. ئەو لەم بارەوە دەڵێت: «ئەم یەکگرتووی و یەکبوونە لە نێوان نوخبە خۆجێییەکاندا باشتر هەستپێدەکرێت، لە کاتێکدا لە نێوان تاقمە دەسەڵاتدارکانی وڵاتدا، واتە هاوکاری و پەیوەندی دوو لایانەی سەرکردە بزرەکان لەگەڵ یەکدی دا شاراوە و کەمتر هەستپێکراوە». ئەو وێنایەی کە لەم بوارەدا بەلاساییکردنەوە لەم پەیوەندییە پێشکەشی کردووە جێی بایەخ پێدانە. میلز بەراشکاوی پێویست بوونی خەرجی کۆنفرانسەکان و خەرجی ئەو چێشتانەی بەڕێوەبەری ڕێکخراو بۆ بەڕێوەبەرە کارگێڕییەکان و بازرگانان و سیاسەتمداران لە پێناو بەدیهێنانی هەماهەنگی نوخبە خۆجێییەکان بۆ پاراستنی حەزە هاوبەشەکان خەرج دەکات، وێنادەکات. ئەو دەڵێت، تەنانەت ئەگەر ئەم خەرجیانە بەرەنجامی باش و بەدڵ بەدواوە بێت نابێ وەها وێنا بکرێت کە رای دەسەڵاتدارە دەسترۆیە بانخۆجێیەکانیش بە هەمان شێوەیە.

بە هەرحاڵ میلز، لە هەمبەر پلۆرایزمی رۆمانسی بۆ دیموکراسی ئەمریکا، هێزێکی هاوسەنگی دیارکردووە کە لەلایەن تاقمە دەسەڵاتدارەکانەوە دێتە ئاراوە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە نوخبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمریکا بوونەتە بە دارێژەری یەکگرتنێکی ماددی و مەعنەوی و هەر بۆیەش گواستنەوەی دەسەڵات لە دەست ئۆلیگارشییەکان و تاقمە کۆنەکانی دەسەڵاتدار و گەندەڵ بۆ تاقمە نوێیەکان، هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات، چونکە بە ئاشکرایی دەبینرێت کە فەرمانڕەوای کۆمەڵگای نوێ، نوخبەگەلی بڕیاردەر و بێ رەحمن. دەسەڵاتی ئەوان لە دەسەڵاتی ستەمکارترین فەرمانڕەواگەلی سەدەکانی رابردوو زۆرتر و خۆشیان چەندین پلە مەترسیدارترن.

ئەمڕۆکە ئابووری سیاسی یان بە واتایەکیتر کۆمپانیا ئابوورییەکانی فرەنەتەوەیی لەگەڵ لەشکرییەکان و دەزگای بڕیاردەریان واتە سوپا (پنتاگۆن) بە جۆرێك تێکچڕژاون و سیاسەتمەدارانی خستووتە ژێر دەسترۆیی خۆیانەوە کە بۆ تێگەیشتن لە



حەقیقەتی ستراکتۆری سێگۆشەی ئەو دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە بوونی هێناوە، پێویستە لەگشت کارکردە دەسترۆییەکانی ئەم وڵاتە تێبگەین.

تا ئەوکاتەی کە سەرکردەکانی سوپا، بەڕێوەبەرانی ئابووری و سەرکردە سیاسییەکان لەگەڵ یەکدیدا ڕێککەوتووبن، دەسەڵاتی نوخبەکانی ئەمریکا هەر وەك خۆی لەسەرەوەدا چەق بەستوو دەمێنێتەوە. ئەمڕۆکە لەگشت شوێنێکدا ستراکتۆرەکانی دەسەڵاتی ئابووریی، سیاسی و سوپا تێکچڕژاون و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا، وەك دەوڵەتی دەستێوەردەر بەدی دەکرێت، هەر وەك چۆن دەستێوەردانی خاوەندەکانی ئابوور. لە کاروباری دەوڵەتدا بەدیدەکرێت و لەم بەینەدا سەرکردەکانی سوپاش بەشی زۆریان هەیە. میلز لەو بڕوایەدایە کە توندوتیژی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بناغەی سیاسەتە و هەرکەس بیهەوێت لە سیاسەت یان ئابووریدا پشکدار بێ، پێویستە پشت بەم شێوازە ببەستێ.

لە روانگەی میلزەوە نوخبە نوێیەکان لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە دارێژەری جۆرە یەکێتی و یەکبوونێکی تایبەتن، هەر بۆیەش گشت پۆستە کارگێڕییەکانی کۆمەڵگەیان بەدەستەوەیە. یەکێتی و یەکبوونی دەروونی و کۆمەڵایەتیان بە هۆی یەك دەستی جۆری کۆمەڵگایە.

لەو دیوی ئەم یەکێتی و یەکبوونی دەروونی و کۆمەڵایەتیەدا، ستراکتۆر و میکانیزمی یەك لە دوای یەکی دامەزراوەگەلێك جێگیربوونە کە لە ترۆپکیدا، سەرکردایەتی سیاسی، دەستڕوانی ئابووری و سەرکردەکانی سوپا جێ دەگرن.

ئەم دیسپلینە قوچەکییە، خۆی لە خۆدا دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی حەزگەلی چینە کۆمەڵایەتییەکانی بڕیاردەری کۆمەڵگا و هەروەك پێشتر باسکرا، سێگۆشەی دەسەڵاتێك پێکدێنێت کە بەسەرکردایەتی کردنی خەڵك، دەسەڵاتدارێتی خۆی بەسەر جەماوەری بێ دەسەڵاتدار دەسەپێنێت.

میلز لە درێژەدا دەڵێت: لە ئەمریکا بە تایبەتیش لە دوایی جەنگی جیهانی دووەم و گرنگی پرسی ئەگەری شەڕە ناوچەیی و جیهانییەکان، پێگەی سەرکردەکانی سوپای قایمترکردووە و بووبە هۆی ئەوەی کە ئەوان لۆسەی دەسەڵات بگرنە دەست و دەست لە گشت کاروبارەکان و پرسە سیاسی و لەشکرییەکاندا وەربدەن. لەم بارەیەوە دەڵێت: تاقمی سیاسی فەرمانڕەوا لە ئەمریکا، بەرەبەرە دەسەڵاتی راستەقینە و کلاسیکی خۆی لەدەستداوە، تەنانەت دەزگای یاسادانانیش بووە بە ئامرازێك بە دەست تاقمە دەستڕۆیە ئابووری و لەشکرییەکانەوە. بۆ سەلماندنی ئەم بابەتەش میلزدەڵێت: ئەو کردەوانەی کە پێشتر لەلایەن کۆنگرێسەوە ببوون بە یاسا، ئەمڕۆکە وەك بڕیار و کۆنووس لە لایەن دام و دەزگا بروکراتییەکانەوە دەردەچێت. ئەگەرچی تا ئێستاش زۆربەی دەسەڵات لە دەست دەسەڵاتی راپەڕاندن دایە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتە کلاسیکییەکەی لاوازبووە و دەبێ دەسەڵاتی راستەقینە لە دەست یاسازانە کۆمپانیا ئابوورییەکان و خاوەن پیشەسازییە گەورەکاندا بدۆزینەوە. میلز بژاردە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بە چینێکی نابەرپرس و بێ رەوشت دادەنێ کە ستراکتۆریان پێویستی بە چاکسازی ریشەیی هەیە. ئەو لەو بڕوایە دایە ئەگەر رادەی ئازادییەکانی مرۆڤ بە پێی لێهاتووییەکانی هەڵسەنگێنرێت راستیەکانیش تەنیا لە رێگەی ژیرەوە بەدەستدێت. واتە تەنیا پیاوانی زانست و خاوەن ژیرەکان دەبێ بە نوێنەرایەتی، رێبەرایەتی کردنی گەل تا ئەو کاتەی کە بە پێگەیشتنی هزری — سیاسی نەگەیشتوون، بەدەست بگرن. لەم بارەوە دەبینین کە میلز لە لێکۆڵینەوەی ئەزموونی خۆیدا سەبارەت بە زانست و دەسەڵات، گرنگی لە رادەبەدەر بە زانست دەدات.

ئەگەرچی میلز سەبارەت بە سەلماندنی دەسەڵاتی بژاردەکان و خراپە بەکارهێنانی [دەسەڵات] و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر سەرکەوتوو دێتە بەرچاو، بەڵام سەبارەت بە باڵا دەستی زانست بەسەر دەسەڵاتدار، ئایدیالی هزر دەکاتەوە، چونکە [بوونی] رۆشنبیرە ئازادەکان بە بێ حەزە ماددییەکان و گشتگیر و ئایدیۆلۆژیکی حکوومەت،



کە تەنیا رزگارکردنی جەماوەریان لەسەر بێت و کەم و کۆڕییەکانی پێگەیشتنی بیری سیاسی جەماوەر قەرەبوو بکەنەوە و بتوانن بگەن بە رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی و بێ لایەن بمێننەوە، نەك تەنیا ئایدیالی دێتەوە بەرچاو، بەڵکو مەترسی نوخبەبوونی رۆشنبیران لە ناو جەماوەری گوێڕایەڵدا گەڵاڵە دەکات.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە دەکرێت ئەو شتەی کە میلز بە دابەزینی دەسەڵاتی سیاسەتمەداران و گواستنەوەی بۆ ئابوور. و سوپا دەبینێت و هیواخوازی حکوومەتی رۆشنبیرانە، لە راستیدا، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە نێوان نوخبە جۆراوجۆرەکان بێت، کە بەم چەشنەش نەك تەنیا بەهای تیۆری نوخبەکلاسیکییەکانی لەبەین نەبردووە یان کەمی نەکردووە، بەڵکو لەم بەهایەی زیاد کردووە.

## بەشی سێیەم: قەیران، کاملبوون و گەشەی دیموکراسی

### أ: دیموکراسی:

بەکۆتایی هاتنی سەدەی هەژدەیەم و دەستپێکردنی سەدەی نۆزدەیەم — بەتایبەتیش دەیەی یەکەم — ململانێی هێزە لیبرال و دیموکراتەکان بە هەڵپەکی تەواوەوە دەستی پێکرد.

لیبراڵیزم بە گومانەوە، بەلام بە ویستێکی بەهێز لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ جەماوەر بەپێی بنەمای سیاسەت واتە دیسپلین و یاسامەندێتی ریك بخرێت. بە چەشنێك کە بناغەشی گەرنتی کردنی ئازادی تاك بێت، بەلام مافی کردە سیاسییەکان و یەکسانی یاسایی کە لە کۆڵەکە بە بایەخەکانیتری لیبراڵیزمە، تەنیا لە چوارچێوەی یاسادا مومکین دەبێ.

لە کاتێکدا کە دیموکراتەکان زۆرتر جەختیان لەسەر بڕیارە سیاسییەکان دەکردەوە و بە پرەنیسپە زەرورییەکان و کردەیەکی بەلگەنەویست و سروشتی دەزانن و، لەو بڕوایەدا بوون کە تاکە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت پاراستنی یەکسانی یاساییە، لیبرالەکان لەمەش تێدەپەڕین و، وای بۆ دەچوون کە مەرجی سەرەکی [مانەوەی] دەوڵەت گەرەنتی کردنی ئەم یەکسانییە. گۆزەرگای هەر دوو بلۆك بەردەوام لەیەکدی نزیك و لە هەڵبەز و دابەزدا بووە، بە چەشنێك کە بە تێپەربوونی کات پتر لێك نزیك بوونەتەوە.



لیبراڵیزم بەردەوام رەچاوی بڕواگەلی دیموکراسی کردووە، هەر وەك چۆن پارێزگارەکان جەختیان لەسەر رێڕەوی کاملبوونی دیموکراسی، واتە سیستەمی هەڵبژاردن و پێگەی دەنگدەریان دەکردەوە. لیبراڵیزم و دیموکراسی لە رەوتی کاملبوونیان، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بەرەنجامی تازەی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا، بەڵکو زۆرتر جەختیان لەسەر چەمکگەلی ئامرازگەرایی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا فۆرمۆڵە دکرا دەکردەوە، کە ئەویش شتێك نەبوو جیا لە یاسای هەڵبژاردن و مافای دەنگدان و پێگەی پەرلەمان. بە واتایەکیتر هەمان دروشم و راکێشی پەرلەمانتاریزم کە بانگەشەی مافی دەنگدانی گشتی دەکرد و لە راستیدا بە دەسەڵاتی ئەوکات هەژماردەکرا. رێڕەوی ململانێی ئەم دوو هێزە گرنگە لە ئەوروپادا، بەرەبەرە دەوڵەتگەلی دیموکراتیکی بە شێوەی ئەمڕۆی پێکهێنا. پرۆسەی ئەم پێکهێنانە بەرادەیەك ئالۆز و درێژخایەن بوو کە بە نموونەیەکی یەکگر و گشتگیر لە هەموو ولاتانی خوازیاری دیموکراسیدا کۆتا نەهات.

ئەم پرۆسەیە لە ئینگلتەرا لە ساڵانی (١٨٣٢– ١٩١٨) و لە فەرەنسا تارادەیەك خێراتر واتە ساڵانی (١٨٧٠– ١٨٧٩) لە نێوان رووخانی ئیمپراتۆری دووەم و سەقامگیر بوونی کۆماری سێیەم هاتەکایەوە. لە سویسرا لە ساڵانی (٧٤ — ١٨٤٧) (ئەگەرچی بە هۆی پرسی کانتۆنەکان تاماوەیەك رووبەرووی هەندێ ئاستەنگ لە رووی هەڵبژاردنەوە هات) پەرلەمانتاریزم ریشەی داکوتا. هەروەها پێویستە رەچاو بکرێت کە سیستەمی پەرلەمانتاری و مافی دەنگدان تاماوەیەکی درێژ تەنیا تایبەت بوو بە مافی دەنگدان بۆ پیاوان. سەرەڕای ئەمەش هەندێ ولات ئەم سیستەمەیان درەنگتر پەسەندکرد. بۆ نموونە سوید ئەم سیستەمەی لەساڵانی (١٩٠٧ -١٩٠٩) بە تاقیکردەوە و پەسەندی کرد. لە ئەڵمانیا دەبێ دەسپێکی ئەم سیستەمە ساڵی (١٩١٨) واتە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و حکوومەتی کۆماری وایمار بزانین. بە بۆچوونی زۆرێك لە شیکارانی پرسگەلی سیستەمە پەرلەمانتاری و

پلۆراکان، دەبێ دەسپێکی راستەقینەی ئەم سیستەمە لە ئەوروپادا ساڵی (١٩١٨) واتە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بزانین.

هەر وەك باسمانکرد دیموکراسی لە سەدەی نۆزدەیەم هەستا بە پتەوکردنی بناغە هزرییەکانی و کردبووی بە دروشمێکی نوێ لە ململانێ سیاسییەکاندا. دیموکراسی لە رووی زاراوە لە دوو وشەی لاتینی (دیمۆس) بە مانای جەماوەری خەڵك و (کراتیا) بە مانای دەسەڵاتی حکومەت پێکهاتووە. بەڵام پێویستە رەچاو بکرێت کە ئەم دوو چەمکە و ئەم شێوازە لە فەرمانڕەوایی بە درێژایی مێژوو لەگەڵ هەموو ئەو راکێشەی کە هەیە، گۆڕانی زۆری بەخۆوە بینییەوە. ئەمڕۆکەش ئێمە رووبەڕووی دیموکراسیگەلی وەك وڵاتانی ئەسکەندیناوی و سویسرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرا و تەنانەت هیند و تورکیا بووینەتەوە کە لەگەڵ نموونەی دایك (ئەگەر سویسرای ریزپەر بکەین) واتە دەوڵەت شارەکانی یۆنان جیاوازی بنەڕەتیان هەیە.

سەرچاوەی دیموکراسی کە ئەسینای سەدەی پێنجەمی (پ. ز)ە راستەوخۆیانە جێبەجێدەکرا. بەواتایەکیتر گشت تاکەکانی خاوەنی مافی هاوڵاتی لە کاروباری وڵات و شاردا، لە بڕیاردانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکاندا، بەشداریان دەکرد. تەنانەت ئەم بەشداریەشیان بە ئەرکی هاوڵاتی بوون دەزانی. هەروەك چۆن (سوقرات) بۆ ئەوەی کە ئەم ئەرکەی راپەڕاندبێ لە شەڕی پلۆپۆنزدا وەك سەربازی هەڵگری چەکی قورس بەشداری کردووە و لە ساڵ (٤٠٦ پ. ز) دا سەرۆکایەتی ئەو دەستەیەی ئەستۆگرت کە بۆ دادگایی کردنی فەرماندە شکست خواردووەکان پێکهاتبوون، ئەگەرچیش لایەنگری دادپەروەری بوو. هەر بۆیە لەم بارەوە (ئەرستۆ) رەچاوی چالاکییە سیاسییەکان دەکات وەك ئەرکێکی مەعنەوی نەك بۆ پاداشتە ماددییەکانی. لە کاتێکدا کە ئەمڕۆ دیموکراسی بە شێوازی ناراستەوخۆ واتە دیموکراسی نوێنەرایەتی پیادە دەکرێت، کە تیاتیدا جەماوەر جیا لە کاتە تایبەتەکاندا وەك کاتی هەڵبژاردن یان ریفراندۆمدا نەبێ، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە.



گۆڕانی دیموکراسی راستەوخۆ بۆ دیموکراسی ناراستەوخۆ لەناکاو رووی نەداوە. دیموکراسی نەك تەنیا لە هەزارەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بێدەنگ مایەوە، بەڵکو لە سەدەی هەڤدەیەمەوە کە دووبارە زیندوکرایەوە، بەردەام شایەتی وەرچەرخانگەلێکە لە بۆچوونەکانی لاك، مۆنتۆسکیۆ و رۆسۆ و... کە سەرەنجام ئەمڕۆ لە پراکتیکدا رووبەڕووی دەبینەوە. مانای وردی ئەم وشەیە (سەروەری گەل)ە. لە بنەڕەتدا، سەروەریی گەل، لەکۆمەڵگایەکی سیاسیدا، بەمانای پێکهێنانی ویست لە خوارەوە بۆ سەرەوە دێت. بەڵام ئەو خاڵەی کە پێویستە رەچا بکرێت و زۆریش گرنگە ئەویە کە گەل چییە و دەبێ سەروەری چۆن بەکاربهێنرێت؟ هەر بۆیەش دیموکراسی لە رەوتی کامڵبوونیدا یەکێك لە ئاڵۆزترین چەمکەکان و بکێشمانترین رێ و رێبازەکانی حکومەت کردنی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بۆ ئەوەی کە ئەم چەمکە [سەرنج] راکێشە بەڵام لەهەمانکاتدا ناروون، تا رادەیەك روون بکەینەوە سەرەتا پێویستە چەمکە وردەکانی فرە لایەنی دیموکراسی لە یەکدی جیابکەینەوە.

یەکەم پرس کە سەبارەت بەدیموکراسی دێتە پێش، رەهەندە سێیانییەکانێتی کە زۆرکات، تێکەڵی یەکدی دەبن و لە بەرەنجامدا تارماییەك بە دوایدا دێت.

**١. دیموکراسی وەك پرەنسیپێکی سیاسی:**

سەروەری گەل لە رێگەی سیستەمی هەڵبژاردنەوە دەپارێزێت: واتە لەم جۆرە سیستەمەدا پێویستە هەڵبژاردنی گشتی، ئازاد، راستەوخۆ و لە رێگەی دەنگدانی نهێنییەوە کە گەرەنتیکاری ئەم سیستەمەیە ئەنجام بدرێت. بە واتایەکیتر هەڵبژاردەران و هەڵبژێردراوەکان هەر دووکیان ئازاد بن، کە خودی ئەمەش لە رەوتی پێگەیشتنی دیموکراسیدا رێگایەکی سەختی بڕیوە. چونکە تەنانەت لە دوای راپەڕینی شکۆمەندی ئینگلتەرا لە ساڵی (١٦٨٨)دا، یان سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨١دا، هەموو کەس بەم ئیمتیازە گرنگەی دیموکراسی نەگەیشت. چونکە پێوەر، هەبوونی لانیکەمی دارایی و سامان بوو کە بە پێی پێوەری [رادەی] باجدان دیار دەکرا. لەگەڵ ئەمەشدا، هەموو گەل بە تایبەتیش

ئافرەتان تا چەندین ساڵ لە مافی بەشداری کردن بێبەش بوون و دوای جەنگی جیهانی یەکەمە کە ئافرەتان لە ئینگتەرا و فەرەنسادا دەبنە خاوەن مافی دەنگدان. لە سویسرا تا دەیەی شەشەمی سەدەی بیستەم ئافرەتان لەم مافە بێبەش کرابوون.

بەم پێیەش، تەنانەت لەو وڵاتانەی کە خۆیان بە پێشەنگی دیموکراسی پێشکەتوو دەزانن، دەنگی خەڵك و بەشداری سیاسی کە لە پایە بنچینەییەکانی ئەم جۆرە سیستەمە دەژمێردرێت، لە سەرەخۆ و بە کەم و کوڕییەوە فۆڕمی گرت، بە جۆرێك کە تا ئێستاش سەرەڕای ئەمەش، دیموکراسی لە سەر بنەمای لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان [یاسادانان، راپەڕاندن، دادوەری] بنیاتنراوە. واتە تەنانەت لە وڵاتانی وەك ئینگلتەڕا کە سیستەمی پەرلەمانی (کابینە)یان پەسەندکردووە، پێویستە قەڵەمڕە و ئەرکی هەر یەك لە دەسەڵاتەکان دیار بێت. بە جۆرێك کە یەکێك لە دەسەڵاتەکان بەسەر ئەوانیتردا زاڵ نەبێت.

**٢. وەك یەکی دیموکراسی لە رووی تیۆر و پراکتیك:**

پێشتر وتمان کە یۆنانی کۆن سەرچاوەی دیموکراسییە کە بە دیموکراسی پتەو ناسراوە، بەڵام دیموکراسی بەهەموو شێوازەکانییەوە لەڕاستیدا، لایەنگرە جیددییەکانی لە دوای سەدەکانی ناوەڕاست، وەك لاك، مونتسکیۆ و رۆسۆ لێی رەشبین بوون. رۆسۆ لە «گرێبەستی کۆمەڵایەتی»دا دەڵێت:

«هیچ کات لە جیهاندا دیموکراسی بە واتای راستەقینەی بوونی نەبووە و ناشی بێت، چونکە بە پێچەوانەی سیستەمی سروشتییە کە زۆرینەی تاکەکانی گەل بڕیاردەر و کەمینە جێبەجێ کار بن. زیاد لەمەش، مومکین نییە کە هاوڵاتیان هەموو رۆژێ بۆ [پێکهێنانی] لێژنەیێك (شورا) و بڕیاردان لە دەوری یەکدیدا کۆببنەوە و ئەگەر بیانەوێت بۆ ئەم مەبەستە کۆمیسیۆنێك لە لایەن خۆیانەوە هەڵبژێرن، شێوازی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دەگۆڕدرێت».

هەر بۆیەش زانایان ئاگاداربوونەوە کە حکوومەتی لەسەر بنەمای زۆرینە جۆرێك لە ستەمکاری بە بوون دێنێت کە بە ستەمکاری زۆرینە لە هەمبەر کەمینەدا



ناسراوە. ئەرستۆش ئەم بابەتەی رەچاو کردبوو و ئامانجی کۆمەڵگای سیاسی، بەرژەوەندی گشتی دەزانیٚ نەك بەرژەوەندی کەمینە یان زۆرینە. بۆیە گەڕان بۆ چارەسەری بۆ پاراستنی کەمینە لە هەمبەر زۆرینە، لە رۆژئاوادا، دوا جار بەجۆرێك چەقی گرت کە گەل نوێنەرەکانی خۆی لەوپەڕی ئازادییەوە (هەر چەندە لە کەشی پرۆپاگەندەدا) هەڵبژێرن و حکوومەتی پێکهاتوو بە پێی رای زۆرینە دەسەڵات بگرێتە دەست و بۆ کەمینەش دەرفەتی رادەربڕین برەخسێنن.

**٣- رێژەیی بوونی پێوەری دیموکراسی:** سیستەمی دیموکراتیك بە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکانیتری حکوومەتکردن وەك ستەمکاری و توتالیتاریزم، هەڵدەسەنگێندرێت. کەواتە بۆ گەیشتن بەم سیستەمە، پێویستە لە سەرەتادا، تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی بە بەراورد لەگەڵ تایبەتمەندیگەلی سیستەمەکانیتر رەچاو بکرێت. سەرەڕای ئەمەش پێویستە رەچاوی تایبەتمەندییە هەنۆکەیی و بەرقەرارەکان بکەین کە لەکارکردنی دیموکراسیدا بە شێوازگەلی جۆراوجۆر لە دیموکراسی جەماوەرییەوە بگرە تا دیموکراسی رۆژئاوا بەرجەستە دەبێت. چونکە ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە رووی تیۆر و تەنانەت لە پراکتیکیشدا لە دەوڵەت-شارەکانی یۆنان بۆ ماوەیەکی کورت هاتەئاراوە، لە پراکتیکدا رووبەڕووی کێشەمان دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش پێویستە رەچاو بکرێت کە سنووری نێوان دیموکراسی و ستەمکاری زۆر مەلەوەرە و بەسەختی دەکرێت بووترێت کە چ ئاستێك لە توندوتیژی حکوومەت بەرە و ستەمکاری یان بە پێچەوانەوە، ستەمکاری بەرەو دیموکراسی دەبات. بۆیە ئەمڕۆ زانایانی سیاسی بۆ هەڵسەنگاندنی دیموکراسی، رێژەیی هەبوونی کرۆکی دیموکراسی لە حکوومەتەکاندا بۆسیٚ بەشی سەرەکی واتە: کەم ، ناوەند و بەرز پۆلین دەکەن بە واتایەکیتر، هەرچەند ئازادی هاوڵاتیان لە چوارچێوەی یاسادا زۆرتربێت، ئەم حکوومەتە لە جۆری دیموکراسی بەرز و هەرچەندیش کەمتربێت لە جۆری دیموکراسی ناوەند یان کەم هەژماردەکەن.

بەم شێوەیە دەکرێت لە نێوان دیموکراسیگەلی وەك ئینگلتەڕا، کۆماری وایمار لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، یان تورکیا لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم، بەراوردێك بکرێت و وێنەیێك بدات بەدەستەوە. دیموکراسییەکانیش وەك هەر دیاردەیەکیتر لە درێژەی مێژوودا، گۆڕانیان بەسەردا دێت، دەکرێت ڕەوتی دیموکراسی لە وڵاتێکدا لە جۆری یەکەم بۆ جۆری دووەم، یان بە پێچەوانەوە بەرەو بەرز لە جوڵانەوە دابێت. هەر بۆیەش زۆربەی وڵاتەکان، هەروەك لە سەرەتای ئەم باسە ئاماژە پێکرا، خۆیان بەدیموکراتێك دەزانن، بەهەرحاڵ بەرەنجامی ئەم باسە ئەوەیە کە، مەبەست لە دیموکراسی لە ڕووی تیۆرەوە (سەروەری گەلە)، کە ئەمەش پرەنسیپێکی کەڵێن هەڵنەگرە کە دەبێ حکوومەتی دیموکراسی ڕەچاوی بکات. ئەگەرچی ئەم سەروەرییە هەرگیز جێبەجێ ناکرێت.

### ٢. دیموکراسی وەك فۆڕمی دەوڵەت:

ڕەهەندی دووەمی دیموکراسی لە فۆڕمی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، واتە پارێزگاری لە چوارچێوە و فۆڕمی دیموکراسی دەکرێت، بەڵام هیچ جۆرە پێوەرگەلێك کە دەستێوەردان و حکوومەتی خەڵك گەرەنتی بکات یان هەست پێ بکرێت، بوونی نییە. بۆ نموونە دەکرێت زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم (لە ڕووی ئابووری دواکەوتوو) یان وڵاتە سۆسیالستەکانی پێشوو (وەك سۆڤیەتی کۆن) ناو ببەین کە تەنیا لە ڕووی تیۆرەوە بانگەشەکاری ئەم جۆرە حکوومەتەن.

### ٣. دیموکراسی وەك فۆڕمی ژیان:

مانایەکیتری دیموکراسی لە زمانی گشتی ئەمڕۆکەدا، یەکسانی لە گەشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگایە. ئەگەرچی سەروەری نەتەوەیی سەدەکانی ناوەڕاست، لە تیۆرییە سیاسییەکاندا چرپێنراو باسی لێکرا، بەڵام بۆ یەکەم جار و بە جیدیانە لە شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەمریکا و لە بەیاننامەی یاسای بنەڕەتی ساڵی (١٧٧٦)دا ڕووبەڕووی دەبینەوە. لەم بەیاننامەیەدا هاتووە: «گشت دەسەڵات هی گەلە و لە لایەنیەوە جێبەجێ دەکرێت. بنەمایی یاسایی دەسەڵاتی سیاسی



(دەسەڵات و سەروەری سیاسی) لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوای وڵات لە دەست گەل و هەمووان دایە» لە دەقی یاسای بەندی (٢٠) ماددەی (٢)دا هاتووە:

«لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدان لە لایەن ئەندامانی تایبەت بە یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری ئەو دەسەڵاتە جێبەجێ دەکرێت». سەرسوڕێنەر ئەوەیەکە: یاسای بنەڕەتی ساڵی (١٩٦٨)ی ئەڵمانیای دیموکراتیك (ئاڵمانیای ڕۆژهەڵاتی پێشوو) ئاماژەی بەم جۆرە خەسڵەتانەی بۆ خۆکردووە. بەڵام پێویستە ڕەچاو بکرێت کە دیموکراسی سەدەی بیستەم، لەسەر بنەماکانی دیموکراسی پەتی و ڕاستەوخۆی دەوڵەت شارەکانی یۆنان و تەنانەت بۆچوونەکانی جان لۆك لە بەرهەم و بەرەنجامی لیبڕالیزمی سەدەی نۆزدەیەمە، ئەگەرچی ڕیشەی ئەم بۆ چوونانە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی جان ستوارت میل و ژان ژاك ڕۆسۆ.

جیاوازی سەرەکی دیموکراسی سەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ سەدەی بیستەم لەوەدایە کە پرەنسیپ و ئایدیۆلۆژیای سیاسی کە چینە ناوەندەکانی لەخۆوە دەگرت بۆ توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگاش دزەی کردبوو.

پێشتر قۆناغی ڕۆشنگەری، بنەمای ڕەوایی دەوڵەت، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، خستبوو ژێر پرسیارەوەو ئەم باسە کە دەسەڵاتی دەوڵەت لە لایەن خواوە ڕاسپێردراوە، تێکی شکاند و سروشتی مرۆیی پێ بەخشی. بە پێی ئەم تیۆرە، حکوومەت لە پێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤی دێتەکایەوە، پێویستە فەرمانڕەوا بریکاری گەل بێت نەك چاودێری گەل. لە سەدەی بیستەمدا، مافی دەنگدان وەك پرەنسیپی سەرەکی ڕەوایی سیاسی و سیستەمی نوێنەرایەتی و حەزە گشتی و پاژەییەکانی خەڵك وەکو ئامرازێك گەڵاڵە کرا، بە چەشنێك کە دەبێ ئەرکی سەرەکی دەوڵەت لە یەك نزیك کردنەوەی گەل بێت. ناوەڕۆکی سەرەکی ئایدیۆلۆژیای سیاسی، چینە ناوەندەکان و تەشەنە کردنی وێکچوونە. ئەم وێکچوونە، نەك تەنیا لە پانتای سیاسی و یاسایی، بەڵکو لە پانتای ڕەوشت، هونەر و ئابووریش ڕەچاوکراووە. بەواتایەکیتر، مەبەست لەم وێکچوونە، دابینکردنی پێداویستییە گشتییەکانە.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئامانجی دیموکراسی دابینکردنی پێداویستە ماددی و سیاسییەکانی توێژە ناوەندەکان بوو، بۆیە سیستەمی ئابووری سەرمایەداری کلاسیك، گونجاو لەگەڵ ئەم ئایدیۆلۆژیایە، ئامادەکراو بەکارهێنرا. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا مەبەست لە دیموکراسی تەنیا وێکچوونی سیاسی و یاسایی و یەکسانی لەم بوارەدا نییە، بەڵکو لەسەر وێکچوونی کۆمەڵایەتی کە ژێرخانیشی لانیکەمی پێداویستە ئابوورییەکانە دامەزراوە و لە چەمکی سەرمایەداری کلاسیکی سەدەی نۆزدەیەم جیاواز دەبێتەوە. لێرەشدا، مەبەست دەوڵەتی خۆشگوزەرانە کە دەبێ ببێت بە پشتیوان و گەرەنتی کاری واقعییەتی دیموکراسی سیاسی.

کرۆکی دیموکراسی هەروەك (بێنتام) یش دەڵێت، توانایی هێنانەدی یەکسانی لە داواکارییەکان و رەزامەندکردنی جەماوەرە. ئەو بڕوای بە هێنانەدی هەلومەرجێکە کە تاك بتوانێت لە کۆمەڵگادا بە زۆرترین خۆشی بگات. ئەو (خێر) بە پێوەری خۆشی و (شەڕ) بە پێوەری ناخۆشی دەزانێت. بنتام ئابووری و سیاسەت وەك ئامراز، کاتێك بە سروشتی و بە پێی یاسای سروشتی دەبینێت کە تاك لە هەلومەرجی یەکسانیدا هاوشانی ئەوانیتر بە پێی یاساکانی خستنەڕوو و داواکاری و بە بێ دەستێوەدانی دەوڵەت بە زۆرترین سوودی ئابووری بگات. لەم بارەشەوە دەبێ دەوڵەت بەهێنانەدی زۆرترین ئازادی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی رەهای یاسادانانداً، یارمەتی تاك بدات.

بەڵام پێویستە رەچاوبکرێت کە هیچ جۆرە ئامراز و پێوەرێك نییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم داواکاری و پێداویستیانە، جیا لە پێوەرگەلی زەینی نەبێت (کە نەیارانی دیموکراسیش جەختی لێدەکەنەوە). هەربۆیەش ناوەڕۆکی بنچینەیی و چەق گرتووی دیموکراسی، لە سەدەی بیستەمدا، تەنیا یەکسانی یاسای و سیاسی نییە، بەڵکو جەخت لەسەر یەکسانییە چۆنایەتییەکانی پێداویستی تاکەکان دەکاتەوە.

لێرەوە، بەم بەرەنجامە دەگەین، کە لە سیستەمی دیموکراسیدا، باوەڕ کردن بە چەمکەکان هەمیشە رێژەییە و چەمکگەلی رەوشتی رەها دەبێتە هۆی زاڵبوونی



کۆمەڵگایەکی تەقلیدی و لە بەرەنجامدا ئەگەر ئەوەی هەیە کە گرنگترین پرەنسیپی دیموکراسی واتە بۆچوونگەلی زۆرینەی گەل (کە لەوانەیە لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە پێچەوانەی پرەنسیپی رەوشتی و تەنانەت لە دژیشی بێت) پەسەند نەکرێت.

بە پێچەوانەی دیموکراسی، رژێمە دەسەڵاتخوازەکان کە زۆرتر نادیموکراتیکن، هەمیشە پشت بەستراون بە بەهاگەلی سروشتی (بەپێی روانگەی کات و شوێن و کۆمەڵگای تایبەتی خۆی) و هەر بۆیەش دەبن بە [سیستەمی] ستەمکاری.

کەواتە بەم بەرەنجامە دەگەین کە دیموکراسی، لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای رێژەیی بوونی رەوشت، یەکسانگەرایی و وێکچواندنی پێداویستی و داواکارییەکانی زۆرینە دامەزراوە.

### ب: پراگماتیزم:

دەکرێت لێکدانەوەی زانستی بابەتەکانی سەرەوە، لە قوتابخانەی پراگماتیزمدا کە جەخت لەواقیعییەتەکان دەکات ببینرێت، کە لە فەلسەفەی لیبڕالیزمی نیوئینگلەندی سەدەی نۆزدەیەم، سەری هەڵداو دواتر بەجێی ما. قوتابخانەی پراگماتیزمی سەدەی بیستەم روحێکی تازەی بە فەلسەفەی نیو ئینگلەندی بەخشی لە نێوان تیۆرییە دیموکراسییەکانی کۆنتر و تیۆرییە نوێنەکانیدا، واتە لە نێوان تیۆرگەلی نوخبە و دیموکراسی پردێکی کێشا.

ئەم قوتابخانەیە لەلایەن (چارلز پێرس)ەوە بنیاتنراو لە لایەن (ویلیام جێمز) و (جان بوی) گەشەی کرد. ئەگەرچی ئەم سێ کەسە بەدامەزرایێنەر و بڵاوکارانی (قوتابخانەی پراگماتیزم یان حەقیقەتگەرایی) ناسراون، بەڵام پێویستە رەچاو بکرێت کە هەروەك چۆن هەر تاکێکی داهێنەر، خۆشی بۆچوونگەلی تایبەت بە خۆی هەیە و باوەڕەکانی کارتێکراو بە پرسگەلی جۆراوجۆرە کە لە ئەزموونی رابردوو لەگەڵ پێشبینییەکانی داهاتوو دێتەئاراوە. بۆچوونەکانی ئەم سێ کەسەش لێك جیاوازن، هەر وەك چۆن ئاستی خوێندن و پسپۆڕێتیان یەکسان و هاوشێوەنییە. پێرس

ماتماتیك و فیزیكزان بووكە دواتر وردەكاری ماتماتیك و پانتای فەلسەفەی تێكەڵ بەیەكدی كرد.

جیمز هاوسەردەمی پیرس، پزیشكیی تەواو كردبوو و تارادەیەك كەوتە ژێر كاریگەرییە مادديیەكانی ئەم زانستە و لەگەڵ مەیلە ئایینزاییەكانی، تێكەڵەیەكی پێشكەشكرد كە لەفەلسەفەیدا، بەرچاوە. سەرەنجام، دیویی وەك مامۆستای پەروەردە و فێركاری لە زانكۆكانی ئەمریكادا، تایبەتمەندی سەربەستی و باڵادەنگی تێكەڵ بە فەلسەفە و زانستی سیاسەت دەكات و كاریگەری زۆریشی لەسەر زانستی سیاسی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و بیردوزانی تری بەجێهێشت. پیرس كردە بە مەرجی پێویستی (ئامانجی ناسین) رەچاو دەكات و دەخاتە ژێر تاوتوێ كردندا. مەبەست لە ناسین، خەسڵەتی ئامرازیی ژیانی ئەزموونییە. لە روانگەی پێرس، دەبێ چەمكی گریمانە لە رێگەی هەڵهێجان[1] شایانی سەلماندن بێت، بەپێچەوانەوە خەیاڵی و تەنیا ئایدیالێكی زەینییە. ئەم قوتابخانەیە پەیوەندی نزیكی هەیە لەگەڵ رێبازە جۆراوجۆرەكاندا، كە لە سەدەی بیستەم بەرجەستە بوون. لە ئەزموونگەرایی[2] سوودی زۆری وەرگرت. پێرس، لەو بڕوایەدایە كە بەها و حەقیقەتی هەر را دەربڕینێك، تەنیا لە رێگەی ئەو سوودەی كە دەگەیێنێت و ئەو قازانجەی كە بەدەست دەدات، دیاردەكرێت. كەواتە بەم شێوەیە لەگەڵ قوتابخانەی سوودگەرایی[3] هاو سنور دەبێت. پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە، ئەم بابەتانە سەبارەت بە رەوشت[4] كە لە ئەزموونەكانی ژیانەوە بەدەست دێت، وەك ئامراز لە ژیانی مرۆڤ و هاوكاری[5] كۆمەڵگادا بەكاربهێنرێت بە پەسەندكراو دەزانن، چونكە مرۆڤ و كردەوەكانی لە

1. Inductive
2. mpiricism
3. utilitarism
4. Ethic
5. gemeinshaft.



چەقی قورسایی گشت هەڵهێنجان و شتەكاندایە. هەر بۆیە(شیلێر) ئەم جۆرە هزرینەی وەك مرۆڤگەرایی[1] وێنادەكات.

پڕاگماتیزم وەك سیستەمێك زۆرتر لە پانتای وڵاتە ئەنگلۆ ئەمریكاكاندا كاریگەربووە و كە بە نۆرەی خۆی كاریگەری بەسەر قوتابخانەی رەفتارگەرایی داناوە. تەنانەت وەك رێبازێك دەكرێت لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا بەدوایدا بگەرێن. بەهەر حاڵ پێرس كاریگەری زۆری بەسەر قوتابخانەی پڕاگماتیزمی لۆژیكی رێژەیی لە خۆوە بە جێهێشتووە، كە دواتر لەلایەن هاوڵاتی و هاوسەردەمەكەی ویلیام جێمز پەروەردە كرا. وادیارە ویلیام جێمز، یەكەم كەسە كە زاراوەی پڕاگماتیزم لە فەلسەفەدا بە شێوازی زانستی و پەیوەست بە مەبەستێكی تایبەت لە ساڵە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەیەمدا بەكار هێناوە.

فەلسەفەی پڕاگماتیزمی جێمز كە لەسەر بنەمای هەڵهێنجان و پیادەكردن و سەلماندنی عەقڵی بنیاتنراوە، لە هەمبەر فەلسەفەی متافزیك دەوەستێت. بەواتایەكیتر، ئەو لەو بڕوایەدایە، كە دەبێ بیر و هزر مەبەستگەلی سوودمەند بۆ زاناكان لە خۆبگرێت و ئەو بەرەنجامەی كە لێی رەچاو دەكرێت بێتەدی، تا بەم شێوەیە بتوانرێت حەقیقەت لە رێگەی كردە بناسرێت. ئەو بەو بەرەنجامە دەگات كە كردەی ئاكاری بەشێكە لە كردە حەقیقییەكان، و زانستی حەقیقەت لە رێگە كردە بناسرێت. ئەو بەو بەرەنجامە دەگات كە كردەی ئاكاری بەشێكە لە كردەی باش و سوودمەند.

بەگشتی، قوتابخانەی پڕاگماتیزم رەچاوەی كاتی ئێستا دەكات نەك كاتی رابردوو و مێژوویی. جێمز لەم بارەوە دەڵێت: «پرسیاری ئاكادیمیكی (schoolstic) سەدەكانی ناوەڕاست ئەوە بوو كە شتی دیار چییە؟ بەم جۆر لە پرسی ناوەڕۆكدا نقوم دەبوو، داروینیزم بە دوای سەرەتا دەگەڕا و لە بەرەنجامیش لە تارماییەكاندا

1. humanism

گرفتاربوو. لە کاتێکدا کە ئێمە لە سەدەی بیستەمدا، بە دوای بەرهەنجامە هەست پێکراو و بەرهەمی کارەکان، لە ئێستا و داهاتوودایـن.

کەسێکیتر کە دوای کارەکانی (ویلیام جێمز) ی گرت، بە تەمەنێکی درێژ و بەجێ هێشتنی بەرهەمگەلی گرنگ، بەم ڕێچکە هزرییە دەوڵەمەندی و پتەو بوونی زۆری بەخشی، (جان دیویی)ە دیویی پەرتووك و وتاری زۆری لەخۆ بەجێ هێشتووە کە (ڕافتر) زۆربەیانی بە هۆی گرنگی بابەتەکان لە بەرگێکدا کۆی کردووە و لە ساڵی (١٩٢٣)دا لە ژێر ناونیشان (عەقڵ لە جیهانی هاوچەرخدا) بڵاوکردووەتەوە.[1]

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هزریی دیوین، بڕوای ئەو بە «گریمانەی کامڵبوون»ە، بۆیەش بەردەوام (ڕەچەڵەکی جۆرەکان)ی دارینی ڕەچاو کردووە. دیویی لەو بڕوایەدایە کە مێشکی مرۆڤ وەك جەستە و چاوەکانی هەر لە کاتی لە دایك بوونەوە تا مردن لە نەش و نمادایە. پێشتر دیکارت وتبووی: «تا ئەندازەیەك، هیچ پرسگەلێك بوونی نییە کە گرفت لە تێگەیشتن لە بابەتەکانیدا بێت، تەنانەت زیاد لەمەش، دەکرێت بە هەموو زانستەکان لە باڵاترین ئاستدا بگەین، بەمەرجێك کە بە میتۆدی ڕاست و دروست بۆی بڕوین» و دەکرێت ئەم بابەتەش بە بەڵگەوە بسەلمێنرێت کە خودی دیکارت هەڵدەستێت بە سەلماندنی ئەم بابەتە.

«دیویی»ش لەم بڕوایەدایە کە نابێ شتەکان لەڕێگەی هۆ و هۆکارێتی (العلە و المعلومیە) متافیزییکی ڕوون و شرۆڤە بکرێت. بەڵکو دەبێ بەرەچاوکردنی شوێنی ئەم شتانە و لە ژینگەی خۆیاندا بخرێنە ژێر خوێندنەوەدا، هەروەك دەبێ ئەرك و کاریان لە ژینگەیاندا بێتە ناسین.

ئەو نەش و نما بە پێوەری ڕێژەیی ڕەوشت هەر شار دەکات و دەڵێت ئامانجی گیان، کامڵبوون نییە، بەڵکو ئامانجی ژیان بریتییە لە ڕۆیشتنی بەردەوام بەرەو کامڵبوون.

1. Intelligence in the modern world



بەواتایەکیتر مەبەستی لەم ڕستەیە ئەوە کە مرۆڤی خراپ ئەو کەسەیە کە بەرەو ڕێگا دەرچوون دەڕوا و مرۆڤی چاك ئەو کەسەیە کە بە چاوپۆشین لە ڕابردووی ئێستا بەرەو باشی دەڕوات. کەواتە بەم جۆرە ڕابردوو لە بۆچوونی «دیویی» دا گرنگی نییە و [شتێك] کە هەیە ئێستا و داهاتوویە.

دیویی لەم بارەوە دەڵێت: مەبەست لە چاکبوونی مرۆڤ تەنیا ئەو نییە کە گوێڕایەڵ و بێ ئازاربێ. باشی و چاکبوون بە بێ وشیاوی ناتەواوە و ئەگەر ئێمە تەیار کراو بەژیری و عەقڵ نەبین، گشت لەخوا ترسەکانی (متقین) جیهان لە تواناياندا نییە ڕزگارمان بکەن. تەنیا ژیری و عەقڵە کە دەتوانێت لە دیاریکردنی چارەنووسمان هاوبەشمان بکات. کەواتە پرسی گرنگ لە ڕوانگەی جان دیوییەوە، گەشەی زانست و چۆنێتی سوود لێ وەرگرتن و بەکارهێنانێتی.

ئەو لەوبڕوایە دایە کە دەبێ ئامانجی سیستەمی سیاسی یارمەتیدانی تاك بێ. واتە دەبێ سیستەمی سیاسی بە شێوازێك بێ کە تاك بتوانێ تیایدا گەشە بکات و لە هەمانکاتدا، لە بڕیارەکانی کۆمەڵگا کە خۆشی ئەندامێتی هاوبەش بێت. ئەم بەشە لە بۆچوونەکانی دیویی (ڕۆسۆ) و (کانت) مان وەبیر دێنێتەوە. دیویی دەڵێت: ئەگەرچی جۆرەکانیتری حکوومەت وەك ئۆریستۆکراتی و سوڵتان نشینی، لە کردەوەدا دەستڕۆتر و زۆرتر لە دیموکراسی کاراییان هەیە، بەڵام بۆ کۆمەڵگا لە دیموکراسی مەترسیدارتر بوونە. بەگشتی، دیویی بە دیدێگی گومانەوە دەڕوانێتە دەوڵەت هەر بۆیەش لایەنگری سیستەمی پلۆرالیزمە. مەبەستی دیویی لە سیستەمی پلۆرالیزم، سیستەم و کۆمەڵگایەکە کە کارەکان بە دەست تاکە کەسێك یان تاقمێکی دیار ڕانەسپێردرابن، بەڵکو لە لایەن تاقم و پارت و ئەو سەندیکایانەی لەناو کۆمەڵگادا خۆهەستاو سەریان هەڵداوە جێبەجێ بکرێت. تا بەم جۆرە ئەو ناکۆکییەی لە نێوان تاکگەرایی[1] و کۆمەڵگەراییدا[2] هەیە بە باشترین شێوە چارەسەر بکرێت و ئاستێکی مامناوەندی لە

1. Individualism
2. collectivism

نێوان زێدەڕۆیی و کەم ڕۆی[1] بێتەدی. لە ڕوانگەی دیـویی ئـەرکی سـەرەکی دەوڵـەت فێرکاری کردنی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانە، تا تـاقم و ئەنجوومەنـە جۆراوجۆرەکـان بـە باشترین شێوە ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن.

ئەگەرچـی ژێـدەری قوتابخانـەی پڕاگمـاتیزمی سـەدەی بیـستەم ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەڵام ئـەم هـزرە نووسـەرە ئەوروپییەکانیـشی خـستووە ژێرکاریگەرییەوە.

هەروەك ڕوونکرایەوە، پەیڕەوانی ئەم قوتابخانە لەو بڕوایەدان کە تـوخمی بنـەڕەتی حەقیقەت، (سوود)ە، بۆ نموونە ئایین و داب و نەریت تا ئەو کاتەی کە بـۆ پاراسـتنی کۆمەڵگا پێویست و سوودمەند بێ حەقیقەتیشی هەیە. مەبەستی ئەو لە حەقیقـەت لەم ڕوانگەیەدا، کردەگەلێکە کە ببێتە هۆی شادبوونی مرۆڤەکان. بـەم جـۆرە، ڕوون دەبێتەوە کە چۆن چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان شۆێنگری دەسـت گەیـشتن بە حەقیقەتی ڕەها دەبێتەوە، ئەو شتەی کە لە سەرەتادا ئاماژە پێکرا.

لە کۆتایی ئەم باسەدا، جێی خۆیەتی چـاو پێخـشانێکی خێـرا لـە بۆچـوونگەلی پەیڕەوانی قوتابخانەی شیکاگۆ بکەین.

---

1. Exterim

## بەشی چوارەم: قوتابخانەی شیکاگۆ

هەروەك دەزانین تاقمێك لە زانایان لە ئەفلاتوونەوە بگرە تا نیچە و هیگل، بە ئامانج گەیشتنی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکدا دەبینن کە بناغەی نەك لەسەر بنەمای یەکسانی، بەڵکو دادپەروەری [بنیاتنرا] بێت، واتە هەر کەسێك لە شوێنی شیاویدا بێت (لەم بارەوە ئەفلاتوون و ئەرستۆ دادپەروەری نە لە یەکسانیدا، بەڵکو لە پێگە و بەشی هەر کەسێك لە کۆمەڵگادا بەپێی لێهاتوویی و زانایی ئەم کەسە، واتە لە شیاوێتیدا دەزانین). بەم جۆرەش کاتێك کە زۆرترین سوود بۆ کۆمەڵگا بەدیهات، تاکیش کە بەشێکە لەم کۆمەڵگایە لێی سوودمەند دەبێت. ئەم تاقمە بەڵگە دێنەوە، کە کۆمەڵگای سیاسی هەر وەك بوونەوەرێکی زیندو و ئۆرگانیکە و هەروەك چۆن ئەندامانی جەستە بە پەیڕەوی لە مێشك رێك دەخرێن، کۆمەڵگای ئایدیال و کامڵبووش کاتێك بەدەستدێت کە گشت بەشەکانی خاوەنی هەماهەنگییەکی لۆژیکی بە چاودێری و رێنمایی دەوڵەت (وەکو سەر لە جەستەی کۆمەڵگادا) بن، تا بەم جۆرە بۆ هەمووان و گشت کۆمەڵگا بەختەوەری بەدی بێت. لە بەرامبەر ئەم هزرەدا، بیردۆزانێك دێن کە لەو بڕوایەدان، مرۆڤ بە ئازادی لە دایك بووە و لە هەمبەر تاکەکانیتر، هەلومەرجی یەکسان و مافی یەکسانی هەیە، هەروەك چۆن لە هەلومەرجی یەکساندا لەم جیهانە کۆچ دەکات (مافی سروشتی). ریشەی ئەم بیر و هزرە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن. لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێ گرنگترین دامەزرێنەرە نوێیەکانی، لاك و رۆسۆ بزانین.



تاکگەرایی کە چەقی بیرکردنەوەی لیبڕالیزمە، کردەگەل و بیرکرنەوەی ئازادانەی تاك بە هۆکاری وژانەوە و پێشکەوتن و گەشەسەندن دەزانێت و، هەرکەس تا ئەو کاتەی کە راستەوخۆ لە ئەنجامی داهێنان و لێهاتوویەکانی بەهرەمەند نەبێت ئەم داهێنانگەلە ناوژێنەوە. هەر بۆیە قوتابخانەی ئابووری کلاسیکی سەرمایەداری لە لایەك و لیبڕالیزمی سیاسی لە لایەکیترەوە، بوونە دوو باڵی فڕینی سەرمایەداری. سیستەمی سەرمایەداری بەردەوام بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت هەوڵیداوە و بەڵگە دێنێتەوە کە تاکەکان سەرەتا بە ئازادانە دەژیان و هیچ کێشەیەیان نەبووە. بەڵام بەرەبەرە زانیویانە کە بۆ گەیشتن بە باڵایی، چارەسەربی و کەم و کوڕی کۆمەڵگای مەدەنییە، هەربۆیەش رەوا نییە کە مرۆڤی ئازاد، لەم بارەیەوە لە رێڕەوی [گەیشتن بە] باڵاییدا، مەحکووم و دیلی دەستی دەستکردی خۆی واتە دەوڵەت بێت. کەواتە پێویستە، دەسەڵاتی دەوڵەت هەمیشە کۆنترۆڵ بکرێت و لە پێناو پاراستنی ئازادیەکانی تاکدا بێت.

هەر یەك لەم دوو تیۆرییە توندڕەوە، خاڵی لاواز و بەهێزی تایبەت بە خۆیان هەیە و سەرسوڕێنەر ئەوەیە کە حکوومەتە تاکگەراو کۆمەڵگەگەراکانی سەدەی بیستەم هەریەکیان خۆی بە بەرگریکاری جەماوەر و دیموکراسیی دەزانێت و ئەوەیتر بە چەوسێنەر. هەر بۆیە هەندێ لە بیرمەندانی زانستی سیاسەت لە سەدەی بیستەمدا، هەوڵیانداوە کە قوتابخانە یان قوتابخانەگەلێك دابمەزرێنن کە لە چوارچێوەی دیموکراسیدا، باشترین ئەو تومخانەی کە لەم دوو قوتابخانە توندڕەوەدا هەن هەڵبژێرن. بەواتایەکیتر بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵگا لەم سیستەمەدا کۆ بکەنەوە. بۆیە قوتابخانە گەلێك وەك پڕاگماتیزم، ئامرازگەرایی، سوودگەرایی، هەوڵیانداوە کە حەقیقەتی دیموکراسی لە پراکتیکدا نیشان بدەن.

رێڕەوی توێژینەوەکان لە چوارچێوەی پڕاگماتیزمدا، ویلیام جێمز و جان دیویی، لە توێژەرانی زانستی سیاسەت لە ئەمریکا، ناچاریان کرد، هەستن بەدامەزراندنی قوتابخانەیەکیتر لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی میکیاڤیلی لەلایەك و پێداوچوونەوەی پەیتانەی حەقیقەتگەل و پرۆسە واقیعەکانی دەسەڵات کە لە پشت رێبازە

دیموکراتییەکاندا خۆی هەشار داوە. ئەم هزرە لە راستیدا، لـە بـەرەنجامی سیاسـەتە چاکسازییەکانی سەردەمی پێشکەوتن لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، کـە بەپێـچەوانەی میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی دیموکراسـییە رێکخراوەکـان، دیموکراسـی لـە روانگەی خەڵکی کۆڵان و شەقامەکان دەخاتە ژێر توێژینەوەدا.

دامەزراێنـــەری ئـــەم قوتابخانەیـــە (چـــارلز مریـــام)ە کـــە چاکـــسازییەکانی پێـشکەوتنخوازانی، بـە لێکۆڵینـەوەی ئـەزموونی — زانـستی پەیوەنـددا و تێکـەڵ بەیەکـدی کـرد. دەسـەڵات چـەقی توێژینـەوەکانی مریامـە. چـونکە ئـەو زانـستی سیاسـەتی بـە خوێندنـەوەی دەسـەڵات و چـۆنێتی بەدەسـت هێنـاننی و پاراسـتن و بەکارهێنانی دەزانی.

لە پەرتووکێکدا بە ناونیشانی (دەسـەڵاتی سیاسـی) کـە لـە سـاڵی (١٩٣٤)دا بڵاویکردەوە هەروەك میکیاڤیلی، دەسەڵات وەك زانستێکی ئەزموونی دەخاتـە ژێـر خوێندنەوەدا، بەبێ ئەوەی کە لە روانگەی رەوشتییەوە بڕوانێتـە ئـەم پرسـە یـاخود، دەسەڵات بە بێ رەوشت لە قەڵەمدات. لـە راسـتیدا پێویـستە بـوترێ کـە مریـام، رێچکەی میکیاڤیلی لەگەڵ بۆچوونەکانی فرۆید تێکەڵ بەیەکـدی کـرد و دەسـەڵاتی راستەقینە و ئەزموونی لە پانتای سیاسەتدا، وێناکرد.

یەکێکیتر کە لە پێناو یەکانگیری ئەم قوتابخانەیە هەوڵی زۆری داوە، (هاروڵـد لاسویل) لە دایك بووی (١٩٠٢) ی ئیلـی نـویزی ئەمریکایـە. ئـەو لـە زانکـۆی شیکاگۆ پلەی دوکتۆرای لە زانستی سیاسیدا بە دەسـت هێنـاوە ماوەیـەکیش لـە زانکۆکانی، لەندەن، پاریس، بەرلین، وانەبێژی کردووەو سەرنجام لە ژێـر کاریگـەری مامۆستا خۆی، مریام، لە ساڵی (١٩٢٢) تا (١٩٣٨)ەوە، بـوو بـە هاوکـاریی و بەدوای کارەکانیدا چووە، سەرەنجام لە ساڵی (١٩٤٦) دا لە زانکۆی بێل خـەریکی وانەبێژی و توێژینەوە بوو.

ئەگەر بۆچوونەکانی مریام و لاسویل لەگەڵ یەکدیدا بـەراورد بکـەین، پێویـستە بـوترێ لەکاتێکـدا کـە مریـام بـەدوای حەقیقەتـدا دەگـەڕا، لاسـویل هەوڵیـدەدا



سترِاکتۆرێك دابڕێژێ کە وردبینی و ئەزموون لە کۆڵەکانی بێت. هـەروەك چـۆن هـەر دووکیان بە رێچکەی میکیاڤیلیی و چەمکگەلی فرۆیدی وەفادار بوون.

دامەزرێنەرانی قوتابخانـەی کلاسـیك جـەختیان لەسـەر رێـچکەی میکیـاڤیلی دەکردەوە. بەم پێیەش کۆمەڵگایان بۆ دوو تاقمی سەرەکی دابـەش دەکـرد: تـاقمی نوخبە و جەماوەری خەڵك (ئەگەرچـی ئـەوانیش نوخبـەیان بـە نوخبـەی سیاسـی و نوخبەی ناسیاسی دابەش دەکرد).

(لاسویل) یش لە کارتێکەری ئەم بۆچوونانە بە دوور نەماوە، بەم جیاوزاییـە کـە لە روانگەی ئەو، نوخبە کەسێکە نەك تەنیا بە بەرژەوەندییە ماددییەکانی کۆمـەڵگا و دەسەڵاتی سیاسـی گەیـشتووە، بـەڵکو رێـز و شـانازیش دەسـتەبەر دەکـات. بـە واتایەکیتر لە کاتێکدا کە میکیاڤیلی، لەسەر پرەنسیپی فەزیلەت کە لە نیشانەکانی میرە (دەبێ لە سیستەمی پاشایەتی یـان کۆمارییـدا بێـت) ورد دەبێتـەوە، لاسـویل بناغەی سەلماندنی تیۆری نوخبەکانی خۆی بـە یارمـەتی وەرگـرتن لـە چـەمکگەلی فرۆیدی و ئەزموونی سەلمێندراو لە سەر بنەمای لێهاتووییەکانی رێکخستنی سیاسی و دەسترۆیی و کەسایەتییە تاکییەکاندا بنیات دەنێت.

سەرەڕای ئەمەش لە کاتێکدا کە مکیاڤیلی، بۆ گەیـشتن بـە ئامـانج، گـشت رێگا ناڕەواکانی پێشنیار کردووە و لەم بارەیەشـەوە لـە مێـژوو بەڵگـە و شـایەت دێنێتـــەوە، بـــەڵام هـــیچ جـــۆرە پاســـاوێکی بـــۆ رەوا بـــوونی بیروبۆچـــوونی و ئامۆژگارییەکانی خۆی نییە، بەڵام لاسویل هەوڵیداوە ئەم بابەتە لە رێگەی ئامـار و ئاماژە بسەلمێنەێت و بخاتەڕوو.

یەکێك لە گرنگترین نووسینەکانی لاسویل، پەرتووکی (سیاسەت)ە، کە لە ساڵی (١٩٣٦)دا بڵاوکرایەوە. پرسیاری سەرەکی ئەم پەرتووکە ئەویە کە لـە سیاسـیەتدا کێ دەباتەوە؟ چ دەباتەوە؟ چ کاتێك دەباتەوە؟ چۆن دەباتەوە؟!

لە روانگەی لاسۆیل سیاسەت گۆڕەپانی ململانێیە، کە یەك کەس (یان تاقمێـك) لە کاتی گونجاو، لەم ململانێیەدا براوە دەبێت. بەواتایـەکیتر، نوخبـە هـەمان تـاکی

زیرەك و هۆشیار و کەمە [لە ڕووی ژمارە] لە کۆمەڵگادا، کە ئەگەر لـە جلوبـەرگی جەماوەریشدا بێت و ڕاستەوخۆ لە کاروبارەکـانی دەوڵەتـدا دەسـتێوەردانی نـەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا، لە پشتی پەردەوە لە سیاسـەت دەسـت وەردەدات و لـە سـوودەکان بەرهەمەند دەبێت. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەو چ دەباتەوە، لاسویل لەو بڕوایەدایە کە چینی کەمی بژێردراو سێ شت بەدەست دێنێت: ڕێز، سامان، ئاسایش و ئـارامی ئەو لە درێژەدا دەڵێت کـە فراوانـی سـێ فاکتـەری ئامـاژە پێکـراو بـۆ نوخبـەکانی سیاسـی، بەنـدە بـە کـەمی [ئـەم سـێ فاکتـەرە] بـۆ جـەماوەر، (بگەڕێنـەوە بـۆ بۆچوونەکانی نوخبەی کلاسیك).

وەڵامی ئەوەی کە نوخبە چـۆن دەباتـەوە، بـەم جـۆرە دەخاتـەڕوو کـە یەکـەمین فاکتەر، تەکنیکی پڕۆپاگەندایە، کە دەبێ لە ڕێگەی ئـەم ئـامرازەوە، جـەماوەر لـە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا و دەستەبەرکردنی ئاییندەدا، دڵنیا بکاتـەوە و پێگـەی خـۆی قایم بکات. هەروەها پێویستە، بەم بابەتانەوە منیش ناچارکرد زیاد بکرێت. سوپا و پۆلیس نەك تەنیا جەماوەر بە گوێڕایەڵ دێڵێتەوە، بەڵکو تێدەگەیێنێ کە بـەم جـۆرە ئاسایشی لەناوەوە دەرەوەشدا دابین کراووە.

سەرئەنجام لە دوایین قۆناغـدا ئەگـەر پێویـست بێـت لـە خراپـەکاری و نانـەوەی قەیرانی ئابووری و کەمی کاڵا خۆ ناپارێزێت، تا بە گەیشتن بە قۆناغی سـەقامگیری و ئـارامی ڕێـژەیی ئـابوری و سیاسـی، سـەر لـە نـوێ خۆشەویـستی خـۆی و لـە بەرەنجامیشدا دەسەڵاتی خۆی قایم بکات و بەردەوام بوونی گەرەنتی بکات.

بەرهە حاڵ بیروباوەڕەکانی چارلز مریام و قوتابییەکەی هارولـد لاسـویل، بـە واتایەکیتر، قوتابخانـەی شـیکاگۆ، تـۆوی سـەرەتایی هزرگـەلێکی لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا چاند کە بە شێوازی ڕەفتارگەرایی، بان ڕەفتارگـەرایی و پڕاگمـاتیزم ڕاڤـە و شـرۆڤەکردنی ئـەزموونی و سـەلماندن کـە لـە ئـەمریکادا باوبووە، بەکۆتا هات.

## بەشی پێنجەم: هەڵسوکەوتی نوخبەگەرایان لەهەمبەر پلۆرالیزمەکان

لە باسی نوخبەگەرایاندا بەم بەرەنجامە گەیشتن کە بیردۆزە نوخبەگەرایەکان، بەگشتی بڕوایان بە دیموکراسی و حکومەتی جەماوەر نەبووە و لەو بڕوایەدا بوون لە حکومەتێکدا کە دەسەڵات لە نێوان تاکەکانیدا دابەشبووە، لە پراکتیکدا ناتوانێ حەقیقەتی هەبێ. جەماوەر بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە بانگەشەکارانی دیموکراسی بڕوایان پێیە، توانای بەڕێوەبردنی خۆیان نییە، جا چ بگاتە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. هەر بۆیەش، دیموکراسی تەنیا لە زەیندا بە مومکین دادەنێن و لە پراکتیکدا بە نامومیکین، چونکە گشت حکومەتەکان سەرەڕای جۆرا و جۆری ناوەکانیان، هەموویان حکومەتی تاکە کەسی یان تاقمێکن کە هەندێ جار روخسارێکی جەماوەری لە خۆ دەگرن. لە کاتێکدا لە ناوەوە هەمان حکومەتی ئۆلیگارشی یان ستەمکارین، بە واتایەکیتر دەسەڵاتخوازن.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەتایبەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕ دووەمی جیهانی، وەرچەرخانگەلێك لە هزر و کردەی کۆمەڵگاکانی جیهان، بە تایبەتی وڵاتە پیشەسازییەکانی رۆژئاوادا روویدا، کە پەیڕەوانی نوخبەگەراش لە کاریگەریی ئەم وەرچەرخانگەلە بە دوور نەمانەوە، بە واتایەکیتر، پەیڕەوانی قوتابخانەی نوێ



پەسەندیان کرد کە بەهاگەلی دیموکراسی لە تیۆردا ئیعتیباری خۆیان دەپارێزن. بەڵام لە پراکتیکدا ئەگەرچی بناغەی پلۆرالیزمیان هەیە و پێویستیان بە پشتیوانی جەماوەرە کەچی میتۆد و کاروباریان بەپێی [بەهاکانی] نوخبەگەرایە. واتای ئەم بابەتە ئەوەیە کە، لە دیموکراسییەکاندا ئەو جۆرەی کە بانگەشەکارانیی بۆ دەچن، ناکرێ کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی بەدەست جەماوەر بسپێردرێت. بەڵکو لە دیموکراسییە نوێیەکاندا نوخبەکان لە رێگەی هەڵبژاردن و پشتیوانی جەماوەر دەسەڵات دەگرنە دەست، بەڵام هەر خۆیان فەرمانڕەوایی دەکەن. کەواتە ئەگەر بمانهەوێت بە دیدێکی پراکتیکی و عەقڵانیانە بڕوانینە ئەم پرسە، پێویستە ئەم بابەتە لە روانگەی نوخبەگەرا نوێیەکاندا بەم چەشنە بخرێتە روو کە، یەکەم: گشت کۆمەڵگا سیاسییەکان سەرەڕای جۆراوجۆری ناو و تەنانەت ناوڕۆکیان لە میانەی کۆنترۆڵی نوخبەکانەوە کاردەکەن و، ئەگەر ململانێیەکیش لە ئارادابێت ئەم ململانێیە لە نێوان خودی نوخبەکانە، نەك لە نێوان جەماوەردا.

لەلایەکیترەوە، لە سیستەمی دیموکراسییەکانی هاوچەرخدا، ئەم ململانێیە فۆرمێکی دیموکراتیکی هەیە و سیستەمی بە چەشنێك فۆرمۆلەکراوە کە تاقم یان تاکێك ناتوانێت ببێت بە لەمپەر لە بەردەم ئەم ململانێیەدا. چونکە (نوخبە دەسەڵاتدارەکان) گەمەی دەسەڵات، واتە گەیشتن بە دەسەڵات لە رێگەی جەماوەر و بە پشتیوانی جەماوەر وەك سیستەمێك پەسەندیان کردووە. هەر بۆیەش ئەگەر بمانهەوێت تیۆری نوێی نوخبەکان، کە لە پراکتیکدا کاراترە، بخەینە ژێر راڤە و شیکردنەوەدا پێویستە ئەم تیۆرییە بە ناونیشانی (تیۆری دیموکراسی نوخبەکان) بخرێتە ژێر توێژینەوە و خوێندنەوەدا، کە تیایدا دەسەڵات نەك چەق بەستوو نییە، بەڵکو لە نێوان تاقمە جۆراوجۆرە سیاسی و ئابوورییە دەستڕۆییەکاندا دابەشکراوە کە پشت بەستراو بە پشتیوانی جەماوەرە.

گرنگترین بیردۆزانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە:

### أ. جۆزف شۆمپیتر:[1]

شۆمپیتر، ئابووریناسی بەناوبانگی ئەمریکی، بەڕەچەلەك نەمسایی، لە پەیڕەوانی قوتابخانەی سوودی کۆتاییە. ئەو لە ساڵی (١٩٣٢)[2]دا دەستی بە وانەبێژی لە زانکۆکانی ئەمریکا کرد و لە ساڵی (١٩٤٢)دا بە ناوبانگترین پەرتووکی ئابووری — سیاسی خۆی بە ناونیشانی (سەرمایەداری، سۆسیالیزم و دیموکراسی) بڵاوکردەوە.

ئەگەرچی شۆمپیتر لە پەیڕەوانی دیموکراسییە. بەڵام ڕێز لە سۆسیالیزمیش دەگرێت.

ئەم دوو دڵییە بە ئاستێك دەگات کە خوێنەرانی ئەو وەها هەست بکەن کە شۆمپیتر سۆسیالیستە و سەلماندنی گریمانەکەی بە سەرکەوتنی سۆسیالیزم کۆتا دێت. کەچی ئەو نە سۆسیالیزمە بە مانای باو، نە دیموکراتە بەمانای کلاسیك و پەتی بابەتەکە. بەڵکو ئەو هەوڵدەدات سیستەمێك وێنا بکات کە سۆسیالیزم لە ڕێڕەوی دیموکراسیدا بخاتەگەر بە واتایەکیتر سیستەمی دیموکراسی لەلایەن سەرکردە نوخبەکانەوە بەڕێوە ببات.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیکاری شۆمپیتر ئەوەیە کە، ئەو لە دوکتورێنی سیاسی و دوکتۆرێنە ئابوورییەکانی خۆیدا، واتە لەیەك کاتدا، لە هەر دووکیان لە پێناو سەلماندنی تیۆری خۆی سوود وەردەگرێت و لە هەر دوو لۆسەی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان [واتە ئابووری و سیاسەت] بۆ گەیشتن بە تیورێکی گونجاو و پراکتیکی کەڵك وەردەگرێت.

---

1. final utilits school

٢. ئەم قوتابخانەیە لەلایەن (کارل منگر) و (پاریتۆ) دامەزراوە و لەلایەن شۆمپیترەوە تەشەنەی کرد. مەبەست لە سوودی کۆتایی لە ئابووریدا، واتە سوود و قازانجی دوایین یەکەی بەکارهێنەر. بۆ نوونە. دوایین یەکەی سەرمایە گوزاری چەند سوود و بەرهەمی هەیە.



دیموکراسی سیستەمێکە کە جەماوەر تیایدا لە هاتووچۆ دایە، هەر بۆیە هەمیشە راکێشی زۆری هەبووە. بەڵام خاڵی لاوازی ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژوو بەوچەشنەی کە پەیڕەوانی هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە تائێستا بانگەشەی بۆ دەکەن، لە پراکتیکدا، مومکین نەبووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێداویستییەکانی تاك لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی، لەگشت بوارەکاندا تەنانەت لە زۆربەی کاتەکانیشدا، لە هەندێ بابەت یەکگرنەبووە و هەرکەس بەرژەوەندی گشتی لە روانگەی خۆی و بەرژەوەندی تاك و تاقمیدا دەبینێت. پرەنسیپی سوودگەرایی کە کرۆکی دیموکراسییە، لە پراکتیکدا هۆکارێکە بۆ بە ئاکام نەگەیشتنی دیموکراسی. هەر بۆیەش، بەردەوام نەیارانی، بەرەنجامی ئەم سیستەمە، بە ئاژاوە کەوتن دەزانن.

کەواتە شومپیتر، دیموکراسی بە سیستەمێك، کە تاکەکەن بۆ گەیشتن بە دیسپلینی جێگیر بوو (بە دامەزراویی بوو) و بڕیارە سیاسییەکان کە ئامانجەکانی [ئەم تاکانە] بەدی بێنێت پێناسە دەکات. هەڵبەت شومپیتر زۆرتر لە هەر کەسێکیتر خاڵە لاوازەکانی دیموکراسی دیار دەخات و ئاگاداری گرفتی لێك نزیك کردنەوەی پێداویستییەکانی تاك و کۆمەڵە.

ئەو، ئەم بابەتە بەو چەشنە دەخاتەڕوو، کە تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجیان، تاقمێك هەڵدەبژێرن (یاسادارێژەران)، تا ئەوانیش هەستن بە هەڵبژاردن و پشتگیری کردنی تاقمێك کە دەستەی راپەڕاندنی کۆمەڵگان. واتە شۆمپیتر تاقمی هەڵبژێردراو، بە تاقمی ناوبژیوان لە نێوان گەل و فەرمانڕەواکاندا هەژمار دەکات کە هەوڵدەدەن لە رێگەی ململانێی و لە نێوان جەماوەردا دەنگی زۆرینە دەستەبەر بکەن. ئەم کارەش لە بارودۆخ و هەلومەرجی ململانێیدا ئەنجامدەدرێت. چونکە دیموکراسی راستەوخۆ کە لە یۆنانی کۆندا جێگیربوو، لەوانەیە لە کۆمەڵگا بچووکەکاندا مومکین بێت. بەڵام لە کۆمەڵگا مامناوەندی و گەورەکاندا بە هیچ جۆرێك مومکین نییە و کارایشی نابێت. بۆیە لە بری دیموکراسی راستەوخۆ پێویستە

جەماوەر لە نێوان خۆیدا، تاقمێکی بچووك هەڵبژێرن و بیگەیەنێتە دەسەڵات، تا لەلایەن جەماوەر و لە ڕێگەی بڕیار سیاسییەکان ئامانجی دەنگدەران دابین بکات.

بە بۆچوونی شۆمپیتر، تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری لیبرالی نوێ (خاوەنداریێتی تایبەت، ئازادی چالاکییە ئابوورییەکانی تاك، دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە کەرتی تایبەتدا) لەلایەك و چالاکییە ئابوورییەکانی دەوڵەت وەکو فاکتەری رکابەری داهێنەر و چاودێری وردبین بەسەر گشت کۆمەڵگادا (لە پێناو نەهێشتنی کەم و کوڕییەکانی کەرتی تایبەت) لەلایەکیترەوە، لە خەسڵەتەکانی سیستەمی دیموکراسی سەردەمە.

دوو تەوەری توێژینەوەی شۆمپیتر، یەکێکیان، دوکتورینی کلاسیکی لیبرال و ئەویتر دوکتۆرێنی سۆسیالیزم لەگەڵ روانگە ئابوورییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کردەی ململانیی تەواو و خاڵی بەرامبەری، واتە قۆرغ کردنی تەواو بخرێتە ژێر راڤە و شرۆڤە. لە کۆتاییدا بۆچوونەکانی شۆمپیتر لە مۆدیلێکدا کۆبکاتەوە کە تێکەڵێك لە بڕواگەلی کلاسیکەکان، لەگەڵ بەشێك لە بڕواکانی مارکس بە چەشنێك گونجاوبن، کە لە هەمانکاتدا هەلومەرجی سیستەمی ململانێی ئازادی هاولاتی دەپارێزێت و، هەلومەرجی قۆرغکردن و دەستێوەردانی دەوڵەتیشبوونی هەبێت. کەواتە لە روانگەی ئەو، دیموکراسی سیاسی سیستەمێکە کە دەسەڵاتی پشتیوانیکەر لە دەست جەماوەر دایە، بەڵام لۆسەی دەسەڵاتی راپەڕاندن لە دەست نوخبەکاندا قۆرغ دەبێت. شۆمپیتر لە بەشی بیست و دووەمی پەرتووکیدا، باسی شێوازای ململانێی سیاسی بۆ گەیشتن بە سەرکردایەتی سیاسی دەکات. لەم باریەوە دەڵێت، دیموکراسییەکانی هاوچەرخ لە دۆخی ململانکاریدا رووبەڕووی حەزکانی عامەی جەماوەر دەبنەوە. لە بەرەنجام، تاقمێك لە کۆمەڵگا، ئەم هەلە بۆیان دەرەخسێت کە لە میانەی پشتیوانی جەماوەر دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و لەبری ئەوانەوە بڕیار دەربکەن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیەکە بڕیارەکانی تاقمی فەرمانڕەوا کە لە لایەن گەلەوە بە دەسەڵات گەیشتوون، گشت کات لەگەڵ پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی جەماوەر، تەنانەت زۆرینەی



جەماوەر و لە هەندێ کاتدا لەگەڵ [پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی] کەمینەش هاوتەریب نییە. بەگشتی، تاقمی فەرمانڕەوا لە بڕیاردانـدا بەرامبەر بە جەماوەر خۆیان بە بەرپرسیار و وەڵامدەر نازانن. سەرەڕای ئەمەش، جەماوەری دەنگدەر، لە رەوتی هەڵبژاردندا (بە تایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) وەها بە پرۆپاگەند، بەمانا سیاسییەکەی، دەور دراون کە ویستێکی ئەوتۆیان لە خۆ نامێنێت و لە راستیدا، سیاسەتمەداری حزب یان ماشینی حزبی وەڵامێکن بۆ ئەم واقعییەتانە.

سیاسەتمەدار و نوخبە حزبییەکان هەوڵدەدەن بۆ ئاڕاستەکردنی وردی ململانێیەکانی هەڵبژاردن، بە هاوشانی لەگەڵ تاقمێکی بەهێزی ئابووری و دارایی و لەم کارەشدا، هەمووجۆرە تاکتیك و ئامرازی دەروونی، وەك مارش و دەستەی موزیك، بەکاردێنین تاجەماوەر بەرەو ئامانجی سیاسەتمەداری حزبی ئاراستە بکرێت. بەواتایەکیتر، پێویستە بووترێت کە سیاسەتمەدارانی حزبی و رەتی فۆڕمۆلە بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا وەك سیستەمێکی دیموکراتیکی هاوچەرخ، بەشێك لە ژیانی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە پێکدێنێت. بەم شێوەیە، شۆمپیتر دامەزراوەگەلێکی جێگیر بوو دەخاتەڕوو کە تاك و نوحبەکان بۆ گەیشتن بە دارشتنی بڕیار و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەڵدەستن بە رکابەرێتی ئازاد، هەروەك میکانیزمی بازاڕ، تا بەم شێوەیە دەنگی جەماوەر بەدەست بێنن و کورسییەکانی ئەنجوومەن و وەزارتگەلێك دەستەبەر بکەن.

ئەو بەرەنجامەی کە لە مۆدیلی شۆمپیتر بەدەست دێت، ئەوەیە کە، ئازادی لەم جۆرە حکوومەتەدا (دیموکراسی نوێ) لە راستیدا ئازادی ململانێ لە نێوان نوخبەکانی کۆمەڵگایە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و لە کۆتاییدا، بڕیاردانیان سەبارەت بە پرسە سەرەکییەکانی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگایە و، بە هیچ شێوەیێك باس لە ئازادی تاك نییە بە شێوەی کلاسیکییەکەی کە لە یۆنانی کۆن یان لە دروشمە سەرەتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا بوونی هەبوو، واتە تیۆرییەکانی ئادام سمیت، یان تەنانەت سەروری زۆرینەی خەڵك بەو شێوەیەی کە رۆسۆ دەیخستنەڕوو، بەڵکو

حەقیقەتی کۆمەڵگا دیموکراتییەکانی سەردەم فرەچەشنی نوخبەکانە، ئەویش بەو جۆرەی کە پێشتر پاریتۆ پێشکەشی کردبوو. بەم پێش مەرجە کە ئازادی نوخبەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی گەرەنتی کراو بێت.

(ساموێل هانتینگتۆن)یش ڕێزی لە مودێلە پێشکەش کراوەکەی شۆمپیتر گرتووە و واقعییەتی دیموکراسی سەردەمی ئێستای، لە وڵاتە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوادا، بەو جۆرە دادەنێت کە شۆمپیتر بە دوور و درێژی پێشکەشی کردووە.

**ب: رۆبرت دال:**

(دال)یش هەر وەك شۆمپیتر جەخت لەسەر واقعییەتی ئەمڕۆی دیموکراسی دەکات و بۆ سەلماندنی تیۆری خۆی سەبارەت بە کردە و حەقیقەتی دیموکراسییەکانی ئەمڕۆیی یارمەتی لە چەمکی پۆلیارشی[1] وەردەگرێت. بە بڕوای ئەو حەقیقەتی دیموکراسی لەگەڵ واقعییەت و ئالۆزی کۆمەڵگاکانی ئەمڕدا گونجانی نییە، هەر بۆیەش دیموکراسی لە پێناسە کلاسیکییەکەیدا سیستەمێکی ئایدیال، بەڵام نامومیکینە، لە کاتێکدا کە حەقیقەتی کۆمەڵگا دیموکراسییەکانی ئەمڕیی هەمان سیستەمی فەرمانڕەوایی چەند تاقم یان پۆلیارشییە. ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆیدا، بە چەشنێکە کە چەندین تاقم هۆگری سەرکردایەتی سیاسی دەبن. ئەم ئیمکانەش لەم جۆرە کۆمەڵگایاندا بە جۆرێك ئامادەکراوە کە چەندین تاقم لە بری تاقمێك هەستن بە ململانێ کردن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، لە میانەی بە دەستهێنانی دەنگی خەڵك و سەرکەوتنیش دەستەبەر بکەن.

بەواتایەکیتر دیموکراسی بووە بە بەڕێوەبەرێکی گونجاو بۆ ململانێیە ئازادەکانی چەندین تاقم، بە چەشنێك کە جەماوەر دەتوانێت تا ئاستێك، چاودێری ململانێی تاقمە رکابەرەکان بن. هەر ئەم تاقمە رکابەرانەش دەبن بە گەرەنتیکەری پاراستنی سیستەم و بەردەوام بوونی دیموکراسی نوێنەرایەتی. بە بڕوای دال، پێش مەرجی ئەم

١. پۆلیارشی بە مانای چەندین تاقم دێت کە لە هەمبەر تاقمێك، واتە ئۆلیگارشی دەوەستێت.



شێوە حکوومەتە، گەشەسەندنی ئابوورییە و گەشەی ئابووریش پێویستی بە سەرچاوەی ئابووری بەهێز و گەیشتن بە ئاستی ژیانێکی دیارکراو بۆ هاوڵاتیانی هەیە، بە جۆرێك کە جەماوەر بە دوور لە پێداویستە مادییەکان بۆ بڕیاردان، هەر چەندەش ئاراستەکراو بێت، ئازادی هەڵبژاردنی هەبێت و لە وابەستەیی ماددی بێ نیاز بێت. بەواتایەکیتر بە بۆچوونی دال دەکرێت ڕێڕەوی گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی کە لە گرنگترین بەرد بناغەکانی دیموکراسین، پۆلیارشی بزانین.

سەرەڕای ئەمەش، ڕەوتی دەسەڵاتی یاسادانان و دەمەزراندنی پارتی سیاسی کە هەلومەرجی ململانێ کردنی تەواویان هەبێت، لە ڕەوتی هێنانەدی پۆلیارشییەکانی ئەمڕۆییدا، دەستڕۆییان هەیە. یەکێك لە خەسڵەتەکانی پۆلیاریشییەکان، چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی ناکۆکییەکانی نێوان دامەزراوە و تاقمە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایە، کە لە سیستەمە نا پۆلیارشییەکاندا، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکانی تاقم و کۆمەڵگا پێویستە سوود لە زۆرلێکردن و گوشار وەربگرێت.

دال بۆ دیارکردنی ڕادەی دیموکراسی لە سیستەمە پۆلیارشییەکاندا، ئاماژە بۆ دوو خەسڵەت دەدات، یەکەم: پۆلیارشی سیستەمێکە کە تیایدا مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسییەکان بۆ گشت چین و توێژەکانی گەل بە بێ ڕەچاوکردنی چینی کۆمەڵایەتی گرەنتی کراوە.

دووەم: پاڵێوراوەکانی سەرکردایەتی سیاسی لە بارودۆخێکی تەواو ئازاد و یەکساندا هەڵدەستن بە ململانێ کردن لە پێناو دەستەبەرکردنی دەنگی جەماوەر و لە بەرەنجامدا بەدەست هێنانی کورسییەکانی هەڵبژادن و حکوومەت. دال لەو بڕوایەدایە، کە ئاستی کۆمەڵایەتی — ئابووری[1] لەهەر وڵاتێکدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ نەهێشتنی ناکۆکی لە ڕێگەی ئاشتیخوازانە و لە بەرەنجامدا

1. The socio - econmie

پۆلیارشی هەیە. ئەگەرچی بە پێی ئامار و ئەزموونەکان ناتوانێت تەنیا فاکتەری بەرهەم هێنەری پۆلیارشی بێت، بەڵام یەکێك لە فاکتەرە پێویستەکانێتی. لەو وڵاتانەی کە هێشتاش لە دۆخی گوزار لە قۆناغی تەقلیدی بۆ قۆناغی نوێگەرایی دان پۆلیارشییەکان یان سەریان هەڵنەداوە، یانیش بە شێوەی نیمچە پۆلیارشی کاردەکەن. بەواتایەکیتر، لەم جۆرە وڵاتانەدا، دەسەڵاتی یاسادانان و پارتە سیاسییەکان هێشتاش بە تەواوەتی جێگیر (بەدامەزراوەیی) نەبوونە.

بەم جۆرە (دال) یش بە شێوەییێك، دان بە حکوومەتی نوخبەکانی پارتیۆدا دەنێت، هەربۆیەش دال گشت حکوومەتەکان بە حکوومەتی نوخبەکان دەزانێت و تەنیا جیاوازییەك کە لە نێوان حکوومەتی دیموکراسی (خەڵك سالاری) و دیکاتۆریدا، دادەنێت ئەوەیە کە لە حکوومەتی دیموکراسیدا، سیستەم کراوەیە و جووڵانەوە و جێ گۆڕکێی نوخبەکان بە ئاسانی ئەنجام دەردێت، بەڵام لە دیکتاتۆریدا، سیستەم داخراوەیە و ئەم جێ گۆڕینە بە سەختی و لە بارودۆخی قەیرانیدا، ئەگەری هەیە. بەواتایەکتر لە دیموکراسییەکانی ئەمڕۆییدا، چەندین نوخبە (تاقمی بچووك و دەسترۆ) حکوومەت دەکەن و لەگەڵ یەکدا ململانێیان هەیە و، هەرئەم ململانێیەش دەبێتە گەرەنتیکەری پاراستن و مانەوەی دیموکراسی. لە کاتێکدا کە، لە دیکتاتۆرییەکاندا، تاك یان تاقمی نوخبەی بژاردە دەسەڵات دەگرنە دەست و هەوڵ بۆ پاراستنی سیستەم دەدەن. بۆیە دال لەو بڕوایەدایە کە تەنیا بە دانانی یاسا بنەڕەتی و ئاساییەکان ناتوانین لەمپەر بنوێنین لەبەردەم [ سەرهەڵدانی] حکوومەتی ستەمکاری، بەڵکو دەبێ باردۆخێك لە کۆمەڵگادا بەدی بێنن تا هاوسەنگی هێزە رکابەرکان پارێزرا و پۆلیارشی سەقامگیر بێت.

بەهەر حاڵ ئەو بەرەنجامەی کە دال لە توێژینەوەکەی وەردەگرێت، ئەوەیە کە واقعییەتی دیموکراسییەکانی ئەمڕۆ، حکوومەتی پۆلیارشی و دواجار تاقمێك لەم پۆلیارشییە. پۆلیارشی سیستەمێکی فەرمانڕەواییە کە تیایدا ململانێی ئازاد لە نێوان نوخبە و کەمینە دەسترۆیەکاندا لە ئارادایە. بەواتایەکیتر لەم سیستەمەدا،



مرۆڤ ئەگەرچی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەناچار سیاسی نییە (بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەرستۆ). بە واتایەکیتر سروشت غەریزەی سیاسی بوون لە مرۆڤدا دانەناوە. بۆیە بە بڕوای دال بەشێکی کەم لە مرۆڤەکان سیاسین و زۆرینە ناسیاسین، واتە مرۆڤەکان ئەگەرچی لە کۆمەڵگادا دەژین، بەڵام بەناچاری حەز لە کاری سیاسی و سیاسی بوون ناکەن . وشەی (بەناچار) لە روانگەی دال بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەرستۆ دێت کە مرۆڤی بە بوونەوەرێکی سیاسی دەزانێت. چونکو مرۆڤ بە شێوێك لە شێوەکان، بەشداری لە پرسە سیاسی و ئابوورەکاندا دەکات و تەنیا رادەی بەهێزی و لاوازی ئەم بەشداریە رەچاو دەکرێت. چونکە لە پۆلیاریشەکاندا بەشداری سیاسی و کات بەسەربردنی زۆرینە لە پێناو ئەم بەشدارییەدا، سوودی کەمتری هەیە، بە بەراورد لەگەڵ بەشدارکردن لە کاروبارە ئابوورییەکان و تەنانەت کات بەسەر بردن لەگەڵ ئەندامی خێزاندا. لێرەوە ئاشکرایە، لەو وڵاتانەی کە لە رەوتی گەشەسەندنی ئابووری و سیاسیدان بەشداری سیاسی بە هێزترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەم رووەوە پێشکەوتنی زۆریان بەدەست هێناوە. هەڵبەت پێویستە فەرامۆش نەکرێت کە جۆراوجۆری سەرچاوە ئابوورییەکان رۆڵی هەستیار و گرنگیان لە گەشەی ئابووریدا هەیە و دەبێت بە رێڕەوی گەشەسەندنی سیاسی.

بەم جۆرەش دال بەو بەرەنجامە دەگات کە سیستەمی (پۆلیارشی) نوێنەری بەرژەوەندییەکانی هێزە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایە کە لە رێگەی دەنگی جەماوەر دەسەڵات دەگرنە دەست و حکوم دەکەن و دەنگدەرانیش تا ئاستێك رەزامەند رادەگرن.

**ج — سارتۆری**

(جیوانی سارتۆر)یش هەروەك دال بە جۆرێك پشتگیری لە دیموکراسی نوخبەکانی شۆمپیتر دەکات. ئەو هەوڵدەدات بۆ تەواوکردنی ئەم تیۆرییە ستراکتۆر و کارکردی ئەم تیۆرییە کراوەتر و روونتر بکات. هەر بۆیەش سارتۆری دیموکراسی بە سیستەمێك پێناسە

دەکات کە تاقمێکی سەرکردایەتی سیاسی نوخبە لە نێوان تاقمە رکابەرەکانیتردا لە ڕێگەی دەنگەکانی خەڵك بە دەسەڵات دەگەن و لە بری ئەوان بڕیار دەدەن.

ئەو، دیموکراسییەکان سەردەم، بە جۆر پۆلیارشییەك واتە پۆلیارشی هەڵبژاردن دەزانێ.

لە روانگەی سارتۆری دیموکراسی تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا یان ئەو کاتەی کە تاقمی سەرکردایەتی فەرمانڕەوا پێویستیان بە دووبارە پشتیوانی جەماوەر بێت، سەرهەڵدەدات. بێجگە لەم کاتانە دەستەی فەرمانڕەوا بەناوی گەل بڕیار دەدەن و حکوومەت دەکەن.

کەواتە بە بڕوای سارتۆری دیموکراسی بەو شێوەیە نییە کە لە بۆچوونی گشتیدا وەك حکوومەتی عامە و خەڵك سالار بانگەشەی بۆ دەکرێ، یان لە دەوڵەت — شارەکانی یۆنانی کۆندا پێشینەی هەیە. خاڵێکی سەرنجڕاکێشتر، کە سارتۆری گەڵاڵەی کرد و پێشتریش ئەفلاتوون جەختی لەسەر کردووە، ئەو کێشەیە کە لە زاتی دیموکراسیدایە، واتە پشت بەستنی لە رادەبەدەر بە چەندێتی و رەچاو نەکردنی چۆنێتی، بەلانیکەم لەلایەن تیۆرییەوە. چونکو دواجار دەستڕۆیە ماڵی و مەعنەوییەکان پێویستە بە شێوەیەك جەماوەر رازی بکەن. ئەوە جەماوەرە کە دەبێ بڕۆنە بەردەم سندوقی دەنگدان و دەنگ بدەن. بە هەر حاڵ لە دیموکراسییەکاندا قسەی یەکەم لە دەست ئامار و ژمارەکاندایە کە بووە بە پێوەری سەرەکی و لە ڕێگەی ئامرازە پێشکەوتووەکانی پڕۆپاگەند جەماوەر ئاراستە دەکەن و لە ڕێڕەوێکی تایبەتدا دەخاتە بەردەست سوود لێوەرگرتنی ڕێبەرە لێهاتووەکاندا.

لەڕوانگەی سارتۆری جیاوازی نێوان سیستەمە پۆلیارشییەکان و پۆلیارشی هەڵبژاردنی لەوەدایە کە، لە سیستەمی پۆلیاریشی هەڵبژاردنیدا، جەماوەر لە ڕێگەی نوێنەرەکانیان (دەسەڵاتی یاسا دانان) ناڕاستەو خۆیان چاودێری و کۆنترۆڵی کادری سەرکردایەتی (دەسەڵاتی راپەڕاندن) دەکەن، لە کاتێکدا کە لە



پۆلیارشی ناهەڵبژرێردراویدا، ئەم کۆنترۆڵ و چاودێرییە یان بوونی نییە یانیش کاریگەری نییە.

لە دیموکراسی نوێیەکاندا، دەسەڵات لە نێوان تاقمە جۆراوجۆرەکانی نوخبەدا، بە چەشنێك دابەشدەکرێت کە هاوسەنگی دەسەڵات و کۆنترۆڵ کردن گەرەنتی بکات. بەواتایەکیتر لە دیموکراسیدا، دەستڕۆیی و هاندان وەك بنەمای سەرکردایەتی سیاسی دیموکراتێك، شوێنی زۆرەملێ و ناچارکردن دەگرێتەوە.

## بەشی شەشەم: مارکسیزم لە سەدەی بیستەم

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هزرە سیاسییەکان گۆڕان بە خۆوە بینینی ئەم هزرانەیە، کە بەدرێژایی مێژوو بە پێی زەرووڕەت و کێشە پێکهاتووەکان لە کۆمەڵگادا دەگۆڕدرێن. هزرە سیاسییەکان لە ژێرکاریگەری دوو فاکتەری دژ بە یەك واتە کەڵەکە بوون و چەق بەستنی دەسەڵات لە دەست تاك یان تاقمێکی دیارکراو، یان بەپێچەوانەوە، دابەشبوونیی بەسەر گشت کۆمەڵگادا بەردەوام لە مشتومڕدا بووە. بۆیە دەسەڵات هەمیشە لە ڕەوتی کامڵبوون و گۆڕانیدا، هەندێ جار بە شێوەی دژ بەیەك و جیاواز، هەندێ جاریش بە شێوەی هاوتاو و هاوجووت، لە نێوان دەسەڵاتداران و هاوڵاتیان و بەکارهێنەرانیدا کاریگەری پۆزەتیف و نیگەتیڤی هەبووە ئەم ڕەوشە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە گشت [ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن] لەسەر پرەنسیپێك کۆکن، واتە هەوڵ دەدەن بە باشترین شێواز بگەن بە دادپەروەری تاکی و کۆمەڵایەتی کە بەرەنجامی [ئەم دادپەروەرییە] بە سوودی هەر دوویان دەزانن. کاریگەری کێشەکانی کات و ژینگە لە کۆمەڵگایەکی دیارکراو لە لایەك و ئەزموونەکانی هزر وکردە لەلایەکیترەوە، تیۆرگەلی نوێ و تەنانەت قوتابخانەی نوێنان فۆرمۆلەکرد. بە چەشنێك کە هەندێکیان لە ژیانی مرۆڤدا، کاریگەری جیدی و سەرسوڕێنەریان بەدیهێنا کە تا چەندین دەیە لە تێپەڕبوونی تەمەنیان، تائێستاش کاریگەریان بەردەوامە.



لە گرنگترین تیۆرییە سیاسییەکان کە وەك قوتابخانەیەکی سیاسی — ئابووری (ئەگەرچی ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە رابردووەکان لە ئەفلاتوونەوە بگرە تا تۆماس مۆر، داروین، هیگل و کانت و زۆر بیردۆزیتر) هەوڵ بۆ پاساودانی جووڵەی مێژوو و کامڵبوونی جەبریانەی دەدا و لەم ڕێگەشەوە دەیەوێت بگات بە دادوەری کۆمەڵایەتی ئەو قوتابخانەیەیە، کە دەخرێتە پاڵ کۆمەڵناسی ئەڵمانی، کارل مارکس.

هەروەك چۆن فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا بەمانای راستەقینەی وشە بە ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەستپێدەکات، بێگومان بە هیگل و مارکس کۆتایی پێدێت. مارکس ماندوونەناسانە، بەدرێژایی تەمەن هەوڵیدا، ئەو پۆلێن بەندییەی کە لە لایەن ئەفلاتوون بەتایبەتیش ئەرستۆ ئەنجام درابوو و لەلایەن هیگلەوە بە ترۆپك گەیشت، لە تیۆر و پراکتیکدا کۆبکاتەوەو بە سوود وەرگرتن لە ڕێچکەی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایی فەلسەفەی شۆڕشییانەی پڕۆلتاری ئامادە بکات و بخاتەڕوو. هەر ئەم کاریگەرییە ئایدیال و فەلسەفیانە لەلایەك و بنەماکانی ماتریالیزم لەلایەکیترەوە، نووسینە سەرەتاییەکانی قۆناغی گەنجێتی مارکس لە وتار و دەست نووسەکانیتری جیاواز و تەنانەت تاڕادەیەك دژ بەیەك نیشاندەدات. هەربۆیەش شیکاریستەکانی کارل مارکس، چ لایەنگرو چ نەیارانی بۆچوونەکانیی، کە بە (مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس) (پێداوچوونەوەخواز) یان مارکسیزمی گۆڕدراو ناسراون، هەر یەکیان میتۆدوشێوازی تایبەتیان هەڵبژاردووە، بۆ دژایەتی یان لایەنگریی مارکس نووسیویانە، یانیش خۆیان بە پەیڕەوانی دڵسۆزی دەزانن.

کاتێك کە مارکس لە ساڵی (١٨٣٦) بۆ بەرلین ڕۆیشت، پێنج ساڵ بوو کە هیگل مرد بوو. ئەگەرچی سێبەری روحی فەلسەفەکەی بەسەر زانکۆی (بەرلین) دا هەرمابووە. لەوانەیە ئەم بابەتە لەم سەردەمەدا تاڕادەیەك سەخت خۆی بنوێنێ، بەڵام لەو سەردەمەدا فەلسەفەی هیگل وەها کاریگەرییەکی لە فەلسەفەی ئەورووپیدا بەجێهێشتبووکە دوای [مردنی] تووشی ئەم کێشەیە هاتبوون کە دەبێ ڕێڕەوی فەلسەفە بەرەو کوێ ئاراستە بکرێت. (لەروانگەی خودی هیگلەوە فەلسەفە بە ئەو

به کۆتایی گەیشتووە، هەر لەو بارەیەوە بوو کە، بەخێرایی بەرەکانی (چەپ، میانڕەو، ڕاست) هاتنە ئاراوە و سەرنجام دوو بەرەی هیگلیانیزمی چەپ و ڕاست پێگەی خۆیان قایم کرد. مارکسی گەنج کە سەرەتا، لە زانکۆی بەرلین، کەوتبووە ژێرکاریگەری هیگلەکانی ڕاست و ئایدیالیزمی ئاڵمانی. فەلسەفەی بەگرنگترین ئامرازی رزگارکردنی مرۆڤەکانی بەندکراو بەدەست بۆرژوازییەوە دەزانی. هەروەك لەم بارەوە دەنووسێت: "پرۆلتاریا چەکی ماددی خۆی لە فەلسەفەدا دەدۆزێتەوە هەروەك چۆن چەکە مەعنەوییەکەشی لە فەلسەفەدا بەدەست دێنێت ئەو لە درێژەدا دەڵێ: "رێك دوای ئەوەی کە بارانی بیر و هزر بە شێوەیەکی بنچینەیی و بنەڕەتی بباریێتە سەر نیشتیمانی نەتەوە ساویلکەکان، ئەوە بە دڵنیاییەوە رزگاری گەلی ئەڵمانیا وەك مرۆڤ دێتەدی».

مارکس لە قۆناغی گەنجیدا بە ژێرخانی بیرێکی فەلسەفی هزر لە رزگارکردنی مرۆڤە دیل کراوەکانی بۆرژوازی دەکاتەوە. لە نامەی (کێشەی جوولەکە) گشت ئەو شتانەی کە لەسەر بنەمای کۆمەڵگای سەردەم واتە دیموکراسی بۆرژوازی بنیاتنراوە، رەت دەکاتەوە. بە بڕوای ئەو، مافی مرۆڤ ناتوانێت پەیوەندی [لە نێوان] مرۆڤە خۆپەسەند و سەرەڕۆ و خۆویستدا بەدی بێنێت. چونکە مرۆڤ پێش ئەوەی کە هاوڵاتی بێت، هەر بە خەسڵەت بۆرژوایە. هەر بۆیەش شۆڕشێکی بۆرژوازی چارەسەر نییە، بەڵکو پێویستی بە شێۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە. گشت خەباتە رزگارکەرەکان لە چوارچێوەی جیهانی مرۆڤیدایە و پشت بەستراو بە پەیوەندییە مرۆڤییەکانە. کاتێك کە مرۆڤ دەسەڵاتی جەبری هێزی کۆمەڵایەتی ناسیی و زانیی کە چ هێزێکی گەورە و شاراوەیە، ئەگەر بێتو بەتەواوی بناسرێت و رێکبخرێت، بە چەشنێك کە هێزی کۆمەڵایەتی خۆی لە هەیکەلی دەسەڵاتی سیاسی جیابکاتەوە، ئەوکات مرۆڤ رزگار دەبێت.

مارکس ئەم بابەتە، واتە پرسی رزگارکردنی مرۆڤ بۆ رەخنەگرتن لە «فەلسەفەی حەقی هیگل» بە جیدی بوونێکی زۆرتر بە دوادا دەچێت. ئەو لە ئەزموونەکانی



شۆڕشی فەڕەنسا بەو بەرەنجامە دەگات کە لە ئەڵمانیادا، باردۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ئابووری رەخنە هەڵگرە، بەڵام چاوەڕوانی شۆڕشێکی سیاسی ناکرێت، چونکە هێشتا چینێك کە نوێنەری گشت کۆمەڵگا بێت بەدی نەهاتووە. کەواتە چونکە ئومێدی شۆڕشێکی سیاسی بەم چەشنە لە حاڵی حازر لە ئەڵمانیادا بوونی نییە، دەبێ چاوەڕوانی شۆرشێکی جیهانی بین. ئەڵمانیا ناتوانێت شۆڕش بکات تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە، کۆمەڵگای ئەڵمانی لە بونیات و بنەمادا بگۆڕدرێت تا شۆڕش رووبدات. لەم بارەوە مارکس ئەرکی فەلسەفە و ئەو چینەی کە ئەرکی شۆڕشی لە ئەستۆ دایە، دیار دەکات:

«چینێك بەتانوپۆی قووڵ، چینێك لە کۆمەڵگای بۆرژوازی، کە لە بنەڕەتدا لە روانگەی بۆرژوازییەوە بەچین ناژمێردرێت و ئەمەش بارودۆخێکە کە گشت بارودۆخەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. پانتاییێك کە ئێشە گشتییەکان، دەبێت بە خەسڵەێکی گشتگیر کە خۆی بەخاوەن مافێکی تایبەت دەزانێت، دۆخێك دێتە ئاراوە کە پرۆلتاریا بتوانێت لەم مافە تایبەتە سوود وەرگرێت و دیسپلینی بەرقەراری جیهان بروخێنێت و بوونێتی خۆی رابگەیەنێت. لەم حاڵەتەدایە کە بەڕاستی دیسپلینی جیهان هەڵدەوەشێتەوە و رێگا بۆ حکوومەتی پرۆلتاریا ئامادە و کراوە دەبێت».

بەم رستانە مارکسی (٢٥)ساڵە بەو ئومێدە بوو کە هاوبیرانێك بدۆزێتەوە تا شۆڕش خێراتر و بە هێزتر بە ئامانج بگات. دوای دوو ساڵ واتە (١٨٤٥) لەنامەی (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)دا مارکس هەڵوێستەکانیی دەگۆڕێت و تاڕادەیەك رەوتی بۆچوونەکانی قایمتر دەکات. ئەو لەم قۆناغەی فەلسەفیدا، روو لە مادده و ماتریالیزمی مێژووی دەکات و بەم جۆرەش لە ئایدیالیزمی ئەڵمانی دوور دەبووە. بەواتایەکیتر لە باڵی راستی هیگلیانیزم بۆ باڵی چەپی مەیلدار دەبێت. مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەڵێت:

«بەهەرحاڵ، لەهەر بوارێکدا مرۆڤەکان دەتوانن ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆ خۆ دروستبکەن. هەروەك چۆن ژینگە و کێشەکانیشی لە ژیانی مرۆڤدا کاریگەرییان

دەبێت. کەواتە پێویستە گرنگترین کاری سیاسەت ئەوە بێت کە بتوانێت و لە توانایيدا بێت، رەوشی ئەمڕۆیی ژیانمان بگۆڕێت و لەگەڵ رەوش و بارودۆخی خواستراودا هەماهەنگ بکات» هەر لەم نامەیەدا، رەخنەی توند ئاراستەی دەوڵەت دەکات:

«دەوڵەت شتێك نییە، جیا لە دامەزراوێك کە بۆرژوازی بۆ گەرەنتی کردنی خاوەندارێتی و بەرژەوەندییەکانی خۆی، چ لە رووی بەرژەوەندی ناوخۆیی و چ لە رووی بەرژەوەند دەرەکی، بە بوونی هێناوە».

لە نامەی «رەخنەگرتن لە پرۆگرامی گۆتر» دژایەتی کردنی دەوڵەتی بە شێوازێکیتر دەردەبڕێت: «دەوڵەتی ئەمڕۆ .... ئەفسانەیێکە. ئەگەرچی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان میتۆد و کلتوری جیاوازیان هەیە. بەڵام هەموویان لە پرەنسیپێکدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە هەموویان پشت بەسترا و بە کۆمەڵگاگەلی بۆرژوازین. ئەگەرچی لە رووی گەشەی سەرمایەدارییەوە لێك جیاوازن، بەڵام لە رووی هەڵسوکەوت هەموویان یەکسانن. ئەگەرچی دام و دەزگای دەوڵەت ئەمڕۆ رەگی لە کۆمەڵگای بۆرژوازی دایە، بەڵام بەهەرحاڵ لە داهاتوودا بەناچاری ژاکاو و وشك دەبێت».

هەر ئەم بابەتە ئەنگلز لە (ئانتی دورینگ)دا دەڵێتەوە: «دەوڵەت ناروخێت، بەڵکو دەمرێت».

تاقمێك لە شیکاریستەکانی بیروبۆچوونەکانی مارکس، خاڵی ئەم گۆڕانکارییانە، ساڵی ١٨٤٩ واتە ساڵی بڵاوکردنی «مانفێستی پارتی کۆمۆنیزم» دەزانن، کە بە کردەوە، پەیڕەو و پرۆگرامی حزب دەردەکات.

### - را و پێداچوونەوە لە مارکسیزمدا

ئەگەرچی مارکسیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، بە شێوەیەکی فراوان لە ئەوروپادا تەشنەی سەند و ڕاکێشی بەخۆوە بینی، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، رووبەڕووی گۆڕنکاری وەها هات کە دەتوانین لە شێوە جۆراوجۆرەکانی ناوببەین. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە هەندێکیان لە چوارچێوەی



وێناکانی خودی مارکس و ئەنگلیزیش تێپەڕین، تارادەیەك کە ئالۆزیی مارکسیستەکانی بەدیهێنا.

دوای ئەم پێشەکیە کورتە کە بە پێویست دەزانرا، پێویستە بڵێین ئامانجی ئێمە لەم نووسینەدا، بە شێوەی راستەوخۆ بیروبۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلیز نییە، بەڵکو مەبەست زۆرتر مارکسیزم لە سەدەی بیستەمە. کەواتە لەگەڵ روونکردنی چەمکی مارکسیزم، دەڕوانینە مارکسیزم و گۆڕانکارییەکانیشی لە دەیەی بیستەمدا.

گرنگترین بیردۆزەکانی مارکسیست کە لە رووی تیۆردانان یان لە پراکتیکدا پێگەی تایبەتیان بەدەستهێنا، بریتین لە: بیردۆزانی ئەڵمانی، نەمسایی، فەڕەنسی و ئینگلیزی[1]، کە روانینێکی پوخت بۆ بیروبۆچوونکانی هەر یەکەیان پێویستە.

### ١. سۆسیالیزم لە ئەڵمانیا

لەوانەیە پێشبینییەکانی ئەنگلیز سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی پرۆلیتاریا بە حەقیقەت دەگەیشت، ئەگەر گوشارە لە رادەبەدەرکانی پۆلیس لەساڵی (١٨٨٧)دا، کە یاسای رێ گرتن لە چالاکی (پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی ئەڵمانیا) دارێژرا و بە (یاسای سۆسیالیستەکان) ناسرا، رووی نەدابا. هەڵبەت لەلایەکیترەوە گۆشاری حکوومەت و دەسەڵات بۆ سەر یاسای سۆسیالیستەکان بوو بە هۆی بەهێز بوونی روحی مارکسیستی لە حزبدا. ئەگەرچی پارتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا (spd) هەرگیز نەبوو بە پارتێکی تەواو مارکیستی. بەڵکو ئەم پارتە، پلە و پێگەی خۆی بە گونجان لەگەڵ رەوشە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەگۆڕی. بەواتایەکیتر، تیۆرییە کاریگەرە رەوشتییەکان و مرۆڤگەرایی سۆسیالیستی لەگەڵ چاکسازی کردن لە رووی پراکتیکدا، تێکەڵ بەیەکدی کرد. لە دەیەی نۆیەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەم روانگەیە بە یارمەتی وەرگرتن لە پێداچوونەوە خوازی کامڵ کرا.

---

1. vision and revision

مشتومڕە سەرەتاییەکانی پێداچوونەوە خوازی بە باسگەلێك کۆتاهات کە لە بەرەنجامدا رۆشنبیرانی حزب، پێگە و رێبازی داهاتووی حزبیان دیارکرد. لەم قۆناغەدا ئەندام و لایانگرە ئاساییەکانی حزب بەشدار نەبوون. سیفەتی جیاکەرەوەی ئەم قۆناغە پێداچوونەوە خوازی لەکۆنگرەی میونیخ لە ساڵی (١٩٠٢) دا روونکرایەوە. لەم کۆنگرەیەدا رۆشنبیر و زانایانی حزب راسپێردران پێش گرێدانی گۆنگرەی ئایندە، لە پێش کۆنگرەیەکدا، گشت ناکۆکییە سەرەکییەکانیان سەبارەت بە پرسەگرنگەکانی حزب چارەسەر بکەن تا کۆنگرەی سەرەکی کێشەی لەبەردەم نەبێت.

پێویستە ناسراو و گرنگترین وتەبێژی پێداچوونەوە خوازی (ئەدوارد برنشتاین) لە دایکبوون بەرلین بزانین. ئەو سەرەتا بوو بە سکرتێری تایبەتی (کارل هۆشبرگ)، سۆسیالیستی رەوشتگەرا کە لەو بڕوایە دابوو پێوستە حزب لە رێگەی چاکسازی بەرەو پێشەوە ببرێت. برنشتاین لە ساڵی (١٨٨٠) سەر نووسەری رۆژنامەی حزبی لە زوریخ بوو دواتر لە لەندەن تا ساڵی (١٩٠١) لەم کارەدا مایەوە. برنشتاین سەبارەت بە گفتوگۆکانی پێداوچوونەوە خوازی لە پایزی (١٨٩٦)دا، دەستیکرد بە نووسینی زنجیرە وتارێك لە رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) لە بارەی تیۆری پارتی سۆسیالیست و پرسەکانی سۆسیالیزم و لە ساڵی (١٨٩٩)دا وەك پەرتووکێك بە ناونیشانی (بارودۆخی سۆسیالیزم) و (ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی) بڵاوکردەوە. بەم شێوەیەش بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە پێداچوونەوە خوازی لە مارکسیزمدا، بە روونی خستەڕوو. سەرەتا گرنگی بە بۆچوونەکانی نەدرا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ لە لایەن (رۆزا لۆگزامنۆرگ)ەوە رووبەڕووی رەخنەی توند هات. لەم قۆناغەدایە کە برنشتاین لە ساڵی (١٨٩٨)دا پێش گرێدانی کۆنگرەی پارتی سۆسیال دیموکرات، [هاوکات] لەگەڵ بەڵگاندندی بۆچوونەکانیی، بە وردیش دەیانخاتەروو. لە هەردوو پەرتووکی (بارودۆخی سۆسیالیزم) و (ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی)دا دەڵێت:



« قەیرانی کۆمەڵایەتی بەو جۆرەی کە لە مانفێستی کۆمۆنیزمدا پێشبینی کراوە نایێتەکایەوە و ئەمە زۆر منداڵانە و تەنانەت بێ بەرەنجامیشە ئەگەر ئێمە ئەم بابەتە بشارینەوە» بۆ سەلماندنی قسەکانیی لە درێژەدا دەڵێت:

«ژمارەی خاوەن سامان لە زیاد بووندایە و بە هیچ جۆرێك کەم نەبووەتەوە. زیاد بوونی لە رادەبەدەری سامان لە کۆمەڵگادا، نەك تەنیا چڕ و کۆنەکراتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ژمارەی سەرمایەداران لە ئاستی جۆراوجۆردا لە زۆر بووندایە. چینی ناوەندی نەتەنیا لاواز نەبووە، بەڵکو تەنیا خوو و کەسێتی خۆیان گۆڕیوە، سەرەڕای ئەمەش، رەوتی چەق بەستنی بەرهەم هێنان زۆر جیاوازە لەوەی کە لە مانیفێستدا پێش بینی کرا بوو».

لە پانتایی سیاسیشدا، بە روونی دەبینرێت کە ئیمتیازاتی سەرمایەداریی بۆرژوازی لە گشت وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بەرەبەرە لەگەڵ [بنیاتنانی] دام و دەزگا دیموکراتیکەکان قایمتر دەبێت. لەکاتێکدا کە بزاڤە کرێکارییەکان بەردەوام بە خێراییەکی زۆرتر چالاك دەبن. ئەمەش نیشاندەری پەرچەکرداری دوو لایەنەی کۆمەڵایەتییە لە دژی تاڵانکردنی سەرمایەداری کە بەرقەرار نەبووەو تا هەنوکەش توانای بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداری بەدەست نەهێناوە. هەروەك چۆن ناوەندگەلی زۆرتر دەستڕۆییان لە ژیانی ئابووریدا لەدەست دەدەن.

برنشتاین پێش هەر شتێك ئاماژە دەدات بۆ بەدیموکراتیزەکردنی ناحیەکان، رۆڵی سەندیکا کرێکارییەکان، داڕشتنی یاسای پیشەسازی و کارگەکان کە پێشگیرە لەبەردەم چەوساندنەوەی پرۆلیتاریادا. بەواتایەکیتر لە روانگەی برنشتاین گشت بابەتە سەرەکی و گرنگەکانی کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا بە مەترسییێکی کارەسات بار دەژمێردران، بەردەوام لەکەم بوونەوەدایە. بەم شێوەیەش ناتوانین ئەو، بە لایەنگری (تیۆری کارەست بار)ی سیاسی بزانین، کە بەپێی ئەم تیۆرییە کۆمەڵگا لە دۆخی دوو جەمسەر بووندایە و پرۆلتاریا بە ناچاری بە شۆڕشێکی خێرا و توندوتیژانە بە رووخانی سەرمایەداری و سەرکەوتنی سۆسیالیزم دەگات. برنشتاین

پارتی سۆسیال دیموکراسی -بووبە پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا- بەپشتبەستن بە فۆرمۆلی ئەنگلز شرۆڤە دەکات. ئەنگلز وتبووی:

«هێشتا بۆ ئەوەی کە بتوانرێت کرێکاران لە رووی سیاسییەوە رێك بخرێن و بۆ سیستەمێکی دیموکراتیك پەروەردەو ئامادە بکرێن، رێگایەکی دوور درێژ لە پێشە. هەروەك چۆن بۆ چاکسازی لە دەوڵەتدا پێویستە خەبات و چالاکیگەلی زۆر بگێڕدرێن تاکرێکاران بتوانن ستراکتۆری دەوڵەت بروخێنن و بە شێوەیەکی دیموکراتیك دەوڵەتێکی نوێ بنیات بنێن».

برنشتاین ئەم تیۆرییەی لە وڵاتانی رۆمەن و لاتین[1] کە لە رووی نەریت و پیشەسازییەوە، تیۆری کارەساتبار لە بارەیاندا راستتر دێتەوە، بەرفراوان دەکات و دەڵێت: «پێداچوونەوەخوازی سەبارەت بەم جۆرە وڵاتانەش پێویستە». بەم چەشنەش برنشتاین ئاراستە و کۆتایی مارکیسزم دەگۆڕێت و، لەراستیدا بۆ چوونەکانی بە کورتی و پوختی بە کۆنگرە رادەگەینێت. لە زنجیرە وتارەکانی ئاماژە پێکراو، برنشتاین بە ئاماژەپێکردن بە گەشەسەندن و فراوانبوونی بازاڕی جیهانی هاوکات لەگەڵ تەشەنەکردنی لە رادەبەدەری سەرمایەی ئەوروپی و کاریگەری لەسەر توانایی و هەستەیاری سیستەمی نوێی بانکی و هەروەها سەرهەڵدانی کارتەلەکان، بەو بەرەنجامە دەگات کە لەماوەیەکی درێژخایەندا لە رووی ئابوورییەوە، چیتر قەیرانە بازرگانییەکان بە شێوەی پێشتر روو نادەن و تەنیا وڵاتانی تازە پێگەیشتووی سەرمایەداری، لەوانەیە لەم جۆرە قەیرانانە تووشی زیان ببنەوە و وڵاتانی کۆنی سەرمایەداری کە بناغەیان قایم کردووە، بە هیچ شێوەیەك لەم قەیرانانە ئازار نابینن.

هەڵبەت پێویستە رەچاوبکرێت کە ئەگەر برنشتاین بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆرژوازی قایل بەم چەشنە خۆگونجاندن و کامڵبوون لە ناوەوەی سیستەمدایە، بەومانایە دێت کە ئەو ژیانی ئەم سیستەمە بە سەقامگیر نازانێت. هەروەك دەڵێت:

---

١. مەبەست وڵاتانی لاتینی زمانەن، بە پلەی یەکەمین ئیتاڵیا و ئسپانیا و رۆژهەڵاتی ئەوروپا.



«بەڵگەنەویستە سەرمایەداریش لە دوای گشت ئەزموونە مێژووییەکان بە رابردوو (مێژوو) دەسپێردرێت و سەرەنجام جێگیری دەبێتەوە». لەم بارەیەوە و بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم لە سالی (١٩٩٨)دا لە وتارێك بە ناونیشانی (خەباتی سۆسیالیزم و شۆڕشی کۆمەڵایەتی) دا دەڵێت: من بە راشکاوی دەڵێم، ئەم شتەی کە وەك مەبەست و ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم باسی لیدەکرێت، بەهایەکی زۆرکەمی پێدەدەم، چونکە ئامانج هەر چییەك بێت، ناتوانێت گشت بزاڤ لە خۆ بگرێت. بزاڤی راستەقینە لە روانگەی منەوە بزاڤێکە، گشتگیر بە ئاراستەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاندان و پشێوی [خستنی] سیاسی و ئابووری هاوشان بە دیسپلین بۆ گەیشتن بە گەشەسەندن و پێشکەوتنی راستەقینەی گشت کۆمەڵگا». وا دێتە بەرچاو، ئەم قسانە وەڵامێکی رەتکەرەوەی لەسەرەخۆیە بۆ کۆمەڵگای بێ چین و گەرانەوەی تەواو بۆ چاکسازیگەلی کاریگەرانە لە پێناو نەهێشتنی ناکۆکیگەلێك لە بیرکردنەوەکانی مارکسیزمدا. لەراستیدا، برنشتاین خۆی بە بەرپرسیار دەزانی کە لە هەمبەر رێبازی سۆسیالیزم و ئامانجە راستەقینەکانی بێ دەنگ نەبێت. لە روانگەی ئەو ناوەرۆکی سۆسیالیزم، هەوڵدان و گەیشتن بە پرسە بنەڕەتییەکانی بوو لە پێناو ئێستا و داهاتووی نزیکدا.

برنشتاین لەوبڕوایەدابوو کە دەستڕۆیی سۆسیال دیموکراسی چەندین جار زۆرترە [لە سۆسیالیزم] ئەگەر بوێرابا خۆی لە کۆت و بەندی دەستەواژە دارشتن و دەربڕین و لێکدانەوەی ناواقعییەکان رزگار کردبا. تەنیا واقعییەتە دەتوانێ حەقیقی بێ، (واتە پارتی چاکسازی سۆسیال دیموکراسی). لێرەدایە کە بەراشکاوی خۆ دوورخستنەوە و خۆپارێزی برنشتاین لە ئایدیالیزمی ئەڵمانی و هیگل دەبینین. بەبلاوبوونەوەی ئەم بابەتانە برنشتاین لە نێوان گەنجانی رۆشنبیردا راکێش و پێگەیەکی تایبەتی بەدەستهێنا و، هەر لەم بارەیەوە بۆ خوێنەرانی بیروبۆچوونەکانی هەستا بە دەرکردنی گۆڤاری مانگانەی (سۆسیالیست)، بەڵام لەگەڵ ئەمەش نەیارانی کەم نەبوون. لە کۆنگرەی حزبدا کە لە (هانڤێر) لە سالی (١٨٩٩)دا گرێدرا، (ئاگۆست بێل) لە

وتارێکی دوورودرێژ و پوختدا، هەڵوێستی خۆی لە برنشتاین جیاکردەوە و بە دەرکردنی بڕیارێك، کۆتایی بە وتارەکەی هێنا. ئەو بە روونی و راشکاوی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پارتی سۆسیالیستی ئەڵمانیا و بۆ کۆمەڵگای داهاتووی راگەیاند. (بێبل) وتی حزب لە رەوتی پێگەیشتن و کامڵبوونیدا، تا ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵگای بۆرژوازی و باوەڕەکانی هیچ جۆرە پاڵنەرێکی نەبووە و نییەتی، هەر بۆیەش ناتوانێت هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و باوەڕەکانی لە دەستبدات. چونکە ئەم [کارە] خەیانەتە بە مارکسیزم. لەهەمان کاتدا جەخت لەوە دەکرا کە، حزب لایەنگری شۆڕشی توندوتیژانە نییە. ئەگەرچی پرەنسیپەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆشی هەموار ناکات و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سوود لەهەر ئامرازێك وەردەگرێت.

بەم جۆرە، هەڵوێستی بێبل سەبارەت بە هەندێ لە پرەنسیپەکانی حزب، لە هەمبەر و دژ بە بیروبۆچوونەکانی برنشتاین راوەستا. ئەگەرچی لە نێوان ئەم دوو ئەندامەی پارتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا لێك دوور بوونەوەیەك هاتەدی، بەڵام بێبڵ یەکبوون لە حزبدا گرنگترین لەوەی دەزانی کە رووبەڕووی مەترسی بکاتەوە، سەرەڕای ئەمەش برنیشتاین پێشتر لە هاوکارە نزیکەکانی ئەنگلز و لە خاوەن رایە بەرجەستەکانی سۆسیال دیموکراسی لە ئەڵمانیادا دەژمێردرا و دژایەتی کردنی کارێکی ئاسان و عەقڵانی نەبوو. بەهەرحاڵ، لە کۆنگرەی داهاتووی حزبدا، پێداچوونەوە خوازی بە زۆرینەی دەنگەکان مەحکووم کرا. بەواتایەکیتر کاربەدەستە حزبییەکان کە لە گۆنگرە حزبییەکاندا پێگەیەکی گرنگیان هەبوو، بەردەوام جەخت لەسەر هەڵوێستی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکیسان دەکرد و لەسەریشی مانەوە.

هەروەك چۆن لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هەندێ لە دەرچووانی زانکۆ کە جیاوازی لە میتۆدی بەڵگاندن و لێکدانەوە لە بیروبۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلزیان وەلانابوو (واتە باڵی ئاکادیمیکی سەندیکای کرێکاران و رێکخراوەکانی حزبی سۆسیالیستی باشووری ئەڵمانیا) بەردەوام هەڵویستی دژە پێداچوونەوە خوازیان لە خۆدەگرێت.



بە ناوبانگترین وتەبێژی دژەپێداچوونەوەخوازی لە بیروبۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلیزدا، (کارل کائۆتسکی) یە. ئەو لە ساڵی (١٨٥٤) لە پراك لە دایك بوو. لە ساڵی (١٨٧٥) پەیوەندی بە سۆسیال دیموکراتەکانی (ڤیەنا)ی کردوو لە ساڵی (١٨٨١) دا بوو بە سکرتێری ئەنگلز. کائۆتسکی لە ساڵی (١٨٨٣) دا، واتە ساڵی کۆچی دوای کردنی مارکس، هەستا بە بەڵاوکردنەوەی کۆڤاری سۆسیال دیموکراسی (سەردەمی نوێ) کە تا ساڵی (١٩١٧) خۆی سەرپەرشتی ئەم گۆڤارەی دەکرد. کائۆتسکی گرنگترین ئامادەکاری (پرۆگرامی ئێر فۆرت) و بەرجەستەترین بانگەشەکاری سۆسیال دیموکراسی بیرەکانی مارکسیستی لە ئەڵمانیادا بوو. ئەو لە بەرهەڵستکارانی سەرسەختی پێداچوونەوەی برنشتاین و رادیکالیزمی رۆزا لوکزامبورگ بوو. کائۆتسکی لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی سەربەخۆیی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان (VSPD) لە ساڵی (١٩١٧) دا ئەندامی ئەم پارتە بوو. ئەگەرچی دژی باڵی رادیکالی سۆسیال دیموکراسی بوو هەربۆیەش دووبارە پەیوەندی بە (SPD)ەوە کرد. هەروەها کائۆتسکی بلشفیزمی رادیکال و توندخوی رەت دەکردەوە و خوازیاری سەرکەوتنی سۆسیالیستەکان لە رێگا دیموکراتیکەکانەوە بوو. لە ساڵی (١٩٣٨) دا بۆ ئامستردام رۆیشت و هەر لەوێ کۆچی دوای کرد.

کائۆتسکی هەرەس هێنانی سەرمایەداری خێراتر لەوەی کە برنشتاین بۆی دەچوو پێشبینی دەکرد. بە بۆچوونی ئەو ئەرکی حزبە کە بە رەوتی کامڵبوونی کۆمەڵگای سەرمایەداری خێرایی ببەخشێت. تاکو رووخانی [کۆمەڵگای سەرمایەداریی] خێراتربێت.

بە بۆچوونی کائۆتسکی دژیەك بوون لە رەوتی کامڵبوونی تیۆرییەکانی مارکس و ئەنگلزدا بوونی نییە و برنشتاینی تاوانبار دەکرد کە بیرو بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلزی بە داتا ئامارییەکان نادروستانە لێکداوەتەوە.

لە ساڵی (١٨٩١)دا کۆنگرەی حزب لە شاری ئێر فورت بڕیارگەلێکی لە (SPD) دا دەرکرد کە بە(پرۆگرامی ئێرفورت[1]) ناوی دەرکرد. ئەم پرۆگرامە

١. ئەم پرۆگرامە لە ساڵی ١٩٢١ دا جێی خۆی بە پرۆگرامی (گورلیتس) دا. پرۆگرامی گۆرلیتس لە نێوان ساڵانی (٢٥ -١٩٢١) پەیڕەو و پرۆگرامی (SPD) بوو کە تیایدا بڕیاردرا پێداچوونەوە لە

جێگیری پرۆگرامی گۆترا کرا کە لە ساڵی (١٨٧٥)دا پەسەندکرا بوو، بەشە تیۆرییەکەی لەلایەن کائۆتسکی و بەشە پراکتیکەکەی لەلایەن برنشتاین ئامادە و پۆڵین کرابوو. لە پرۆگرامی ئێر فۆرتدا جەخت لەوەدەکرا، کە چینی کرێکار تەنیا کاتێك دەتوانێت خاوەندارێتی ئامرازە بەرهەمهێنەرەکان بەدەست بێنێت و لەسەری بمێنێتەوە کە دەسەڵاتی سیاسیش دەستەبەر کرابێت. لە راستیدا هەروەك باسمانکرد بەشی تیۆری پرۆگرام کە پشکێکی کاریگەری لە هزری حزبدا هەبوو لەلایەن کائۆتسکییەوە ئامادەکرابوو. کائۆتسکی جەختی لەسەر بۆچوونەکانی مارکس دەکردووە سەبارەت بەبوونی سەرمایە و لە بەرەنجامدا کامڵبوون و وەرچەرخانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆرژوازی و ئەو بەرەنجامەی کە پێی دەگات ئەوە بوو کە پێویستە سیستەمی هەڵبژاردن دیموکراتیزە بکرێت، بەچەشنێك کە گەل مافی چارەنووسی خۆی بەدەست بێنێت و هاوپەیمانی پارتەکان و ئازادی کۆبوونەوەکان گەرنتی بکرێت تا لە کۆتاییدا بە شێوەیێکی راستەقینە خاوەندارێتییە تایبەتییەکان بۆ خاوەندارێتی گشتی بگۆڕدرێت. کائۆتسکی حزبی لە کردەی خۆسەرانە و بڕیاری خێرا و ناعەقڵانی ئاگادار دەکردووە و لەم باریەوە دەڵێت: چاکسازی کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوەی کە هەلومەرجێکی تایبەت بەسەر بارودۆخی [کۆمەڵگادا] زاڵ بێت، مومکین نییە. ئەگەرچی دان بەوە دەنێت کە بە هیچ جۆرێك دیارنییە، چ کات و چۆن دەسەڵاتدارێتی پرۆلتاریا بەرقەرار دەبێت. ئایا وەك گژەبایەکی تەشەنەکراو و تۆڕە یان وەك کارەساتگەلی بەدوای یەك، یان لەسەرەخۆ و بەرەبەرە و بەخزێنراوی دەسەڵاتدارێتی خۆی دەردەخات؟ ئەو لەو بڕوایەدا بوو سۆسیالیزم بە دامەزراندنی

---

پرۆگرامی ئێر فۆرتدا بکرێت. ئەم پرۆگرامەش لە ساڵی ١٩٢٥دا گۆڕدرا بۆ پرۆگرامێکیتر بەناوی (پرۆگرامی هایدلبرگ) کە لە سەردەمی کۆماریی وایمار پلان و نەخشەی سەرەکی مارکسیستی بوو. لەم سەردەمەدا، حزب پەیڕەوی لێدەکرد. بەگشتی ئامانجی ئەم پرۆگرامە لێکدانەوەی چاکسازییەکان بوو.



پیشەسازی گەورە و سەرەکییەکان، مومکین دەبێت. واتە هەلومەرجێکی تایبەت ئەگەرەکانی بەدیهاتنی سۆسیالیزم فەراهەم و لە بەرەنجامدا مومکین دەکات. بەم جۆرەش ئەو دژایەتی خۆی لە هەمبەر بیروبۆچوونەکانی (لێنین) و سەرکردایەتی تاقمی نوخبە و بەڕێوەبەر، کە جەماوەرە رێك نەخراوەکان و بێ ئاگا لە سۆسیالیزم و ژیانی کۆمەڵایەتی رێك دەخات و بەرەو شۆڕش رێبەرایەتی دەکات، دەردەبڕێت.

کائۆستکی دژی رێکخستنی نهێنی و تیرۆریستی جەماوەریانەیە. چونکە بە گەورەترین دوژمنی دیموکراسی دەیانزانێت. لە کاتێکدا کە دیموکراسی لە ناوەوەی سۆسیالیزمدا جێگیر بووە و یەکێك لە توخمە بنەڕەتییەکانێتی. بەگشتی کائۆتسکی سۆسیالیزمی بێ دیموکراسی، بە حکوومەتی کەمینەی رەها دەزانێت کە لە رێگەی هەڵخەڵەتاندن، بەناوی سۆسیالیزمەوە حکوومەت دەکات. لێرەدا دژایەتی ئەو لە هەمبەر شۆڕشی سیاسی توندوتیژانە بە روونی دەردەکەوێت.

کائۆتسکی لەو بڕوایەدایە، پێویستە سۆسیال دیموکراتەکان لەرێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و جەماوەریانە (دیموکراتیك) هەوڵ بدەن زۆرترین ژمارەی کورسییەکانی هەڵبژاردن لە پەرلەماندا بەدەست بێنن و بەم شێوەیە بە پشتیوانی پرۆلتاریا دەسەڵاتدارێتی خۆیان سەقامگیر بکەن و لە کۆتایدا بە ئامانجیان واتە سۆسیالیزمی دیموکراتیکی پرۆلتاریای بگەن.

بەهەرحاڵ، دەبێ پەسەند بکەین کە پێداچوونەوەخوازان لە بیروبۆچوونەکانی مارکسدا، بەرجەستەترین و دەسترۆترین توخمەکانی حزب بوون. بەدەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی و کێشەکانی پێش ئەم شەڕە لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپیدا، باڵادەستی پێداچوونەوەخوازان لە حزبدا بە تەواوی هەست پێدەکرا. لەم قۆناغەدا خستنەڕوو و خوێندنەوەی پرسێکی کۆنیش بەپێویست دەزانرا. ئەویش پەیوەندی و لێك نزیکی لە نێوان فەیلەسووفەکانی نیوکانت و بیروبۆچوونەکانی مارکس بوو کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدابوو. پێداچوونەوە خوازان پشتگیری ئەو فەیلەسووفانەیان بەدەست هێنا کە لەم کاتەدا، پشتیوانیان لە رووە ئاکارییەکانی

سۆسياليزم دەكرد و بە تايبەتيش جەختيان لەسەر بيروبۆچوونەكانى كانت و بەهامرۆڤايەتييەكان دەكردەوە.

(كۆهن) دامەزراێنەرى قوتابخانەى نيوكانتى، لە ماربۆرگى ئەڵمانيا، لە پەرتووكيدا بە ناوى «رەوشى ويستى بێگەرد» كە لە ساڵى (١٩٠٤) دا بڵاوى كردەوە. دەڵێت:

«دەوڵەتى تەواو ياسايى، وێناى يەكسانى كۆمەڵايەتى بەدى دێنێت».

لە گرنگترين و بەناوبانگترين پەيڕەوانى ئەم رێچكە هزرييە دەتوانين مێژوونووسى فەلسەفە، [دانيشتوى] مار بۆرگ و بڵاوكەر و شرۆڤەكەرى بيروبۆچوون و نووسينەكانى كانت، واتە (كارل ڤۆڵەندر) ناو ببەين كە جەخت لەسەر بەردەوامبوونى رێنماييەكانى تيۆرييەكانى سۆسياليزم دەكات. ڤۆڵەندر توێژينەوەى زۆرى لەبارەى تێكەڵ بە يەكدى بوونى تيۆريەكانى كانت و ماركس ئەنجامداوە، كە دەتوانين ئاماژە بە (كانت و سۆسياليزم) كە لە ساڵى (١٩٠٠) دا نووسراوە، هەروەها (كانت و ماركس) كە لە ساڵى (١٩١١) دا بڵاوكرايەوە، بكەين. نووسەرێكيتر كە دەتوانين لەم بارەيەوە ناوى ببەين (شتاينگر)ە كە بە قووڵى گێرۆدەى [بابەتەكانى] رەوشت و سياسەت و بنەماكانى كلتوريى سياسەت ببووە و بەم بەرەنجامە گەيشت كە لە كۆتاييدا رێنماييەكانى كانت بە ماركس دەگات.

دامەزراندنى هەرەوەزييەكان، بەتايبەتيش هەرەوەزى بەكاربردن، سەرنجى شتاينگرى راكێشا. ئەو بەو بەرەنجامە گەيشتبوو كە هەرەوەزييەكان، نە تەنيا دەبنە هۆى كەمبوونەوەى تێچوون لەبەرهەم هێناندا، بەڵكو نياز بۆ سەرمايە و بەها رووكێشەكەى كەم دەكاتەوە. بەم چەشنەش رووە رەوشتييەكانى بەرهەمهێنان و بەكاربردن زۆرتر پارێزراو دەبێت. سەرەڕاى ئەمەش لە كۆمپانيا هەرەوەزييەكاندا، بەڕێوەبردنى كاروبارەكان زۆرتر لە كۆنترۆڵى ئەندامانيدا دەبێت. بە كورتى لە روانگەى شتاينگر بنياتنانى هەرەوەزى دەبێتە هۆى نەهێشتنى زۆربەى پێداويستە فەرهەنگى و ئابوورييەكانى كۆمەڵگا.



تيۆرى شتاينگر رێك لە هەمبەر تيۆرى (ململانێ لە سيستەمى سەرمايەداريدا) دەوەستێت و لە سۆسياليزمى ماركسيستى نزيك دەبێتەوە. هەروەك باسمانكرد، پێداچوونەوەخوازان پشتيوانى ئەم توێژەر و فەيلەسووفانەيان [ئەوانەى لەسەرەوە ئاماژەمان پێكرد] بەدەستهێنا. هەروەك چۆن كێشەكانى شەڕى بە كەمى جيهانى يارمەتيدەرى ئەم رەوتە بوو.

## ٢. سۆسياليزم لە نەمسا ( ئەسترۆماركسيزم)[١]

بيروبۆچوونەكانى نيوكانتى بە ئەسترۆماركسيزم ناسراوە. دامەزرێنەرى ئەم تيۆرييە لە نەمسا (ماكس ئادلێر)، كۆمەڵناسى ناسراوى (ڤيەنا) يە. ئەو لە ساڵى (١٩٠٤)دا بەهاوكارى (هيلفردينگ) سياسەتمەدار و بيردۆزى ماركسيتى نەمسا هەستا بە بڵاوكردنەوەى زنجيرە وتارێك پەيوەست بە توێژينەوەكانى ماركسيستى ئەم دوو بيرمەندە لە رۆژنامەى سۆسيال ديموكراسى نەمسا باسيان لە (تيۆرى و سياسەتى سۆسياليزمى زانستى) كرد. ئادلێر لە زۆربەى وتارەكانيدا هەوڵيدا، ماركسيزم بە روحى كانتى سەر لە نوێ بنيات بنێتەوە. ئەو دژى ماترياليزمى پەتى بوو. هەر بۆيەش هەستا بە شرۆڤەكردنى پەيوەندييە ئابوورييەكان و بەم بەرەنجامە گەيشت كە دەبێ پەيوەندييە ئابوورييەكان لە كۆتايدا، پەيوەندييە مەعنەوييەكان بێت. بەواتايەكيتر ئەو لەو بڕوايەدابوو كە هێزە بەرهەم هێنەرەكان بە پلەى يەكەم، دەروونناسانەن و دواتر فيزيكى. ئەگەر ماركس و ئەنگليز بە ماترياليست گريمانە بكەين، دەبێ ئادلێر بە رياليستێكى پۆزەتيڤيست بزانين. هەر بۆيەش ئەو ماركسيزمى بە زانستيانە شيكردەوە. ئەو سەرەتا هەوڵيدا، تيۆرييەكى كامڵ لە كۆمەڵناسى بە ماناى راستەقينەى پێشكەش بكات. لەم بارەوە، بە شێوەيێكى نەرم ونيان بەرگرى لە ئامانجەكانى ماركسيزمى دەكات. ئامانجى ئادلێر گەيشتن بە ديموكراسى كۆمەڵايەتى راستەقينە بوو، كە لە وتارەكانيدا بە ناونيشانى (تێگەيشتن

1. Austrian Astromarxismus بە ماناى وڵاتى نەمسا و ماركسيزم وەرگيراوە.

له دەوڵەتی مارکسیزم) لە ساڵی (١٩٢٢)دا بڵاویکرد. ئەویتریان (دیموکراسی کۆمەلایەتی یان سیاسی) کە لە ساڵی (١٩٢٦)دا بڵاوکرایەوە، هەوڵدەدات دیموکراسی له چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی بێ چیندا شی بکاتەوە. ئادلێر دیموکراسی سیاسی و پرەنسیپی دەسەڵاتدارێتی زۆرینە بە جۆرە دیکتاتۆرییێك دەزانێت کە هێشتا خەسڵەتەکانی دەسەڵاتدارێتی چینایەتی تیایدا لەبەین نەچووە. لەم روانگەیەوە، ئادلێر دیکتاتۆری پرۆلتاری بەهەڵوەشێنەری سیستەمی بۆرژوازی لە چوراچێوە و فۆڕمی دیموکراسی سیاسیدا، دەزانێت.

یەکێکیتر لە بیردۆزە گرنگەکانی سۆسیال دیموکراسی نەمسا (کارل رێنر) یاساناس و ئەندام پەرلەمانی (ڤییەنا) بوو. ئەو لە ژێر کاریگەری زیانەکانی شەڕ بەسەر ئابووریدا، لە ساڵی (١٩١٧) پەرتووکێکی تیۆریك، بەڵام بەهادار و لە پراکتیکدا کاریگەر، بەناونیشانی (مارکسیزم، شەر و نێودەوڵەتان) بڵاوکردەوە.

ئەو جەخت لەسەر دەستێوەردای هەمەلایەنەی دەوڵەت وەك فاکتەرێکی کاریگەر لە ئابووری نەتەوەییدا بۆ نەهێشتنی کێشە ماددییەکانی جەماوەر دەکات و بەم چەشنەش پەیوەندی پرۆلتاریا و دەوڵەت بە پێی بنەمایەکی نوێ دادەرێژێت. لەروانگەی ئەو، چارەنووسی دەوڵەت و پرۆلتاریا هاوشانی یەکن. لۆسەی سۆسیالیزم دەوڵەتە و ئەم لۆسەیە کاتێك کاریگەر دەبێت کە هەموو شتێك خرابێتە ژێر خاوەندارێتی دەوڵەت. پێویستە دەوڵەت وەها بچێتە ناوەوەی قووڵایی پێکهاتەی خانەکانی کەرتی تایبەتدا، کە سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت بەردەوام هەست بە بەرتەسك بوونەوەی قەلەمڕەویی دەسەڵاتی سامان بکە. بەم جۆرەش، مەیلیان بۆ بەرفراوان کردنی کەرتی تایبەت و خاوەندارێتی تاکەکەسی بەردەوام کەم دەبێتەوە. (رێنر) لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بیروبۆچوونەکانی فراوانتر دەکات و دەڵێت: «نابێ سەرمایەداری بە هۆی کێشەکانی ناوەوەی سیستەم روو لە سۆسیالیزم بکات. بەڵکو رەوتی خوازراو ئەوەیە کە، پەرەسەندی کارتەلەکان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی



ژمارەی پیشەسازییە بچووك و مامناوەندەکان. لە بەرەنجامدا، گردبوونەوەیان دەچێتە دەست کۆنترۆڵ و سەرکردایەتی دەوڵەتدا».

رێنر لەو بڕوایە دابوو کە ئەگەر لەم ئیمکاناتانە بە باشی سوود وەربگیرێت ئیتر پێویست بەشۆڕش ناکات.

بیرمەندێکیتری نەمسا کە لەم بوارەدا، هەستاوە بەدارشتنی تیۆر، (ئۆتۆ بایر)ە.

بەبڕوای ئەو، دەبێ دیموکراسی بەپێی پلانێکی دارێژراو واتە بە ئارامی و بە بێ توندوتیژی لە پانتای سیاسییەوە، بۆ پانتای ئابووری نەتەوەیی دزە بکات.

لەساڵی (١٩١٧)دا، (رێنر) سەبارەت بە بەدینەهاتنی پێش بینییەکانی مارکس لەبارەی هەرەس هێنانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و بەڵگاندنەکانیی، روونکردنەوەیەکیدا. هەر لەم بارەیەدا، نووسەرێکیتری ناوداری نەمسایی واتە (رۆدلین هیلفردینگ) لە کۆنگرەی پارتی سۆسیال دیموکراسی، لە ساڵی (١٩٢٧)، لە شاری (کیل) ی ئەڵمانی لە وتارێکی بەناوبانگیدا، بەناوی (ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی لە کۆماردا) لە چوارچێوەیەکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر، لێکدانەوەیەکی لە پێش بینیەکانی مارکس کرد. ئەو لە وتارێکیدا دەڵێت: ((لە حاڵی حازر، قۆناغێك لە سەرمایەداریدا بەدیهاتووە کە دەبێ بە (سەرمایەداری رێکخراو) ناوبرێت. سەردەمی (ئابووری ململانێی ئازاد) بەسەرهاتووە. سەرمایە داری رێکخراو، دەبێتە بەردی بناغەی سۆسیالیزم و بەرهەمهێنانی پلان بۆ دارێژاو، لە بری ئەوەی کە سەرمایەداری بکەوێتە ژێر [کاریگەری ] سۆسیالیزمدا، سەرمایەداری رێکخراو جێی گرتووەتەوە و پێویستە ئەم پرۆسەیە بە کۆمەکی دەوڵەت و بڕیارە ژێرەکانی کۆمەڵگا سەرمایەداری بگۆڕێت و لەناوبرێت».

هیلفردینگ پێشتر لە ساڵی (١٩١٠)دا ، گەڵاڵەی تیۆری — ئەزموونی خۆی لە پەرتووکی (سەرمایەداری ماڵی) دا خستبووە روو. لەوپەرتووکەدا ئەو بەم بەرەنجامە دەگات کە بە هاتنەکایە و تەشەنەکردنی سیستەمی پشك لە کۆمپانیا گەورەکان و بازاڕی بۆرس لە ( ئابووری ململانێ ئازاد) دا، کە دواجار بە سەندیکا ئاسۆیی و

ئەستوونییەکانی، کۆمپانیا ئابوورییەکان واتە کارتەل و تراستەکان، کۆتادێت کە وابەستەیی دوولایانە و چەق بەستووی سیستەمی بانکی دێتەکایەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرمایە پیشەسازییەکان جێیان بە سەرمایە دراڤییەکان بدەن. بە واتایەکی سادەتر، مەبەستی هلیفردینگ ئەوەیە کە، بەرەبەرە سەرمایە پیشەسازییەکان لە خاوەنداریێتی خاوەن کارگەکان بۆ خاوەنداریێتی بانکەکان دەگوازرێتەوە، هەربۆیەش هیلفردینگ بە (سەرمایەی بانکی) ناو دەبات. واتە هەیکەلی سەرمایە پیشەسازییەکان بۆ سەرمایە دراڤیەکان دەگۆڕدرێت.

هیلفردینگ ئەم رەوتەی پێگەیشتن و کامڵبوون لە سیستەمی سەرمایەداریدا بە رەوتێکی (سەراوژوور) لە سەرمایەگوزاریدا دەزانێت، کە کارتەلەکان مەیلداردەبن بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و لە بری ئەمەش، مەیلەدار دەبن بۆ ناردنە دەرەوەی سەرمایە.

بەرەنجام ئەوەیە کە، سەرمایەی دراڤی پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێزی هەیە، ئەوەندە بەهێز کە سەرمایەی دراڤی بە پشتیوانی ئەو بتوانێت لە تەوای جیهاندا سەرمایەگوزاری بکات. سەرمایە دراڤییەکان کە بەسەر پیشەسازییە رێکخراوە قۆرخ بووەکاندا زاڵە، لە رێگەی ژمارەیەکی کەم لە بانکە گەورەکان ئەگەرچی لەو پشێویەی کە لە رێژەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بوونی هەیە کەم دەکاتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا گەرای گۆڕانکارییەکی ئانارشیستانە کە لە ناوەوەی سیستەمدا شاراوەیە دەبزوێنێت. هەربۆیەش بۆ سەرمایەداری رێکخراو دەگۆڕدرێت.

هەروەکو باسمانکرد، بەردەوام بوونی ئەم پرۆسەیە دەسەڵاتی بێ سنوور و دیار نەکراوی دەوڵەتی بەدواوەیە کە سەرکردایەتی دەوڵەتی بەسەر (سەرمایەی دراڤی)دا دێنێتە کایەوە. هیلفردینگ لە کۆتاییدا، بەم بەرەنجامە دەگات کە لە بری سۆسیالیزم، کۆمەڵگایەکی بە رووکەش رێکخراو، بەڵام لەپراکتیکدا ستەمکار، واتە بە پێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا، ئابوورێکی دیموکراتیکی رێکخراو جێگیری دەبێتەوە. چونکە لە ترۆپکی ئەم قوچەکەدا، کە لە یەك گرنتی هێزە سەرمایەدارییە



قۆرخ بووەکان و دەوڵەتدا دێتەدی، فەرمانبەران و کرێکاران لە ئاستی ناوەندی و خواررووی قوچەکی کۆمەڵگادا پۆلێن دەکرێن. هیلفردینگ لە پەرتووکی «سەرمایەی دراڤی» دا دەڵێت:

«هەر وەك چۆن خاوەنداریێتی پشکی کۆمپانیا بازرگانی و بەرهەمهێنەرە بێ ناو و نیشانەکان سەر هەڵدەدەن، هەر وەك چۆن سیستەمی متمانەی بانکە گەورەکان لە رێگەی بڵاوکردنەوەی فۆڕمی بەشداری و قەرزی بانکی تەشەنە دەکات، بەم جۆرەش سوودی سەرمایە کە دەبێ لە سەرمایەگوزارییەوە بەدەستبێت، بەرەو بەدەستهێنانی قازانجی (بەهرە)ی سەرمایە دەچەمێنێتەوە. بەواتایەکیتر سوودی سەرمایە جێگای قازانجی سەرمایەگوزاری دەگرێتەوە. ئەم پرۆسەیە لە رێگەی ئیمپریالیزمەوە بە لوتکە دەگات و (سەرمایەی دراڤی) بە شێوەییێکی ئارام و ئاشتی خوازانە کۆمەڵێك پەیوەندی کە لایەن خاوەن پیشەسازییەکانەوە پشتیوانیان لێ دەکرێت و لە پڕۆسەییێکی رکابەرێتیدا بەرەو ناردنی سەرمایە بۆ دەرەوەی وڵات هان دەدرێن» .

لێرەدا هیلفردینگ ئاماژە بە کاریگەری تەعرەفە گومرکییەکان دەکات کە گرنتییەکی باشن بۆ کارتەلەکان لە بازارە ناو خۆییەکانی ناوسیستەمی سەرمایەگوزاری رێکخراودا و دەڵێت:

«بەم جۆرەش سەرمایەداری رکابەرێتی یان باشترە بڵێین سەردەمی رکابەرێتی ئازاد» لە سەرمادارییدا بە کۆتادێت. تەعرەفە گومرگییەکان نەتەنیا بازاڕە ناوخۆییەکان بۆ کارتەلەکان گەرنتی دەکات، بەڵکو یارمەتی دروستبوونی کارتەلەکانی «جێگیرکردنی نرخ» و دابەشکردنی ناوچە نێودەوڵەتییەکان لە نێوان خۆیاندا دەکات و بەوردی روونی دەکاتەوە و لە ئاکامیشدا ئەم کارە دەبێتە هۆی یەکانگیری کارتەلەکان».

هیلفردینگ لە کۆتاییدا بەم بەرەنجامە دەگات کە لە رەوتی هەماهەنگی و رێکخستنی بازاردا، رکابەرێتی ئازاد، بەرەبەرە جێگای خۆی بە هاوکاری ئاشتی

خوازانەی کۆمپانیا گەورەکانی سەرمایەگوزاری لە شێوەی کۆنسرن[١] و کارتەلەکان دەدات. رکابەرێتی لەنێوان کۆنسرن و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، رکابەرێتی نێوان ئیمپریالیستەکان لە ئاستی جیهانیدا زیاد دەکات و دەبێتە هۆی ململانێ دەوڵەتە ئیمپرلیستەکان لەگەڵ یەکدیدا. هیلفردینگ پێش بینی دەکات کە سەرەڕای ئەوەی رکابەرێتی لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەردەوام روو لە زیاد بوون دایە. لە ناوەوەی [وڵاتیشدا] ململانێ لەنێوان سەرمایەداران و چینە جۆراوجۆرەکانی جەماوەر زیاد دەبێ و دەسەڵاتدارێتی سەرمایە رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە. لە کۆتاییدا دیکتاتۆری سەرمایەی ئۆریستۆکراتەکان بەهۆی پێکدادانی توند و دوژمنانە بەرژەوەندییەکانی هەردوولایەن، ملکەچی دیکتاتۆری پرۆلتاری دەبێتەوە. هیلفردینگ بەم رستانە کۆتایی بە تیۆرییە مارکسیزمییەکەی دێنێت.

## ٣. سۆسیالیزم لە فەڕەنسا:

بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، سۆسیالیزم لە فەڕەنسادا کارتێکراو بوو بە بۆچوونی سۆسیالیستە سەرەتاییەکان، بەتایبەتیش بیردۆزگەلی وەك (پرۆدهۆن).

لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتەمی سەدەی نۆزدەیەمە کە مارکسیزم لە فەڕەنسادا روخساری فەڕەنسەویی لە خۆ دەگرێ و دەبێت بە خۆجێیی بەواتایەکیتر، زۆرتر هەوڵ دەدرا بۆ چاکسازیی و گونجاندنی مارکسیزم بەپێی بارودۆخی بەرقەراری فەڕەنسا.

(ژول گود) لە نامەیەکدا بە ناویشانی (سۆسیالیزمی دەستە جەمعی) بۆ یەکەم جار، لە ساڵی (١٨٧٩)دا، بە جیددی هەڵدەستێت بە [توێژینەوەی] بیروبۆچوونە جەماوەری و دەستە جەمعییەکان.

لە کاتێکدا کە لایەنگرانی (گودیستەکان) هەوڵیاندەدا بۆ پارێزگاری کردن لە قوتابخانەی سۆسیالیزمی پەتی، هەندێ لە باڵە کرێکارییەکانی پارتە

١. کۆنسرن: مەبەسست لە کۆنسرن بریتییە لە رێبەرایەتی سەندیکای چەند بنکەیەکی ئابووری سەربەخۆ کە خاوەن ئامانجێکی هاوبەشن. بۆ نموونە گەرەنتی کردنی نرخی مادەیەکی سەرەتایی وەك ئاسن.



سۆسیالیستەکان بە رێبەراتی (پۆل بروس) بە دروشمی چاکسازی، بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزمی واقعی و عەینی هەوڵیان دەدا. بۆ ئەم مەبەستەش هەستان بە دامەزراندنی رێکخراوێکی فدراتیڤ لەپێناو یەکگرتن و یەکانگیری کرێکارەکان لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی سۆسیالیستی چونکە لایەنگرانی بروس، لایەنگریان لە ئامانجگەلی مومکین لە سۆسیالیزمدا دەکرد، هەر بۆیەش بە «پاسیبلیست»[١] ناویان دەرکرد. هەڵبەت لە روانگەی گودیستەکانەوە ئەوان بەدوای نامومکیندا بوون تام مومکین. پێویستەش رەچاو بکرێ کە برۆس زۆرتر مەیلێکی ئانارشیستی هەبوو. لەو بابەتانە کە ئەو خێرا بە مومکین و بەدەستهێنەری دەزانی، دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتییێکی ناوچەیی بوو بە چەشنێك کە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت بەگشتی بکات. تابەم جۆرە دەسەڵات بە بەردەوامی لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە جووڵە دابێت ئەگەر چی بیروبۆچوونی پاسیبلیستەکان لە سۆسیالیزمی لاوازی فەڕەنسادا پێگەی تاڕادەیەك باشی هەبوو بەڵام لەلایەن سۆسیالیستە سەربەخۆیەکانەوە پاشگەزیان پێکرا. لەم بارەوە دەتوانین لە (میلراند) ناو ببەین کە هەڵویستی تەواو توندڕەوانەی هەبوو. هەروەك چۆن هاوکاری ساڵەکانی سەرەتای چالاکییەکانی ئەو (ژان ژووزێ)ش لە سەرەتادا هەڵوێستی توندڕەوانەی هەبوو، بەڵام دوای هۆگری و خوێندنەوەو تێگەیشتن لەواقعییەتی سۆسیالیزم بەجیدی لە تێزگەلی چاکسازیخوازانە پشتگیری کرد و بەم چەشنە، لایەنگری زۆری بەدەستهێنا. هەروەها میلراند لە ساڵی (١٨٩٦) دا لە وتاری [هەڵمەتی] هەڵبژاردنەکانیدا، لە (سنت ماندی) لە دەوروبەری پاریس، پلانی چاکسازیخوازانەی خۆی بۆ فەڕەنسا بە کورتی و پوختی خستەڕوو. «دەبێ کاپیتالیزم جێگەی خۆی بە خاوەندارێتی ناوچەکان بدات و بە کۆمەکی مافی دەنگدانی گشتی و ململانێی پەرلەمانی خاڵە نیگەتیڤەکانی لە بەین ببرێت» .

دوای ماوەیەك کە میلراند پەیوەندی بەکۆمەڵگای بۆرژازییەوە کرد، (ژووزێ) وەك ناسراوترین رێفۆڕمیستی سۆسیالیزمی فەڕەنسا مایەوە. ئەو بوو بە دیارکەری رێبازی پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسا کە لەساڵی (١٩٠٢)دا دامەزرا. زۆربەی تاك و تاقمە

1. possibillist

ناوابەستەکان هەروەها پاسیبلیستەکان پەیوەندیان بەم پارتەوەکرد سەرەڕای ئەمەش، سەرنجی زۆرینەی کۆمەڵگا سۆسیالیستی کرێکارانی فەرەنسای ڕاکێشا.

بەواتایەکی سادەتر، ئەم پارتە توانی لە هەر سێ دەنگی پارتە سۆسیالیستەکان، دوو دەنگ بەدەستبهێنێت. ئەگەرچی دواتر لە لایەن گودیستەکانەوە خرایە ژێر گۆشار و ململانێدا، بەڵام ژوورێ توانی بە کۆمەکی زۆرینەی پەرلەمان، دەوڵەت بەرەو ئابووری سۆسیالیزمی ڕێنمایی بکات و ڕێبەرایەتی هێزی ئابووری نیشانی سەندیکاکان بدات.

### ٤. سۆسیالیزم لە ئینگلتەرا

لە ساڵی (١٨٨٤) دا، تاقمێك لە رۆشنبیرانی ئینگلتەرا وەك جۆرج برناردشاو، هربرت جۆرج وێلس، سیدنی و بیاتریس هەرگیز لە زەینیاندا پلانی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی جەماوەریان دانەڕێشتبوو. بەڵام زۆرتر هەوڵیاندەدا کە لە ڕێگەی عەقڵانی و رۆشنبیرانەوە کاریگەری بەسەر بیروبۆچوونی گشتیدا دابنێن، تا بەم جۆرە سیاسەت بە ڕێڕەوی ڕاستەکەیدا ئاراستە بکەن. هەر بۆیەش هەستان بەدامەزراندنی (ئەنجوومەنی فابیان).

لە ریشەدا، فابیان لە وشەی (فابیوس) بەمانای سەبر و دان بە خۆداگرتن وەرگیراوە.

بەو ئامانجەی کە لە کاتی پێویستدا، بە ئارامی بە ئابووری و سیاسەت باشترین ئاراستە بدرێت. ئەگەرچی فابییەکان دژی لیبرال و رادیکال و مارکسیزم (بەتایبەتی تێزی ململانێی چینایەتی) بوون. بەڵام هەندێکیان بیروبۆچوونەکانی سۆسیالیزم و لیبڕالیزمیان پەسەند کردبوو. تەنانەت پشتیوانیان لە بەشێك لە بیروبۆچوونەکانی مارکسیان دەکرد. هەر چەندەش کاریگەری مەعنەوییانەی بیروبۆچوونەکانی بنتام و میلز، بەتایبەتیش ریکاردو بەسەریاندا زاڵتربوو. لەراستیدا فابییەکان، بەردی بناغەی پارتی کرێکارانی ئەنگلترایان دامەزراند و کاریگەری زۆریان بەسەر ئەم پارتەدا هەبوو، بە چەشنێك کە لە ساڵی (١٩١٨) دا مەکدۆنالد وەك یەکێك لە دەستڕۆترین ئەندامانی ئەم پارتە، ستایشی پلانگەلی فابییەکانی کرد.



یەکێك لە ئەرکە تایبەتییەکانی فابیەکان دزە پێدانی تیۆری ڕانتی زەوی بۆ ناوەوەی سیستەمی سەرمایەداری بوو. واتە ئەوان سودی فیۆدالیزم بە شێوازێکی نوێ لە (رانت) دەزانی. هەربۆیەش دژی داهاتی ناڕەوا و نادیار [لەڕووی سەرچاوە] بوون. لەڕوانگەی ئەوان، دەوڵەتی سۆسیالیست دەوڵەتێکە کە ڕەوتی کامڵبوونی خۆی بە ئارامی تێپەڕبکات و بە ئامانج بگات. بۆ شارەکان ڕۆڵی خۆبەڕێوەبردنیان بە گرنگ دەدانا و بە جۆرێك لە سۆسیالیزمی ناوچەیی لە وڵاتدا هەژمارماریان دەکرد، ئەگەرچی لەو بڕوایە دابوون کە پێویستە چالاکییە ئابوورییەکانی دەوڵەت بەردەوام لە زۆر بوون دابێت و لە بەرهەم هێنان و دابەشکردن دا پێویستە باجی بەرەوژوور و رسومات وەربگیرێت. تا بەم شێوەیە یەکسانی کۆمەڵایەیی لە چوارچێوەی سۆسیالیزمدا، جێبەجێ بکرێت. فابییەکان خوازیاری بە نەتەوەیی کردنی زەوی و پیشەسازییە سەرەکییەکان بوون، بەڵام نەك لەڕێگەی زەوت کردن و توندوتیژییەوە. بەڵکو لە ڕێگەی کڕینەوە بەنرخی ڕۆژی بازاڕ. هەڵبەت پێویستە ئەم نرخەش لە داهاتەکانی دەوڵەتەوە بدرێت. لە کۆبەندا فابییەکان کە بە سۆسیالیستەکانی ئینگلتەرا دەژمێردرێن، پەرەیان بەم بیروبۆچوونەدا کە سۆسیالیزم فۆڕمی ئابوورێکی دیموکراسییە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێویستە بوترێ، ئەگەرچی مارکس و ئەنگلز کاریگەری زۆریان لە ئەوروپا و بەشێکی زۆری جیهاندا دانا، بەڵام بە درێژایی زەمەن، بەپێی پێداویستی و کێشەکانی جەماوەر لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، رووبەڕووی گۆڕان و پێداچوونەوە هاتن. ئەگەرچی بنەمای واتە سۆسیالیزم بە ئامانجی یەکسانی کۆمەڵایەتی ڕەت نەکرایەوە.

# بەشی هەفتەم: فاشیزم و ناسیۆنالیزم

## پێشەکی:

لەو کاتەوە کە پرەنسیپی وەرچەرخان و جۆرەکانی حکوومەت لە یۆنانی کۆندا گەڵاڵەکرا، هەروەك چۆن هیرودۆت و ئەرستۆش دەڵێن، حکوومەت سێ جۆری سەرەکی زۆرتر نییە کە بەپێی بنەمای لۆژیکیی عەقڵانی بنیاتنراون. واتە حکوومەت یان لە دەست تاکێك دایە، یان کەمینەی کۆمەڵگا پێی هەڵدەستن یان زۆرینە بڕیاردەرن. ئەم دابەشکردنە لەگەڵ بەڵگاندنی ماتماتیکیانەی ئۆقلیدوس تا سەدەی نۆزدەیەم بەردەوام بوو.

بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمەوە کە تیۆری جۆراوجۆر بەپێی پێداویستی ڕۆژانەی کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی سەردەم گەڵاڵەکران، بنەمای پۆلینکردنی حکوومەتەکانی رووبەڕووی وەرچەرخان کرد. بەواتایەکیتر بنەمای دابەشکردن چیتر [بەپێی] ژمارە نەبوو، بەڵکو بەپێی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان پۆلینکران. کەواتە حکوومەتەکان لە رووی ئایدیۆلۆژیکەوە دابەشکران بۆ سیستەمەکانی خەڵك سالاری[1]، دەسەڵاتخوازی[2] و

1. democracy
2. authoritarian



تۆتالیتار[3] و لەرووی ستراکتۆرەوە بەچەق گرتن یان دابەشکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا پۆلین دەکرێن.

ئەگەر سیستەمە تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەم بەسەر دوو باڵی سەرەکی بە مەیلداربوون بۆ چەپ (دیموکراسی، سۆسیالیزم- نێونەتەوەیی) و راست (نوخبەگەرایی نەتەوەیی) دابەش بکەین، بەم جۆرە مارکسیزم لە باڵی چەپ و سۆسیالیزم لە باڵی راستی ئەم کۆمەڵەیە دەوەستێت. لە سەرنجڕاکێشترین ئەو خاڵانەی لە سیستەمی تۆتالیتارەکاندا دێتە بەرچاو ئەوەیە کە بەداخەوە ئەم جۆرە سیستەمانە پشتیوانی جەماوەریان هەیە و ئەمەش بەو هۆیەیە کە پڕۆپاگەندە و کارتێکردنی رێبەرەکانی ئەم جۆرە سیستەمانە سەبارەت، بە شکستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەتایبەتیش ئابوورییەکانی رابردوو و هەنووکەی، لە چاکترین رێگەکانی کارتێکردن بەسەر جەماوەری خەمۆکەوە سوود وەردەگرن و دەیانخەنە ژێر کاریگەری و زەینیان بەپێی ویستی خۆیان دەستکاری دەکەن. هەربۆیەش سیستەمە دیموکراسییەکان لەسەر بنەمای رەوایی جەماوەر دادەمەزرێت و پێکدێت.

هەردوو باڵی چەپ و راست، رابردووی کۆمەڵایەتی خۆیان شکست خواردوو و، لە بەرەنجامی هاودەستی هێزە گەندەڵەکانی حکوومەت و ئیستغلال کردنی جەماوەری رەنج چێشتوو، لەلایەن ئەم هێزانەوە وێنا دەکەن و لەم نمایشەدا داهاتوو بە چەشنێکی ئەفسانە ئامێزانە، هەرچەندە نادیار، بەڵام بە جۆرێك دەرازێنەوە کە راکێشی جەماوەر بەدەست دێنن و خۆشەویستیان تا ئاستی کاریزماتیك بەرزدەکەنەوە.

دوای خوێندنەوەی باڵی چەپی ئەم کۆمەڵە لۆغزاوییە خوێندنەوەی باڵی راستیشی زەروورە.

### أ: کورتەمێژوو

3. totalitarian



بەگشتی وشەی فاشیزم، زەینی مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەمی وەبیر مۆسۆلینی دەخات. هەر وەك چۆن ناسیۆنال سۆسیالیزم خوێنەری وەبیر ئادولف هیتلەر دەخات. بەڵام دەبێ رەچاوبکرێت کە ئەم بیرۆکە و بزاڤە نەك تەنیا پێش لەم دوو کەسە وەك بناغەگەلی بیرۆکەییێك بوونیان هەبووە، بەڵکو لەم سەردەمەدا ئەم بیرۆکەیە لەسەرووی بیروبۆچوونی و کەسایەتی ئەم دوو کەسە هەنگاو دەنێت. بەواتایەکیتر ئەم هزر و بیرۆکەیە نەتەنیا لە بەین نەچووە، بەڵکو سەرلەنوێ لە حاڵی سەرهەڵدانە لە هەیکەلێکی نوێدا. لەم بارەشەوە گەشەیەکی خێرای، لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەخۆوە بینیوە. بەتایبەتیش دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و دیواری بەرلین، هەستپێکراوتر خۆی بەرجەستەدەکات.

ناوی فاشیزم لەلایەن مۆسۆلینیەوە لە وشەی فاشیو، سیمبولی لژیۆنەکانی رۆمی، لە دەستە چڵە دارێك کە تەورێکی لە خۆ گرتووە و لە کاتی شەڕدا لەلایەن سوپاوە دەگوازرایەوە، وەرگیراوە. گەرای ئەم بیرۆکەیە لەساڵی ١٩١٧دا هاوکات لەگەڵ رەوتی کامڵبوون و سەرکەوتنی کۆمۆنیزم لە روسیا، لەزەینی (مۆسۆلینی) دا فۆڕمولە بوو و لە ساڵی (١٩٢٢) دا بە ئامانج گەیشت.

پێش خستنەڕووی ئەم هزر و سیستەمە دەبێ ئەم پرسە رەچاو بکرێت کە یەکەم: فاشیزم و بیرۆکەی فاشیستی فراوانترە لەوەی کە تەنیا بە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی مۆسۆلینی لە ئیتاڵیادا، واتە ساڵانی (١٩٢٢—١٩٤٥)، یان دەسەڵاتدارێتی هیتلەر لە ساڵانی (١٩٣٣— ١٩٤٤) دا کورت بکرێتەوە. بەڵام ئەم سیستەمە لە ئەڵمانی هیتلەری و ئیتاڵیای (مۆسۆلینی) دا، وەك واقیعەتێکی چارەنووسساز بەرجەستەکرا. کەواتە پێویستە مۆدیلی فاشیستی و دامەزراندنی ئەم دوو رژێمە لە مێژوودا، بەم دوو حکوومەتە بلکێنرێت.

دووەم: ئەو قوتابخانە سیاسییانەی کە لە سەدەی بیستەمدا خوێندنەوەیان لەسەر دەکرێت، بە گشتی لە فەیلەسوفەکانی رابردوو، واتە لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا ئەمڕۆ، لەرەوتی کامڵبوونیاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر کاریگەری ئەم



فەیلەسووفانەدا بوونە. بەواتایەکیتر، بەشێك لە بیروبۆچوونی فەیلەسووفەکانی کۆن و نوێیان لەگەڵ یەکدیدا کۆکردووە و قوتابخانەیەکی یەکگر (التقاطي) وەك (چەپی نوێ) یان دامەزراندووە. یان لەرەوتی کامڵبوونیاندا وەك فەلسەفەیەکی نوێ، بەڵام لەسەر بناغەی بیروبۆچوونی فەیلەسووفەکانی کۆن، لە ماوەیەکی دووردرێژ و لەرێڕەوی بەرزی و نزمی ژیانی مرۆڤدا پێك هاتووە، وەك دیموکراسی و لیبڕالیزم. بەڵام بە پێچەوانەوە، فاشیزم لە ناکاو لە ناخی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و بەتایبەتیش سەرەتای سەدەی بیستەم و بە پێی پێداویستی ئەوکاتی ئەوروپا، واتە ناکارامەیی لیبڕالیزم لەلایەك و گەشەی کۆمۆنیزم و ترسی سەرمایەداری لە کۆمۆنیزم، [فاشیزم] وەك بزاڤێك و دەوڵەتی تۆتالیتار کە بتوانێت خاڵە لاوازەکانی لیبڕالیزم و مەترسییەکانی کۆمۆنیزم وەلاخات، لە ئیتاڵیا و دواتر لە ئەڵمانیادا، پێگەی سەرەکی خۆی دۆزییەوە. لەلایەکیترەوە، چونکە ئەم بزاڤە لە هەر تیۆری و قوتابخانەیێك (لەکۆن تا نوێ) لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی سوود وەرگرت. بۆیە دەتوانین ئەم بزاڤە بەجۆرە تیۆرێکی یەکگر بزانین.

بەواتایەکیتر ئەگەر قوتابخانە سیاسییە ناسراوەکان، بەدرێژایی زەمەن هەستاون بە پاڵاوتنی خۆیان و هەوڵیانداوە وەڵامی کەم و کوڕی و رەخنەکان بدەنەوە، قوتابخانەی فاشیزم دەنگی هەڵبژاردووە و هەوڵیداوە بە پرستیژێکی لوغزاویی و سۆفیزمانە لە رێگەی دژە عەقڵانی بوونێکی تایبەت بە خۆیەوە، خۆی لەرەخنە و کەم و کوڕییەکان بپارێزێت. هەربۆیەش رێبەرانی ئەم سیستەمە، واتە هیتلەر و مۆسۆلینی، سیستەمێکیان دارێشت کە لە زەینی هیچ زانایێکدا بەرجەستە نەبووە. (چونکە زۆربەی زانایان لەم بڕوایەدان کە فاشیزم فەلسەفە یان قوتابخانەیێکی سیاسی نییە) هەرچەندە کە هەندێ لەو بڕوایەدان کە بیرمەندانێکی زۆر (وەك ئەفلاتوون و ئەرستۆ و ماکیاڤیلی و داروین و هیگل و نیچە) لە دارێشتنی بناغەی هزری ئەم سیستەم و بزاڤە، ویستراو یان نەویستراو رۆڵیان هەبووە و بەشدار بوونە.

بەم پێیەش، پێویستە بەر لەوەی بچینە ناو باسکردنی سەرەکی ئەم دوو سیستەمە لە چوارچێوەی کاتی پێش شەڕ و لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، خوێندنەوەی ئەم بیرۆکەیە لەرووی مێژوویەوە بکەین. هەروەهاش پێویستە لەم هەڵەیە دوور ببینەوە کە هەر توندوتیژییێکی باڵی راست، کە لەگەڵ سیستەمی دیکتاتۆری و هەلومەرجی چینایێتی و نەریتی مێژووی، رووییێکی هاوشێوەی فاشیزمیان هەیە، نابێت لە رێگەی ئەم سیستەمەوە گشتگیری بکەین. بۆ نموونە، هەڵەیە ئەگەر رژێمی فرانکۆ لە ئیسپانیا، سالازار لە پورتوگال و پرۆن لە ئەرجەنتین کە یەکچوونی زۆریان لەگەڵ فاشیزم هەیە، لەگەڵ سیستەمی فاشیزم یەکسان بکەین. لە راستیدا فاشیزم لە دایکبوونی سیستەم و رێسایێك بوو کە دوای گۆڕانکارییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دوای ساڵی (١٩١٩) لە هەمبەر گەشەی بەرفراوانی سیستەمی سۆسیالیزمی پێگەیەکی گونجاوی وەدەستهێنا. لەم بارەدا (ئەرنست نۆلتە) مێژوونووسی ماربووگی، ئاڵمانیای فاشیزمی وەك لقی توندڕەوی دام و دەزگای تۆتالیتاریزم و وەك تەنگ و چەڵەمەی ئەوروپای سەرەتای سەدەی بیستەم، یان باشتر بڵێن دیاردەی نێوان دوو جەنگی جیهانی، واتە رووداوی سەدەی بیستەم دەزانێت و دەڵێت:

«گرنگترین فاکتەری سەرهەڵدانی فاشیزم شۆڕشی بەشەڤیکییە کە بە هەرەشەیێك بۆ سیستەمی لیبرالی جیهانی رۆژئاوا دەژمێردرا. سیستەمی لیبرال جۆرێك لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە تیایدا نەك تەنیا دەتوانین دەستەی دەسەڵاتدار رووبەڕووی رەخنەگرتنی توند بکەینەوە، بەڵکو دەتوانین گشت بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی بخەینەژێر پرسیاردا لەکاتێکدا، کە ئەم بابەتەش لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەت بە تەواوی درکی پێکراوە و بەگشتی کاریگەریشی دەبێت». نۆلتە لەو بڕوایەدایە کە لاوازییەکانی سیستەمی لیبرال و شپرزەیی ئابووری کە لە دەروونی ئەم سیستەمەدا شاراوەیە و شۆڕشی روسیا لەلایەك و قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی هەڵقولاو لە شەڕی یەکەمی



جیهانی، بناغەی سیستەمی فاشیزمی پتەوترکردووە و راکێشە درۆینییەکانیی وەك تەنیا رێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان پێشکەشکرد.

ئەم سیستەمە توانی بەخێرایی پشتیوانی چینی دەوڵەمەندی کلاسیك دەستەبەر بکات و خۆی وەك رزگارکەری سیستەمی لیبرالی بۆرژوازی لە هەمبەر هەڕەشەکانی کۆمۆنیزمی روسی کە بە مەترسییێکی جیددی بۆ سیستەمی لیبرال سەرمایەداری دەژمێردرا، بناسێنێت. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدایەکە فاشیزم دوای بەدەست گرتنی دەسەڵات، نەتەنیا بزاڤە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی و تارادەیەکیش ئانییەکانی سەرکۆت کرد، بەڵکو سیستەمی لیبرال — دیموکراسی ئەوروپای وەك ئەفیونی ئاژاوە گێڕی لە بەین برد. بە بەراوردکردنی هەر دوو لقی تۆتالیتاریزم، واتە کۆمۆنیزم و فاشیزم، پێویستە بوترێ، لە کاتێکدا کە کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگا هەژار و گەشە نەسەندووەکاندا پێگەی سەرەکی خۆی دۆزییەوە و، دواتر هەوڵی تەشەنەکردن بۆ ناوچەکانیتری جیهانیدا، لەبەرامبەریدا، سیستەمی فاشیزم سەرەتا لە وڵاتانی تائاستێك پیشەسازی و دەوڵەمەندتر سەری هەڵداو بەپێچەوانەی هاوجمکی، لەڕووی ئایدیۆلۆژیاو راکێشی نەتەوەکانیتر، مەیلی لە بەرفراوان بوونی نەبوو.

لەڕووی مێژووییەوە، لەکاتێکدا کە کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگا نادیموکراتیك و ناپیشەسازییەکاندا، پێگەی خۆی دۆزییەوە، فاشیزم لەو کۆمەڵگایانەی کە بە رووکەش ئاشنای دیموکراسی ببوون و لە رووی تەکنۆلۆژییەوە پێشکەوتنی خێرایان بەخۆوە بینی بوو، سەقامگیربوو. چونکە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، کە لە سیستەمەکانی لیبرالدا پێشبینی ناکرێت، لەڕێگەی توندوتیژییەوە زووتر چارەسەردەکرێن. هەروەها پێویستە رەچاوبکرێت کە بزاڤە فاشیستەکان سەرەتا سوودی لەو قەیرانانە وەرگرت کە بۆ وردە بۆرژوازی و یەکە گوندییە بچووکەکان هەرەشەبوون. لە ئیتاڵیادا، لە ساڵی (١٩١٩)ەوە، ئەم بابەتە رەچاوکرابوو و شیکاری دەکرا. چونکە میکرو بۆرژوازی، ئەگەرچی لە رووی دەروونی زەینییەوە، مەیلی پەرەسەندنی بەرەو مایکرۆ بورژاوازی هەیە، بەڵام لە کارتێکراویی

مەیلە پرۆلتیارییەکان، بەتایبەتیش لە سەردەمی قەیرانە ئابوورییەکان و ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشەی لێدەکەن، بە دوورنییە. لە ساڵی (١٩٢٣)دا (لویجی سالراتۆرێلی) لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی (ناسیۆنال فاشیزم)دا، فاشیزمی ئیتاڵیای وەك «ململانێی چینایەتی میکرۆ بۆرژوازی» وێنادەکات.

دوو رووبوونی فاشیزم وەبیرهێنەری (ژانووسی دوو روو)[1]یە. چونکە دوژمنایەتی فاشیزم هاوکات لەگەڵ سۆسیالیزم و کاپیتالیزمدا، راکێش و یەکبوونێکی تایبەتی لە فاشیزمدا دێنێتە ئاراوە. فاشیزم دوو سیستەمی نەیار، کە لەڕاستیدا دەکرێت تەواوکەری یەکدی بن، لەهەمبەریەکدی دادەنێت و لە هەمانکاتدا کە کەم و کوڕییان دەخاتەڕوو، لە ناکۆکییەکانی نێوان میکرۆ بۆرژوازی لەگەڵ پرۆلتاریاو مایکرۆ سەرمایەداریدا، سوود وەردەگرێت.

ئەگەرچی میکرۆبۆرژوازی وەك بەشێك لە هەیکەلی کۆمەڵگا پەسەند دەکات.

بەهەرحاڵ لە سیستەمی فاشیستیدا، میکرۆبۆرژوازی بەردەوام وەك زنجیرەیێکی لاواز، بەڵام بە بەشێك لەنەتەوە هەژمار دەکرێت. پێویستە رەچاوبکرێ، فاشیزم هیچ کاتێك لە بەرژەوەندی سەرمایەداریدا نەبووە هەروەك چۆن چاوی لە یارمەتی میکرۆ بۆرژوازی نەبڕیوە، بەڵکو پڕۆپاگەندای فاشیزم لەسەر بنەمای نوخبەگەرایی و لۆژیکێکی تایبەتەوە چەقی گرتبوو. هەڵبەت سەرمایەداران لەم سیستەمدا هەوڵیاندەدا، خۆیان بە سوودی سیستەمی نیشان بدەن و هەربۆیەش هەندێ پۆستیان دەستەبەرکرد.

١. ژانووس خواوەندی دوو روخسار، لە ئەساتیری یۆناندا، بەرجەستەکاری راستەقینەی دەوڵەتە، چونکە قوولترین واقعییەتی سیاسی دەخاتەروو. دەوڵەت، یان دەسەڵاتی رێکخراو لە کۆمەڵگەیەکدا، گشت کات و لە هەموو شوێنێك لە هەمانکاتدا کە ئامرازی زاڵبوونی هەندێ چین بەسەر چینەکانیتر دایە، بەڵام لە هەمانکاتدا، ئامرازێکە بۆ دابینکردنی جۆرە دیسپلین و جۆرە یەکدەست بوونێکی گشت تاکەکان لە کۆمەڵگادا لە پێناو بەرژەوەندی گشتی.



یەکێك لە گرنگترین ئەو پرسانەی کە فاشیزم تووشی هاتبوو، دابەشکردنی دەسەڵات بوو لە نێوان دەوڵەت و حزبدا و ئەو پەیوەندییەی کە دەبوایە لە نێوان ئەم دوویەدا هەبێت. چونکە حزب لە سیستەمی فاشیزمدا ئامرازی دەستی سەرکردەیە و، لەڕاستیدا سەرکردایەتی دەوڵەت دەکات. هەر بۆیەش دەسەڵاتی لەرزۆکی ئیتاڵیا نەیتوانی لە هەمبەر ئۆرگانی پارتی فاشیزمدا، دەوام بێنێت. لە بەرەنجامدا، حکوومەتی ئیتاڵیا و پارتی فاشیزم تێکەڵ بەیەکدی بوون کە رەزامەندی مۆسۆلینی بەدواوە بوو.

هیتلەر لە ئەڵمانیا نەیتوانی لە قەیرانە ئابوورییەکانی ساڵانی (٢٣-١٩٢١) بەو جۆرەی کە دەیویست سوود وەربگرێت. بەڵام لە قەیرانی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٢٩)دا، لە رەوتی هەژارتر بوونی میکرۆ بۆرژوازی ئەڵمانیا و بەتەنگ هاتنی توێژە هەژارەکان توانیی لایەنگری زۆر بەدەستبێنێت، بەچەشنێك کە ژمارەی کورسییەکانی پارتی ناسیۆنال سۆسیالیست لە پەرلەماندا لە (١٢) کورسی بۆ (١٠٧) کورسی بەرز بووەوە، و ئەم سەرکەوتنەش سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلەر بوو.

لە ئەڵمانیا پارتی ناسیۆنال سۆسیالیست بوو کە بەرەبەرە حکوومەت و پەرلەمانی لەخۆدا تواندەوە و هەیکەلێکی یەکانە و دەسەڵاتێکی چەق گرتووی بە سەرکردایەتی هیتلەری دروستکرد. لەوکات هەروەك باسکرا، توێژە ناوەندەکان بە سۆسیالیزم رەشبین بوون و بە سەرمایەداریش خۆشبین نەبوون، چونکو ئەڵمانیا لە رووی پیشەسازییەوە لە هاوتای ئیتاڵیایی خۆی پێشکەوتووتر بوو. بۆیە جەماوەری هەژار زۆرترمەیلدرای میکرۆ بۆرژوازی بوون تا پرۆلتاریا. هیتلەر توانی لەم هەلە زۆرترین بەهرە وەربگرێت. لە ئەڵمانیادا، سەرمایەداری گەورە لە ترسی باڵی چەپ و سۆسیالیزم لە یارمەتیدانی دراڤی بۆ هیتلەر، وەك میکرۆ بۆرژوازی تازە پێگەیشتوو، درێخیان نەکرد. چونکە لەو بڕوایەدا بوون کە دوای نەهێشتنی مەترسی سۆسیالیزم بە ئاسانی بتوانن لەو کێشانەی کە لەوانەیە فاشیزم بۆ سیستەمی

سەرمایەداری ئەڵمانیا بخولقێنێت، رزگاربن. لە حاڵێکدا کە نازیزمی ئەڵمانیا، وەها بناغەی خۆی لە هزری جەماوەریدا قایم دەکرد کە هەر ئەندازە لە دەسەڵاتی پارتی ناسیۆنال سۆسیالیزم بەسەرکردایەتی هیتلەر زۆرتر دەبوو، بەهەمان ئەندازەش حکومەت و پەرلەمانی ئەڵمانیا نەتەنیا لاوازتر دەبوون، بەڵکو لە حزبدا دەتوایەوە. بە چەشنێك کە ململانی کردنی حزب، بەلانیکەم لە ماوەیەکی کورتدا نامومکین بوو. چونکە بناغەی دەسەڵاتی نازیزم لەسەر هەڵخەڵەتاندنی گشتی بنیاتنرابوو.

ئەمڕۆکەش لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمدا، یەکێك لە گرنگترین کێشەگەلی دەوڵەتە دیموکراتیکەکان، بەرەنگاربوونەوەی هێماو پڕۆپاگەندەی تایبەت و بەردەوام و فریودانی خەڵك لەلایەن راستگەرا توندرەوەکانە، کە کێشەیێکی جیدییە بۆ کۆمەڵگا پیشەسازییە دیموکراتییەکان. ئەو توێژینەوانەی کە سەبارەت بە هەندێ تاقمە راستگەراکان، یاخود ئەنجوومەنی توندڕەوەکانی و پارتە نژادپەرستەکان کە خۆیان لە ژێر ناوێتر حەشاردراوە کراون، راشکاوانە دەبینرێت کە پەیوەندییێکی راستەوخۆ لە نێوان ئایدیۆلۆژیای ئەم تاقمانە و پڕۆپاگەندەیاندا بەرقەرارە.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت پەی بە ناوەڕۆکی ئەم ئایدیۆلۆژیایە ببەین، دەبێ لە پراکتیکدا رووبەڕووی ببینەوە. بەواتایەکیتر، پێویستە ئەو جەختەی کە ئەم تاقمانە، واتە راستگەرایە توندڕەوەکان یاخود (نیو نازییەکان) لە خواستی هاوبەش و ئەوکەین و بەینە کە لە نێوانیان هەیە دەکەنەوە، پێویستە سیمبول و ئاراستە تایبەتییەکانیان بە جیددی باوەربکەن، تا رەگ و ریشەیان بناسین، بە پێچەوانەوە، پەی بردن بەم تەنگ و چەڵەمەیە ناموکینە. بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم رەوتە، تا ئەوکاتەی کە میتۆد و تاکتیکیان بە تەواوی نەزانرا بێت، بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو ئافەتەی کە ئەمڕۆکە هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسییەکانی رۆژئاوا، هیچ رێگە چارەسەرێك بوونی نییە.

دەبێ بزانین کە ژێدەری فاشیزم، بەپلەی یەکەم ئەو قەیرانانەن کە سیستەمگەلی دیموکراسی — لیبرال تووشی دەبنەوە. بیردۆزی پارتی ناسیۆنال دیموکراسی ئەڵمانیا



(ئەرنست ئەندیش) دەڵێت: «ئەو قەیرانەی کە بە قووڵی بوونی ئێمەی لە خۆ گرتووە و رووبەڕووی مەترسی کردووە، لە دۆخی گەشە و هەڕەشەکردن دایە. ئەم قەیرانە کۆمەڵگای ئێمەی لە ناوەوە و دەرەوەدا، تەنیوە. نەتەنیا بۆ نەتەوەی ئەڵمانیا وەك میللەتێك یان کۆمەڵگاییێك، بەڵکو بۆ یەکایەکی تاکەکانمان [هەڕەشەیە]» .

ئەم بابەتە هەروەك باسکرا، بایەخی ئەم بزاڤە لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمدا نیشانمان دەدات.

**ب: ستراکتۆری فاشیزم**

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، پێویستە لەو هەڵە دوورکەوینەوە کە هەر حکومەتێکی دەستەراستی توندوتیژاوی کە لەلایەن حکومەتی ئۆتۆکراسییەوە بەڕێوەدەچێت، فاشیزم ناوببەن.

ستراکتۆر و هەیکەلی فاشیزم و ناسیۆنال سۆسیالیزم، لەسەر شەش چەمك کە لە ناوەوەدا پێکەوە گرێدراون و بونیاتێکی یەکانە پێك دێنن دامەزراوە. بەجۆرێك کە ئەگەر بمانەوێت ئەم شەش چەمکە، جیا یاخود بە رووکەشانە لە شوێنێکدا بەکاربێنین، کە یەکپارچەییان لەدەستبدەن ئیتر فاشیزم بەو شێوەیە نابێت کە لێی دەروانین و لە ئاڵمانیای هیتلەری و ئیتاڵیای مۆسۆلینی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا. ئەم شەش چەمکەش بریتین لە:

١. نائەقڵانیخوازی — Irrationalism
٢. داروینیزی کۆمەڵایەتی — social darviniasm
٣. ناسیۆنالیزم — nationalism
٤. دەوڵەتی تۆتالیتار — totalitarian
٥. پرەنسیپی سەرکردایەتی — Leader ship principle
٦. نەژادپەرستی — Racism

هەروەك باسکرا، فاشیزم و ناسیۆنال سۆسیالیزم لەسەر ئەم شەش چەمکە بنیاتنراون، کە وەك گشتێك (کل) خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و ئەگەر هەریەك لەم

چەمکانە بەجیا لە شوێنێکیتر بەکاربێنین کاریگەری خۆی لە دەستدەدات (بۆ نموونە هەر وەك چۆن بوونەوەر گوێ و چاوی و ... هەیە، بەڵام [لەگەڵ ئەمەشدا] مرۆڤ نییە. کۆی ئەندامی مرۆڤ، مرۆڤ پێکدێنێت کە بوونەوەرێکی تایبەتە). بەهەرحاڵ، بۆ باشتر تێگەیشتن لە فاشیزم و ناسیۆنالسۆسیالیزم، پێویستە هەریەك لەم شەش چەمکە ستراکتۆریانەی ئەم بزاڤە، سەرەتا جیا و دواتر وەك گشتێك بخوێندرێتەوە.

### ١. ناعقلانیخوازی

سەرنجڕاکێش و تەکنیکیترین، چەمك لە چەمکە شەشییەکان ناعەقلانی خوازییە، یان باشتر بڵێین، هەڵاتن لە عەقڵە. چونکە لەسەردەمی ئەرستۆوە مرۆڤیان بە عەقڵگەراو، جیاوازیی مرۆڤیان لەگەڵ بوونەوەرەکان ئەم پرەنسیپەیان دەزانی. ئەگەرچی لە هەزارەی سەدەی ناوەڕاستدا، کەنیسە پێچەوانەی ئەم پرەنسیپەی رادەگەیاند. بەو مانایە کە هەرچەند مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵدارە، بەڵام تەقوای مرۆڤیان لە پەیڕەوی کردنی باوەڕەکانی کەنیسەی رۆم و دوورکەوتن لە بیرکردنەوەی عەقلانی و عەقڵگەرایی دەزانی.

لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، سەر لەنوێ عەقڵگەرایی سەری هەڵداوە و سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کاتێك کە چاکسازی ئایین و پاڵاوتنی لە دەمارگرژی لە لایەن مارتین لوسەری ئەڵمانییەوە ئەنجامدەدرێت، ئەقڵگەرایی و بەڵگاندن، رووبەڕووی پرسیار دەبێتەوە. چونکە ئەو لەو بڕوایەدا بوو، کە لە بنەڕەتدا ئایین حالەتێکی سۆفیگەری و سحراوی هەیە و ناتوانێت تەنیا بە پێوەری عەقڵ لە مەحەك بدرێت و بسەلمێندرێت، بەڵکو پێویستە بەدڵەوە، بڕوانینە ئایین.

بەهەرحاڵ فێرکارییە درێژخایەنەکانی کەنیسە و تەنانەت هەندێ لە بیرمەندانی ئازادیخواز وەك رۆسۆ، دەشێت کە ئەم کاریگەرییەیان لە مرۆڤی رۆژئاوا بەجێ هێشتبێت کە دوورکەوتن لە بەڵگاندنی عەقڵی، زۆریش دوور لەویژدان نەبێت.

فاشیزم و ناسیۆنال سۆسیالیزمیش بناغەی پەروەردەکاری خۆیان لەسەر پرەنسیپی ناعەقلانی بوونی جەماوەر و بەڵگاندنگەلی هەڵاتن لە عەقلانی بوون



دامەزراند. هەربۆیەش وردبینی رێبەری زانا و دوور لە هەڵە بەختەوەری تاك و کۆمەڵگا گەرەنتی دەکات.

بەم شێوەیەش فاشیزم متمانەی بە ڕۆڵی عەقڵ لە پرسە مرۆڤییەکاندا نییە و زۆرتر جەخت لەسەر فاکتەری سۆزداری و هەستیاری ناعەقلانی دەکات. هەر بۆیەش ئەم بزاڤ یاخود رێچکە هزرییە، پێش ئەوەی کە هەستانێکی رۆشنبیرانە بێت زۆرتر بزاڤێکی کۆنەخواز و دۆگماییە.

لە بەرەنجامدا، رژێمە فاشیزمەکان تابۆ (Tabou) پیرۆزەکان و خواستە رێگە پێدراوەکان وەك ئایدیالی تاك و کۆمەڵگا لە نێوان خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە و بە سیمبولێکی دەکەن. ئەم تابۆیە لە سەردەمی ئەڵمانیایی هیتلەردا (نەژادی پاکی ئەڵمانی- ئاریایی) و لە ئیتاڵیای مۆسۆلینیدا (نەتەوەی سەربڵندی رۆمی — ئیتاڵیایی)ەو، ئەگەر بمانەوێت ژاپۆنی ئەوکات بخەینە ئەم چوارچێوەیەدا، پێویستە ئەم تابۆیە (ئیمپراتۆر) بزانین، کە لەگەڵ پیرۆزبوونی ئەم فاکتەرانە، بە هیچ شێوەیەك رەخنەگرتن یان بوونی کەم و کوڕی نابێ لەمێشکی هاوڵاتی فاشیستدا جێ بگرێت.

فاشیزم و ناسیونال سۆسیالیزم، بەپێی رێنماییەکانی هێگل لەسەر ئەم گریمانەیە جێ دەگرن کە تاکەکانی مرۆڤ بەشێکن لە گشت، واتە بە شێکن لە نەتەوەیێکی تایبەت. هەڵبەت هەر تاکێك بەشێکە لە نەتەوەیێکی تایبەت یان کۆمەڵگای مەدەنی. بەڵام مەبەستی فاشیزم لە بەشێك لە گشت بوونی مرۆڤەکان قووڵترە لەوەی کە هەر تاکێك بە ئەندامێکی کۆمەڵگای مەدەنی یاخود وڵاتێکی دیارکراو بزانین. بە واتایەکیتر، مەبەست ئەوەیە کە هەر تاکێکی مرۆڤ، کارتێکراوە بە دید و ئەزموونەکانی خۆی لەو کۆمەڵگایەدا کە پێوە بەندە. تاك لە چوارچێوەی خێزان و پەروەردەکانییەوە دەچێتە ناو چوارچێوەیەکی گەورەتر، واتە کۆمەڵگەی مەدەنی. لێرەدا تاك هاوبەش دەبێت لە هەندێك بیروبۆچوونی تایبەت لەگەڵ ئەندامانیتری

کۆمەڵگاو بەبێ ئاگایی خۆی، لەگەڵ رابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگای خوێدا، هاوبەشیگەلی زۆر دەدۆزێتەوە.

بەواتایەکیتر نەریت و پەروەردەکانی کۆمەڵگا و ئیدەکانی داهاتوو، تاك بە رووکەشانە، بەڵام دەمارگرژاوی، بۆ کۆمەڵگا و حکوومەت پەروەردە دەکات کە دەست نیشانکردنی هۆشیارانە و وردی نامومکینە.

چونکە هێزێکی هەست پێ نەکراو لە متافیزیکی مرۆڤدا بوونی هەیەی کە پەیڕەوانی فاشیزم بە (ئیرادە)ی ناو دەبەن و لەو بڕوایەدان کە هێزی ئیرادە بەبێ ئامانج و پرۆگرامی تایبەت، بە بەردەوامی و بێکۆتایی لە بنیاتنان و وێرانکردن دایە. هەر بۆیەش بەئاسانی دەتوانرێت هەستی جەماوەر دەور بدات و لە هەمبەر پشێوییەکانی دیارکراودا بە جوڵە بخرێت. هەر لەم بارەیەدایە کە تیۆرگەلی پەیویست بەنەژاد، خوێن، وڵات و نەتەوە گەڵاڵە دەکرێت، کە لە گۆشە ترساویی و توقێنەرەکانی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت و بەتوندی هەستی مرۆڤ دەبزوێنێت. ئەم فاکتەرانە کاریگەری هەبوو لەسەر غروری ئەو مرۆڤانەی ئارەزوومەندی گەورەیی و شکۆداری رابردوون. بە تایبەتیش ئەگەر زامدارکرابن، وایان لێدەکات رقیان لە هەموو ئەو رەوتانە بێت کە بە پێچەوانەی حەزەکانیانن. کەواتە دان بەخۆ دادەگرن و بە نائومێدییەوە، پشت بە داهاتوو دەبەستن. بەم پێیەش بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو کەسانەوە کە ئەم نەفرەت و ترس و نائومێدیانە دیار دەکەن و لە رێگای پرۆپاگەندەی دەروونناسانەوە غروری شکا و پەراوێزکراویان لە کۆمەڵگا سارێژ دەکەنەوە و، بێئاگا لەوەی کە ئەم کارەیان دەبێتە هۆی قووڵتربوونەوەی ئەم زامانە و رقی ئەم کەسانە لە قووڵایی دەروونیانەوە دەخەنەڕوو و پراکتیزەیان دەکەن.

فاشیزم و ناسیۆنال سۆسیالیزم لەم میتۆدە کە پشت بە ناعەقڵانیخوازی دەبەستێ و هەڵقوڵاوی هەستەکانە، لەراستیدا نزمترین ئاستی پێداویستییەکانی مرۆڤ بە تایبەت لە کاتی نا ئومێدی و رق ئەستووری (وەك بێکارەکان، شەڕکەرانی دوای شەڕ



و دوور خراوەکان لە کۆمەڵگا بە هەر بیانوویەك بێت) دیاردەکات و بنەمای بزاوت و سوودمەندێتی خۆی لە سەری بنیات دەنێت. رودلف هس، یاریدەدەری هیتلەر لە سەردەمی بەهێزی هیتلەردا، کە لە باشووری باواریا لە بەندیخانەی لاندسبرگ هیتلەری ناسی، هەروەك ئەو پڕ بوو لەگرێ کوێرە و رقی لە رابردوو و ئێستابوو، بەڵام خاوەنی ئاواتێکی گەورە لە داهاتوودا و هەر بۆیەش بەشەوقێکی زۆرەوە دەستیکرد بە نووسینەوەی پەرتووکی (شەڕی من) کە هیتلەر بۆی دەخوێندەوە.

**٢. داروینیزمی کۆمەڵایەتی**

داروینیزم تیۆرێکە لکێزاو بە چارلزداروین کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە بارەی رەچەلەك و سەچاوەی بوونەوەرەکان، ئاژەڵ یان رووەك، لەلایەن داروینەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا. ئەو بە پێچەوانەی بانگەشەی کەنیسە، مرۆڤی لە رەگەزی مەیمون یاخود کامڵبووی ئەم گیانەوەرە نەدەزانی و هیچ کاتێکیش بانگەشەی ئەم ئیدعایەی نەدەکرد، بەڵکو کارتێکەری لێکۆڵینەوەگەلی زیندەوەرزانی و بایۆلۆژیکییەکانی بەتایبەتیش لەناوچەی کارائیب و باشووری ئەمریکا، داروینی بەم بەرەنجامە گەیاندکە خوا (هەروەك چۆن پەرتووکی ئەنجیل و رووداوی پاپۆڕی نوح شایەتی دەدات) نزیکەی سەد جۆری ئاژەڵ و رووەکی سەرەتایی خولق کرد و شانازی ناو لێنانی بۆ مرۆڤ کە لە خولقی خوایە، سپارد و گشت جۆرە رووەك و ئاژەڵ کە پتر لە چەند ملیۆن جۆرە بە هۆی گۆڕان و وەرچەرخان و کاریگەری ژینگە و کەش و هەوا و لە هەموویانیش گرنگتر بە مەبەستی ماڵی کردن و زاوزێ لە رێگەی مرۆڤەوە کامڵبووە و جۆرگەلی جۆراوجۆری لێ بەرهەم هاتووە. ئەم وەرچەرخان و و کامڵبوونە، هەروەك باسمانکرد بە هۆی ئاو و هەوا و هەڵکەوتی جوگرافی و رووداوگەلێك بەدیهاتووە. گرنگترین پەرتووکی داروین لەم باریەدا(رەچەلەکی جۆرەکان)ە، کە لە ساڵی ١٨٥٩دا نووسراوە. هەر لەم کاتەدا بوو کە ئەو بە پەرتووکی (نامەیەك لە بارەی دانیشتوان) بەرهەمی مالتۆس ئاشنا بوو کە بەپێی بۆچوونی ئەو، واتە مالتۆس، دانیشتوانی جیهان بە هەڵگشانی ئەندازەیی (تصاعد

هندسی) و زیاد بوونی بەرهەم  هێنانی خۆراك بە زیاد هەڵكشانی ژمارەیی (تصاعد عددی) گەشە دەكات. ئەم تیۆرە كاریگەری بەسەر داروینی هەبوو و هەستا بە تەواوكردنی  لێكۆڵینەوەی تیۆرییەكەی واتە (ململانێی مانەوە).

پوختەی پەرتووكی رەچەڵەكی جۆرەكان ئەوەیە كە هەموو جۆرە گیانەوەر و رووەكێك لەلایەن خواوە، بەڵام سنووردار، واتە بەكەمی خولق كراون و بە تێپەڕبوونی كات جۆرەكانی زیادی كردووە. بەڵام بەپێی تیۆری مالتۆس، چ رووەك چ ئاژەڵ ئەگەر بێتوو تووشی لەمپەر نەبنەوە، لە ماوەیێكی كورتدا (هەر ٥ ساڵ) رێژەیان دوو بەرامبەر و بگرە زیاتریش دەبێت و سەردەمێكی دێت چیتر بۆ وەستانی مرۆڤ لە سەرگۆی زەوی جێگە نامێنێتەوە. بەڵام داروین بە پێچەوانەی بۆچوونی مالتۆس لەم بڕوایەدایە كە ئەم زیاد بوونە، رووبەڕووی لەمپەری سروشتی (جیا لەوانەی كە مالتۆس باسی لێدەكات) دەبێتەوە. وەك كەمی خۆراك و لە هەمووان گرنگتریش بوون بە نێچیری لە خۆ بە هێزتر، جا رووەك بێ یاخود ئاژەڵ. بۆیە هەمیشە لە سروشتدا هاوسەنگییەك زاڵە. كەواتە هەر رووەكێك بەسروشتیانە هەوڵدەدات لەمپەرەكانی بەردەمی لەناو ببات و بەرەو ئاو و رووناكی جوڵە بكات و گەشە بسێنێ. هەروەك چۆن ئاژەڵیش بۆ مانەوەی خۆی، ئاژەڵ یان رووەكیتر راو دەكات. كەواتە هەر بوونەوەرێكی زیندوو بە سروشتیانە بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی هەوڵ دەدات و لەم بارەشەوە نەتەنیا ژینگەی لە پێناو مانەوەی خۆیدا گونجاو دەكات، بەڵكو بۆ بەدەست هێنانی خۆراك هەڵدەستێت بەراوكردنی گیانەوەری لاوازتر و ئەگەر لە توانایدا بێت ركەبەرە هاوهێزەكانیشی لەناو دەبات. ئەم رەوتە لە ململانێی مانەوە لە رووەكدا كەمتر هەستپێدەكرێت. بەڵام رووەكیش وەك ئاژەڵ هەڵسوكەوت دەنوێنێ. لە بەرەنجامدا، جۆری بەهێزتركە لەگەڵ ژینگە گونجانی زۆرترە و خاوەن ئامرازی بەرگری لە خۆ كردنی باشتر بێت. دەمێنێتەوە و وەچەكەشی گەشە دەكات و جۆرە ئاژەڵ و رووەكە لاوازەكان بە هۆی نەگونجان لەگەڵ ژینگە (وەك دایناسۆرەكان) یان شێوەیان دەگۆڕێ و وەچەكەیان لەگەڵ ژینگەدا خۆ دەگونجێنن یانیش لە بەین دەچن.



داروین لە پەرتووكی رەچەڵەكی جۆرەكاندا، تەنیا باس لە پرسی وەرچەرخانی جۆرەكان و، گیانەوەركان كە لە شێوەی سادە بەرەوە شێوەی كامڵبوو هەنگاو دەنێت و لەم رەوتەدا جۆرگەلی زۆرتر بە بوون دێنێت، باس دەكات و بەهیچ جۆرێك باس لە سەرچاوەی مرۆڤ یان ئەوەی كە مرۆڤ لە كامڵبوونی مەیمون بە بوون هاتووە ناكات، چونكە ئەو تا كۆتایی تەمەن بۆ كەنیسە و ئایینی مەسیحییەت وەفادارمایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا كەنیسە بۆچوونەكانی داروینی بە كفراوی و ئەوی بە دژی ئایین و خوانەناس لە قەڵەمدا. ئەمەش بوو هۆی ئەوەی كە ئەو بەدوای دروستبوونی سەرچاوەی مرۆڤ بڕوات و لەم بارەیەوە بەردەوامی بە لێكۆڵینەوەكانی بدات. ئەو لە پەرتووكی (رەچەڵەكی مرۆڤ) كە لە ساڵی ١٨٧١دا بڵاوكرایەوە، زۆرتر بڕوای بەوە دێنێت كە مرۆڤ  لە رەگەزی مەیموونە، بەڵام لە نووسینەكانیدا، ئەم بابەتەی لە تارماییەكی دوو لایەنەدا بەجێ هێشت بەم جۆرش هەتاهەتایە كفری بۆ خۆی بەدیار هێنا.

دوای ئەم دەسپێكە لە بۆچوونەكانی داروین، داروینزمی كۆمەڵایەتی كە لە زانستی سیاسەت و كۆمەڵناسی سیاسی وەك تیۆرێكی داتاشراو لە بۆ چوونەكانی داروین باو بووە و كاری پێدەكرێت. باشتر شیاوی تێگەیشتن دەبێت.

داروینیستە كۆمەڵایەتییەكان، ئەم تیۆریەیان سەبارەت بە جۆری بوونەوەرەكان یاخود باشترە بڵێین (یەك جۆر) بەكارهێناوە و لەم باریەشدا بەڵگاندنەكانی داروین بەكاردێنن.

فاشیست و ناسیۆناڵ  سۆسیالیستەكانیش ئەم هەوێن و تیۆرییەیان سەبارەت بە نەتەوە و نەژاد بەكاریان هێناوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان بە خەرابی سوودیان لەم تیۆرە وەرگرت. بەواتایەكیتر فاشیستەكان لەم بڕوایەدان كە كرۆكی سەركی و بنەڕەتی هێز كە ژیان بە جوڵە دەخات و بەهای پێدەبەخشێت، هەڵقوڵاو لە كرۆكێك دەزانێ كە لە كامڵبوونی جۆرەكاندا بوونی هەبوو و ئەم كرۆكەش لە جوڵەی بەردەوامیدا لە باڵاترین جۆری خۆی واتە لە مرۆڤدا دەمێنێتەوە. بەڵام مرۆڤەكان

خاوەن بارودۆخی یەکسان نین، کەواتە لە ڕەوتی کامڵبووندا، مرۆڤگەلێك کە خاوەن باردۆخی گونجاوترن، هێزی زۆرتر بەدەستدێنن و ڕەوتی کامڵبوونی ئەم کرۆکە بە لوتکە دەگەیێنن. ئەو بەرەنجامەی کە فاشیزم و نازیزم سەبارەت بەم ڕەوتە پێگەیشتن ئەوە بوو کە مۆسۆلینی بەم بڕوایە گەیشت، کە نەتەوەییێك کە بە لوتکەی کامڵبوونی خۆی گەیشتووە (بەبۆچوونی ئەو ئیتاڵیا) شیاوی فەرمانڕەوای کردن بەسەر نەتەوەکانیترە. هەروەك چۆن هیتلەر لەم بڕوایە دابوو کە نەژادی بێگەردی ئاریایی، باشترین نەژاد بووە بە درێژایی مێژوودا و ئێستاش بە قۆناغێك گەیشتووە کە بەناچاری دەبێ سەرکردایەتی جیهان و نەتەوەکانیتر بە دەست بگرێت و ئەرکی مێژوویی و ئاسمانی خۆی بە ئەنجام بگەیێنێت. لەم بارەوە هیتلەر دەیگوت کە ئەمە خواستی خوا و ئەرکی ئیلاهە کە پێویستە ئەنجامی بدات. چونکە بەم پێیە نەتەنیا نەتەوەی سەربڵندی ئاریایی ئەڵمانی زۆرترین سوود بەدەستدێنن، بەڵکو بە سوودی نەتەوەکانی پەستیشە.

گۆمپلویس کۆمەڵناسی پۆلۆنی – نەمسیایی یەکێك لە دامەزراێنەرانی داروینیزمی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٨٨٣ دا لە پەرتووکیدا بەناونیشانی «ململانێی نەژادی» دەنووسێت:

«سەرچاوەی کۆمەڵگای سیاسی «دەوڵەت» تەنیا دەتوانرێت لە ڕێگەی زانستی ئەسنۆلۆژێك واتە توێژینەوە سەبارەت بە گرووپە نەژادییەکان کە دەبێتە هۆی هێنانەدی دوو چینی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات [هاوڵاتی] پێناسە و پاساواندن بکرێت»

سامنر زانای ئەمریکی زانستی کۆمەڵناسی کە بەرهەمگەلێکی سەبارەت بە داروینزمی کۆمەڵایەتی هەیە. لە ساڵی (١٩٠٧) دا لە پەرتووکی (نەریت و بڕوای عامە) بەراوردی نێوان داب و نەریت و دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای لەگەڵ دەوڵەت و گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان دەکات و بەم بەرەنجامە دەگات کە هەر یەك لە تاکگەل و گرووپگەل و ئەنجوومەنەکان بۆ



مانەوە و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زۆرتر لەگەڵ یەکدیدا ململانێ دەکەن. ئەو لەو بڕوایەدایەکە بەم چەشنە جۆرگەلی حکوومەتەکان (دیموکراسی، دیکتاتوری، ....) سەر هەڵدەدەن.

سەرەڕای ئەمەش، شکست هێنانی فەرەنسا لە هەمبەر سوپای پرۆس لە ساڵی ١٨٧٠دا و [ڕووداویتری] لەم چەشنە لە پرسگەلێك بوون کە داروینیزمی کۆمەڵایەتی پشتی پێدە بەست و ئەڵمانیا کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە وڵاتێکی کشتوکاڵی فیۆدالی و پاشکەوتوو لە ئەوروپا، بەخێرایی قۆناغەکانی بە پیشەسازی بوونی دەربازدەکرد، پڕۆپاگەندەی باڵایی نەژادی لە چوارچێوەی داروینزمی کۆمەڵایەتی نەتەنیا بەبێ زیان، بەڵکو بە دادپەروەرانە هەژماری دەکرد و لەلایەن زۆرینەی ئیتاڵی و ئەڵمانییەکانی ئەوکات شوێنی خۆی دەکردەوە.

### ٣. ناسیۆنالیزم

ئەگەرچی دروشمی نەتەوەیی لە چەمکی ناسیۆنال سۆسیالیزمدا دەبینرێت، بەڵام نەتەوە و نەتەوەگەرایی لەلایەن فاشیستەکان بایەخی زۆرتر هەبوو تا لەلایەن نازییەکان. چونکە نازیزم لە پلەی یەکەمدا جەخت لەسەر نەژاد دەکات و دواتر نەتەوە. لە ڕوانگەی فاشیستەکان تاك گرنگترین فاکتەرە، بەڵام بە بەشێك لە نەتەوە دەژمێردرێت. کەواتە نەتەوە شتێکی جیاوازە لە پێکهاتەی تاکەکان، هەروەك چۆن نەتەوە تاك لە خۆ دەگرێ، کامڵیشی دەکات و گشت شتێکی بۆ دابین دەکات.

دەبێ تاکی فاشیست وەها هزر بکاتەوە کە ناتوانێت بوونی خۆی لە دەرەوەی نەتەوەدا وێنا بکات. بەم جۆرەش تاك هەستی وەفاداری لە هەمبەر نەتەوەی دەبێت و بە ئاسوودەیی خۆی سەرقاڵی پێشکەوتن و شکۆدارێتی نەتەوەی خۆی دەکات.

لەم بارەشدا، ئاماژە بە یەکێك لە وتەکانی مۆسۆلینی دەکەین کە لە ساڵی (١٩٢٢) دا کاتێك بە ئارامی لە میلانەوە بەرەو ڕۆم بوو بە سەرۆك وەزیران، کە دەڵێت:

«ئێمە ئەفسانەی خۆمان ئافراندووە، ئەویش ئەفسانەی باوەڕ و حەماسەیە پێویست ناکات ئەم ئەفسانەیە واقعییەتی هەبێت، بە پێی ئەم راستییە بەڵگە نەویستە، واقعییەتی هەیە کە ئەم ئەفسانەیە خێر، ئاوات، باوەڕو جەربەزەییە. ئەفسانەی ئێمە نەتەوەیە، ئەفسانە گەورەیی نەتەوەیە! و ئێمە هەموو شتێك لە پێناو ئەم ئەفسانەیەدا، ئەم باڵایی و گەورەییە کە هیوادارین بە ئامانج بگەیێنین، دادەنێین»

ئەم رستانە بە خێرایی لە دەروونی مرۆڤی تینووی گەورەیی رابردوو، ماندوو لە کێشەکانی ئەوکاتی ئەوروپا و ئیتاڵیا جێی کردەوە.

لەراستیدا ناسیۆنالیزم شتێك نییە جیا لە هەست بە خاوەندارێتی کردن نەبێت، بە واتایەکی باشتر هاوبەشی و بەشداریکردن لە خاوەندارێتی گشتی کە زەرفەکەی وڵات و مەزروفەکەشی نەتەوەیە.

لە ناسیۆنال سۆسیالزمدا، نەژاد جێی نەتەوە دەگرێتەوە و نەتەوە لە دوای نەژاد پێگەیەکی بەرزی هەیە. لەڕوانگەی هیتلەر گرنگترین فاکتەری پێکهێنانی نەتەوەیە، بەپێی نەژادە نەتەوەکان پۆلین دەکرێن نەژادە لاوازەکان خۆبەخۆ لە نەژادی بەهێزدا دەتوێتەوە.

بەواتایەکیتر، سروشتی نەژادی بەهێز بە چەشنێکە، کە نەژادە لاوازەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتدارێتی خۆیدا. هیتلەر لە پەرتووکی (شەڕی من) دا، کە لە بەندیخانەی لاندسبرگ بە رۆدلف هێس، کە دواتر بووبە راوێژکاری باڵای هیتلەر رادەسپێرێت و دەڵێت:

«دەبێ نەژادی بەهێز نەژادی لاواز لە خۆیدا بتوێنێتەوە، نەك بچێتە ژێر کاریگەری [ئەم نەژادە لاوازەدا] یا خود ببێت بە هاوشێوەی [ئەم نەژادە]. بە پێچەوانەوە تێکەڵبوونی دوو رەگەز، دەبێتە هۆی پەستبوونی نەژادی باڵاتر کە ئەمەش بە پێچەوانەی ویستی خوایە».



«بەگشتی دەسەڵاتدارێتی نەژادی بەهێز بەسەر نەژادی پەست و لاوازدا، لە بەرژەوەندی خودی نەژادی لاوازدایە. ئەگەر نەژادەکان یەکسان بانا، واتە هەموویان لاوازبانا، لەناودەچوون. رێوییەك، هەمیشە رێوییە، کەڵەشێر، کەڵەشێرە. هیچ کات کەڵەشێر، نابێت بەڕێوی. هەر بۆیەش مرۆڤەکان خاوەن عەقڵ و لێهاتوویی جۆراوجۆرن. بە واتایەکیتر ئەگەر شێوەی مرۆڤەکان وەك یەکدی بێت دەروون و توانای داهێنانیان جیاوازە. هەر بۆیەش، شەڕ و ململانێ لە نێوانیاندا، هەمیشە بوونی هەبووە و بوونی دەبێت هە ئەمەش هۆی سەرکەوتن و پێشکەوتنی مرۆڤەکانە». هەر لەم بارەیە دابوو، کە هیتلەر بەردەوام جەختی دەکردەوە کە رایشی سێیەم بەلانیکەمەوە هەزار ساڵ دەخایەنێت و مۆسۆلینی لە مەش دوورتر دەڕوات و دەڵێت، فاشیزمی ئیتاڵیا چووەتە ناو مێژوودا و هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت. ئەو بەم بەرەنجامە دەگات کە دەوڵەت رەها و تاکەکان رێژەیین، کەواتە وەفاداربوون بە دەوڵەت بەشێکی گرنگی ژیانی تاك پێکدێنێت. لە روانگەی فاشیزمدا، دەوڵەت ئێستا و رابردوو و داهاتوویە. بۆیە بابەتی وەفاداری یان خەبات تایبەت بە سەردەمێکی دیارکراو نییە و قەرەبووکردنەوەی خەیانەت مومکین نییە، چونکە لە دژی نەوەکانی ئێستا، رابردوو، و داهاتوو ئەنجام دراوە. بەڕای مۆسۆلینی دەوڵەت وەك جەستەیی فیزیکی، روحیی نەتەوەیە. دەوڵەتی فاشیزم ئایدیالە ئارمانییەکانی سۆسیالیزم بەدەست دێنێت و خواستە عەقڵانییەکانی نەتەوە دەستنیشان دەکات و لێکدانەوەیان بۆ دەکات و بە حەقیقەت دەگەێنێت. کەواتە پێویستە [دەوڵەت] لەگەڵ پرەنسیپی سەرکردایەتی لە پەیوەندی و تێکەڵبوون دابێت، بە چەشنێك کە نەتوانرێت ئەم دووە لێك جیا بکرێنەوە. هەڵبەت ئەو وەسفەی کە لە کۆمەڵگای فاشیستی کرا، نموونەی [کۆمەڵگای] هاوڵاتییەکی فاشیستە. بەڵام سەختە بتوانین وێنابکەین کە هەموو هاوڵاتییێکی دەوڵەت فاشیزم بتوانێت لەگەڵ ئەم نموونەیە خۆی بگونجێنێت.

ئەگەرچی پێویستە فاکتەری ناعەقڵانی خوازی، کە باسمانلێکرد، فەرامۆش نەکەین چونکە تێکەڵ بەیەکدی کردنی ناعەقڵانیخوازی و ناسیۆنالیزم، ئەگەر بێتو لە ڕێگەی ئامرازەکانی دام و دەزگای سەرکردایەتی و حکوومەت بە هۆشیاری بەکاربهێنرێت، تا ڕادەیەك، دتوانێ هاولاتی لەم ڕێڕەوەدا، بەلانیکەمەوە، بۆ ماوەیەك سەرکردایەتی بکات و ڕێکیان بخات.

### ٤. دەوڵەتی تۆتالیتار

دەوڵەت لە سیستەمی فاشیستیدا، لە ڕووی ماناییەوە، لەگەڵ چەمکە ناسراوەکەی [واتە چەمکی دەوڵەت] لە سیستەمە سیاسییەکانیتردا، جیاوازە. فاشیزم لە چوارچێوەی سیستەمی ستەمکاری گشتگیردا، مانای فروانترە، بەبەراورد لەگەڵ ئەم چەمکە لە سیستەمە لیبرال و دیموکراتیك و تەنانەت ستەمکارییەکانیشدا. ئەگەر بمانەوێت ورتر بڕوانینە ئەم بابەتە، ئەم پرسیارە گەلاڵە دەبێت، کە کۆمەڵگا و حکوومەت لەم سیستەمەدا، چ پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە و هەروەها سنووری واقیعی دەوڵەت و حزب لە کوێیە؟ ئەرکەکانی دەوڵەت چییە و ئامرازەکانی حزب کامەن؟ لە کۆتاییشدا، ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە، کە کام یەك لەم دوو ئۆرگانە بەسەر ئەوەیتردا زاڵە؟ ئایا حزب ئامرازی دەستی دەوڵەتە یان بە پێچەوانەوە؟ یاخود ئەم دوویە تەواوکاری یەکترن و لە کۆنترۆڵی سەرکردایەتی دان؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێگەی دەوڵەت و پارت لە سیستەمە فاشیستی و نازیستییەکاندا ڕوون دەکاتەوە. ئەو دەوڵەتەی کە هیگل وێنای دەکات، لە ڕاستیدا، کاملبوونی کۆمەڵگای مەدەنییە و یەکانگیرییێکی بەردەوام لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتدا، دێنێتە ئاراوە. ئەم بۆچوونەش مۆسۆلینی خستە ژێر کاریگەرییەوە. ئەگەرچی ئەو باسی لە وابەستەییەکی دوولایەنە لە نێوان کۆمەڵگا و دەڵەتدا نەکردووە. بەگشتی، کۆمەڵگا لەتەك دەوڵەتەوە بە مومکین دەزانی و بەهیچ جۆرێك وێنای کۆمەڵگاییێکی بێ دەوڵەت ناکات. هیتلەر کە کەمتر لە بەلگاندنی فەلسەفی سوودی وەرگرتووە، دەوڵەت بەرێکخراوێك دەزانێ کە نەژادی باڵای ئاریایی — ئەڵمانی ڕێکدەخات و لە پێگەی خۆیدا جێگیری دەکات.



هیتلەر چەندین جارباسی کردبوو، کە نەتەوەی ئاریا، یاخود باشتر بڵێین، نەتەوەی ئەڵمان، لە بەرهەمی دەسەڵاتە نەك دەوڵەت. واتە دەوڵەت لە خودی خۆیدا ئامانج نییە. بەڵکو نەتەوە و نەتەوایەتییە[1] کە واقعییەتی هەیە و لە دەروونی کۆمەڵگادا، دەسەلاتدارە نوخبەکان، جەماوەر دەپارێزن و گەشەی دەدەن. لێرەدا بەتەواوی ئاشکرایە کە لۆسەی فەرمانڕەوایی کردن بەسەر دەوڵەتدا حزبە، کە لەلایەن سەرکردەوە دەجوولێتەوە و مانای نەتەوە بەبێ حزب (سەرکردایەتی و پێشەوا) هیچ جۆرە مانا و ناوەڕۆکی نییە. (ئەرنست فرەنکل) لە نێوان دەوڵەت و پارتی نازیدا جیاوازی دادەنێت. یەکەمی بە (دەوڵەتێکی ئاسایی) و پاراستن و ڕێکخستنی سەرمایەداری دەزانێت کە ئامانجەکانی سیستەمی فاشیستی لە ژیانی ئابووریدا ڕێك دەخات. لە کاتێکدا کە حزب وەکو گرنگترین ئامرازی دەستی سەرکردەی دەسەلاتێکی سیاسی و کۆمەلایەتییەکە (فرەنکل) بە (دەوڵەتی مومتاز) ناوی دەبات، و لە ڕاستیدا، دەوڵەتی فاشیستی لە ئیتالیا و ڕایشی سێیەم لە ئەڵمانیادا بە جوڵەی خست. ئەگەرچی زۆربەی شیکاریستەکانی فاشیزم، تەنانەت پێشەنگەکانیشی، حزبیان بە دەسەلاتی باڵاتر دەزانی، چونکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردەدا لە پەیوەندی دابوون.

هیتلەر لە (شەڕی من)دا دەڵێت:

«لە ڕێکەوتی ١٩٢٠ — ١٩٢١دا بەجێ ماوەکانی بۆرژوازی کە ئێستا سەردەمی حکوومەتەکەیان کۆتایی هاتووە، کەم و زۆر خۆیان نزیك بە پارتە تازە پێگەیشتووی ئێمە دەکەن و لە هەمبەر دەوڵەتی هەنووکەدا، بەرەیێکی نوێیان پێکهێناوە، ئەمەش نیشاندەدات کە لەم ڕێکەوتەوە لە نێوان ئەم دوو بەرەیە ململانێی کەسی دەستپێدەکات».

---

١. (volkstum) مانایەکی فراوانتر لە نەتەوەی هەیە و لەگەڵ نەژاد و خوێندا لە پەیوەندی دایە.

ئەم رستانە نیشاندەری ئەم گرنگییەیە کە هەرچەندە لە پرەنسیپەکانی فاشیزمدا (بە پێچەوانەی کۆمۆنیزم یان باڵی چەپی تۆتالیتاریزم) بوونی حەز زۆر زەروور نییە، ئەم سیستەمە تازە دامەزراوە، پێگەی تایبەتی هەبووە.

لەروانگەی مۆسۆلینی دەوڵەت هەر وەك کۆمەڵگا، واتایەکی ئۆرگانێکی هەیە، واتە هەمیشە بوونی هەبووە و دەشی بێت و لە دەرانجامدا لە گشت وەچەکاندا بەردەوام دەبێت. واتە پێویستە وەك بوونەوەرێکی زیندوو گەشە بکات. (کە بەم شێوەیەش شەڕ و ئیمپرایالیزم لە روانگەی فاشیزم پاساو دەکرێن). چونکە دەوڵەت بوونێکی مەعنەویی هەیە. کەواتە تاك تەنیا لە کۆمەڵگایەکی مەعنەویدا، واتە لە چوارچێوەی دەوڵەت، دەتوانێت بە ئامانجەکانی بگات. بۆیە نابێ لە بارودۆخێك جێگیربێ کە بتوانێت رەخنە لە دەوڵەت بگرێت. دەوڵەتی رێکخەری کۆمەڵگا بەگەیشتن بە ئامانجەکانی، لە کۆتادا، ئامانجەکانی تاك و کۆمەڵگا دابین دەکات. ژیانی نەتەوە بەندە بەدەوڵەتەوە، کەواتە شایانی ئەوپەڕی وەفادارییە. هەروەك بە ئاشکرا دەبینرێت، لەم بارەدا جیاوازی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا و حزب بە ئاسانی دیار ناکرێت. ئەگەرچی تاك لەم کۆمەڵەیەدا لە رواڵەتدا گرنگی ئەوتۆ نییە، بەڵام توخمی پێکهێنەری گشت ئۆرگانەکانی ناوبراوە. کەواتە لە مۆدیلی فاشیزمدا، تاك، کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت، زنجیرەی هیگل کامڵ دەکەن. ئەگەرچی هەروەك باسمانکرد، بەکارهێنانی ئەم مۆدیلە لە رەوتی کامڵبوونی هیگل، تاڕادەیەك دوورکەوتەوە.

بەم جۆرەش وەڵامی دوایین پرسیار، پەیوەندی نێوان حزب و دەوڵەت و سەرکردە درایەوە.

### ٥. پرەنسپی سەرکردایەتی

هەروەك لە داروینیزمدا باسمانکرد، هەڵبژاردنی چاکترین [جۆر] لەناو جۆرێکدا، دەبێتە هۆی باڵابوونی یەك یان ژمارەییێك لەم جۆرە تایبەتە لەناو خۆیدا. داروینیزمە



کۆمەڵایەتییەکان ئەم [بابەتە] یان بۆ مرۆڤ بەکارهێناو بەم بەرەنجامە گەیشتن کە لەناو نەژادی باڵاتریشدا، یەك یان چەند کەسێك (سۆپرمان) لە ئەوانیتر جیاواز دەبنەوە.

لەم بارەوە هیتلەر دەڵێت:

«یاسای سروشتی حوکم دەکات، تاکێك کە لە هەمووان بەهێزترە هەنگاو پێش بنێت و نەتەوەی خۆی لەوکێشانەی کە بەرەو لە ناوچوونی دەبات، رزگاربکات. ئەگەرچی، تا ماوەییێك، جەماوەر توانایان نییە کە لەوە تێبگەن ئەم مرۆڤە هەر ئەو کەسەیە کە بە راپەرینی [جەماوەر] لە پێناو بوونی بەسەرکردە، رزگاری خۆی بەدەستدێنێت. (واتە رزگاری جەماوەر) لە بنەڕەتدا، هەمیشە پیاوێك کارە گەورەکانی ئەنجامداوە».

بەم جۆرە، فاشیزم لە بیردۆزە نوخبەگەرایییەکان، وەك نیچە، مۆسکا، پارتیۆ، میشلز، و ... سوودیان وەرگرتووە و بەشێك لە بۆچوونەکانیان، بە مەیلی خۆیان دەست بژێر کردووە و تەنانەت دوای گۆڕینیان، بەکاریان هێناوە. ئەگەرچی فاشیزم کۆمەکی لەم تیۆریانە وەرگرتووە کە پێشتر لەلایەن هەندێ بیرمەندەوە پێشکەشکراون، بەڵام پێویستە دان بەو راستییە دابنێین، کە توانیویەتی ئەم تیۆریانە بخاتە قۆناغێکی پراکتیکیدا و تەنانەت لەگەڵ ئیمکاناتی نوێ بیانگونجێنێت. ئەم نوخبەگەرایییە زنجیرەییێکی یەك لە دوای یەك و قوچەکێك پێکدێنێت. کە لە بناغەی ئەم قوچەکەدا، جەماوەر و لە ئاستە بەرزەکانیدا رێبەرەکان دێن. هەروەك چۆن لە لوتکەی قوچەکدا، سەرکردەی رەها جێ دەگرێت.

سەرکردەی رەها، بە حوکمی یاسا سروشتی، زاناترین و بە تواناترین تاك لە کۆمەڵگادایە. ئەو بە حوکمی سروشت دوور لە هەڵەکردن و تەنیا مەرجەعی دیارکەری بەختەوەری تاك و کۆمەڵگایە. کەواتە پێویستە بێ ئەم لاو ئەو لا مل کەچ و گوێڕایەڵی بین.

سەرکردەی رەها، خودی یاسایە، هەرکاتێك بە پێویست بزانێت بەپێی بارودۆخ یاسایێك دادەرێژێت لای دەبات یاخود هەمواری دەکات. چونکە تەنیا هەر ئەوە کە دەتوانێت (خێروبێر) لە (شەڕ) جیا بکاتەوە.

لە راستیدا، ویستی سەرکردە ویستی کۆمەڵگایە. بەڵام پێویست نییە، سەرکردە پەیڕەوی لە خواستەکانی جەماوەر بکات. چونکە تەنیا ئەو درك بە پێداویستە راستەقینەکانی جەماوەرە دەکات و لە حەزەکانییەکان جیای دەکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکات. ئەگەر حزبێك هەبێت هەروەك باسکرا، وەك لۆسەو میکیانیزمی ویستی سەرکردە دەجووڵێتەوە.

ئەرکی سەرەکی حزب پەروەردەکردنی جەماوەرە بە بۆچوونەکانی فاشیستی و پێویستە بۆ دامەزراندن لە پۆستە گرنگەکان و بەرپرسی وڵات و کۆمەڵایەتی، جەماوەرە پەروەردە و دەست بژێر بکات.

بەبڕوای هیتلەر فەلسەفە، یان باشترە بڵێین (فەلسەفەی نازیزم) وەك ئایین شیاوی لێ قووڵبوونەوە نییە هەر وەك چۆن پرسە ئایینەکان پێویستیان بە بەڵگەگەلی عەقڵی نییە و پێویستە لە نەستی مرۆڤدا بوونی هەبێت. فەلسەفەی نازیزمیش بە پێچەوانەی ئەمە پەسەند ناکات و تەنیا سەکردەکان دەتوانن لێکدانەوەی بۆ بکەن و بۆ جەماوەر روونی بکەنەوە. لەم بارەیەدا، (گاستۆن بۆتۆ) دەڵێت:

«فاشیزمیش هەروەك بناپارتیزم دامەزرێنەری تیۆرییەکە، کە سەرکردە یان پێشەوا تا ئەندازەیێك راسپێردراو لە جیهانی سەرروویە و شێوەیێکی پێغەمبەرانەی هەیە. لە [سەردەمی] کۆندا پاشای رەها ناوبژی نێوان خوا و نەتەوەبوو. فاشیزم بە هۆی هیگلەوە فۆڕمێکی تری وەرگرت، ئەویش ئەوە بوو کە پێشەوا، سەرکردەی باڵا، دۆچە، یاخود مۆر، ناوبژی نێوان نەتەوە و مێژوویە و ئەرکیی ئەوەیە کە مێژوو بەرهەم بێنێت و تەنیا لە بەرامبەر مێژوودا نەبێت، هیچ بەرپرسیارێتییەکی نییە».



بەم جۆرەش، سەرکردە لە سیستەمی فاشیزم و نازیزمدا حاڵەتێکی پیرۆزکراوی وەرگرت کە لە خەیاڵدا نەگونجێت و بە پێچەوانەی دیموکراسی لە هەمبەر جەماوەردا، وەڵامدەرەوە نەبێت.

**٦. نەژادپەرستی**

نەژادپەرستی خەسڵەتێکە زۆرتر لە جیاوازییەکانیتر، نازیزم لە فاشیزم جیادەکاتەوە، ئەگەرچی جیاوازیتریش لە نێوان ئەم دوو رەوت و رێبازەدا دەبینرێت. هیتلەر لە بەشی دەیەمی، بەرگی یەکەمی پەرتووکی (شەڕی من ) دا کە لە درێژترین بەشەکانی ئەم پەرتووکەیە، باس لە پرسی نەتەوەکان و نەژاد دەکات. ئەگەرچی لە تەواوی ئەم پەرتووکەدا، بەبێ هیچ مێتۆدۆلۆژیا و رێك و پێك بوونێك، روحی نەژادپەرستی، بە گوتەی هیتلەر راسیزم دەسەڵاتدارە و هەموو توخم و فاکتەرەکانیتر وەك ئامرازێك لە خزمەت نەژاد و سەرکەوتنی ئەم نەژادە بەسەر نەژادە کانیتردایە.. زۆربەی لێکۆڵەرانی مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی بەم بەرەنجامە گەیشتوون کە، یەکێك لە ناکۆکییەکان و پێك نەچوونە سیاسی — کۆمەڵایەتییەکان جیاوازی نەژاد و رەنگەکانە. بەهەرحاڵ، ئەگەر پەسەند بکەین کە ئاو و هەوا، نەریتە جێگیربووەکانی ژیان، و باوەڕەکانی تایبەتی ئەم کۆمەڵگایە کاریگەری بەسەر شێوەی فیزێکی و تەنانەت زەینی مرۆڤی هەبێت، پەسەندکردنی ئەم گرنگییە کە ئەو مرۆڤانەی لەکات و شوێنکی دیارکراو لەگەڵ یەکدا دەژین، لەگەڵ کۆمەڵگاکانیتر کە لە رووی شێوەی ژیان لێك جیاوازن، جیاوازییان دەبێت، بەرەنجام ئەوەیە کە بیردۆزە نەژادگەراکان، ئەم رەوتە لە جیاوازی نێوان نەژادەکان بە کاریگەر دەزانن.

بەواتایەکیتر، هەندێ لە نژادەکان توانیویانە کۆمەڵگا و دەوڵەتێکی رێك خراوتر دابمەزرێنن و لەم بارەوە بەسەر نەژادەکانیتر کە لە روانگەی ئەوان پەستن فەرمانڕەوایی بکەن، ئەم راستییەش وەبیرهێنەرەوەی ئەو تێۆرە نوخبەگەراییەیە کە تاقمێکی کەم بەسەر جەماوەری خەڵکدا فەرمانڕەوایی دەکەن.

بە بۆچوونی هیتلەر گشت پێشکەوتن و داهێنانەکانی مرۆڤ لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە درێژایی مێژوو، تەنیا لەلایەن نەژادی ئارییاییەوە دروستبووە و دروست دەبێت.

هیتلەر نەژادەکان لە دەستەیەکی بەهاییدا پۆلین دەکات و لەم پۆلینکردنەدا، خاڵی بەرامبەری نەژادی ئاریایی، نەتەوەی جوولەکە دادەنێت کە تەنیا حەز لە گیان و بەرژەوەندی خۆی دەکات. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە جوولەکە نەتەوەییێکە، بە درێژایی هەزاران ساڵ هەمیشە بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆی لە سەرووی بەرژەوەندییە گرووپی و کۆمەڵایەتییەکانی داناوە. هەربۆیەش هیچ کاتێك نەتەوەییێکی چەق گرتوو و پێشرەو نەبوو. سەرەڕای ئەمەش لە بنەڕەتدا، جوولەکە وەك ئایین لە پراکتیکدا، ئایینێکی یەزدانی نییە، بەڵکو نەتەوەییێك یان باشترە بڵێین، نەتەوەی بەنی ئیسرائیلە، کە بەدرێژایی مێژوو لە ژێر چەتری ئاییندا هەرکات پێویست بووە بەپێی بەرژەوەندی، ئایینی خۆی گۆڕیوە. چونکە بۆ ئەو تەنیا پاراستنی خوێنی پاکی جوو گرنگە نەك ئایین و باوەڕ بەپێی چەمکی مەسیحی. ڕێنماییەکانی جوولەکە تەنیا راستڕۆیی لەم جیهانەدا بڵاودەکاتەوە، هەر بۆیەش یەکێك لە فەرمانەکانی فەلسەفەی زایونیست ئەوەیە کە بێ جگە لە نەتەوەی جوولەکە، پێویستە تاکی جوو نکۆڵی لەو هەموو شتێك بکات.

هیتلەر لە شەڕی مندا بەردەوام دەبێت و دەڵێت کە خەراپترین سیفەتی جوو سوود وەرگرتن و چاوچنۆکی بۆ سامانێتی، کە ئەم خەسڵەتە بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان وەك زالوییێك خوێنی نەتەوەکانیتر بمژن و لەناویان بەن. مارکسیزمیش بەرهەمی بیری جوولەکەیە، چونکە بەم شێوەیە تەواوی نەژادەکانی باڵا و باشتر و نەژادی پەست تێکەڵ بە یەکدی دەبن و لەناو دەچن. بەم جۆرەش تەنیا نەتەوەی جوویە کە بە باڵایی دەگەن و بەسەر ئەوانیتردا فەرمانڕەوایی دەگێڕن. بە بۆچوونی هیتلەر نەژادی پەست سوود لە نەژادی باڵا وەردەگرێت و درێژە بە ژیانی دەدات، ئەگەر بەتەنیا جوولەکە لە جیهاندا هەبوایا، لە زلکاوی تاریکیدا نقوم دەبوو. غەریزەی دروست کردنی شارستانێتی نەژادی ئاریا، تەنیا لە بەهەرە و لێهاتوویی



ئەودا شاراوە نییە، ئەگەرچی بەهرە و لێهاتوویی داهێنەرانە لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئەم نەژادەیە. بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە، ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن نەژادی باڵان، بەردەوام لە هزری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای خۆیان دان و بەرژەوەندی و خواستە کەسییەکانیان، لەم ڕێگەیەدا، قوربانی دەکەن. هەربۆیەش بوون بە ژێدەری داهێنانی کلتور و شارستانییەتی جیهانی، ئەگینا ئاتیلا و زۆریتر لەم جۆرە دانا و لێهاتوو بوون و بۆ ماوەییێك فەرمانڕەوایی جیهانیان کردووە، بەڵام نەتەنیا کلتور و شارستانییەتێکیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو کلتورە دەولەمەندەکانیشیان وێران کرد.

ئەگەر ئەم بابەتە کورت بکەینەوە، پێویستە بڵێین، ناسیۆنال سۆسیالیستەکان نەژادی مرۆڤیان بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش دەکەن:

١. نەژادی بەرهەمهێنەری کلتور و شارستانییەت کە نەژادی ئاریانە.

٢. نەژادی بەکاربەری کلتور و شارستانییەت کە نەژادی سپی پێستەکانی ئەورووپا (جیا لە سلاوەکان) لە خۆدەگرێ.

٣. نەژادی وێرانکەری کلتور و شارستانیەت کە ڕەنگین پێست و جوولەکەکانن.

نازیزم لەو بڕوایەدایە کە باڵادەستی نەژادی ئاریا هەر لە دەسپێکی کۆمەڵگای مرۆڤییی، بەسەر گشت نەژادەکانیتردا بوونی هەبووە و لە سەراسەری مێژوودا بە ئاشکرا دەبینرێت. گوێڕایەڵی و پەیڕەوی نەژادی پەست بۆ نەژادی باڵاتر بە قازانجی نەژادی پەستەوە، مافی دەسەڵاتدارێتی نەژادی باڵاتر لەڕێگەی یاسای سروشتییەوە درك پێکراووە.

لە ڕوانگەی نازیزم نەژاد، خوێن و خاك، هەرسێیان پیرۆزن. کەواتە بۆ پاراستنی لە هێرشی نەژادەکانیتر، دەبی ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششەکان بخرێتەگەڕ، تا پاك و ڕەسەن بمێنێتەوە.

نموونەی وێناکراوی سەرەوە، گرینگی و پلە بەندی نەژادەکان لە قوچەکێکدا دەخاتەڕوو کە چینی یەکەم، داهێنەر و شیاوی فەرمانڕەوایی کردنی جیهانن. چینی

دووەم، وەك بەکاربەری کلتور و شارستانیەت، [کە ئەم کلتور شارستانییەتە] لەلایەن چینی یەکەم بەرهەمهێنراوە، پێویستە بۆ [راپەڕاندنی] کارە ئاساییەکان، لەژێردەستی چینی یەکەمدابن، بۆیە پێویستە بمێنێتەوە، تەنیا چینی سێیەمە کە دەبێ لەناوببرێن.






قوچەکی چینایەتی نازیزم

بەم پێیە، گرنگترین خاڵی جیاوازی نێوان نازیزم و فاشیزم، پێداگرتنی لە ڕادەبەدەری نازیزم بەسەر بەهای نەژادە، کە نازیزمی بەرەو نەژادپەرستی توندڕەوانەی برد.

لەم بارەوە، فاشیزمی ئیتاڵیا بەسەر نەتەوەگەرایی توندڕەوانە، واتە جەخت لەسەر باڵایی نەتەوەی ئیتاڵیا لەهەمبەر نەتەوەکانی تردا دەکات نەك جیاوازی لە نێونیاندا. بەواتایەکیتر لە کاتێکدا کە قوتابخانەکانی وەك لیبڕالیزم، سۆسیالیزم، یان پارێزگارەکان ڕێز لە نەتەوەکانی تر دەگرن و بانگەشەی پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە دەکەن، فاشیزم پەسەندی ئایدیۆلۆژیایتر ناکات و لە ئەنجامدا بەرگەی ململانێی نەتەوەکانیتر ناکات. فاشیزم لە پێناو بەرەو پێشەوە بردن و سەلماندنی گەورەیی نەتەوەکەی بەڵگاندن بەکارناهێنێت، بەڵکو لەم پێناوەدا، سوود لە هێز وەردەگرێت. کەواتە لە ڕوانگەی مۆسۆلینی، دەوڵەت لە کۆمەڵگای فاشستیی ئامانجێکە کە هەڵدەستێت بە ڕێنماییکردنی نەتەوە و بە ئامانجەکانیی دەگەیێنێت (ئەگەرچی دەوڵەت بەتەواوی لەژێر دەستی سەرکردەدایە). هیتلەریش، دەوڵەتی بە ئامانج نەدەزانی، بەڵکو بە ئامرازێك دەزانی بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەژادییەکان. کەواتە فاشیزم نەتەوەی بە ئامانج و نازیزم نەژادی بە ئامانج دادەنا و نەتەوە بەدوایدا دەهات.

**ج- سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری فاشیزم**

هەورەك لە باسەکانی پێشتر دەرکەوت دیموکراسی سیستەمێکە، کە لەسەر پرەنسیپی ڕێژەیی بوون دامەزراوە و دەسەڵات کاری بە شێوەی ژیانی تاك و خێزانەکان نییە. ئەم پرسە لە سیستەمە ستەمکارییە کلاسیکییەکانیشدا، تا ئەو ئاستەی کە جەماوەر و پارت و ئەنجوومەنە جۆراوجۆرەکان بۆ دەسەڵات و چینی دەسەڵاتدار کێشە نەخوڵقێنن، ڕاستە. بەڵام فاشیزم لە چوارچێوەی سیستەمی تۆتالیتاردا، نەتەنیا لە هەمبەر پرسە سیاسییەکان توندە، بەڵکو بەسەر پرسە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانیشی چاودێری تەواوی هەیە و لەکاتی پێویستدا، دەستتێوەر دەدات. پیشە سیاسییەکان



بەپێی نەژادی پاك و ناسینی تەواو و ئەندام بوون لە حزبدا دیاردەکرێت. ئەرکی پارتە کارایی و لێهاتوویی تاکەکان بۆ ئەرکە گرنگەکان دیار بکات و هەڵیان بژێرێت. هاوسەرگیری بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێ تا پاکی خوێن پارێزراو بێت. هەر چەندەش، هیتلەر بەم بەرەنجامە گەیشتبوو کە خوێنی ئاڵمانی بەرادەیێکی زۆر بەدرێژایی زەمەن، ڕەسەنایەتی خۆی لە دەستداوە. بەڵام لە ڕێگەی هاوسەرگیری دروست و لە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە ئێستاش خوێنی پاك و ڕەسەنیان پاراستووە، دەتوانرێت سەرلەنوێ ئەم ڕەسەنایەتییە بەدەست بهێنرێتەوە.

گرنگترین ئەرکی ژن لەم کۆمەڵگایەدا، خانەداری و پەروەردەکردنی منداڵە، تا هەم وڵات بەباشی بەڕێوە بچێت، هەمیش شەڕکەری لێهاتوو بۆ داگیرکارییەکانی داهاتوو پەروەردە بکرێت. هەروەك چۆن لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی (پ. ز) لە ئەسینا، تەنیا هاوڵاتی مافی هەڵگرتنی چەکی هەبوو و لە پێناو وڵاتیدا خەباتی دەکرد و ئەم شانازییە بە بێگانە و کوێلە و تەنانەت ژنانیش نەدەدرا. (هەر بۆیەش ژن مافی تەواوی هاوڵاتی بوونی نەبوو). ئەگەرچی لە سیستەمی فاشیزمدا، ژن مافی دەنگدانی هەیە، بەڵام چونکە ناتوانێت چەك هەڵبگرێت و وەك پیاو لە شەڕەکاندا بەشداریبکات، بۆیە مافی تەواوی هاوڵاتی بوونی نەبوو، مافی دەنگدانیش هەروەك هەموو شتێکیتر لەم کۆمەڵگایەدا بۆ سەرکردە کورت دەکرایەوە، کەواتە بە ئیمتیازێکی تایبەت نەدەژمێردرا.

لە ئەڵمانیا لە رووی پراکتیکیشدا، ئەم مافە بە ژن نەدرابوو. هەر وەك چۆن لە کۆمەڵگای فاشیستیدا، پێویست بوو جەماوەر گوێڕایەڵی نوخبە و سەرەنجام، نوخبەی ڕەها واتە سەرکردەی باڵابێت، ئەندامانی خێزانیش (ژن و منداڵەکان) دەبێ گوێڕایەڵی باوك بن.

ژنان لە پیشە هەستیار و حزبیدا، بێبەش دەکران و تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی کە توانرا، لە پیشە جۆراوجۆرەکانی تریشدا، پیاو بەکاردەهێنرا. تا بەم شێوەیە ژن هەستێت بە ئەنجام دانی ئەرکی گرنگتر، واتە خانەداری و پەروەردەکردنی منداڵ. واتیکانیش پشتگیری لەم کارەی دەکرد.

لە کاتێکدا، کە فاشیزم سەرمایەداران بۆ خۆی ڕاکێش دەکات، بەڵام لە دیموکراسی و سۆسیالیزم بێزارە و باوەڕی بە حکومەتی نوخبەکان هەیە. لە کۆتاییشدا، دارایی و سامان بەسەر هەمواندا دابەش دەکات. کەواتە تاك ناتوانێت و بۆی نییە، ئەم سامان و داراییە لە ناو ببات، بەڵکو بە بەرپرسیارێتی لە هەمبەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتدا، پێویستە بە باشترین شێوە، سوود لە سامان و سەرمایەی خۆی وەربگرێت، دەوڵەتیش پشتگیری لەم سەرمایەداراییە دەکات. ئابووری وڵات لە ڕێگای سەندیکا کرێکاراییەکان و لە ژێر چاودێری وردی دەوڵەت ، کە لەڕاستیدا، کرێکاران و بەڵێندەرانی لە خۆ گرتبوو، بەڕێوەدەبرا. لە ئەڵمانیادا، ڕۆڵی سەندیکا کرێکارییەکان کەمتر بوو، لەو ڕۆڵەی کە لە ئیتاڵیا هەیانبوو. هیتلەر یەکێتی نەتەوەیی و یەکێتی کرێکاران و بەڵێندەرانی بۆ گەیشتن بە پشت بەخۆ بەستنی سیاسی و ئابووری جێگیری سەندیکاکانی جۆری ئیتاڵی کردبوو.

هەروەك باسکرا، هەر چەند کە خاوەندارێتی تایبەت لە چوارچێوەی سیستەمدا پشتیوانی لێدەکرا، بەڵام دەوڵەت بەردەوام لەسەر ئابووری چاودێریی وردی هەبوو. هەر بۆیەش مانگرتنی کرێکاران بەتەواوی قەدەغەکرا بوو. چونکە داواکارییە ڕەواکانی کرێکاران، پێشتر لە لایەن دەزگای سەرکردایەتی دیارکرا و ئەمەش وێکچوونی کرێکاران و بەڵێندەرانی بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی بەدی دێنا. واتە مانگرتن زیانی بە نەتەوە و وڵات و لە کۆتاییدا، بە خودی کرێکار دەگەیاند. بەگشتی، نازیسم بڕوای بە یەکسانی جەماوەر و لە بەین بردنی چینایەتی نەبوو، بەڵکو بڕوای بە یەکێتی چینایەتی و یەکگرتنی نەتەوە هەبوو.

**د. فاشیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم:**

سەدە بە مانای سەد ساڵ بەواتای ئەمڕۆیی تا ناوەندی سەدەی هەڤدەیەم باو نەبوو. ماوەی نێوان دوو ڕووداوی گرنگی مێژووییان، بەیەك سەدە دەیانزانی. ئەگەرچی ئەم ماوەیە لە دەوروبەری سەد نزیك بوو. تا سەدەی هەڤدەیەم دابەشکردنە مێژووییەکان، بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەش دەکران. سەردەمی کۆن لە ساڵی (٤٧٦)ز. بۆ پاشەوە، واتە



سەردەمی کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژئاوا بۆ پاشەوە. سەدەی ناوەڕاست لە ساڵی ٤٧٦ز. تا دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا لە ساڵی ١٤٩٢دا. قۆناغی سێیەم لە ساڵی ١٤٩٢ تا ئەمڕۆ. پاش ئەم سێ قۆناغە بوو کە سەرەتا و کۆتایی سەدە بە دوو ڕووداوی گرنگ دیاردەکرا بۆ نموونە سەدەی هەڤدەیەمیان لە هەرەس هێنانی ئارامادی ئیسپانی[1] لە ساڵی ١٥٨٨ تا ١٦٨٩ واتە شۆڕشی شکۆمەندی ئینگلتەڕا (١٠١ ساڵ) دەزانی. یاخود ماوەی سەدەی هەژدەیەم (١٢٦) ساڵ، واتە لە دەسپێکی شەڕە بەرفروانەکانی ئەوروپا لە نێوان ئینگلتەڕا و فەڕەنسا تا شکستی واترلۆ (کە لە ڕووی زەمەنەوە جەنگەکانی ئەمریکاشی لە خۆ دەگرت) هەژمار دەکرا. هەروەك چۆن سەدەی نۆزدەیەم لە ساڵی ١٨١٥ واتە سەردەمی شەڕەکانی ناپلیۆن تا دەسپێکی جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩١٤ (٩٩ ساڵ)، لە مێژوودا تۆمارکراوە.

تا ناوەڕاستەکانی سەدەی هەڤدەیەم وشەی سەدە بە سەد سەرباز لە سوپای ڕۆمی کۆندا، واتە سێنتوری (century) مانادەکرا. دواتر سەدە بەمانای سەد ساڵ بەواتای ئەمڕۆی لە مێژوودا جێگیر بوو. هەر بۆیەش پێویستە، بەپێی ئەم میتۆدە سەدەی بیستەم لە ساڵی ١٩١٤ تا ساڵی ١٩٨٩ (٧٥ ساڵ) بزانین، چونکە گرنگترین ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم، یەکەمیان، دوو شەڕی وێرانکەر بوو، ئەوەیتریان دۆزینەوەی بۆمبی ناوەکی و کۆتایی سەردەمی کۆلۆنیالی بوو، کە لە ناخی ئەم ڕووداوانەدا، دوو زلهێز واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت سەریان هەڵدا.

کەواتە پێویست ناکات ساڵی (٢٠٠٠) بە دەستپێکی ڕووداوگەلێك بزانین کە خەسڵەتگەلی تایبەت بە بوون دەێنێت. بەواتایەکیتر لەگەڵ ساڵەکانی ڕابردوودا سنوورێك دیار بکات، بە جۆرێك کە دوو سەدە لێکتر جیا بکات. بۆیە لە پێشتردا دەڵێین کە بە پێی داتا کاتی کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کە لەم

١. هێزی دەریاوانی ئیسپانی کە دەوڵەت و نەتەوەی ئینگلتەڕای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا.

بارەیەدا لەبەر دەستدان، بە پێشبینی هەندێ جار کەم و کوڕاوی و هەندێ جار راستتر، داهاتووی نازیزم یان باشتر بڵێین نیو نازیزم بخوێنینەوە.

نازیزم لە راستیدا، قوتابخانەیێکی ناسیونالیزم توندرەوە کە بەرجەستەبوونی خۆی لە نەژادپەرستیدا وەدەرخست. تا ئێستاش لە بارەی ئەم قوتابخانەیە لێکۆڵینەوەیەکی کامڵ ئەنجام نەدراوە و تەنانەت شیکاریستەکانی ئەم قوتابخانەیەش، سەبارەت بە چەمکە بنەڕەتی و ژێرخانەکانیی، کۆك نین ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەستی ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیێك لەگەڵ نەتەوەکانیتردا جیاوازە. سەرەڕای ئەمە لە مێژوودا، خەسڵەت و رەگەزەکانی سیستەمە راستگەرایەکان جیاوازە لە رەگەزەکانی سیستەمە چەپگەراکان. بەواتایەکیتر، تایبەتمەندییەکانی سیستەمە راستگەرایەکان، زۆرترە لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمە بان نەتەوەیی یان سۆسیالیزم. چونکە ئەم سیستەمە (واتە بان نەتەوەیی و سۆسیالیزم) سەبارەت بە ئامانجەکانیان ناکۆکی کەمتریان هەیە و بەردەوام هەوڵدەدەن، بەلانیکەم لە رووی تیۆر، جۆرە وێکچوون و یەکسانییەکی نێودەوڵەتی بەدی بێنن.

فاشیزم هەروەك ناسیۆنالیزمی توندڕەو، تائێستا لە دوو جۆرە کۆمەڵگادا پێگەی بەدەستهێناوە، یەك ئەو کۆمەڵگایانەن کە لە رووی پیشەسازییەوە زۆر پێشکەوتوو بوون. ئەگەرچی درەنگتر و لە دوای دامەزرێنەرانی شۆڕشی پیشەسازی واتە ئینگلتەرا و فەرەنسادا بوون. بەڵام بەخێرایی نە تەنیا دواکەوتووی خۆیان قەرەبوو کردەوە، بەڵکو پێش ئەوانیش کەوتن و چینی بۆرژوازی گەورە و تەنانەت مامناوەندییەکانیشی لە قەیرانێکی ئابووری و دەسەڵاتدارێتی رژێمێکی کۆمۆنیزمی یان سۆسیالیستی چەپیان ترساند، وەك ئەڵمانیا لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمدا.

دووەم، کۆمەڵگا تەقلیدییەکانن کە چینی فیۆدالی کشتوکاڵیان لە سەرهەڵدانی دیموکراسی بە شێوەی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی ئەورووپای ترساندبوو، وەك



ئیسپانیا و پورتوگال و ئیتاڵیا لە هەردوو زیان رەنجی دەبرد، واتە باکووری دووچاری کێشەکانی ئەڵمان ببووە، باشووریشی رووبەڕووی کەم و کوڕیەکانی ئیسپانیا هاتبوو. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و ماندووبوونی هەر دوو لایەنی ئەم شەڕە، وادیاربوو کە ئەورووپییەکان و تەنانەت ئەمریکییەکانیش لەم تیۆرە تاك رەهەند و خۆکامە و نامرۆڤانە، دەرسیان وەگرتبوو، فاشیزمیان بە گورستانی مێژوو سپاردبێت. لە کاتێکدا کە بە روونی دەبینرا، فاشیزم و ناسیۆنالیزم بە درێژایی ئەم ماوەیە، خۆیان لەژێر سوتماکیاندا هەشار دابوو و لە تەواوی ئەم ماوەیە هەوڵیاندا پیشە گرنگەکانی لەشکری و ئابووری بەدەستبێنن.

سەرەڕای ئەمەش پێویستە بزانین، ئەو بزاڤە چالاکەی کە مۆسۆلینی و هیتلەر بنیاتیاننا، سەرەتا گرنگی ئەوتۆی نەبوو. بەڵام هێز و توانایی خۆی لە لاوازی سیستەمی لیبرال دیموکراسی و ناکارامەیی ئەم سیستەمە بە دەست هێنا. هەروەك چۆن گەشەی سیستەمە سۆسیالیستی و مارکستییەکانیش لەم بەهێز بوونەدا کاریگەری زۆریان هەبوو.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی میکیاڤیلی پەسەند بکەین کە مێژوو دووبارەبوونەوەی رابردوویە، دەبێ بەلانیکەمەوە پەسەندی بکەین کە بارودۆخی تایبەتی مێژوویی، کێشەی تایبەت بەخۆی دێنێتەکایەوە، هەروەك چۆن دەکرێ لە داهاتووشدا، دووبارە ببێتەوە. لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، لە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازیی رۆژئاوا، بەتایبەتیش ولایەنە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەیەی گەشەسەندن و بووژانەوەی خێرایی ئابووری ناوزدە کرابوو.

لە کاتێکدا کە دەیەکانی دواتر، قۆناغی مەندبوون و بێکاری و هەڵئاوسانی رێژەیی بوو، ئەمەش هەر ئەو هەلومەرج و ئاسەوارە بوو کە لە دوای مەندبوونی گەورەی ساڵی **١٩٢٩**لە رۆژئاوادا، بۆ پرۆپاگەندەی فاشیزم هەل رەخسابوو.

بێکاری لاوانی ئەورپا بەهۆی مەندبوونی ئابووری دەیە کۆتاییەکانیی سەدەی بیستەم، ئەم لاوانەیان بۆ هەر جۆرە پرۆپاگەندایێك کە لەم تەنگ و چەڵەمەیە

رزگاریان بکات، ئامادە دەکرد. پروپاگەندەیەك نەژادی، ناسیۆنالیزم و تەنانەت پێشینەی ئایینی، نەریتی و هاوبەشیەکانیتر، ژێدەری گرنگی خۆراکدانی ئەم تاقمانە بوون. بە چەشنێك کە بۆ پاککردنەوەی نەژاد و یەکبوونی نەتەوەیی، بۆ نەهێشتنی هەموو کێشەکانی هەنووکەیی، سوودیان لێوەرگرت و جەختیان لە سەردەکرد.

ئەگەرچی ئاشکرایە کە بۆ سەرکەوتنی ئەم جۆرە بزاڤانە، سەرەڕای نارەزایی گشتی نەبوونی دیسپلین و ئارامی پێویست، پێویستی بە جوولاندنی هەست و سۆزەکانی جەماوەریشی هەیە. ئەم چەشنە بارودۆخە، وەك کۆچکردنی بێگانەکان، ئەنجامدانی کارە جۆراوجۆرەکان (زۆرترکاری دەستی)، نانەوەی ئاژاوە لە کۆمەڵگا، کە لە نەریتە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەگەلی جیاواز وەرگیراوە، هۆکارێکە بۆ پەرەگرتنی پرۆپاگەندەی نیونازییەکان. ئەم جۆرە بارودۆخە، لە هەندێ وڵات بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بوونی هەیە و سەرکردەگەلی قسەکەر [واتە کاریزما] و هەڵخەڵەتێنەر لە پێگەی خۆیاندا جێبگرن، ئەگەری هەیە سەرلەنوێ ئەم بزاڤانە سەر هەڵبدەنەوە.

دوای جەنگی جیهانی دووەم و ئەو زیانە مالی و گیانییەی کە لێی بەجێ ماو و لە هەموویان گرنگتر ترس لە سەر لەنوێ سەرهەڵدانی رێکخراوی فاشیزم و تەشەنەکردنی کۆمۆنیزم وەك باڵی چەپی سیستەمی تۆتالیتاریزم بە تایبەتیش یەکێتی سۆڤیەت، کە بەردەوام لە شەڕی دژی وڵاتانی سەرمایەداریدا، سەرکەوتنی بەدەستدێنا، کۆمۆنیزمی روسی بەخێراییەکی بێ وێنە و دوور لە باوەڕی رۆژئاوا، لە ئەورووپاو ئاسیا و ئەفریقیا و تەنانەت سنووری پارێزراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش واتە ناوچەی کارائیب و ئەمریکای باشووری، تەشەنەی کرد. ئەم رەوتە بیردۆز و پسپۆرانی زانستی سیاسەتی ناچارکرد بەشیکردنەوەیێکی وردتری، لە دایکبوون و ژیان و مردنی ئەم دیاردە تازە سەرهەڵداوەی سەدەی بیستەم باشتر بیناسن و رەگەزە پێکهێنەر و سەرچاوەکانی نەش و نەمای دیاربکەن.

بەناو بانگترین بیردۆزی ئەم تەنگ و چەڵەمەیە (کارل فریدریش) ی سیاسەت ناس و (ئەرنست نۆلتە)ی مێژوونووسی ئەڵمانی بوو.



فریدریش ناسیۆنال سۆسیالیزمی سەردەمی هیتلەر و کۆمۆنیزمی سەردەمی ستالینی لە رووی خەسڵەتە سەرەکییەکانی، وەها لەگەڵ یەکدیدا، هاوشێوە و هاوشان دەزانی کە لە یەك کۆمەڵدا، شیاندەکاتەوە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە ناسیۆنال سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و بەتایبەتی لە سەردەمی ستالین جۆرێك لە ستەمکاریی گشتگیرانەی تایبەتە کە لە باردۆخە قەیرانییە پێشبینی نەکراوەکاندا، سەریان هەڵدا.

فریدریش شەش خەسڵەتی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو سیستەمە دژ بە یەکە ناو دەبات و لەو بڕوایەدایە کە لە هیچ یەك لە سیستەمە ستەمکار و ئۆتۆکراتییەکانیتردا، ئەم جۆرە خەسڵەتگەلە بەیەك گرێدراو، نابینرێت. ئەم شەش خەسڵەتەی هاوبەش لە نێوان هەر دوو سیستەمی دژ بەیەکی باڵی چەپ و راستی سیستەمی تۆتالیتار بریتییە لە:

١. ئایدیۆلۆژیای قوتابخانەیی
٢. پارتی یەکانەی تۆتالیتار
٣. چاودێریکردنی ئامرازەکانی لەشکری
٤. چاودێریکردنی بەرهەمهێنان و پەخشی میدیا کۆمەڵایەتییەکان
٥. کۆنترۆڵی پۆلیسی — تیرۆریستی
٦. ئابووری ئاراستەکراو و چەق گرتوو لەسەر پیشەسازییە گرنگ و ژێر خانییەکان. فردریش لەم بارەوە دەڵێت، شەش فاکتەری سەرەوە وەك تۆرێکی یەکانە و لە ناوەوە بەیەك گرێدراو، سیستەمێکی تایبەت دێنێتەکایەوە. بە جۆرێك کە ئەگەر ئەم فاکتەرانە بە جیا شی بکەینەوە، ئەو خەسڵەتەی کە سیستەم وەك گشتێك هەیتی لەبەین دەچێت. دروست هەروەك سیستەمێکی ئۆرگانێك و بوونەوەرێکی زیندوو. مودیلی (نۆلتە)ش؛ پشتیوانی لە بۆچوونەکانی فریدریش دەکات. ئەو فاشیزمی بە دیاردەیێکی تازە سەر هەڵداو دەزانێت کە لە ناخی کێشەکانی دوو جەنگی جیهانیدا سەری هەڵدا. نۆلتە گرنگترین فاکتەری سەرهەڵدانی فاشیزم، سەرکەوتنی شۆڕشی بلشویك لە روسیا دەزانێت. بە بۆچوونی

ئەو، سیستەمی لیبرال سیستەمێكە، بناغەی لەسەر رەخنەگرتنی ئازاد دامەزراوە. بەجۆرێك كە ئەم پرۆسەیە، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بە ئاسایی پەسەند كراوە. كەواتە لە رێڕەوی ئەم چەشنە ئازادیانەی سیستەمی لیبرال لەلایەك و مەترسییەكانی بلشویزم لەلایەكترەوە، توانایی گەشەی ئەژدیهای فاشیزمی فەراهەمكرد. بە چەشنێك كە، پێشتگیری چینی بۆرژوازی گەورەشی بەدەستهێنا. بەگشتی فاشیزم دژی كۆمۆنیزم، دژی دیموكراسی و دژی لیبراڵیزمە. ئەگەرچی دژایەتیكردنی كۆمۆنیزمی زۆرترە لە لیبراڵیزم، بەڵام بەهەرحاڵ دژی دیموكراسییە، هەر چەندە لەگەڵ هەردوو رێچكەی هزری كۆمۆنیزم و لیبراڵیزم هەندێ لێكچوونی هەیە.

لە ساڵە كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم و سەرەتای هەزارەی سێیەم ، شایەتی سەركەوتنی، هەرچەندە كەمی پارتە نیو نازییەكان لە ئەنجوومەنەكانی ئەڵمانیادا بووین هەروەك چۆن لە نەمسا پێشكەوتنی زۆرتری بەدەستهێنا و تا ئاستی حكومەت دەستڕۆیی پەیدا كردووە. هیتلەریش سەرەتا تەنیا (١٤) كورسی لە پەرلەماندا بەدەستهێنان، بەڵام بەخێرایی ژمارەی كورسییەكانی بەرز بووە تا زۆرینەی رەهای دەستەبەر كرد.

هەڵەیە ئەگەر ناسیۆنالیزم بە دیاردەیێكی كۆنەخواز بزانین و لەم باسەدا، باسی لێ نەكین. ئەمرۆكە لە دەسپێكی سەدەی بیست و یەكەمدا، تا ئێستاش ناسیۆنالیزم بەهێزترین هێزی سیاسی لە جیهاندایە، ئەم بابەتە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەمیش راستە؛ هەروەك چۆن ترۆپكی ناسیۆنالیزم لە دوو جەنگی جیهانیدا، بینرا.

یەكێك لە خەسڵەتە تایبەتییەكانی سەدەی بیستەم، كە كەمتر ئاماژەی بۆ دەكرێت، رووبەڕوو و بەرنگاربوونەوەی دیموكراسی رۆژئاوا لە دژی كۆمۆنیزم بوو كە شیاوی تێڕامان و هەڵوەستەكردنە. خەسڵەتی سەرەكی سەدەی بیستەم، نە هێزی چینایەتی و ململانێی چینایەتی بوو، نە ململانێی بۆچوون و ئایدیۆلۆژیایەكان، بەڵكو ململانێی نەتەوەكان بوو. لە هەموو شوێنێك واچاوەڕوان دەكرا كە ململانێی نەتەوەكان، جێی بە ململانێی نەژادی بدات. ئەگەرچی ئەم تیۆرە سامناكە تا ئێستاش لە هەموو



جێگەیێك بە یەك شێوە سەری هەڵنەداوە، بەڵام پێویستە بزانین كە خودی هیتلەریش، زۆرتر ناسیۆنالیزمێكی توندڕەو بوو تا نەژادپەرستێك، هەرچەند بەردەوام قسەی لەسەر نەژاد دەكرد.

هیتلەر لە یەكێك لە وتارە گرنگەكانیدا لە ٢٦ی مەی ساڵی ١٩٤٤دا كە بۆ ژەنەراڵ و ئەفسەرە پایە بەرزەكانی پێشكەشكرد، دەڵێت:

«ئێمە میللەتێكمان هەیە تەواو لە نەژادێكی یەك دەست نییە، چونكە نەژاد كرۆكی خوێنە. لەكاتێكدا كە دەكرێ نەتەوە لە چەندین كرۆك پێك هاتبێ كە خۆشی [واتە كرۆك] لە كرۆكێكی سەرەكی خۆێن داتاشراو بێت».

بەواتایەكیتر لە روانگەی هیتلەر، نەژادی بێگەرد واتای خۆی لە دەستداوە و ئەوە نەتەوەیە كە لە سەردەمێكی دیاركراودا، یەكێتی و یەكگرتنەوەیێكی تایبەت لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگایێكدا بەدی دێنێت. هیتلەر، ئەم هزرە كە رۆژێك لە دژی نەژادەكانی باكوور (ئەنگلوساكسۆن، فلامان، نەرویجییەكان و ...) لەگەڵ ژاپۆنییەكاندا هاوپەیمان بێت، لەوانەیە هەرگیز بەمێشكیدا نەهاتبێ. بەڵگە نەویستە، هیتلەریش وەك هەر ناسیۆنالیستێكی توندڕەو، دەمارەكی بەهێزی نەژادپەرستی لە بیرۆكەكانیدا هەبووە. هەر وەك چۆن جووەكان بە نەژادێك دەزانێ كە لە رووی روحی و زەینی لەگەڵ یەكدیدا گونجاون، تا نەژادێكی جەستەیی و خوێنی.

هیتلەر نەتەوەی بەگرنگترین بەشی وڵات هەژمار دەكرد. هەروەك خۆی لە (شەڕی من) دا دەڵێت «من ناسیۆنالیستێكم نەك نیشتمانپەروەر[1]». هەروەك دەزانین ئەو هەوڵی لكاندنی نەمسای بە ئەڵمانیا دەدا، لە كاتێكدا كە ئەوكات نەمسا لە ئیمپراتۆرێكی سەڵتەنەتی فرەنەتەوەیی یان باشترە بڵێین، لە پاشایەتی نەمسا- مەجەر پێكهاتبوو كە بنەماڵەی هابسبۆرگ فەرمانڕەوایەتی دەكرد و لكاندنی نەمسا بە ئەڵمانیاوە پرسی نەتەوەیی بەرجەستە دەكرد. بەگشتی

1. Patriot

نیشتمانپەروەری حاڵەتێکی بەرگری کارییە[1]، بەڵام ناسیۆلیزم حاڵەتێکی هێرشکردنە سەر و پەلاماردانە[2]. بەواتایەکیتر، نیشتمانپەروەری خۆشەویستی بۆ وڵاتێکی دیارکراوە، لە کاتێکدا کە ناسیۆنالیزم حاڵەتێکی دەمارگرژانەیە کە زۆرتر لەسەر بنەمای ئەفسانەگەلی نەتەوەیی و ئاواتە ئایدیالیستەکان بنیاتنراوە.

بەهەرحاڵ، ئەگەرچی وڵاتە ئەوروپییەکان یاساکانی کۆچکردن و پەنابەرێتی کۆمەڵایەتیان توندتر کردووە (بەبێ رەچاوکردنی تیۆرییەکانی جیهانی بوون) و لە رووداوەکانی دژی بێگانەکاندا ئەو جۆرەی کە پێویستە پۆلیس و بەرپرسانی پەیوەندیدار هەڵسوکەوت ناکەن، بەڵام تا ئێستاش ئاسەواری مەندبوونی ئابووری و بێکاری لەلایەك و کۆچی بێگانەکان بۆ ئەم وڵاتانە لەلایەکیترەوە، بەهیچ شێوەیەك کەم نەبووەتەوە. کەواتە ئاشکرایە، تا کاتێك کە ئەم کێشانە و رەوتی بێکاری بەردەوامی هەبێت فاشیزم و نازیزم بە ناوی جۆراو جۆرەوە (وەك کۆماری خوازان، نیو فاشیزم، نیونازیزم، پارتی نەتەوەگەراو...) نەش و نما دەکەن و پشتگیریشیان لێ دەکرێت.

---

1. defensire
2. aggresir

## بەشی هەشتەم: چەپی نوێ (تیۆرییە رەخنەیی- دیالێکتیکییەکان)

### پێشەکی:

جەنگی یەکەمی جیهان لە یازدەی نوامبەری ١٩١٨ بە رەزامەندی لەسەر ئاشتی لەلایەن ئەڵمانیاوە کۆتایی پێهات. قەیسەر ویلهۆلم، بەناچار، لە هۆڵەندا نیشتەجێ بوو و سیستەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بۆ سیستەمی کۆماری وایمار گۆڕدرا. کۆماری وایمار یەکەمین ئەزموونی زانستیانەی پەرلەمانتاریستی لە ئەڵمانیادا بوو. لە راستیدا، هەربۆیەش دیموکراسی سست و لەرزۆکی تووشی کێشەگەلی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و ململانێی بیروبۆچوونی تاقمگەلی چەپ و راست و میانڕەو هاتەوە. ئەم وڵاتە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و سەپاندنی غەرامەکانی شەڕ بەسەریدا، قەیرانی ئابووری توندی بە خۆوە بینی.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ بزاڤە چەپگەراکان، بە تایبەتیش لە ساڵانی ١٩-١٩١٨دا بە توندی سەرکوت کران و هێزەکانی لایەنگری سەرمایەداری لە چوارچێوەی بانگەشە بۆ دیموکراسی پێگەی خۆیان قایمتر کرد.

لەم بارودۆخەدا، رۆشنبیرانی چەپگەرا و مارکسیست هەوڵیاندا بزانن، چ خاڵێك لە فەلسەفەی مارکسیزمدا لەگەڵ کێشەکانی ئەڵمانیا هەماهەنگی نییەو چ بەشێك لە فەلسەفەی هیگل بە دروشمی بەکارنەهێنراوە یاخود پێویستی بە سەر لە نوێ لێکدانەوەی هەیە.



بەکورتی کێشەی سەرەکی لە فەلسەفەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسدا چییە کە بۆچوونەکانی سەرمایەداری و تەنانەت فاشیستیش بەردەوام پێگەیان قایمتر دەکەن و پێش بزاڤە مارکسیستی و چەپگەراکانی لایەنگری کرێکار دەکەون.

لەم بارەیەوە لە ساڵی (١٩٢٢)، (فلیکس وایل) هزری لە دامەزراندنی ئەنجوومەنێك کرد تا بتوانێ بەهاوکاری هاوبیرە مارکسیستەکانی ئەو خاڵانەی کە لەگەڵ باردۆخی بەرقەراردا ناگونجێن دیار بکەن و بە داهێنانی تیۆرگەلی نوێ، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بۆچوونەکانی مارکسیزمدا، بە پێویست دەزانرێ ئەنجامبدەن. وایل پێشتر لە زانکۆی (یەنا) لە ژێر کاریگەری مامۆستای خۆی (کارل کۆرش) مەیلداری مارکسیزم ببوو، لە رێگەی ئەو میراتەی کە لەلایەن دایکییەوە بۆی بەجێ مابوو، هەروەها دارایی باوکیشی، پشتیوانی لە بزاڤە رادیکالییەکانی ئەڵمانیایی کرد.

دەبێ رەچاوبکرێ کە، گرنگترین فاکتەر سەبارەت بە گومان کردن لە بیرو بۆچوونەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس لەلایەن بزاڤە چەپە نوێیەکانی ئەڵمانیا، کارتێکراو لە رەوتی دژە پۆزەتیڤیستی و دژە پیشەسازی بۆچوونەکانی مارکیسزمی بوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بەهێزی بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتوونی و ژان ژاك رۆسۆیی لەسەر چەپەکانی فرنکفۆرت، سەبارەت بە ژیانی سروشتی و ژیانی سەرەتایی مرۆڤ.

یەکەمین چالاکی گرنگی وایل گرێدانی (یەکەمین هەفتەی کاری مارکسیستی) بوو کە هەوڵیدا هاوبیرەکانی هان بدات بۆ نەهێشتنی ناکۆکی بیروبۆچوونەکان لە نێوانیاندا. هاوڕێیە سەرەتاییەکانی بەم بەرەنجامە گەیشتن، دامەزراندنی رێکخراوێکی بەهێز کە بتوانێت یەکانگیریان بکات زەرورە. بۆیە رێکخراوێکیان بە پشتیوانی دارایی باوکی فلیکس وایل، واتە (هێرمان وایل) بەبڕی (١٢٠) هەزرامارکیان دامەزراند. ئەگەرچی هەوڵدرا ئەم رێکخراو سەربەخۆیی ماڵی و

مەعنەویی هەبێت، بەڵام دواجار بۆ چەق گرتنی ئەم رێکخراوە بڕیاریاندا، سەر بە زانکۆی فرانکفۆرت بێ. هەربۆیەش داهێنانەکانی ئەم رێکخراوە بە قوتابخانەی فرانکفۆرت ناوی دەکرد. لێرەدا بوو (فریدریش بۆلۆك) کە خوێندنی تا پلەی دوکتۆرا، لە زانکۆی فرانکفۆرتی وەگرتبوو، لەگەڵ (ماکس هۆرکهایمر) کە دواتر بەیەکێك لە گرنگترین بیردۆزەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت (چەپی نوێ) ناوی دەرکرد، ئاشنابوو و بوون بە هاوڕێ و هاوبیری یەکدی. هۆرکهایمر پلەی دۆکتۆرای لە ساڵی ١٩٢٢، کە نامەکەی لە بارەی (کانت) بوو، وەرگرتبوو و وەك یاریدەدەر توانی بێت بە هاوکاری مامۆستای خۆی. دوای سێ ساڵ مافی وانەوتنەوەی سەربەخۆیانە، لە زانکۆی فرنکفۆرتدا بەدەستهێنا و بواری لێکۆڵینەوەشی هەر کانت و هیگل بوو.

پۆلۆك و هۆرکهایمر و وایل هەر وەك زۆربەی دامەزرێنەرانی چەپی نوێ، بە رەچەڵەك جوولەکە و لە خێزانە بۆرژوازی و دەوڵەمەندەکانی ئەڵمانیا بوون. هەر چەندە کە دەیانتوانی لە بوارەکانی ئابووری و بازرگانی یاخود بوارەکانی زانستی ئابووریدا کاربکەن، بەڵام ڕوویان لە فەلسەفەکرد. کێشەی سەرەکی ئەوان، لەوکاتەدا رەشبینی هاورێیە زانکۆییەکانیان بە باوەڕە چەپەکانیان بوو. هەروەها تەنیا لە رێگەی یارمەتییە داراییەکانی وایل بوو کە توانیان ئەم رێکخراوە، کە بڕیار بوو بەناوی (رێکخراوی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی) تۆماری بکەن، دابمەزرێنن. ئەگەرچی ئەم رێکخراوە بە فەرمی لە (سێی فوریەی ساڵی ١٩٢٣) بە بڕیاری وەزارەرتی رۆشنبیری دامەزرا، بەڵام لە پراکتیکدا لە ساڵی ١٩٢٤ دوای تەواوبوونی بینای رێکخراوەکە لە زانکۆی فرانکفۆرتدا، دەستی بەکارەکانی کرد.

بۆ ئەوەی کە باشتر لە مەبەستی سەرەکی بنیاتنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت تێبگەین، پێویستە سەرەتا چەمکی تیۆری دواتر تیۆرییە رەخنەییەکان شیبکەینەوە، چونکە گرنگترین ئامرازی کاری ئەم بنیاتنەرانە، دارشتنی تیۆری رەخنەیی بوو.



### أ. تیۆرییە رۆژانەیی و زانستییەکان

زمانی رۆژانەیی (باو) پڕە لە تیۆری. لە زمانی عامەدا، مەبەست لە تیۆری ئەوەیە کە روونکردنەوەیەکی پەسەندکراو بۆ ڕووداو یان بابەتێکی دیارکراو پێشکەش بکرێ تا وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە. کەواتە تیۆرییەکان دەبنە هۆی زیادبوونی زانیارییەکان، سا ئەم تیۆریانەش ڕاست و تاچ رادەیێك کارامەن، کاتێك دەسەلمێندرێت کە لە پراکتیکدا بەکاربێن. بەڵام تا ئەو کاتەی کە ئەم تیۆرییانە لە مەحکی ئەزموون نەدرابن، بەهای خۆیان دەپارێزن و دوای تاقیکردنەوە و ئەزموونەکە لە بەهای کەم یان زیاد دەبێت، تەنانەت دەکرێ لەبەین بچێت.

دەتوانین تیۆرییە زانستییەکان لە تیۆرگەلی رۆژانەیی جیا بکەینەوە. بەومانایەی کە تیۆرە زانستەکان بەرەنجامی رەفتاری تایبەتی ئەو مرۆڤانەن کە بەرهەم هێنەری ئەم تیۆریەن.

بەواتایەکیتر تیۆرە زانستییەکان پەیوەندییێکی تایبەت لە نێوان مرۆڤ و ژینگەیدا (جیهان) دروستدەکات. واتە بە پرۆگرامێکی ورد و ئاگادارانە بەسەر سروشتی دەروونی (واتە یەکێتی زانست و هێزی مرۆڤ) و سروشتی دەرەکی (واتە پێکەوە ژیانی عەقڵانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدیدا) حوکم دەکات. دەبێ رەچاو بکەین کە تیۆرییە زانستییەکان بەو پێیەی کە لە چوارچێوەی کام یەك لە بابەت و رەفتارگەلی زانستیانە جێ دەگرێ. کەواتە جیاوازیگەلێك لە مکومی و نەگۆڕی ئەم جۆرە هەوڵانەی ناسینی مرۆڤ دێنێتەکایەوە.

### ب. تیۆرییە دیالێکتیکییەکان،

تیۆرییە دیالێکتیکییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا، پەرچەکردارێك بوو لە هەمبەر رەوتە رۆشنگەرییەکانی ئەوکات، تا ناوەڕۆکی رەوشتی مەسیحییەت لە فۆرمێکی فەلسەفی و پەسەندکراودا، پارێزراو بێت. فەلسەفەی زانستیانەی پۆزەتیڤیزمەکانی مۆدێرن، فەلسەفەی رۆشنگەریان پەراوێز کرد، تا فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بتوانێ

نۆرمگەلی کردە سیاسییەکان کامڵ بکات و بە (معرفەیێکی بێ لایەن) و نا دەمارگیرانە بگات.

ئەم چەشنە تێڕامانە لە لایەن بیردۆزە تیۆریە دیالێکتیکییەکانەوە گەڕانەوە بوو بۆ سەردەمی ڕۆمانتیك. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی [دووەمی جیهانی] تیۆری دیالێکتیکی بە پێچەوانەی پۆزەتیڤیزم، ڕۆشنگەری بەو جۆرە کەکانت دەی سەلماند، هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرد. بەومانایەی کە: مەعریفەگەلی تیۆری، عەقڵی ئەزموونی لەبەین نابات. زیندووکردنەوەی فەلسەفەی زانستی لە ئەڵمانیا تا ئەمڕۆکە ڕێگەیێکی ئاڵۆز، بەدەستکەوتگەلی دیالێکتیکی جۆراوجۆر و چەند لایەنەی بڕیوە، بەچەشنێك کە بەتەواوی خۆی لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس جیا کردووەتەوە.

### ج. تیۆرییە ڕەخنەییەکان

پێویستە دامەزرێنەری زاراوەی زانستی « تیۆریی ڕەخنەیی» ماکس هۆرکهایمر بزانین. سەرەتا ئەم زاراوەیە لە نێوان گرووپە بچووکە ڕۆشنبیرەکان پەرەی سەند، بەڵام دواتر بووبە هێمای جیاکەرەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت.

هۆرکهایمر و تیۆدور ئادرنۆ و هربرت مارکۆزە، گرنگترین و ناودارترین دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانە و چەمکە تیۆرییەن، کە دواتر بووبە بناغەیێك بۆ پلانە شۆڕشگێڕییەکان. هۆرکهایمر دەڵێت: «پێشڕەو و سەرکردەکان لە ململانێی سیاسیدا، پێویستیان بە هۆشیاری و زیرەکی هەیە، نەك فێرکارییەکانی زانکۆ کە با ناو خاوەن پێگەیەکی گرنگە». تیۆرییە ڕەخنەییەکان لێکۆڵینەوە لەسەر واقعییەت و ئیمکاناتی بەردەست دەکات. بەواتایەکیتر، لە نێوان ئەو شتەی کە هەیە و ئەوەی کە دەتوانێ ببێت، کە لە ڕەوڕەوەی مێژوودا، مرۆڤ بەکردەی خۆی دەیانگۆڕێت. فەلسەفە و تیۆری کۆمەڵگاییێك تا ئەوکاتە هاو واتا دەبن کە لە ڕێگە لێکۆڵینەوەیێکی ڕەخنەگرانە پەیوەندییە زاڵەکانی بەسەر کۆمەڵگا و ئەو ئیمکاناتەی کە تیادایە،



هەڵیان بسەنگێنێت و بیانخاتەروو. بە جۆرێك کە ئەو مەیل و هێزە بەرهەڵستکارەکانی ناو کۆمەڵگا پێش لە هاتنەکایەوەی نەگرن.

دوای ئەم پێشەکییە هەڵدەستین بە خوێندنەوەی بیروبۆچوونی گرنگترین دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت. گرنگترین دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، هەروەك باسمانکرد ماکس هۆرکهایمر و تیۆدۆر ئادرنۆ بوون. بۆچوونەکانی ئەم دووە وەها پێکەوە گرێدراون کە هەندێ شرۆڤەکارانی چەپی نوێ، ئەم دووەیان بەدەستی یەکانە (ید واحد) دەزانن. دوای ئەم دوو بیرمەندە، کەم تەمەنترین ئەندامی ئەم قوتابخانەیە (یۆرگن هابرماس)ە، کە لە ساڵی (١٩٨١)، بەڕێوەبەری (ئەنستیتۆی ماکس بلانك) لە فرانکڤۆرت و لە ساڵی ١٩٨٣، مامۆستای زانکۆی فرانکفۆرت بووە، پێویستە بەم گرووپە ئەندامی چوارەم، واتە (هربرت مارکۆزە)ش زیاد بکەین.

### ١. ماکس هۆرکهایمر:

هۆرکهایمر لە خێزانێکی بۆرژواز و جوولەکە لە ساڵی ١٨٩٥، لە شوتانگارت لە دایك بووە. هەروەك باسکرا، بەپێچەوانەی حەزی باوکی، رووی لە فەلسەفەکرد و تیۆرییێکی دارێشت کە بە (تیۆریی ڕەخنەیی) ناوی دەرکرد.

ئەو بەپێی ئەم تیۆرییە هەستا بە سەر لەنوێ شیکردنەوەی مارکسیزم و ڕەخنەگرتنی ڕۆشنبیرانە لە بناغەی بۆچوونەکانی مارکسیزم. هەڵبەت ئەم تیۆرییە بەدرێژەی ژیان گۆڕانی بەسەرهات بەجۆرێك کە ناتوانین باس لە تیۆرییێکی ڕەخنەی نەگۆڕ لە تەواوی نووسینەکانی هۆرکهایمردا بکەین. هۆرکهایمر ئەم تیۆرییەی لە ناخی ئەو قەیرانگەلە کە لە قوتابخانەی مارکسیزم و بۆرژوازی لە پێش و پاش جەنگی جیهانی دووەم، سەریان هەڵدابوو، دارێشت. بە بڕوای هۆرکهایمر لە ڕوانگەی مارکس، گشتگیربوونی هەمیشەیی ماتریالیزمی دیالێکتیکی کاتێك بە سوودە کە

لەگەڵ شی و راڤەکردنی مێژووییدا بێت و تەنیا کارتێکراو بە بیروبۆچوونەکانی هیگل بێت. مارکس لە ساڵی (١٨٥٨)دا، لە نامەیەك کە بۆ (لاسالی) نووسی بوو، دەڵێت: «بێگومان دیالێکتیك دوایین قسەی فەلسەفەیە» بەڵام ئاماژەش بەوە دەکات کە پێویستە ئەم دیالێکتیکە لە دیاردە سحرئاوی و عرفانییەکانی بیروبۆچوونەکانی هیگل پاك بگرێتەوە.

هۆرکهایمریش وانەوتنەوەی لە زانکۆدا بەپێی ئەم خاڵە بنیاتنابوو ئەگەرچی لەوانە وتنەوەیدا، کەمتر هەوڵی دەدا پەرە بە شێوازی ئاکادیمیك، واتە رێنسانسی هیگلی بدات. هەروەك چۆن پێش جەنگی جیهانی یەکەم فەلسەفەی هیگل بە هەڵە لە جێگای فەلسەفەی نیوکانتی بە واتای ناعەقڵانییەکەی و سەردەمی پارێزگارێتی قەیسەر ویلهلمی دووەم وەرگیرا. بەهەر حاڵ ئەو لەهەر دوو شێواز لەوانەبێژییەکانیدا شێوازی دیالێکتیکی سڕیەوە.

لە راستیدا، پێویستە پەسەند بکەین کە تیۆری هەمیشە وەك گریمانەیێك دەمێنێتەوە. دەبێ مرۆڤ ئامادەگی ئەوەی هەبێ کە هەرکات تیۆری لەرەوتی زاڵبوونی بەسەر ماددەدا، کێشەگەل و زیانی خولڤاند، ئەم تیۆرییەی بگۆڕێت. تیۆری کۆکردنەوەی زانستیانەی شێوەییێکی تایبەت لە راستییەکانە کە بە وردبینی زۆر و بە باشترین شێوەی پرسەکان شیاوی بەکارهێنان دەکات.

هۆرکهایمر هەوڵدەدات لەم رێگەیەوە نیشانبدات کە ئامانجە بەجێ ماوەکانیی مرۆڤ، لە حیکمەتی سروشتی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر هێزە سروشتییەکان بووە و دەشبێت. بەڵام لە تیۆری کلاسیکیدا، گرنگترین فاکتەر واتە پەیوەندی نێوان چارەنووسی مرۆڤ و پێشکەوتنی کلتور و شارستانێتی، لە بیرکراوە. بە بۆچوونی ئەو، نێوان ناسین، مەعریفە و بەرژەوەندی مرۆڤ پەیوەندییێکی بەهێز هەیە. پۆزەتیڤیزمی هۆرکهایمر و ئاورنۆ، هزرێکی فەلسەفی و گەڕانەوەیە بۆ سروشت. هەر دوو زانا بە زانستی روو لە گەشە و زیادبوونی مەعریفەی مرۆڤ لە رەورەوەی زەمەندا، تێڕامانێکی رەشبینانەیان هەبوو. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە مرۆڤ بە زاڵبوونی



بەسەر سروشتیدا، بووبە هۆی پەیوەندی نێوان بوون و چارەنووسی خۆی. بەتایبەتیش لە ژیانی ماددی و کۆمەڵایەتیدا ئەوان هەوڵدەدەن ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆ بەتایبەت لە وڵاتە پیشەسازییەکانی پێشکەوتووی رۆژئاودا، وێنابکەن. ئەوان لە میانەی تیۆریی رەخنەیی بەم بەرەنجامە گەیشتن کە ئەگەرچی مرۆڤەکان لە رێگەی زانستی خۆیانەوە بەسەر کێشە سروشتییەکاندا سەرکەوتن. بەڵام لە ناخەوە ناڕازین و ئارامشی سروشتیان نییە. چونکو هۆرکهایمر (هەڵبەت زۆربەی ئەندامانی رێکخراوی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی) لە سیاسەتی حزبی بەدوور بوو، توانی لە دۆگماتیزمی مەعریفەی رەهای مێژووی جیهان خۆی دووربخات و لەم بارییەوەدا، سوود وەرگرتن لە هەر ئامرازێك بە رەوا دەزانی، چونکە هۆرکهایمر زۆرتر لە هەر نووسەرێکیتر کاریگەری فەلسەفەی مێژوویی بە فاکتەرێکی بەربەست لە بەردەم توێژینەوەدا، دەزانی. هەربۆیەش لە کارتێکەری لێکدانەوە نوێیەکانی مارکسیستی لە هیگل کە لە دەیەی (١٩٢٠)دا باو بوو، خۆی پاراست.

### ٢. تیۆدۆر ئادرنۆ

تیۆدۆر ئادرنۆ لە ساڵی ١٩٠٣ لە فرانکفۆرت لە خێزانێکی جوولەکە و بورژواز لە دایکبوو. باوکی بازرگانێکی سەرکەوتووی بازرگانی شەراب بوو. ئەگەرچی ئادرنۆ تێگەیشتنێکی فەلسەفی قووڵ و بەهێزی هەبوو، بەڵام زۆرتر حەزی لە بواری هونەر بە تایبەتیش مۆسیقا بوو کە لە ماڵەوە لەلایەن دایك و خوشکەکانی کاری لەسەر دەکرا، هەر بۆیەش هۆگری ئەوە بوو کە بۆ پێشکەوتنی پیشەی مۆسیقا بۆ شاری مۆسیقا واتە ڤیەنا سەفەر بکات.

لە ساڵی ١٩٢٤، بە بەرگری لە نامەی دوکتۆرای بەناونیشانی (ئەو بەری پەیوەندی زەینی و عەینی دیاردە ناسی هۆسرل) بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت. لە ساڵی ١٩٢٥دا بەرەو ڤیەنا سەفەری کرد و فێری مۆسیقا بوو. بەڵام لە هەمانکاتدا حەزی لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و نووسینی وتاری زانستی و فەلسەفی بوو. بە چەشنێك کە

ئەو سێ ساڵەی کە لە ڤیەنا بوو، لە سەنتەرەکانی فەلسەفی و مۆسیقا بەهەرە و ئەزموونی زۆری وەرگرت. لە ساڵی ١٩٢٩ دووبارە گەڕایەوە فرانکفۆرت و پەیوەندی بەکۆمەڵی هۆرکهایمر و ئەندامانی ڕێکخراوی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی زانکۆی فرانکفۆرتی کرد. لە ساڵی ١٩٣١دا، نامەی یاریدەردەری مامۆستاییتی خۆی، لە زانکۆی فرانکفۆرت بە ناونیشانی (باسی ستاتیکای کییرکیگار)ی تاوتوێکرد وانەبێژی لە زانکۆی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٣٦دا، بەهۆی بەهێزبوونی پارتی نازی لە ئەڵمانیا بەرەو ئۆکسفۆرد و دواتر لە ساڵی ١٩٣٨ بۆ نیویۆرك سەفەرکرد. لە ساڵی ١٩٤١ ڕۆیشتە لۆس ئەنجلس کە پێشتر هۆرکهایمر بۆی سەفەری کردبوو. لەوێ بووبە هاوکاری هۆرکهایمر. لە ساڵی ١٩٤٩ دووبارە بۆ فرانکفۆرت گەڕایەوە و لە هەمان ساڵدا نامەیەکی بەناونیشانی (فەلسەفە لە مۆسیقای نوێدا)ی نووسێ لە ساڵانی دواتر چ بە تەنیایە و چ بە هاوکاری هۆرکهایمر سەرقاڵی نووسین و توێژینەوە بوو.

هەروەك چۆن دامەزرێنەری (تیۆری ڕەخنەیی) هۆرکهایمرە، ئادرنۆش بناغەی فەلسەفەی خۆی لەسەر (دیالێکتیکی نیگەتیڤ) داڕێشت ئەگەرچیش، داڕیشتنی دیالێکتیکی نیگەتیڤ بەپێچەوانەی نەریت و بۆچوونەکانە. چونکە دیالێکتیك لە لایەن ئەفلاتوونەوە لەڕێگەی بیرکرنەوەی نەگتیڤ، یان باشتر بڵێین، نەفی پۆزەتیڤ باوی گرت.

ئەو لە پەرتووکێکدا، هەر بەم ناوە، واتە (دیالێکتیکی نگەتیڤ) هەوڵدەدات ، دیالێکتیك لە ئەرکی کلاسیکی خۆی، واتە تاییدکردنی پۆزەتیڤیانەی خۆی و جەخت لە خۆکردنەوە، ڕزگاربکات بەبێ ئەوەی کە ئەم ڕێڕەوەش لەکارایی دیالێکتیك کەم بکاتەوە. ئەم ناکۆکییە رووکەشیانە کە لە ناوی ئەم پەرتووکەدا دەبینرێت، واتە (دیالێکتیکی نیگەتیڤ) بە ئەنقەست هەڵبژێردراوە، ئەو هەوڵدەدات بناغەی وێنای زاڵ بەسەر فەلسەفەدا بگۆڕێ. لە قۆناغی توێژینەوە و مامۆستاییدا، بنەمایێکی نوێ لە ڕەوتی شکل گرتنی فەلسەفەدا، دادەڕێژت. ئەگەرچی لەڕێڕەویی پیشەدا، ئاماژە بە چەمکی بونیاتی و بیرکردنەوەی سەرەتایی و کۆن دەکات و پێی پابەندە.



ڕێکوپێکی لە بیرکردنەوە، متمانە بەخۆ کردن و خۆڕاگری هۆرکهایمر، لە توێژینەوە فەلسەفییەکانیدا، هۆکاری ئافراندنی هزری و سەرکەوتنی بزاڤی هزریی هۆرکهایمرە. پێویستە لە بیر نەچێت، تەنیا بەپشت بەستن بە میتۆدۆلۆژیایێکی دیارکراو، نووسەر ناتوانێ ئامرازی پێویست بۆ کارکردنی بەدەستبێنێت. لە رووی تیۆرێك لە دیالێکتیکی نیگەتیڤدا، پێکەوە لکاوی لە نێوان ئەم و ئەودا بوونی نییە، ئەگەرچی نەبوونی ئەم پێکەوە لکاوییش، نابێتە هۆی تێنەگەیشتن لە توێژینەوە. هەڵبەت ئەم میتۆدە، میتۆدی داهێنەرانەی، ئادورنۆ نەبوو، بەڵکو ئەو هەوڵیدا، ئەم میتۆدە شیاوی بەکارهێنان بکات و روونی بکاتەوە. بەرەنجامی لێکۆڵینەوەی میتۆدی ڕەخنەیی سەبارەت بەشیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئەوەبوو کە، لە ڕەوتی کامڵبوونی خۆئاگایی کۆمەڵایەتی، لە تیۆرە شۆڕشییەکانەوە، بگەن بە تیۆرییە پەراوێز کراو لاوەکییەکانیش. لە کاتی سەرهەڵدانی ئەم تیۆریە گشت بیروبۆچوونەکان لەسەر ئەم بنەمایە بوون کە لە ڕێگەی خۆ ئاگایی ڕەخنەگرانەوە، کۆمەڵگا تا ئاستێك تەندروست ببێتەوە و خۆ ئاگایی ڕەخنەگرانە تا رادەیێك تەشەنە بکات کە بە هۆی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر و شۆڕشیانە، بەخێرایی گۆڕانێکی ریشەیی لەژیانی مرۆڤدا بێتەدی.

ئادرنۆ، لە پەرتووکی (دیالێکتیکی رۆشنگەری) کە بە هاوکاری هۆرکهایمر لە ساڵی ١٩٤٧ دا لە ئامستردام بڵاوی کردەوە، سەرلەنوێ تیۆری شۆڕشیانەی مارکسی داڕێشتەوە و لەم بارەیەدا، دەڵێت:

«مرۆڤ بەخۆ گونجاندن لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتێك کە دروستکەری مێژوو بووە، بەڵام هیچ کێشەیێکی بۆ نەخولقێنێت، بە چەشنێك [ئەم پەیوەندی و ڕەوتە] لە مرۆڤدا گرتووە و چەقی بەستووە، کە ئەگەری گۆڕینی ئەم پەیەوەندییە تەنیا لە ڕێگە هێزێکی خەباتکەری بەهێز مومکینە کە [ئەم هێزەش] بە هۆی خۆ ئاگاییەوە دەتوانێ بوونی هەبێ. بەڵام بەداخەوە ئەم فاکتەرە بەهێزەی مرۆڤی ئەمڕۆی بە تەواوی دابەزییوە. ئەم خۆگەنجانەش [لە

بەرەنجامی] یەکانگیریی مرۆڤەکانە و تا قووڵایی رەفتاریان قووڵبووەتەوە و چارەنووسیان دەستنیشان دەکات.

عەین و زەین لە گەمەییێکی گەڕانەوە [بەرەو دواوە]ی کاڵتە ئامێز، بەپشتبەستن بە فەلسەفە یەکتر دەگرنەوە. ئەم رەوتە بە چەشنێکە کە ئەگەر مرۆڤەکان هەرشتێك لە دەست بدەن دیسان مەمنوونی ژیان خۆیانن و سوپاس گوزار و کامەرانن.

سوود وەرگرتنی ناگونجاو لە تەکنیك و مۆبیلیزەکردنی جەماوەر بۆ رکابەرییە وەرزشیەکان، بوون بەکۆیلەی کالاگەلی بەرهەمهێنەر، گشتیان هێماگەلی نەخۆشی بۆ ئەم حەزانەن. ئەو هەوێنەی کە رۆژێك، وەك ئایدیۆلۆژیا کاریگەر بوو، ئەمڕۆ لەلایەك، هەروەك باسکرا، لە پەیوەندیگەلی نێوان مرۆڤەکان، دەستڕۆیی هەیە و لەلایەکیترەوە، کاریگەری بەسەر بارودۆخی روحی و دەروونیان داناوە. ئەگەر مەبەست لە چەمکی مرۆڤ و ئایدیۆلۆژیا ئەوە بێ کە مرۆڤ وەك بەشێك لە ماشێن بێ، ئەوکات بە بێ هیچ مشتومڕێك پەسەندم دەکرد کە لە باردۆخی هەنۆکەییدا، مرۆڤەکان، خودی خۆیان، ویستوویانە بەپێی ئەم ئایدیۆلۆژیا ناپیرۆز و ناعەقلانییە، بە ئاشکرا بکەونە هەڵەیەکی هەمیشەییدا، ژیانی مرۆڤە پێویستی بە گۆڕانی ئەم بارودۆخە سەخت و دژوارییە. بەڵام ئەم تەنگ و چەمەڵەیە وەها لە ویژدان و رۆح و جەستەیی مرۆڤەکانی ئەمڕۆدا، جێی گرتووە و بە قووڵی رەگی داکوتاوە، کە تەنانەت بە نرخی گیانیان و تاکگەرایش ئامادەنین گۆڕانی تێدا بکەن، هەروەك بڵێی ئەم رەوتە ئۆتۆماتیکیانە بەردەوامی هەیە». بەم جۆرەش، بە روونی رەش بینی ئادۆرنۆ لە کۆمەڵگای هاوچەرخ دیارە. ئەو عەقڵگەرایی ئامرازی کە لە بەرەنجامی سەردەمی رۆشنگەریی و شۆڕشی پیشەسازی بوو بەهۆکاری هەموو کێشەگەلی مرۆڤەکان و نارەزامەندیان، بەڵام بەرووکەش رەزامەندی، دەزانێ.



**٣. هربرت مارکۆزە**

مارکۆزە لە ساڵی ١٨٩٨دا لە خێزانێکی جوولەکە و سەرکەوتوو لە بەرلین لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و زانکۆی لەم شارەدا تەواوکرد و بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنی زۆرتر بەرەو فرانکفۆرت رۆیشت تابچیتە ریزی قوتابیانی مامۆستا بە ناوبانگەکانی ئەم زانکۆیە، واتە هۆسرل و هایدگر کەوانەی فینۆمینولۆژیا و ئەگزیستانیسالیزمیان دەگوتەوە. ئەگەرچی مارکۆزە، لە زانکۆی فرایبۆرگ لە مامۆستاکانیی سوودی باشی وەرگرتبوو و مەیلی لە هایدگربوو، بەڵام دواتر دژی بۆچوونەکانی وەستا. ئەزموونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کە پێشتر روویدا بوو، ئەزموونێکی تاڵ لە شۆڕشێکی دۆڕاوە و پڕ لە خەیانەت، ئاسەواری خەراپی لە مارکۆزەدا بە جێهێشتبوو. لە ساڵی ١٩١٨دا، واتە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەربازانی (راینکن دۆرف)، بەڵام بەهۆی دەستڕۆیی ئەفسەرانیی پێشوو لە ئەنجوومەنی سەربازاندا، لێی هاتەدەرەوە، و پەیوەندی بەپارتی سۆسیال دیموکراتی کرد. بەڵام چونکە ئەم پارتەی بە بەرپرس لە کوشتنی رۆزالۆگزامبۆرگ و کارل لیب کنشتی دەزانی، لێی نا ئومێد بوو. کاتێك کە سەرکۆتکردنی ئەنجوونگەلی کۆماری و ئەو سەرکەوتنە لاوازەی کە لەدژی شۆڕش بەدەستی هێنابوو، بە بەراورد لەگەڵ پارچەپارچە بوونی خودی حزب و خەیانەت کردن بەم حزبەی، هەڵدەسەنگاند لە پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیش هاتە دەرەوە. بەهەرحاڵ، ئەزموونی مارکۆزە لە پارتی سۆسیال دیموکرات و سیاسەتەکانی پارتی کۆمۆنیزم، لە کۆماری وایماری ئەڵمانیادا، هەمووان بوون بە هۆکار تا لە مارکسیزمی کلاسیکی بێزاربێت و لە رەوتی کامڵبوونی کۆمۆنیزم زۆرتر نائومێد بێ.

وەرچەرخانی بیروبۆچوونەکانی مارکۆزە و هەڵگەڕانەوەی لە باڵی چەپی تەقلیدی بۆ بیردۆزێکی چەپی نوێ، لە بەرەنجامی لێکۆڵینەوە ریشەییەکانیی بوو، لە بارەی هەیکەلی کلاسیکی سۆسیالیزم و ستراکتۆری سەرمایەداری مۆدێرن. دوای

سەرکەوتکردنی شۆڕش لە بەرلین سەرقاڵی خوێندنەوەی مێژووی ئاداب و فەلسەفە و ئابووری نەتەوەیی بووە و لە ساڵی ١٩٢٢دا، بەرگری لە نامەی دکتۆرای خۆی بە ناونیشانی (ڕۆمانی هونەری ئەڵمانیایی) کرد. بواری فەلسەفی دکتۆرایەکەی تایبەت بوو بە ستاتیکای هیگلیانە، بەڵام لە نوێکارییەکان و هونەری پەرتووکی (تیۆری ڕۆمان)ی گیورگ لۆکاچ فەیلەسووفی مارکسیزمی مەجەری کە لە ساڵی ١٩٢٠ بڵاو ببووە، سوودی زۆری وەرگرت. هونەر لە قۆناغی لاوێتی مارکۆزەدا بوو بەژێدەری ناسینێك، کە لە بەرەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی بۆرژوازی سەری هەڵدابوو رەخنە لە خۆگرتنی کۆمەڵگای بۆرژوازی، گریمانەی سەرەکی نامەکەی مارکۆزە بوو، ئەم رەخنە لە خۆ گرتنەی کۆمەڵگای بۆرژوازی، پێکدانی نێوان ناسین و ژیان، بۆ هونەرمەندی مومکین دەکرد.

ئەگەرچی پەرتووکی (زەمەن و بوون)ی هایدگر بەرهەمێکی فەلسەفی بوو، بەڵام هەستیارانە، ئەو گۆڕانکارییە ئاشکرایانەی کە لە کۆمەڵگای دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا هاتبووە کایەوە، دەخستنە ژێر باس و لێکۆڵینەوەدا. هەر بۆیەش سەرنجی زۆرێك لە رۆشنبیری تازە پێگەیشتووی راکێشا. لەم کاتەدا، شەڕە ناوخۆیی و جیهانییەکان، [زەمینەی] رووخانی سیستەمی بۆرژوازی کۆنی فەراهەمکرد بوو، کە چیتر هزری گەڕانەوەی نەدەکرا. وێنای سیستەمێکی نوێش کە بتوانێت جێی بگرێتەوە لە ئارادا نەبوو.

هۆگری بۆ بیروبۆچوونەکانی هایدگر، مارکۆزەی بەو بەرەنجامە گەیاندبوو کە بۆچوونەکانی مامۆستا چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بەرقەرارە. ئەگەرچی لەم بارەیەدا مارکۆزە لە رادەبەدەر خۆشبین بوو. لە ساڵی ١٩٢٣ بۆ مارکۆزە روون بووە کە لە فرایبۆرگ ناتوانێت بەپلەی یاریدەدەر بۆ وانەبێژی سەربەخۆ بگات، چونکە نەیارانی بۆچوونەکانی هایدگر کە مارکۆزەش بە پەیڕەو و بڵاوکەرەکانی بۆچوونەکانی دەژمێردرا، روو لە زیادکردندا بوو. بەرهەرحاڵ لە ماوەی نیشتەجێبوونی لە فرایبۆرگ، واتە لە ساڵانی ٣٢ — ١٩٢٨دا دوو وتاری سەبارەت بە بۆچوونە



مارکسیزمییەکانی هایدگر پێشکەشیکرد. لە جاری دووەمی نیشتەجێبوونی لە فرایبۆرگدا، هەستا بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هایدگر و دەست نووسە ئابووری — فەلسەفییەکانی مارکس و هەوڵیدا شیکردنەوەییێکی ئەگزستانسیالیستی لە مارکس پێشکەش بکات. لۆکاچ بەبڵاوکردنەوەی پەرتووکی نوێی بەناونیشانی (مێژووی خۆ ئاگایی چینایەتی) لایەنە شۆڕشیانەی بۆچوونەکانی مارکسی سەر لەنوێ زیندوو کردەوە. لۆکاچ لەو بڕوایەدا بوو کە ئەم پەرتووکە لە چوارچێوەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسیدا نووسراوە. بە بڕوای لۆکاچ، کاریگەری ناکۆکییە عەینییەکان دەبێتە هۆی جووڵاندنی پرۆلتاریا. لە کاتێکدا کە، مارکۆزە، زۆرتر لە لۆکاچ گرنگی بە فاکتەرە زەینییەکانی تیۆری ئەگزیستانسیالیسنی مارکس دەدا.

بەبۆچوونی مارکۆزە، ئەو متمانەیەی کە بە بەرەوپێشەوەچوونی هەستپێکراوی (سەرمایەداری جێگیربوو) دەدرا، بوونی نەماوە و ئێستاش پێویستی بە شۆڕشێکی راستەقینە هەیە. مارکۆزە نیشتەجێبوونی لە فرایبۆرگ بە لێکۆڵینەوە لە (بووناسی هیگل و بناغەی تیۆری مێژووی) کۆتا هێنا. هەر لێرەشەوە خاڵی جیابوونەوەی هزرەکانی مارکۆزە لە هایدگر دەستیپێکرد. لە ساڵی ١٩٣٢ فرایبۆرگی بەمەبەستی فرانکفۆرت و پەیوەندیکردن بە ئەنستیتۆی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بەجێ هێشت و لە ساڵی ١٩٣٤دا، دەرواتە نیویۆرك و لەسەر داوای هۆرکهایمر پەیوەندی بە ئەنستیتۆی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە نیویۆرك، سەر بەزانکۆی کۆلۆمبیا، کە هۆرکهایمر دامەزراندبووی دەکات. لەم کاتەدا مارکۆزە لە مارکسیستێکی ئەگزستانسیالیست دەگۆڕدرێ بۆ بیردۆزێکی رەخنەگر. ئەو دەڵێت: «مەبەست لە تیۆرە رەخنەییەکان، تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانە بەچەشنێك پرەنسیپگەلی وتارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای فەلسەفەی دیالێکتیکی و رەخنەگرتن لە ئابووری سیاسی وێنا کرابوو» لەراستیدا، تیۆری رەخنەیی، پرۆژێك بوو کە هۆرکهایمر و هاوکارانی (بەتایبەتیش پۆلۆك، فلیکس وایل) هەوڵیان دەدا، بە سوود وەگرتن لەم تیۆریە ئەو خاڵانەی کە چیتر، لە

بۆچوونەکانی مارکسدا پەسەند نەدەکران، سەرلەنوێ دابڕێژنەوە، تا لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕۆژانەدا بگونجێت. مارکۆزە لە ساڵی ١٩٤٠دا، دژی فاشیزم وەستا، لە هەمانکاتدا لە زانکۆکانی کۆلۆمبیا و کالیفۆرنیا سەرقاڵی وانەبێژی بووە تا کۆتایی تەمەنیش وەك شۆڕشگێڕێك مایەوە و بە بیردۆزێکی گرنگی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەژمار دەکرێت. بەڵام لەکاتی نیشتەجێ بوونی لە واشنتۆن لە هاوکاری کردنی لیبرالەکان و تەنانەت ڕێکخراوی دژە سیخوری ئەمریکا، بە ئامانجی شکست دانی فاشیزم لە جیهاندا، دریخی نەکرد. بەم کارەشی ڕەخنەی ئارستەکرا. مارکۆزە پاساوی ئەم کارەی بۆ شەڕ لە دژی فاشیزمی دەگەڕاندەوە، کۆمۆنیستەکانیش لەم گەمەیەدا لێی ڕەنجان، چونکو هاوکاری کردنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایان، بەکارکردن دژی کۆمۆنیزم لە قەڵەم دەدا. مارکۆزە کە خۆی لە بەرهەڵستکارە توندەکانی سەرمایەداری بوو. لە هەر دوو باڵی سەرمایەداری و مارکسیت هەرەشەی لێدەکرا. بە جۆرێك کە لە ساڵانی ٧٩ – ١٩٧٨ دا گەڕایەوە ئەڵمانیا و لە هەمان ساڵدا لە باشووری باڤاریا لە کەنارەی دەریاچەی ئیشتانبرگ کۆچی دوای کرد.

لە سەرەتادا تیۆری ڕەخنەی، تەنیا پەیکەرێك لە بیروبۆچوونەکانی مارکس بوو. بەڵام بەرەبەرە ئەم پرسیارە بۆ مارکۆزە و تەنانەت هۆرکهایمر و ئەوانیتریش، پێش هات کە بۆچی کاتێك کە بارودۆخ بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی فەراهەم ببوو، شۆڕش شکستی هێنا؟ بە بۆچوونی ئەمانە، چیتر مارکسیزم زانستێك لەسەر بناغەی ئابووری و بەرهەم هاتوو لە دیاردە سەرخانەکان نەبوو، بەڵکو وەك تێگەیشتنێکی ڕەخنەییانە لە کۆمەڵگای گشت (کل) چاو لێ دەکرا. لەم بارەدا مەیلە هەستپێکراوی ڕەخنەگرانە و ڕەفتارە کەسییەکان بایەخی تایبەتیان هەبوو. ئەو هەوڵەی گرووپی هۆرکهایمر، پۆلۆك و مارکۆزە سەبارەت بە پەیوەندی تەنگاوتەنگی نێوان ڕاڤە و شیکردنەوەی دەروونناسەکی و ڕەخنەیی کۆمەڵایەتی تیۆرێك ئافراندیان، بەستڕاکتۆری تیۆری ڕەخنەی وەها ڕاکێشێکی بەخشی کە دواتر بوو بە یەکێك لە خەسڵەتە بەرجەستەکانی سیاسی ڕۆشنبیران. مارکۆزە پەرتووکی (ململانێ



لەگەڵ لیبرالیزم لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تۆتالیتار) دا لە ساڵی ١٩٣٤ بڵاوکردەوە. ئەو لەم پەرتووکەدا تەنیا ڕێچکەی دەوڵەتی ناسیۆنال سۆسیالیزمی شرۆڤە نەکرد، بەڵکو جیهانبینی ئەم چەشنە دەوڵەتە تۆتالیتاریەشی، شرۆڤەکرد. مارکۆزە لەم پەرتووکەدا ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیك دەگرێت. ئایدیۆلۆژیایەك کە چیتر ئایدیۆلۆژیا نییە. بەڵکو تیۆرێکە کە ناعەقلانیەت لەگەڵ عەقلانییەتدا تێکەڵ بەیەکدی بووە و سەردەمێکی زۆر گرنگ و هەستیار لە ژیانی مرۆڤدا بەدیهێناوە.

ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنال سۆسیالیزم وەك هێزێکی مێژووی هەژمار دەکرێ و شی دەکرێتەوە، ئەم ئایدیۆلۆژیایە نە لە لایەنە ئابوورییەکان و نە لە ڕەهەندی پرسە متافیزیکییەکان وەك خەباتگەلی جەماوەر کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زانستی درۆ ڕاڤە و شی ناکرێتەوە، بەڵکو بۆچوونەکانی هایدگر، مارکۆزەی ئامادە کردبوو کە لە پرسە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەمی پەیوەست بە فاشیزم قووڵ ببێتەوە. مارکۆزە لە وتارێکیتردا، کە لە ساڵی ١٩٣٦ بە ناونیشانی (چەمکی بوون) بە داڕشتن و تێڕامانێکی ئەگزستانیسالیستی بڵاوکردەوە، ڕەخنە لە خۆ بەدەستدان و هاوکاری کردنی فەلسەفە لەگەڵ هێزەکانی حازر [لەگۆڕپاندا] دەگرێ. ئەم ڕەخنەگرتنە لە پۆزەتیڤیزم ئەگەرچی لە جەمسەر دژی فاشیزم دەوەستێ، بەڵام ڕەخنە ئاراستەی فاشیزمیش دەکات. لەم ڕوانگەوە لە ناوچوونی مەوداکان لە نێوان زانست و دەسەڵات لەراستیدا، وەك مەرجیبوونی جیهانێکی تاك ڕەهەندی واقعییەتەکان دەخرێتەڕوو.

ئەگەر ئەم وتارەی مارکۆزە، بە وتارێکی فەلسەفی پسپۆڕی لە چوارچێوەی بیردۆزانی قوتابخانەی ڕەخنەیی فرانکفۆرتدا هەژمار بکەین، ئەوکات دەبێ مارکۆزە و بۆچوونەکانی کە لە ساڵی ١٩٣٧دا، بڵاوکرایەوە بەکاریگەرترین ئەکتەری ئەم گۆڕەپانە بزانین.

تیۆرییە ڕەخنەگر و فەلسەفییە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، کە باسمان لێکرد، لەلایەن دوو کەس بەم فۆڕمە تایبەتە پێشکەشکراوە. بەشە

سەرەتایی و کورتەکانی لەلایەن ماکس هۆرکهایمر و بەشە دوایی و درێژەکانیشی لەلایەن هربرت مارکۆزە، ئامادەکراوە.

بەرداشتی مارکۆزە لە تیۆری رەخنەیی پشت بەستراو بە نەریتی مارکس بوو. دەبوایا تیۆری، چیتر فەلسەفە نەبێت. چونکە فەلسەفە لە بەرداشتە ئارمانجییەکانیدا ئەقڵ و ئازادی بەیەکدی پەیوەند و گرێدەدات، لە کاتێکدا، کە حەقیقەتی تیۆری رەخنەیی لە جیهانی ماددی دایە کە خاوەن سترۆکتۆرێکی ئابوورییە. هەڵبەت ئابوورێك کە بە پێی تیۆری ماتریالیستییەوە، دەرکی پێدەکرێت، سەرووترە لە چەمکی "ئابوور" لە مانای گشتیدا. تیۆری رەخنەیی بەسەر تەواو و گشت کۆمەڵگادا دەوردراوە.

کۆمەڵگای گشت، گۆازێنەری گازەندە ماتریالیستەکانی گرووپە ژێر گوشارەکانە کە لە رێگەی رەخنەگرتنی تیۆرێك درکی پێدەکرێ و ئەم رەخنەگرتنە تیۆریکییەش وەك تیۆرییێکی سیاسی کە ئایدیۆلۆژیای لە روانگەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەخاتە ژێر توێژینەوەدا، کامڵ دەبینێت.

تیۆری رەخنەیی، ئەزموونە مێژووییەکان رەچاو دەکات، بەڵام لە رێڕەوی لێکۆڵینەوەیدا هێزگەلی دامەزراو وەلادەخات وەك ئەوەی کە بڵێت دۆڕاون. ئەگەرچی رووی قسەی بیردۆزانی رەخنەیی لەگەڵ پارتە سیاسییە تەقلیدییەکان و دەسەڵاتی سەندیکاکان لە بزاڤە سۆسیالیستەکاندا، لە ساڵی ١٩٣٧ وریایانە بوو، بەڵام بەرچاویش بوو. لە روانگەی بیردۆزانی رەخنەگری قوتابخانەی فرانکفۆرت، دادگاکانی مۆسکۆ خەریکی بە سەربردنی مانگە گەرمەکەیان بوون لە رەوتی کامڵبوونی شۆڕشی روسیادا و چاوەڕوان نەدەکرا لە دوای ئەمەش سۆسیال دیموکراسی سەندیکاکان بتوانن بن بە جێگری شیاوی ئەم رەوتە.

مارکۆزە لە ساڵی ١٩٣٧، وتارێکیتری بە ناونیشانی (سیفەتی جیاکەرەوەی کلتوری پۆزەتیڤ)ی بڵاوکردەوە. ئەو لەم وتارەدا هەڵدەستێت بە رەخنەگرتن لە کلتوری پۆزەتیڤیزمی بەرقەرار. ئەو لایەنگری کلتورێك بوو دامەزراو لەسەر



نەریتەکان و سەربەست لە هەر جۆرە زەمینە ئایدیالییەکانی کلتوری بۆرژوازی بەرقەرار. لە روانگەی تیۆری رەخنەیی مەبەست لە کلتور، هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای گشتە. واتە هەموو فاکتەرە ماددی و مەعنەوییەکان لەخۆوە دەگرێ کە بەیەکدی گرێ دراون و پەیوەندییێکی تەنگاوتەنگ بەدیدێنن. بە بڕوای مارکۆزە کلتوری بەرقەرار، لەدواییبن بەرەنجامی، کلتوری پۆزەتیڤیزمی بۆرژوازییە. کە وەك جوانییەکی دەستکرد هەوڵ لە شاردنەوەی گشت کەم وکوڕییەکانی دەدات. رەخنەی مارکۆزە لە کلتورێکی تایبەتە کە کلتوری پۆزەتیڤی زاڵ کردووە. مارکۆزە خوازیاری لە ناوبردنی ئەم کلتورە بوو و جەختی لەسەر ژیانی کلتوری تەقلیدی دەکرد. خۆ دورکردنەوەی کلتوری پۆزەتیڤیزم لە سەردەمی ناسیۆنال سۆسیالیزم و پشتگیری لە هێزە بەرقەرارەکان، تەنیا بە هۆی ترس و تۆقاندن و تیرۆری نازییەکان نەبوو، بەڵکو خودی زاتی ئەم کلتورە و مەیلە ستەمکارییەکانیشی هەر بەم چەشنەیەیە. بە بڕوای مارکۆزە هەیکەلی واقیعی، ئەگەرچی تەم و مژوایی، بۆرژوازیان لە بەین برد و ناوەڕۆکێکی تەواو نادروستیان لێ دروستکرد. بە بڕوای ئەو، ئەرکی کلتور پێشکەشکردنی مانایێکی پۆزەتیڤە لە زەمەنی ئێستا. ئەم مانایەش جێی بزاڤی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. ئەو بە رەخنەگرتن لە کلتوری پۆزەتیڤ، بە روانگەیەکیتر دەگات. لە روانگەی نەریت ئەرکی کلتور، بەخشینی روح بە شارستانیەتی ماددییە. لێرەدایە کە مارکۆزە لە ژێرکاریگەری بۆچوونەکانی فرۆید، بەشێك لە بۆچوونەکانی فرۆیدی بەکاردێنێ. ئەو وتارانەی کە مارکۆزە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەینووسی، بووە هۆی ئەوەی کە لە سەدەکانیتردا بیروبۆچوونەکانی قایمتربێت. مارکۆزە لە لێکدانەوەی هەندێ لە کورتە وتارەکانی ساڵانی سی، والتر بینامین کە لە ساڵی ١٩٦٤ دا دووبارە چاپکرایەوە، دەڵێت: «جیاوازی و مەودایی کە لە نێوان ئەمڕۆ و ئەو رۆژەدا (واتە سییەکان) هەیە، ئەوەندە زۆرە کە پرسەکان لەگەڵ یەکدی بەراورد ناکرێن. لەوکات، سەرکەوتنی فاشیزم و جەنگی جیهانی دووەم و دواهاتەکانی وێنا دەکرا و کێشەگەلی تایبەت بە خۆی هەبوو لە کاتێکدا کە ئەمڕۆ،

سەردەمی نەهێشتنی حیساباتە لەگەڵ فاشیزم و کێشەکانی ئەمڕۆ بەو سەردەمە مێژووییەوە بەند نییە». زۆربەی نووسین و وتارەکانی ساڵانی سی هەڵگری ئەم چەشنە راشکاوییە بوون. هەربۆیەش لە سەرەتاکانی سەدەی شەست رۆشنبیرانی چەپی نوێ، وەها راکێشەکیان بەدەستهێنا کە کلتوری پۆزەتیف لە دەستیدابوو. ((رەخنەگرتن لە وێناکانی کلتوری پۆزەتیف لە بزاڤی کرێکاریدا، بوو بە هۆی زیندووبوونەوەی (ئەو کەسانەی کە هێشتا نائومێد نەببوون) بیرەوەرییە راستەقینەکانی شۆڕش وەك پێویستێکی مێژووی» هەو وەك ئاماژەپێکرا، مارکۆزە پێشتر لە بەرلین بە بیروبۆچوونەکانی هیگل و مارکس ئاشنا ببوو و مەیلی خۆی بۆ فەلسەفەی ئەم دووانە لە وتارەکانیدا دەردەبڕی. بەڵام دواتر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ناهەماهەنگییەی کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەی مارکسدا هەستپێدەکرا، لە دەروونناسی فرۆیدیش سوودی وەرگرت. مارکۆزە لە ساڵی ١٩٤١ بەبڵاوکردنی پەرتووکی عەقڵ و شۆڕش، دەزگای فەلسەفی هیگل و مارکس شرۆڤە دەکات. لە سەنتەری فەلسەفەی هیگلدا، چەمکی (عەقڵ) دەدۆزێتەوە، کە فەلسەفە لە توانایدا نییە زۆرتر لە ئیمکاناتی عەقڵ چارەسەری هەبێت.

مارکۆزە وتەی هیگل کە (یاسای بنەڕەتی فەرەنسا لە دوای شۆڕش تەنیا بەعەقڵ هەڵسەنگێندرا) بەکاری هێنا و هەوڵیدا فەلسەفەی هیگل بە شۆڕشی فەرەنسا پەیوەند بکات. بە وتەی هیگل «لەو کاتەی کە خۆر لە پانتای ئاسمان جێگیر بوو و ئەستێرەکان لە دەوریدا چەقیان گرت و هەڵسوڕان، هیچ کات بە خەیاڵی کەس نەهاتبوو کە سەنتەری بوونی مرۆڤ لە سەری، واتە لە هزری دایە».

مارکۆزە لە پەرتووکی (عەقڵ و شۆڕش)دا ئەگەرچی بۆچوونەکانی مارکس و هیگل وێنا دەکات، بەڵام ئەگەر بۆچوونەکانی مارکس لەگەڵ بۆچوونەکانی هیگل ناکۆك بوایا لایەنگری لە هیگلی دەکرد. مارکۆزە گرنگترین بابەتی عەقڵ لە روانگەی هیگلەوە، ئازادی دەزانێت عەقڵ کاتێك کە بەوپەڕی بگات، ئازادیش دێتەکایەوە. مارکۆزە، چونکە دیالێکتیکی هیگل لەگەڵ کۆمەڵگای ئێستا،



یەکانگیر نابینێ، بۆیە هەوڵدەدات دەزگای فەلسەفی هیگل لە چوارچێوەی فەلسەفەی نیگەتیڤدا شرۆڤە بکات و بەکاری بێنێت. بۆ ئەم کارەش واتە بۆ وەڵامدانەوەی خاڵە رەتکراوەکانی فەلسەفەی هیگل، بۆ بەکارهێنانی لە واقیعدا، لە فەلسەفەی پۆزەتیف، واتە فەلسەفەیێك کە عەقڵ پەیڕەوی لە واقعییەت دەکات سوود وەردەگرێت. بەرەنجامو سەنتزی ئەم فەلسەفەیەش وەك ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی هەنۆکەیی ئەوروپا وێنادەکات. ئەو گوزار لە فەلسەفەی هیگل بۆ فەلسەفەی مارکس بە گۆڕانێك لە فەلسەفەدا دەزانێ. هەروەك دەڵێت: «لە بنەڕەتدا، ناتوانرێ ئەم گوزارە بەپێی بنەمای فەلسەفی لێکدانەوەی بۆ بکرێت). مارکۆزە هەوڵ بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە دەدات کە هەموو تیۆرییەکان و لە بنەڕەتدا، فەلسەفەی مارکس چ لە قۆناغی لاوێتی و چ لە نووسینەکانی دواتریدا، گشتیان بابەتی کۆمەڵایەتی و ئابوورین و بە هیچ شێوەیێك بە بابەتێکی فەلسەفی هەژمار ناکرێن. هەر چەندە لە فۆڕمێکی فەلسەفیدا پێشکەشکراون. هەر بۆیەش فەلسەفەی لە هەر پلەیێکدا بێت نەفی دەکات، بەڵام نووسراوکانی هیگل تەنانەت ئەگەر بە شێوەیێکی کۆمەڵایەتی یان ئابووریش پێشکەشکرابن، دیسان بە بابەتگەلی فەلسەفی هەژماردەکرێن.

مارکۆزە لە پەرتووکی عەقڵ و شۆڕشدا دەڵێت کە دەزگای فەلسەفی هیگل بە دیسپلینی بەرقەرار کۆتا دێت. بەڵام بابەتەکانی مارکس ئاماژە بە نەفیکردنی ئەم دیسپلینە دەکات. بۆ نموونە کاتێك کە بابەتەکانی مارکس شرۆڤەی کۆمەڵگای بەرقەرار دەکات، چونکە داوای کۆمەڵگاییێکی نوێ، لە کۆمەڵگاکانی رابردوو دەکات، کەواتە بە نەفیکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، بەدوای گەیشتن بە حەقیقەتی کۆمەڵگای نوێدایە. بەواتایەکیتر، لە بنەڕەتدا، تیۆرییەکانی مارکس، رەخنەگرتنە لە دیسپلین و سیستەمی کۆمەڵگای بەرقەرار.

مارکۆزە بە بڵاوکردنەوەی پەرتووکی (مرۆڤی تاك رەهەندی) لە ساڵی ١٩٦٤دا، چ وەك بیردۆزێکی رەخنەیی چەپی نوێ، چ وەك رەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی، بە لوتکەی ناوبانگی گەیشت. پەرتووکی مرۆڤی تاك رەهەندی، لە

حەقیقەتدا سکاڵا نامەیێکە لە دژی کۆمەڵگا پیشەسازی و روو لە گەشەکردنی سەرمایەداری بەتایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك پێشەنگی کۆمەڵگا بان پیشەسازییەکان.

ماف و ئازادی تاکە کەسییەکان لە پرسە سەرەکییەکانی سیستەمی پیشەسازی پێشکەوتووی دیموکراتیکی رۆژئاوایە، کە ناوەڕۆکی خۆی لەدەستداوە و لە چەمکە کلاسیکییەکەی جیابووەتەوە؛ ئازادی بیرکردنەوە و رەخنەگرتن کە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای ئازادە بۆ ژیانێکی ماددی و حیساب بۆ کراو گۆڕدراوە. بەهای ئازادی بەپێی توانای ئابووری تاکەکان هەڵدەسەنگێندرێت. بەهەمان رادە کە بەرهەمهێنانی کاڵا زیادبوونەتەوەو خۆشگوزەرانییەکی رێژەیی و رووکەشانەی بە بوون هێناوە، بەڵام وابەستەیی تاکەکان بە پیشەکان بە چەشنێك زیاد بووە کە واتای راستەقینەی ئازادی چیتر هەست پێ ناکرێت و لێکدانەوە بۆ ناکرێ. بەرهەمهێنان و بەکاربردنی زۆر، بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ ببێت بە وابەستەیی کاڵاکان، ئەمەش لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای تەکنۆلۆژیك و سەرمایەداری هاوچەرخە، کە مرۆڤەکانیشی بۆ کاڵا گۆڕیوە. لەم حاڵەتەدا، مرۆڤەکان کارتێکراو بە پرۆپاگەندای کاڵایی تەقوای خۆیان لە کڕین و بەکاربردنی زۆرتر دا دەزانن کە بەرەنجامیش کارکردنی زۆرترە. واتە دووجار، دۆخێك لە لە خۆبێگانە بوون لە کۆمەڵگادا سەر هەڵدەدات و بە مرۆڤی تاك رەهەندی کۆتادێت.

مارکۆزە لەو بڕوایەدا بوو کە لە کۆمەڵگای ناپیشەسازی بە شێوەی ئەمڕۆییدا، پانتای ژیانی تاکەکان لە پانتای سیستەمی سیاسی کۆمەڵگا جیابووەتەوە و بەم جۆرەش تاکەکان، خاوەن ژیانی تایبەتی بوونەتەوە. بەڵام لەم سەردەمەدا، کۆمەڵگا پانتای ژیانی تایبەتی لە مرۆڤی وەرگرتووە. لە ئەنجامدا، مرۆڤی بە لاساییکردنەوەی کوێرانە هان دەدات و بوونەوەرێکی بەکاربەر و وابەستە بەکاڵایی لێ دروستکردووە. بەرەنجام ئەوەیە کە ئەوان نا بەرپرسیار و لە خۆ و لە کۆمەڵگا بێگانە بوونەوەتەوە.



ئەمڕۆکە وڵاتە دیموکراتیکە بان پیشەسازییەکان وەها لە مرۆڤ و کۆمەڵگادا دزەیان کردووە، کە تەنانەت زانا و فەیلەسووفانیشی کردووە بە پەیڕەوی خۆی. بەجۆرێك کە هەرجۆرە دژایەتی کردنێکی راستەقینە لە سیستەم ریسوادەکەن . عەقڵی تیۆری بە سوودی عەقڵی پراکتیکی وەلانراوە، کەواتە مرۆڤ لە بەرداشتی، حەقیقەتەکان دوور دەکەوێتەوە. ئەمڕۆکە کرێکاری پێشەسازی بووە بە کۆیلەی ماددی و مەعنەوی تەکنۆلۆژیك، چونکە کارایی ماشێن، پترە لە داهێنانی مرۆڤ. لە روانگەی مارکۆزە زانست نە تەنیا لە تیۆریدا، بەڵکو لە کردەوەشدا، بوو بە هێمای راکێشراوی تەکنۆلۆژیای سەردەم. بە واتایەکیتر «بنەمای زانستی ئەمڕۆیی لە رووی تیۆرییەوە (پێش ئەزموون)وەها ئۆرگانیزەکراوە کە بتوانێت وەك ئامرازێك لە خزمەت جیهانێکدا کە ملکەچی دەسەڵاتە ئۆتۆماتیکی و بەرهەمهێنەرەکانە، بەکاربهێنرێت. قوتابخانەی ئۆپێراسیۆنالیزمی تیۆری بووە بە هاوچەشنی ئۆپراسیۆنالیزمی پراکتیکی» .

کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بە کۆمەکی تەکنۆلۆژیای روو لە گەشە، خۆشگوزەرانی مرۆڤیان زیادکردووە و مرۆڤی لەگەڵ ژیانی ماشێنی و خۆشگوزەرانی ئابووری هەماهەنگ کردووە. بەڵام لە هەمانکاتدا، روحی ئازادی و بەرپەرچدانەوە و رەخنەگرتنی لە مرۆڤ وەرگرتووە و هەروەك باسکرا، بووە بە هۆکاری مرۆڤی تاك رەهەندی. هەر لەم بارەدایە کە مارکۆزە بانەگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو کەسێك لەهزری ژیانی ئازادی سبەیدا بێت، ئەو لەروانگەی حکوومەت و خاوەن دەسترۆیەکانی ئابووری بە دوژمنی کۆمەڵگای سەرمایەداری و خۆشگوزەرانی بەکاربردن هەژمار دەکرێ. چونکە هۆشیاربوونەوەی مرۆڤ لە خەوی سیستەمی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیك دەبێتە لەمپەر لەبەردەم سوود و بەرژەوەندی خاوەن پیشەسازییەکان.

لە کۆتاییدا، مارکۆزە بەم بەرەنجامە دەگات کە مرۆڤەکانی ئەمڕۆ، ئازادی سروشتی خۆیان لە دەست داوە و بوون بە دیلی پێداویستیگەلی کاڵا پیشەسازییەکان کە روخسارێکی هەڵخەڵەتێنەر، هاوکات بە خۆشگوزەرانی بەدیاری هێناوە.

مارکۆزە لە کۆتاییدا ئەم پرسیارە دەخاتەڕوو: کە چۆن دەکرێ لە کۆتی دیل بوونی بەڵێندەرکان و خواستەکان خود، دوور ببنەوە؟ بەچ شێوەیەك بیر لەم رۆڵە پووچە بکەینەوە و وازی لێ بێنین.

### ٣. یۆرگن هابرماس

هابرماس لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری دۆسلدۆف لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٦١ بەرگری لە نامەی یاریدەدەرێتی خۆی کرد و مۆڵەتی وانەبێژی فەلسەفە لە زانکۆی هایدلبرگی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٦٤ لە زانکۆی فرانکفۆرت بوو بە مامۆستای کۆمەڵناسی و فەلسەفە. لە نێوان ساڵانی ١٩٧١ – ١٩٨١ سەرۆکایەتی ئەنستیتۆی ماکس پلانك، بەشی لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، پێی سپێردرا. هەر لێرە بوو کە لێکۆڵینەوەی خۆی دەربارەی (هەلومەرجی ژیان لە چوارچێوەی جیهانی هەنووکەیی و زانستدا) لە شاری ئیشتانبرگ دوایین شوێنی نیشتەجێبوونی مارکۆزە، بەکۆتا هێنا. لە ساڵی ١٩٨٣دا، پلەی مامۆستای تەواو لە زانکۆی فرانکفۆرتی بەدەستهێنا. هابرماس چەند ساڵ کارتێکراو بە بۆچوونەکانی ئادرنۆ و وەك قوتابییێکی سەرقاڵی خوێندن و توێژینەوە بوو. ئەگەرچی بە مەرگی دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت واتە هۆرکهایمر و ئادورنۆ و دواتر، مارکۆزە، قوتابخانەی رەخنەیی چەپی نوێ (فرانکفۆرت) لە شێوەی کلاسیکی خۆی دوور کەوتەوە، بەڵام بیرمەند و نووسەری داهێنەر و بەتوانا واتە هابرماس رێچکەی کاری ئەمانەی گرتەبەر و درێژەی بە بیروبۆچوونەکانیانیدا، بە جۆرێك کە کاریگەری بەسەر کۆمەڵگاکانی رۆژئاوادا بکات.

بەم جۆرەش، پێویستە هابرماس بەگرنگترین میراتگەری قوتابخانەی چەپی نوێ بزانین. ئەگەرچی هزرەکانی زۆرتر لە تەوەری بیرە چەپەکانی چەقی گرتبوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە بزاڤە خوێندکارییەکانی دەیەی شەستدا، لە پاڵ مارکۆزە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لەم بزاڤانەدا کرد و دواترلێی



دوورکەوتەوە و سەرقاڵی رەخنە لە خۆ گرتن بووە و تەنانەت پشتگیری لە هەندێ بۆچوونەکانی پارسۆنزشیی کرد.

ئەو وەك فەیلەسووفێکی چەپگەرا، ئەو جیاکارییەی کە مارکس بۆ ژێرخان و سەرخان دادەنێت، چیتر بۆ کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکان و رێکخراوی رۆژئاوا بە دروست نازانێ. چونکە لەم بڕوایە دابوو کە لە دوای قەیرانی ساڵی ١٩٢٩، دەستێوەردانی بەردەوام و رۆژانەیی و رێنماییەکانی بە ناوەندێتی کردنی دەوڵەت، چیتر بەو شێوەیەی کە مارکس لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بۆی دەچوو، ژێرخان ناتوانێت دیارکەری سەرخان بێت، و بەپێچەوانەوە سەرخانە سیاسییەکان بەجیدی ژێرخان دیار دەکەن و فۆڕمی پێ دەبەخشن. کاتێك کە هابرماس لە ساڵی ١٩٦٨دا، لە فرانکفۆرت ئەرکی وتنەوەی فەلسەفەی لە ئەستۆ بوو، پەرتووکی (حەز و ناسین)ی نووسی. لەم پەرتووکەدا هەوڵدەدات هاوکات بەرەخنەگرتن لە رێچکەی پۆزەتیڤیزم لە روانگەی مێژووییەوە، پۆزەتیڤزمی مۆدێرن سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە، بەچەشنێك کە زانستی ئەزموونەنی بە شێوەیەکی سیستەماتیك بەراڤە و شیکردنەوەییێکی زانستیانەی، پەیوەست بە سوود و ناسینی مرۆڤ، بە کۆتا بێت. لە راستیدا، هابرماس لەبری میتۆدی پۆزەتیڤیزم لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، خوازیاری (تیۆری ناسین)ە. چونکە لەم بڕوایەدایە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، مەعریفەگەلی مرۆڤین کە لەلایەن مرۆڤەوە لە بارودۆخێکی تایبەتی مێژووییدا بەرهەم دێن و لە زانستە سروشتییەکان کە لە بەرەنجامی روانین و میتۆدی عەینی و بەڵگاندنە کە لە زانستە سروشتییەکاندا بەکاردێت، جیاوازە و بەرەنجامێکی یەکسانی نابێت. لە ڕوانگەی هابرماسەوە، ئەو کەسەی کە رەچاوی (تیۆری ناسین ) ناکات و لە بری ئەم تیۆرییە روو لە تیۆری زانستی (کە لە زانستە سروشتییەکاندا باوە) بکات، لەراستیدا، وەك کەسێکە کە بیرکردنەوە و تێڕامانی رەچاو نەکردبێ. چونکە تیۆرییە زانستییەکان هەمیشە پێویستیان بە پێناسە و شرۆڤەیەکی سەر لە نوێ لە ئەزموونە نوێ و

فەرامۆشکراوەکانی رابردووی هەیە. ئەگەر بیرکردنەوەو تێڕامان لە هزردا وەلاخەین ئەو کات بەرەنجامی کار، هەمان رێچکە و میتۆدی پۆزەتیڤیزمی کلاسیك دەبێت. شیکردنەوەی ناسین و سوود و ئەو پەیوەندییەی کە ئەم دووانە لەگەڵ یەکدیدا هەیانە، دەبێ ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت کە رەخنەی مەعریفەی رادیکالی، تەنیا لە چوارچێوەی تیۆری کۆمەڵایەتیدا مومکینە. بە بڕوای هابرماس ئەم میتۆدە تیۆری مارکسیستی [سەبارەت بە] کۆمەڵگاش لەخۆوە دەگرێت. ئەگەرچی ئەم بابەتە لە تیۆرییەکانی مارکس و مارکسیستیدا، بەراشکاوی دەرنەبڕاوە.

هابرماس بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ بە چەقی قورسایی رێبازگەلی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێ، کە بەپێی بارودۆخی کات و شوێن بەردەوام لە گۆڕان و وەرچەخاندایە، بەو مانایە کە مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ مێژوو و کلتوری کۆمەڵایەتی خۆی لە پەیوەندیدایە و کێشەی سەرەکیش لێرە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەمرۆکە مرۆڤەکان عەقڵیان دەخنە ژێر دەسەڵاتی زانستی پۆزەتیڤدا. تەنانەت کاتێك کە کانت هەوڵ بۆ فۆڕمۆلەکردنی پرسیارگەلێك دەدات کە (لەو بەری لۆژیکی) تیۆری ناسیندا بوون، سەرەتا بە هۆشیاری و دواتر بە سوود وەرگرتن لە فۆڕم و شێوەی تایبەت بەخۆی، بەرەنجامگیری دەکرد.

بۆیەش ئەم لەو بڕوایە دابوو کە بۆ (ناسینی عەقڵیانە) پێویستە دۆخێکی سەربەخۆ و بێلایەن لەبەرامبەر زانستدا، بگرینەبەر. بەڵام هابرماس بە پێچەوانەی کانت لەو بڕوایە دابوو کە زەینی مرۆڤ بە پێی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان فۆڕم دەگرێتو بە پێی ئەزموون کامڵ دەبێت. بەم پێیەش زانستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ زانستی سروشتی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی سەلیقەی مرۆڤدا دەوەستێت، جیاوازییێکی بنەڕەتی پەیدا دەکات.

چونکو زانستی سروشتی کە لە میانەی روانین و تاقیکردنەوە و لە کۆتایشدا بە بەڵگاندن دەستەبەر دەکرێت، لە روانگەی هابرماسەوە، لەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کارایی نییە. چونکە زانستی کۆمەڵایەتی لەلایەن مرۆڤ و بەپێی سەلیقەی کەسی



دیار دەکرێت، هەربۆیەش لە بنەڕەتدا لەگەڵ زانستی سروشتی و میتۆدی پۆزەتیڤ جیاوازە. هابرماس لەگەڵ ئەندامانیتری قوتابخانەی فرانکفۆرت لەو بڕوایەدا بوو کە حەزی لە ناسینی شتگەلێك هەیە سوودی بۆ هەبێت. کار ئامرازێکە کە مرۆڤ بە ئامانجەکانی دەگەیێنێت. مرۆڤ بەکارکردن، دەتوانێ ژینگەی خۆی بگۆڕێ. هەرچەند هابرماس لەم بارەیەدا لە مارکس کە تەواوی ئامانجەکانی مرۆڤی لە رێگەی کارکردن بە مومکین دەزانی، بە تەواوی هاوبیر نییە. چونکە ئەو لەم بڕوایەدایە کە مرۆڤ دەتوانێ تەنیا بەشێکی سروشت لە رێگەی کارکردنەوە لەگەڵ پێداویستییەکانی خۆی بگونجێنێت. هەمان بەش کە هابرماس بە (کاری ئامرازی) ناو دەبات. لە کاتێکدا کە مرۆڤەکان پێویستیان بە پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکدی هەیە تا مەعریفە و زانینی مرۆڤ پەرەبسێنێت، ئەمەش تەنیا لە رێگەی زمان، واتە توانای ئاخاوتن و سوود وەرگرتنی مرۆڤ لە هێماکان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا مومکین دەبێت. کارکردن مەیلێکی تەکنیکی بەدی دێنێت و مەیلی تەکنیکیش ناسین و چاودێری کردنی پرۆسە سروشتییەکان و سوود لێوەرگرتن کە بەقازانجی مرۆڤە دەستەبەر دەکات. هابرماس پەسەندی پێگەی ئەم جۆرە مەعریفەو عەقڵ ئامرازییە لەژیانی مرۆڤدا دەکات، ئەگەرچی بیردۆزە سەرەتاییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بایەخیان پێنەدەدا.

هاوکاری مرۆڤەکان تەنیا لە رێگەی ئامرازی زمانەوە مومکین دەبێت تا لەکردارو پەرچەکرداری یەکتر تێبگەن. بەڵام پۆست کاپیتالیزم بەتایبەتیش کۆمەڵگا بان پێشەسازییەکانی ئەمرۆیی پانتای ئەم کردار و پەرچەکردارەیان خستووە ژێر هێرشێکی جیدیدا و مرۆڤەکانی کردووە بە کۆیلەی کاڵاکان و بەم جۆرەش خودی مرۆڤ بووە بە ئامرازی سیستەمی سەرمایەداری.

پێشتر هیگل مرۆڤی لە زنجیرێك لە (یەکبوونی دژەکان) دا شیکردبووە، واتە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیی لە سێ قۆناغدا دەرباز دەبێت. لە قۆناغیی یەکەمدا ئاگایی لەشتەکان بەدەست دێنێت، واتە شتەکان دەناسێت. لە قۆناغی

دووەمدا، مشتومڕ لە نێوان تاك دژی تاكەكانیتری كۆمەڵگا، سەبارەت بە قۆناغی یەكەم سەرهەڵدەدات. لە قۆناغی سێیەمدایە كە ئەم مشتومڕە لە نەتەوەدا بەیەكبوون و یەكپارچەیی دەگات. لە مۆدیلی هیگلدا، هەریەك لەم قۆناغانە ناوبژێكیان هەیە، ناوبژی قۆناغی دووەم كارە كە دەبێت بە هۆكارێك بۆ گونجانی تاك و مرۆڤەكان لەگەڵ سروشتدا لە قۆناغی سێیەمدایە، نەتەوە لەگەڵ خودی نەتەوە دەگونجێت. ناوبژیی ئەم گونجانەش سامان و داراییگەلێكە كە تاكەكان لە كۆمەڵگادا بەدەستی دێنن. كەواتە تەنیا نەتەوەیە كە لەم بزاڤە ئامانجگەرایەدا دەتوانێ بەو پەڕی خۆی بگات و لەمەشدا ئەرستۆش لەگەڵ هابرماس هاوبیرە.

كەواتە لە روانگەی هیگل زمان یەكەمین ناوبژ و زنجیرەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شتەكانە بۆ ناسینیان. مرۆڤ كاتێك دەتوانێ پارێزگاری لە دەستڕۆیی خۆی لە پانتای ویست و پێداویستییەكانیدا بكات، كە ئاگای لە هێزی خۆی هەبێت و بتوانێت ئەم هێزە بە ئەوانیتریش نیشان بدات. كەواتە زمان یەكەمین لۆسەیە بۆ بەدەستهێنان و خاوەندارێتی شتەكان. بەم جۆرەش هیگل كار بە ناوبژیوانی دووەم دەزانێ كە تاكەكان لەگەڵ سروشت هەماهەنگ دەكات و لە كۆتایشدا، سامان بە ناوبژی سێیەم دەزانێ كە بەنەتەوە لەگەڵ نەتەوەدا یەكبوون دەبەخشێ. هابرماسیش بەناوبژێكی تایبەت بەخۆی، حەزەكانی مرۆڤ دەستنیشان دەكات و هەلیدەسەنگێنێت. ناوبژەكان، لە روانگەی هابرماسەوە، پانتاگەلێكن كە ئەم حەزانە تیایدا كاردەكەن. بۆ نموونە ریشەی حەزی تەكنیكی لە كاركردندایە، هەر بۆیەش ناكرێ عەقڵی ئامرازی بە كەم و كوڕی یان هەڵە لە قەڵەم بدەین، بەڵكو كێشەی سەرەكی لە كۆمەڵگا هاوچەرخەكاندا ئەوەیە كە عەقڵیان لە سەرووتری زانین و مەعریفە داناوە و ئەولەوییەتی پێدەدەن.

حەزی گۆڕانكاری لە ژینگەدا لە رێگەی ناوبژی زمان مومكین دەبێت. كە ئەمەش خۆی دەبێتە هۆی هێنانەدی زانستی هرمینۆتیك واتە زانستی لێكدانەوە، كەواتە گشت پرسگەل و رەوتە وێنا كراوەكان دەتوانین بە هرمینۆتیك بزانین.



لە كۆتاییدا، دووبارە وەبیر دێنێتەوە كە بناغەی بیركردنەوەی هابرماس لەسەر ئەم بنەمایە جێگیربووە كە (رەخنەی ناسینی رادیكالی) تەنیا لە رێگەی تیۆری كۆمەڵایەتییەوە مومكینە، نەك لەرێگەی تیۆری زانستە سروشتییەكان. بەواتایەكیتر هابرماس نەتەنیا شێوازی كۆكردنەوەی زانیاری لە مشتومڕی لەگەڵ پۆزەتیڤیزمەكاندا رەتدەكاتەوە، بەڵكو پەسەندی گفتوگۆی سیاسی پراگماتیك دەكات و بە پێچەوانەوەش، سەبارەت بە پێداویستە سروشتییەكانی مرۆڤی و كۆمەڵایەتی لە ژینگەدا خوازیاری جۆرە ئاخاوتنێكە.

## بەشی نۆیەم: ئانارشیزم[1]

**پێشەکی:**

ئانارشیزم لە وشەی یۆنانی ئانارخیا[2] بەمانای نەبوونی حکوومـەت وەرگـیراوە. لە زمان و تیۆری سیاسیدا مەبەسـت لـە ئانارشـیزم فەلـسەفەیێکە کـە دەسـەڵاتی سیاسی بە هەر شێوازێك بێت، بەخـەراپی دەزانـی و لەراسـتیدا، تونـدرەوترین لقـی تاکگەراییە. کرۆکی سەرەکی و جەوهەری ئانارشیزم دژایەتی کردنی دەوڵەتـە، بـەڵام لە هەمانکاتدا، رەتی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی رێکخـراوەی کۆمەڵایـەتی و ئـایینیش دەکات. ئانارشیزم یاساگەلی دەوڵەتان بە سەرچاوەی دەست درێژی و ژێـدەری شـەڕی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدات. هەربۆیەش خوازیاری لە نـاوبردنی گـشت دەوڵەتـەکان بەواتای ئەمرۆکەییانەیە و لە بـری ئەمــەش لایـەنگری هاریکـاری خۆبەخـشیانەیە. پێویستە رەچاو بکرێ کە ئارناشیزم بە پێچەوانەی ئەوەی کە باوە، ئاژاوەگێر نییـە و ئارەزووی کۆمەڵگایەکی بێ دیسپلین ناکات.

بەڵکو هزر لە سیستەمێك دەکات کە لە بەرەنجامی هاریکاری سەربەستیانەی تاکەکان بێ و باشـترین شێوەشـی دامەزرانـدنی گرووپـە خودمختارەکانـە. چـونکە ئانارشیستەکان لەو بڕوایەدان کە زاتی مرۆڤ کۆمەڵایەتییە. فەلسەفەی ئانارشـیزم

1. anarchisme
2. anarchia



لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٣٠ تـا ١٩٦٠، بەتایبـەتیش لەلایـەن قوتابیانـەوە لـە شۆڕشەکانی کۆتایی دەیەی شەست، لەوڵاتە سەرمایەدارییەکاندا دووبـارە زینـدوو کرایەوە و بوو بـە دیـاردەیێکی رۆژانـە و ئـەم فەلـسەفەیە وەك ئایـدیۆلۆژیایێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرجەستەکرا.

ئانارشیــستەکانیش وەك کۆمۆنیــستەکان دان بـەگرنگی چـینی پرۆلتـەر لـە کۆمەڵگای پیشەسازیدا، دەنێن. لە ئانارشیستە سەرەتاییەکان دەتـوانین (پرودهـۆن) ناو ببەین. لە روانگەی پرودهۆن پێویستە ئانارشیستەکان بۆ رووخاندنی فیزیکیانـەی کۆمەڵگای بەرقەرار و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئایدیال پشت بـە پـشێوی نانـەوە و ئاژاوەگێڕی ببەستن. هەروەها ئانارشتەکان هەروەك هێزە چەپە نوێیەکان، پراگمـاتی بوون و بە توندوتیژی نانەوەی بێ ئامانج ناویان دەرکردبـوو. بەواتایـەکیتر پێویـستە بڵێین ئەگەرچی فەلسەفەی ئانارشیزم، هـەر لـە بنەڕەتـدا ئاشـتی خوازانەیـە، بـەڵام ئانارشتەکانی پراگماتیست زۆرتر پشت بە توندوتیژی دەبەستن. چونکە لەو بڕوایەدان کە لازمەی گەیشتن بە کۆمەڵگایـەکی پـڕ لـە ئاسـایش و ئـارامی ئانارشیـستانەی ئەمڕۆیی، لە رێگەی بەکارهێنانی هێز و شۆڕش مومکین دەبێ.

ئانارشیستەکان بەسەرپێچی کردن لـە یاسـاکان بـەرنگاری دەوڵـەتان دەبنـەوە و هەوڵ بۆ لە ئیعتبار خـستنی یاسـاکان دەدەن. لـەو رووەوە کـە ئانارشیـستەکان بـە توندی دژی دەوڵەتن، بۆیە لە پێناو لە ناوبردنی دەوڵەتان پشتگیری لە شۆڕش دەکەن و لەو بڕوایەدان ئەگەر بێتو بەسەر ئـازادی تاکـدا، کۆمـەڵگا و دەوڵـەت زاڵ نـەبن، ئەمـە دەبێتـە هـۆی هاتنـە کایـەوەی مرۆڤـی فـرە رەهەنـدی و پێداویـستییەکانی کۆمەڵگاش لە رێگەی تاکەکانەوە کە بە خۆ بەخشانە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری حەزلێکراوی خۆیان، دابین دەکرێت.

کـارکردن بـەجۆرە خـۆ خـەریك کردنێـك هـەژمار دەکـرێ نـاکۆکی سـەرەکی ئانارشیستەکان لەگەڵ مارکسیـستەکان، لەسـەر پێویـست بـوونی رێکخـراو و دام و دەزگـا فەرمییەکانـە بـۆ دابینکردنـی پێداویـستییەکانی کۆمــەڵگا. هــەروەها ئانارشیستەکان لە بری هێرش کردنە سەر ژێرخان واتە پێکهاتـەی ئـابووری، هێـرش

دەبەنە سەر سەرخان واتە دەوڵەت. ئانارشیستەکان لەو بڕوایەدان کە فاکتەری سەرەکی ناکۆکی لە کۆمەڵگادا پەیوەندییە ئابوورییەکان نییە، بەڵکو زۆر و گوشاری دەوڵەتە بەسەر تاکدا و لە بەرەنجامیش، نانەوەی ناکۆکی لە کۆمەڵگادا.

بە بۆچوونی ئانارشیستەکان مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی خاوەن خووی چاکە و ئەم خوویە بە هۆی زۆر و گوشاری دەوڵەت لەناو چووە و لە دوای نەهێشتنی ئەم زۆرو گۆشارە ئەوان مرۆڤایەتی خۆیان [سەر لەنوێ] بەدەست دێننەوە.

لە بنەڕەتدا، چەمکی ئانارشیزم هەر لەکاتی سەرهەڵدانییەوە جۆرە ناپەتی بوون و دووفاقێتی پێوەدیار بوو. هەڵبەت ئەم دووفاقێتییەش بە هۆی لاوازێتی لە زمان یان چەمکدا نییە، بەڵکو لە دایکبوونی ویستراوەکان و ناویستراوەکان، رەوت و دژە رەوتە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات. دوو فاکتەری دژبەیەك، واتە هاوکات لەگەڵ پرۆپاگەندا و کردە لە بری وتار و ئازادکردنی مرۆڤەکان، لە ئەستورەیی سیاسەت، ئەم چەشنە تێك ئاڵۆزییەی دروست کردووە.

پێویستە رەچاو بکرێ ئانارشیستەکان هەم بیردۆزن هەمیش تیرۆریست، هەم ئاکاردارن ، هەمیش فریودەر، لە هەموویانیش گرنگتر هەم سیاسین هەمیش دژی سیاسەت. هەر بۆیەش دەبێ چەمکی ئانارشیست لە دوو رووی دراڤێکدا، هەڵنجێنن. چونکو روویێکی پۆزەتیڤ و رووەکەیتری نیگەتیڤە. هەر بۆیەش ئەم چەمکە کۆمەڵایەتییە هەمیشە تەم و مژاوی بووە.

ئانارشیزم دژی هەرجۆرە حکوومەت و رێکخستنێکە و هیچ جۆرە چاودێریی کردنی رێکخستراو پەسەند ناکات. هەروەك باوە، کۆمەڵناسان باس لە رەهەندە نیگەتیڤەکەی ئانارشیزم دەکەن، چونکە کۆمەڵگایێك وێنا دەکەن [واتە ئانارشیستەکان] کە هیچ جۆرە ستڕاکتۆرێکی کۆمەڵایەتی و هیچ جۆرە رێساییێك تیایدا بوونی نییە و ئەمەش هەر ئەومانا و چەمکەیە کە لە ئەدەبیاتی گشتی و تەنانەت لە ئەدەبیاتی زانستیدا، جێی گرتووە. بەڵام لە روانگەیەکیترەوە بڕوانینە ئانارشیزم، واتە کاتێك کە لەو بڕوایەدان مرۆڤە ئاسایی و ساغڵەمەکان پێویستیان بە حکوومەت نییە، چونکە خۆ رێکخەرن، رەهەندە پۆزەتیڤەکەی ئانارشیزم



دەردەکەوێت. بەڵام دەبێ رەچاوبکرێ. کە دیاردەی خۆشەویستی بۆ بەرامبەر یاخود بەرزە ئیرادەیی. تەنانەت خۆشەویستی بۆ پلە و پایەی هەمیشە لەگەڵ کردە ناعەقڵانی و ناخود ئاگایەکانی مرۆڤ، هاوتەریب نییە.

کەواتە ئێمە لە لایەك بە چەمکی نیگەتیڤی ئانارشیزم واتە لە شێوە نایاساییەکەیدا رووبەڕوودەبینەوە، لەلایەکیترەوە، بە چەمکی پۆزەتیڤی، واتە ئانارشیزم وەك رێگەچارەی ئەوبەری ئەو رێسا و رێنماییانەی کە تاکی لە پەنجەی زۆرداری دەوڵەتدا، گەمارۆ داوە. لێك جیاکردنەوەی ئەم دووفاقێتییەش لە سیمای زانوسدا گرنگی تایبەتی هەیە. ئەم دووفاقێتەی ئانارشیزم بناغەی تیۆری مرۆڤی سروشتی لە هەمبەر مرۆڤی شارستانیدا، دادەڕێژێ، هەڵبەت دەبێ رەچاو بکرێ کە ئەم دووفاقێتییە بە هیچ جۆرێك لەلایەن ئانارشیستەکانەوە قبوول ناکرێت، ئەوان چارەسەری پێشکەشکراوی خۆیان بە سەنتزی ناکۆکییە بەرقەرارەکانی کۆمەڵگا دەزانن. هەندێ لە مێژوونووسان وەك (تاج مەن) هەرەسهێنانی ئانارشیزم لە ساڵی (١٩١٤)ەوە دەزانن، واتە کاتێك کە چینی ناوەندی ئەوروپایی وژدانی کۆمەڵایەتی خۆی بەدەستهێنا. بەڵام گرووپێکیتر وەك (کۆڵ) لەو بڕوایەدان کە یەکبوونی جەماوەرو بزاڤە سیاسییەکان، ئانارشیزمی لە خۆدا تواندووەتەوە. هەروەها مێژوونووسانی وەك (وود کۆك) لەو بڕوایەدان کە ئاناریشزم، دوایین مەرگی خۆی لە ساڵی ١٩٣٩دا بینی، واتە دوای شکست هێنانی کۆماری ئیسپانیا. بەواتایەکیتر (وودکۆك) ژیانی ئانارشیسزم لە ساڵی ١٩٣٩دا بە کۆتا هاتوو دەزانێ، بەڵام لە راستیدا، ئاشکرایە کە ئانارشیزم وەك هێزێکی بزوێنەر لەمێژوودا خاوەن هیچ جۆرە واقعییەت و ئەگزیستالیزمێك نەبووە. هەربۆیەش ئانارشیستەکان هیچ کات لە رووی ژمارە و چەندێتی، واتە فراوانی لایەنگر، شیاوی رەچاو کردن نەبوونە. بۆ نموونە کاتێك کە نزیکەی سێ هەزار ئانارشیست لە (لیون) دەوریان لە باکۆنین دابوو، ئەو ئەم ژمارەی زۆرتر لەوە دەزانی کە چاوەڕێی بوو.

ئانارشیستە کلاسیکییەکانی وەك باکۆنین، مالاتێستا، سۆرل، کروپاتکین، ئانارشیزم وەك شێوە ژیانێك کە هیچ وێنا و پلانێکی بۆ داهاتوو نییە، پێناسە

دەكەن. ئەوان جەختیان لەسەر مرۆڤە سروشتییەكان دەكرد. واتە ئەو مرۆڤانە كە وەپێشەوەی مرۆڤە سیاسییەكان كەوتوونە. شارستانێتی هیچ شتێك نییە جیا لە فاكتەرگەلی دەست و پێ گرێدەر، كە مرۆڤی سروشتی لە ئامانجە راستەقینەكانی دوور دەكاتەوە ئەوان لەوبڕوایەدان لەم حاڵەتەدایە، كە راستێتی رستەی بەناوبانگی (شەری گشت دژ گشت) دەردەكەوێت. لەم بارەوە، ئانارشیزم دژی هابز و لەگەڵ مرۆڤی سروشتی و دڕندەی هابز باشتر دەگونجێت.

### أ. جۆرەكانی ئانارشیزم:

كاتێك بمانهەوێت خوێندنەوەی بناغەی جۆرەكانی ئانارشیزم بكەین، بەم راستییە دەگەین كە، چونكە ئانارشیزم لە بنەڕەتدا، دژی هەر جۆرە سیاسەت یان حەقیقەتی سیاسییە. كەواتە ناتوانێ جۆرەگەلیشی هەبێ، بەڵكو رێگا و شێوازی بەدەستهێنانی باشترین جۆری ژیان لە روانگەی ئانارشیستەكانەوە، بەپێی ستراتیژیگەلی رەچاوكراویان، دەكرێ خوێندنەوە بۆ بكرێت. بەواتایەكیتر كاتێك كە باس لە جۆرەكانی ئاناریشت دەكرێت مەبەست جەختكردنە سەر رێگا و شێوازێكە كە مرۆڤەكان [لەمیانەیدا] باشتر بە ئامانجە راستەقینەكانیان بگەن. بۆ نموونە ئەم پرسیارانە گەڵاڵە دەكرێن كە ئایا لە یەكەمین هەنگاو و دەسپێكی كاردا، پێویستە هێز بەكار بهێنرێت یان نا؟ ئایا دەبێ دەوڵەت لە رێگای رێكخستنی كرێكارییەوە، لە خوارەوە بەڕێوە بچێت، یاخود سەرەتا سیستەمێك بێتەكایەوە كە ئامانجی لە ناوبردنی دەوڵەت بێ. ئەگەر لە رەهەندی مێژووییەوە بڕوانینە ئەم پرسە، هەمیشە گرووپ و بزاڤەكەمینەكان، دوای ماوەیێك درزیان تێكەوتووە و چوونەتە پاڵ پارتە جۆراوجۆرەكانەوە. چونكە ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان، خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نەبوونە. ئانارشیزمیش لەم رێسایە رێزپەڕ نییە و ئەگەر باس لە جۆرەكانیشی دەكرێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا بووە.

### ١. ئانارشیزمی سوودگەرایی

یەكەمین رەوتی ئانارشیستی لە بەیەك گەیشتنی بێگانەكان و بێ وڵاتان و خەیاڵ پڵاوانی یۆتۆپیاساز لە چوارچێوەی تیۆری دژە ئۆرستۆكراتی سەری هەڵدا و كامڵبوو.



ئەم گرووپە بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئایدیۆلۆژیای خۆیان، واتە دەست بەسەر داگرتنی دارایی دەوڵەمەندان بە سوودی هەژارەكان، دەكات. هەژارە راستەقینەكان هیچ كاتێك نەیانتوانیوە وتەبێژی خۆی هەبێت [واتە نوێنەرێك كە دەربڕی ئازارەكانیان بێت]، چونكە قسەكردن و وتاردان لە رێنماییەكانیاندا جێی نەبووە. هەر بۆیەش لە نووسینەكانی (دیدرۆ) و (گۆدوین) هەمیشە شوێن پێی لێك جیاكردنەوەی هەژار و دەوڵەمەند دەبینرێت. ئاناریشتە سوودگەراكان، تەنانەت وەك (سەن سیمۆن) یش، جەخت لەسەر خۆ ئاگایی عەقڵانی ناكەنەوە، بەڵكو زۆرتر بەداوی دۆزینەوەی رێگە چارەیەكن بۆ تۆقرەدانی تاوان و رزگاربوون لە شەرمەزاری ئەم تاوانە بۆ رزگاربوون لەم بارودۆخە لەرزك و سەختەش، بەناچار دەبێ پشت بەهێزی عەقڵ ببەسترێ. هەر بۆیەش ئانارشیستە پراگماتیكەكان، پیشەسازی وەك حەقیقەتێك، بەمەرجێك كە لە لایەن دەسەتێكی عەقڵگەرا لە سەرەوە بەڕێوەبچێت، تا وەڵامدەرەوەی پێداویستە راستەقینەكانی كۆمەڵگا بێت، پەسەند دەكەن. ئەوان لەو بڕوایەدان، كە تاك و كۆمەڵگا، دەوڵەت یان كەرتی تایبەت، دەسەڵاتدار و هاوڵاتی، پێویستە هەموویان لەژێر ئاڵای عەقڵدا كۆببینەوە. هەر بۆیەش دەوڵەت بە بەربەستی رێبازی خۆیان دەزانن.

### ٢. ئانارشیزمی لادێیی

لقێكیتر لە ئانارشیزم، ئانارشیزمی لادێییە. ئەگەرچی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەورووپا بەخێرایی رێگەی بەرەو پیشەسازیی بوون، بوونی گرتەبەر، بەڵام هێشتاش زۆرینەی دانیشتووانی كۆمەڵگای رۆژئاوایی لە لادێیەكان پێك دەهات. پیشەسازییو بە پیشەسازی بوون، لەم ئاراستەدا بانگەشەی بۆ دەكرا كە راستییەكان لە كردەدا جوانتر بەرجەستە دەبن و تەقوای ژیانی لادێیی بە پشت بەستن بە پیشەسازیی زۆرتر دەبێت. لە سەردەمی تۆماس مۆنتر تا سەردەمی شارل فۆریە، وتەبێژانی چینی عامە لە پێشكەوتنی هێزی پیشەسازی كە دواجار بەرەو سەرمایەداری كۆتا دەهات، بەخۆشحالییەوە باسیان لێدەكرد، بەڵام سەرمایەداری هیچ كات ئامانجە لە پێشتر دیاركاوەكرانی خۆی نەپێكیوە.

بەپێچەوانەی ئانارشیزمی سوودگەرا، ئانارشیستە لادێیەکان بڕوایان بە چاکسازی لەسەرەوە نەبوو. لە بری ئەمەشدا، ئەوان خوازیاری وەلانانی دەوڵەت بوون، بە چەشنێك کە لەجێی ئەمەش، ئەنجوومەنە بێ فۆڕمەکان[1] لە ڕێگەی یارمەتیدانی یەکدی و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بنیاتنرابن.

بەگشتی ئەنجوومەنە ئانارشیستەکان بەم ئامانجە دادەمەزرێن، تا بەها ڕاستەقینەکان کە سەرمایەداریی ناپاك و ناپیرزیی کردوون، دووبارە بێ گەڕێنێتەوە. هەروەها ئەو چارەسەرییانەی کە لیبڕالیزم وەك لایەنگری سەرمایەداری پێشکەشی دەکات بەسەرکەوتوو نازانن. هەر بۆیەش پێشکەوتنەکانی پیشەسازیی و سامانە لێ بەدەست هاتووەکان، لە ڕوانگەی ئانارشیستە لادێیەکانەوە، بە هیچ جۆرێك یارمەتی ڕزگاربوونی مرۆڤەکان نادات و بە پێچەوانەش دەبێتە هۆی ڕمانی مرۆڤەکان.

لە ڕوانگەی ئەم گرووپە، لە توخمی جەوهەری سەرمایەداریدا، تاوان حەشاردراوە، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە دواتر لە پرەنسیپەکانی پۆست سۆسیالیزم دەبینرێت.

### ٣. ئانارشیزمی سەندیکالیستی

ئەگەر ئانارشیزمی ئۆریستوکراتیکی سوودگەرا هەڵوێستێکی توندی هەبوو و بەگشتی لە هەمبەر پرسە لاوەکییەکان و ڕۆژانەیی وەك خواردنی ڕووەك سەربەستی لە خۆشەویستی و زمانی یەکگرتوویی جیهانی، هەوڵیان بۆ بەدەست هێنانی هەڵوێستێکی ڕۆشنبیرانە دەدا، ئانارشیزمی لادێیی ڕوانگەیێکی بەرتەسکانەتریان لە هەمبەر پرسە ئاماژە پێکراوەکانی سەرەوە هەبوو. بەڵام بە ڕەوتی بە پیشەسازی بوون و شارنشینی دیدێکی ڕەشبینانەیان هەبوو. ئانارشیزمی سەندیکالیستی، کە لە ڕاستیدا جۆرێك لە توندڕەویی یەکێتی گەراییە (سەندیکالیست) و بە بەراورد لەگەڵ دوو جۆری پێش [ئانارشیزمی لادێیی و سوودمەندگەرا] مەیلدارییەکی زۆرتری هەیە.

پەیوەندی نزیکی نێوان یەکێتی گەرایی و ئانارشیزم لە ئەورووپادا، بەرەنجامی سروشتیانەی ترس و دژایەتێك بوو کە دەوڵەت لە هەمبەر ڕێکخراو و یەکێتییە کرێکارییەکانی هەبوو. چونکە ڕێکخراوە کرێکارییە پرۆفشناڵەکان خۆ بە خۆ دەبنە

1. formlos



هۆی بەرنگاربوونەوەی دەوڵەت. هەر وەك چۆن یەکێتی دروستکەرانی کاتژمێر لە سویسرا، دەولەتێکیان لەناو دەوڵەتێکدا دامەزراند. پەرەسەندنی یەکێتییە کرێکارییەکان لە پانتای ژیانی کرێکاردا، هۆی هۆشیار جەماوەر و لە بەرەنجامدا، ڕزگاربوونی لە سەرپەرشتێتی سیاسەت بەمانای ڕاستەقینەکەی بوو.

### ٤. ئانارشیزمی دەستەجەمعی (کۆمەڵی):

ئەگەرچی ئانارشیزم دژی هەر جۆرە حکوومەتێکە، بەڵام هەمیشە سەبارەت بەو بزاڤانەی کە پەیوەندی بەناوی باکۆنین و کروپاتکین و ئەنترناسیۆنالیستەکانەوە هەبووە، جۆرە وزەییێکی کۆکراوەی سیاسی لە خۆ دەرکردووە.

ئانارشیزمی دەستەجەمعی خوازیاری ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە پێگەی چینایەتیو لە بریدا، جێگیرکردنی پێگەی جەماوەرە. ئەگەرچی لەم ڕێچکە هزریەدا، چەمکی ڕەسەنی چین وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پەیڕەوانی باکۆنین هەوڵدەدەن کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ڕوون بکەنەوە کە چەمکی پرۆلتاریا لە چوارچێوەی سیستەمی کارگە و پیشەسازییدا، زۆرتر لێکدانەوەییێکی کەسییە، تا هەڵوێستێکی ئابووری و ستراکتۆری. هەربۆیەش دەکرێ لە ئانارشیزمی دەستەجەمعی پرۆلتاریا، کۆمەڵەی دەرەبەگێتی، نەتەوە، عامەی خەڵك، تەنانەت لۆمپن پرۆلتاریاش لەجێی یەکتر دابنێن و لە بری یەکتر بەکاربێنن. ئەمانە لەو بڕوایە دابوو کە ململانێی سەرەکی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتە و ڕێڕەوی شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسا دەبێ لە ڕێگەی شۆڕشی دادێ، واتە کۆمۆنی پاریس بەرەو پێشەوە بچێت و کامڵ ببێت. لە دواجارە کە دەوڵەت - نەتەوە بەتەواوی درکی پێدەکرێ.

ئانارشیزمی دەستەجەمعی ڕەخنە لە تیۆری ململانێی چینایەتی سۆسیالیزم دەگرێت و لە بری ئەو دامەزراندنی یەکێتییە ئازادەکان، بە شێوازی کۆمۆن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، پێشنیار دەکەن.

## ٥. ئانارشیزمی پیلانگێڕی

به گشتی کێشەی ئانارشیزم هەمیشە لەوەدا بووە کە نەتەوەی بە یەکانەی گشت وەکو خێزان سەیر دەکات. ئەم کەم و کوڕییە و هەروەها گەشەسەندنی ناوەندگەرایی و بە بورکراتیزە بوون لە دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، گرنگترین قەیرانەکانی ئانارشیزم بووە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا گۆڕانگەلێك لە ویستەکانی نەتەوە ئەوروپییەکاندا دەبینرێت وەك:

١. سەر بە چین بوون بەڵگەیێك بۆ [دیارکردنی] حەزی چینایەتی ناژمێردرێت. بۆ نموونە کرێکارانی کارگەکان ئیتر مەیلێکی وەها بۆ بەشداربوون لە دەستەڵاتدا، لە خۆنیشان نادەن. بەڵکو زۆرتر مەیلیان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانو دەستەبەرکردنی بەشێکی زۆرتر لەم بەرژەوەندییانە هەیە.

٢. ئانارشیزم مەیلێکی کەمتر لەهەمبەر تەکنۆلۆژیایی پیشەسازیی لە خۆ نیشان دەدات و بۆ بەدەستهێنانی لایەنگری زۆرتر مەیلدار بوو کە لە کارگە بچووکەکانو پیشەسازییە دەستییەکان بانگەشە بۆ خۆی بکات. ئەوان خوازیاری کۆمەڵگایێکی بێ ڕێکخستن بوون. لەم چەشنە بارودۆخەدا بوو کە ئانارشیزمی پیلانگێر لەسەر بنەمای بابەتێکی لە پێشتر سەلمێنداراو بیناتنراوە بەومانایە کە، لە بنەڕەتدا دەوڵەت  فاکتەرێکە کە بە کۆمەکی تیرۆر و تۆقاندنی جەماوەر چ بە یاسایی یاخود نایاسایی، بە دەسەڵات دەگات. چونکو دەوڵەت وای بۆ دەچی کە پێویستی بە پشتگیری جەماوەر نییە، چونکە هێزی چەکی لە دەست دایە. هەربۆیەش بە بۆچوونی ئەم گرووپە کردەگەلو شێوازەکانی چینی دەسەڵاتدار هەمیشە ساختە و درۆیی و پشت بەستراو بە ئامۆژگارییەکانی میکیاڤیلی و پیلانگێڕانەیە کەواتە هەمیشە لە هەموو شوێنێك ڕۆڵی دەوڵەت، ڕووبەڕووی بوونەوە و پێکدادان دژی هێزی ئانارشیزم بووە.

ئانارشیزمی پیلانگێر هیواخوازە هەرچی زوورترە دەوڵەت تەفروتوونا بێت. بۆ ئەم مەبەستەش بە پلانێکی لە پێشتر دارێژراو هەوڵ بۆ لە ناوبردنی تاقمی دەسەڵاتدار دەدات. بەڵام پێویستە سەرنج بدەین کە ئەم سەردەمە، واتە کۆتاییەکانی



سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم پێشاندەری هێزی تەکنیکی لە ئەورووپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. کێشەیێکیتر کە لە ناخی ئانارشیزمی پیلانگێردا شاراوەیە، بریتییە لەوەی کە سەختە بتوانین تیرۆرە سیاسییەکان و ناسیاسییەکان لێك جیاواز بکەن. هەر بۆیەش هەمیشە خودی ئانارشیزم، بۆ مانەوەی ئانارشیزم هەڕەشە بووە. هەر وەك چۆن  (کروپاتکین) لەلایەن خودی ئانارشیستەکانەوە هەڕەشەی مەرگ لێدەکرا. سنووری نێوان خەیانەتی تاکڕە و و خۆویستیانە و تیرۆرە ئاساییەکان لەروسیادا، وەها تیکچڕژا بوون کەلێك جیاکردنەوەیان ناموکین بوو. بۆیە بەناچار، ئەم پرسە بە پشێوییێکی راستەقینە کۆتا دەهات. میتافیزیکی ئانارشیزم تەواو تەمومژاوییە. بە بەردەوامی، موعجیزە رۆڵێکی گرنگی لە ئاژاوەکانی ئانارشیستیدا گێڕاوە. هەر بۆیەش فەیلەسووفە ئانارشیستەکانی گۆڕیوە بۆ شاعیرو سیاسەتمەدارەکانیشی بۆ خیاڵ پڵاو. بۆیە ئەم جۆرە ئانارشیزمە دوای [تێپەڕبوونی] ماوەیێکی کورت سەرکەتوو نەبووە، چونکە بەرەنجامی کار [واتە کاری ئانارشیزمەکان] هەڵقوڵاو و لە ئەندێشەیێکی ناپراکتیك و ناواقعیانە بووە. سەرەڕای ئەمەش دەبێ پەسەند، بکەین کە ئانارشیستە پیلانگێڕەکان توانیویانە کە هەژاری و نەکبەتی توێژە خوارووییەکانی کۆمەڵگای بەرجەستە بکەن و لەبەردەم کۆمەڵگادا ئاشکرای بکەن.

ئەم قوتابخانەیە یاساگەلی نوێ و بەرفراوانیی بۆ پاراستنی مافی کرێکارانی دارێشت. هەروەها لە نێوان زۆرەملێی سیاسی و تیرۆری تاکڕەوانەی تاوانبارە پرۆفیشنالەکان  جیاوازی دادەنێ و لەرووی یاساییەوە ئەم دووە لێك جیا دەکاتەوە. زیاد لەمەش، هەڵدەستێت بە دارشتنی یاسای ئابووری و کۆمەڵایەتی. بە جۆرێك کە کێشەکانی ژنان، کەمینەکان و تەنانەت کۆچەرانی رەچاو دەکات. وڵاتان لە بەرامبەر ئەم جۆرە بیروبۆچوونانەدا، بەردەوام هەڵوێستێکی دوژمنانەیان گرتووتەبەر. بە چەشنێك کە لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان، بە تایبەتیش ئەمریکا و ئەورووپا (هەروەك کۆمەڵگا سۆسیالیستەکان) هەڵوێستێکی توندڕەوانەیان لە هەمبەریدا

نوواندووە. ئەم خاڵەش دەربڕی ئەوەیە کە، ئەم باوەڕ و ڕێچکە هزریە شیاوی شیکردنەوە و تێ هزرینە.

**٦. ئانارشیزمی کۆمۆنیستی:**

بیروبۆچوونە توندڕەوە جۆراوجۆرەکان، جۆرێکیتر لە ئانارشیزمیان بە بوون هێنا کە لە ڕاستیدا لە ڕووی تیۆرییەوە وەڵامێك بوو بۆ پارتە پیلانگێڕە دژە ڕۆشنبیرە توندڕەوەکان و لەڕووی پڕاکتیکەوە لە هەمبەر ڕۆشنبیرە توندڕەوەکان لە نێودەوڵەتی یەکەمدا.

بێگومان پێویستە نوێنەری بەرجەستەی ئانارشیزمی کۆمۆنیستی (اریکومالاتستا) بزانین. ئەو جەختی لەسەر پشت بەستن بەکردەی ڕاستەوخۆ و بێ ناوبژەکان و ڕاشکاوەی دەکردەوە. گرنگترین خاڵ لە پرەنسیپەکانی ئانارشیزمی کۆمۆنیستیدا، ناسینی دەسەڵات وەکو تۆخمێکی ئۆرگانیك و دەروونی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیەتی. مالاتستا لەم بارەیەدا تیشك دەخاتە سەر دووپرس، یەکەم، نابێ بە هیچ جۆرێك بەکارهێنانی دەسەڵات ببێتە هۆی ڕاکردن و خۆ شاردنەوەی تاکەکان، بەڵکو ئامانج لە بەکارهێنانی دەسەڵات هەوڵدانێکی هاوبەشانەبێ لەلایەن هەموو چینی کۆمەڵگا یان بەلانیکەمەوە، بەشێك لەم چینەبێ کە گەیشتوونە بە خۆ ئاگایی شۆڕشیانە. دووەم، پێویستە لە هەر جۆرە جەختکردنە سەری لە ڕادەبەدەر بۆ سیستەمی پەرلەمانی کە لە خەسڵەتەکانی نێودەوڵەتی یەکەم بوو، خۆ دوورخەینەوە. سەرەڕای ئەمانەش مالاتستا نەیارێتی دژە مارکسیستی باکۆنین و کروپاتکینی، تەنانەت بە ناڕاستەخۆیانەش پەسەند نەدەکرد. هەر بۆیەش لە نێوان کۆمەڵگای کۆمۆنیزمی باکۆنین و کۆمۆنیزمی مالاتستا، کەلێنێکی قووڵ دەبینرا. سەبارەت بە باکۆنین بە سەختی دەتوانین بڵێین کە سەرکردەی میتۆدی بیرکردنەوەی گرووپێك یان قوتابخانەییێك بێت، کە لە خەسڵەتە بەرجەستەکانی نێودەوڵەتی یەکەم بێ.

مالاتستاو پەیڕەوانی وەك سرگی، شینیاك و کافرۆ لەو بڕوایەدا بوون کە پێش هەرشتێك، پێویستە کردە ببێت بە شوێنگری قسە، دواتریش ببن بە ڕێنمایکەر و



سەرکردەییێکی لێهاتوو. بەواتایەکیتر، پێویستە لە بری باکونیزم مەرجەکانی مارکسیزم کە پراکماتیکانەیە حاکم بێ. واتە دەبێ سۆسیالیزم کە (یاساکانی مێژووی گریمانەی ڕێڕەوی کامڵبوون) و بێ وچان کارکردنە، حاکم بێت و بێگومان ئەم ڕێڕەوەش پێویستی بە دەزگاییێکی شۆڕشگێریانەی هەیە.

ئانارشیزمی کۆمۆنیزم دژی بەکارهێنانی دەسەڵات نییە، بەڵکو کاتێك بەکارهێنانی دەسەڵات پەسەند دەکات کە لە ئاراستەی پەروەردەکردن یان لە سوودی چەوساوەکاندا بێ.

ئەگەر وەها وێنا بکەین کە باکۆنین لەڕێگەی مارکسەوە بە ئانارشیزم گەیشت، دەتوانین بڵێین کە مالاتستا لە ڕێگەی سەن سیمۆنەوە، بە ئانارشیزم گەیشت. ئامانجی سەرەکی ئانارشیزم ڕێخکستنی جەماوەری تالانکراوە، تا توانای هێرشکردنێکی هەمە لایەنەی بۆ تێکشکاندنی بارەگا و سەنگەرەکانی سەرمایەداری فیودال فەراهەم بکات. بەم جۆرەش ئانارشیزمی کۆمۆنیزمی دەبێت بەدامەزراوەییێکی سیاسی کە لە ژێر بڕیارەکانی پەرلەماندا نییە. کاتێك کە مالاتستا دەیەوێ بەراشکاوی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە چۆن کێشەی خۆ حکومەت کردن و خۆ ڕێکخستن چارەسەر دەکرێ، بە وەڵامێکی گاڵتەجارییەوە دەڵێت: «حکومەت بەپشت بەستن بە بلیمەت و نوخبەکان و بەپشتیوانی جەماوەری ناژیر پایەدار دەمێنێتەوە» ئەم رادەربڕینە وەك شمشێرێکە کە هۆکارەکانی سۆسیالیزمی سیاسی دەقەڵشێنێ و لە هەمانکاتدا، دەربڕی ئەم ڕاستیەیە کە جیاوازی سیاسی یەکسانە بە ڕێکخستنی سیاسی.

بەڵگەنەویستە لە ڕووی تیۆرییەوە، توخمی دەسەڵاتدارێتی ئانارشیزمی کۆمۆنیستی بە ئاراستەی سەلماندنی مەیلداربوونی خووی مرۆڤە کە بەبێ بوونی سەروەری دەوڵەت دەتوانێ پێداویستەکانی خۆی دابین بکات و پرسە ناوخۆییەکانیش ڕێك بخەن. لەم بارەیەدا، پێویستە بڵێین کە ئانارشیزمی کۆمۆنیستی، پێش لێنین دەکەوێت و پێشتر لە لێنین لە نێوان شێوازی فەرمان دانی پەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەت جیاوازی کردووە. مالاتستا بە پێچەوانەی زۆربەی پەیڕەوانی خۆی، لە نێوان سەروەری یاسایی و دەسەڵاتی تاکڕەو جیاوازی دادەنێ ئەو لە کۆمەڵگادا ئەولوییەت بە تاکێك دەدات کە

ئەركی خۆی بزانێت و هەست بە بەرپرسیارێتی بكات. ئەم كەسەش لە تاكی هات و هاوراكەر و خۆنیشاندەر جیا دەكاتەوە. چونكە ئانارشیزمی كۆمۆنیستی خوازیاری لە ناوبردنی حكوومەتە لەرێگە پرۆلتاریا و بەناوی گشت مرۆڤایەتییەوە. لێرەوەش لە كۆمۆنیزمی كۆمەڵی جیا دەبێتەوە. مالاتستا هەستیكردبوو كە پێویستە تا بكرێ زاراوەی لە ناوبردنی دەوڵەت بە هۆشیارانە بەكاربهێنرێت. چونكە چەمكی دەوڵەت هەر جۆرە كردەیەكی حكوومی لە خۆوە دەگرێ و ئەركی ئانارشیزمیش لە ناوبردنی هەر جۆرە زۆرداری و ناچاركردنێكی دەرەكییە، جا لە ئاستی مەحەلی بێت یان ئاستی... نەتەوەیی. هەر بۆیەش پێویستە حكوومەتی تاكەكان لەلایەن مرۆڤەكانەوە لە ناوبچێت و لە بریدا حكوومەتی شتەكان دابمەزرێت.

### ٧. ئانارشیزمی تاكگەرا

لە ئەوروپا، ئانارشیزم بەخێرایی بناغەی بڕوایەكانی قایم دەكرد و هەوڵیدەدا بەكاركردنە سەر بڕوا جەماوەرییەكان ببێت بە دەسەڵاتێكی شۆڕشگێڕانە و گشتی. هەر وەك چۆن لەم بارەیەشدا، چەند دیسپلین كردنێكی حەیەویی لە ژیانی مرۆڤدا ئەنجامدابوو. لە ئەمریكادا جۆرە ئانارشیزمێكی تاكگەرا لە حاڵی سەرهەڵدان و گەشەدابوو. پێویستە بانگەشكاری سەرەكی تاكگەرایی لە ئانارشیزمدا (ماكس ئیستێرنر)[١] بزانین. خەسڵەتی سەرەكی ئەم جۆرە ئانارشیزمە، بەناوەندبوونی خود [٢]

---

١. شتێرنر(١٨٠٦ – ١٨٥٦) كە كارتێكراو بە بیروبۆچوونەكانی هیگل و فۆیرباخ بوو مەیلی بۆ هیگلە چەپەكان پەیدا كرد. ئەو دامەزرێنەری قوتابخانەیێكە، كە تاك لە چەقی گشت بەهاكاندا دادنێ. (SOLIPISMUS) solip لە زمانی لاتیندا بەمانای تەنیا و تاك دێن. بە پێی ئەم قوتابخانەیە تەنیا تاك و ئەزموونەكانی حەقیقەتیان هەیە و گشت و جیهانی دەرەوە تەنیا وێنان. ئەم هزرە لە فۆڕمی توندڕەوانەیدا، لەلایەن ئستێرنر وەك رێچكەیێكی هزری تاكڕەوی رەوشتی — پراگماتی دامەزرا، كە توندڕەوترین جۆری تاكگەراییە.

2. Ego



یان كەس[٣] وەك خاڵی یەكترگری رووە مرۆڤییەكان و بڕیارەكانی مرۆڤ بوو، لە كاتێكدا كە دەوڵەت وەك خاڵی یەكترگری گشت رووە نامرۆڤییەكان و فاكتەری زۆرلێكردن و گوشار خستنەسەر مرۆڤەكانە. بۆیە هەندێ لە شیكاریستەكانی ئانارشیزم، ئیستێرنر زۆرتر بەنهێلیست (پوچگەرا) دەزانن تا بە ئانارشیست. ئانارشیزمی تاكگەرا وەك ئانارشیزمی سوودگەرا، لەسەر فەلسەفەی سوود گەراییەوە دامەزراوە، بەم جیاوازییە كە زۆرتر جەخت لەسەر بەشەكانی توندڕەوی كەسایەتی دەكات. لەم بارەیەدا، بەگشتی پێویستە دوو جۆری یوتی لیتاریزم لێك جیا بكەینەوە: جۆری كۆمەڵناسەكی فەڕانسەویی و جۆری دەروونناسەكی ئینگلیزی، هەروەك چۆن پێناسە كردنی یوتی لیتاریزمی ئەنگلیزی كارێكی سادە نییە، جیاكردنەوەی ئانارشیزمی تاكگەراش لە پارێزگاری توندڕەو زۆر سەختە. لە كاتێكدا كە شتێرنر بناغەی لۆژیكیانەی ئانارشیزمی تاكگەرایی دادەڕێشت، لە ئینگلیزدا رەخنەگرتنی پارێزگارەكان لە دەوڵەت وەك جرمی بنتام و هربەت سپێنسر توندتر بوو. ئەم وەرچەرخانە و بزاوتگەلی ئانارشیستیی هەستە پاكەكانی جەماوەری دەجووڵاندەوە.

ئانارشیزمی تاكگەرا، كۆمەڵگای دەستەجەمعی بە بێ سەركردایەتی سیستەمێكی دەسەڵاتدار نامومكین دەزانێ. ئەم قوتابخانەیە رێز لە خاوەندارێتی تایبەت یاخود مافی خاوەندارێتی تاك دەگرێ، بەمەرجێك كە بە هۆی هەوڵدانی تاك بە دەست هاتبێ.

بەبۆچوونی ئەم گرووپە، پێویستە ئامانجی كۆمەڵگا لە هەر بوارێكدا، پاراستنی سەربەخۆیی تاك بێ. كەواتە هەر جۆرە كۆبوونەوەی مرۆڤەكان كە ببێتە هۆی سنووردراكردنی سەربەستی تاكی بە تایبەتیش دەوڵەت، دەبێ كۆنترۆڵ بكرێت و ئەگەر پێویست كرا لە ناوببرێت. بناغەی تاكگەرایی یەكسانییە. یەكسانی لە رەگەز نەژاد، رەنگ یان كار. هەربۆیەش دەبێ ئانارشیزم هەوڵبدات لە پێناو نەهێشتنی خانەنشینی، سوود و سوودی پشك ئەگەر بێتو لە بەرەنجامی راستەقینەی كاركردنی تاك نەبێت.

---

3. person

سیستەمی دیموکراسی کە لەسەر بنەمای زۆرینە دامەزراوە، هیچ نییە. چونکە هەرجۆرە دەستدرێژی کردنە سەر مافی سروشتی تاك ستەم کارانەیە، هەروەهاش دیموکراسی سیمبولی تیرانی زۆرینەیە و رەت دەکرێتەوە. بەبڕوای ئەم گرووپە، هەر جۆرە پێناسەکردنێکی سەربەستی، بە سەربەست بوونی لاوازترین پارتی کۆمەڵگا دەستپێدەکات.

ئەگەر هاتوو ئەم سەربەستییە نەمێنێ سەربەستی بەکۆتایی دێت. چونکە مافی یاسادانان بەزۆرینە سپێردراوە و زۆرینەش ئەم مافەی هەیە کە بە حەزی خۆی و لە ئەنجامدا بە زۆردارانە یاسا دابڕێژێ. کەواتە سەنگی مەحکی هەڵسەنگاندنی سەربەستی لەکاتی پێویستدا، مافی سەرپێچی کردنی کەمینەیە لە یاسای زۆرینە. ئانارشیزمی تاکگەرا بە هۆی تایبەتمەندی و زاتی تایبەت بەخۆی، پێگەی سەرەکیو پانتا دەسترۆیی خۆی لە رۆژئاوای ئەمریکادا دۆزییەوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە ئانارشیزمە بەرجەستەبوونی کەسایەتی خۆی لە زوهدی ئەم جیهانەدا دەبینێتەوە. واتە نەریتی خۆشەویستی بۆ جیهان لە پرۆتستانیزمدا و واتای دەست بڵاو نەبوون.

رەوتی ئانارشیزم لە ئەوروپادا، ئەوانی نزیك بە سیاسەتەکانی سۆسیالیزمی کردو دواجار ئەوان لەم بارەوە هەڵوێستێکی چینایەتیان گرتبەر. سۆسیالیستەکان، بەتایبەتیش مارکسیستەکان هەمیشە هەوڵیانداوە، ئانارشیستەکان لە دامەزرێنەرە سەرەتایی و توندرەوەکانی خۆی دوور بخاتەوە. لە کاتێکدا کە لە ئەمریکا، بارودۆخ بە پێچەوانە بوو، واتە ئانارشیستەکان بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی مافی خاوەندارێتی تاك و وردە بۆرژوازی هەوڵیانداوە. هەر بۆیەش ئانارشیزم لە ئەمریکادا، هەمیشە بەیەکێك لە گرینگترین رەخنەگرانی دژە سۆسیالیزم هەژمارکراوە. سەبارەت بە بۆچوونی دژە سۆسیالیستی لە ئەمریکا پێویستە ئاماژە بە وتەی (گرین) بکەین، کە لە ساڵی ١٨٤٩دا دەربڕیووە، ئەو دەڵێت:

«لە سۆسیالیزمدا تەنیا یەك دەسەڵاتداربوونی هەیە، ئەویش دەوڵەتە، لە کاتێکدا کە دەوڵەت بوونەوەرێکی زیندو نییە کە هەست بە بەختەوەری و نەهامەتی بکات. سۆسیالیزم جیا لە فریودانی عەوام شتێکیتر نییە، چونکە لەرێکخستنیدا



نەهامەتی گشتی بەدواوەوە دێت و تەنیا یەك چین بە بوون دێنێت ئەویش چینی کۆیلەکانە» ئانارشیستەکانی تاکگەرا، بایەخی زۆر بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵ دەدەن و لەم بارەیەدا بەرنامەی چڕوپڕیان هەیە. ئەوان لەو بڕوایەدان کە پەروەردە و فێرکردنی مرۆڤەکانی مۆدێرن، جۆرە مرۆڤێکی سەربەست بە بوون دێنێت کە ئەم کارەش پێویستە لە منداڵییەوە دەست پێ بکرێت.

### ٨. ئانارشیزمی ئاشتخواز:

زۆربەی ئانارشیستەکان بەپێچەوانەی پرۆپاگەندای باو، هەرگیز تاکتیکی تیرۆریستیانەیان بەکارنەهێنا. تەنانەت هەندێ لە پەیڕەوە کلاسیکییەکانیشی ئەم شێوازە بێ کاریگەر دەزانن و رەتیشی دەکنەوە.

هەرەس هێنانی مێژووی ئانارشیزم و دورەپەرێزی لە هەر جۆرە بەشداربوونێکی سیاسی ئەم هەلەی بۆ رەخساند کە پەیڕەوە بۆ ماوەکانی، هەروەك جاران لە خۆ پارێزی و تەقوادا راگرێ. هەربۆیەش پەیوەندییە بەرهەمەدارەکانشی لەگەڵ سۆسیالیزم لەدەستداو، لە بەرەنجامدا پانتایی دەسترۆیشتنی بەرتەسکتر بووە.

ئەو ئانارشیستانەی کە باوەڕیان بەهێزی بەڵگاندن هەبوو هەوڵیاندا مۆدیلێك بۆ رەفتاری هاوبەشیان بنیات نێن تا عەقڵانی بوونی وێناکانیان بسەلمێنن. لە نووسینەکانی گاندیدا هەر بەکردە وێنای ئاشتیخوازانە وەك چارەسەری سەرەکی و زەروری بۆ ژیانێکی راستەقینە دەبینرێ، زیاد لەمەش گاندی خاوەندارێتی و پێداویستییە ماددییەکان بە بەربەستی ژیانێکی راستەقینە دەزانێ.

تیۆرە پێشکەشکراوەکەی سەبارەت بە دەوڵەت لە هزری ئانارشیزمی ئاشتیخوازدا لەگەڵ بۆچوونە کلاسیکییەکانی وێکچوونی هەیە. بە بۆچوونی گاندی، دەوڵەت لە پرۆسەی بەدەستهێنانی سوود و بە ئامانج گەیشتنی خۆی رەچاوی ئەرکی گرنگ دەکات:

١. دوڵەت بە بەردەوامی لە خزمەتی میکانیزمی دابەشیکردنی کاڵا و خزموتگوزارییەکاندایە.

٢. میکانیزمێك بەدی دێنێت کە ناکۆکی و مشتومڕەکانی نێوان خودی فاکتەرەکانی دەوڵەت لەبەین دەبات.

٣. دەوڵەت وەك ئامرازێکی متمانەپێکرە بۆ پاراستنی حەزە نەتەوەییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

بەڵام دەبێ سەرنج بدەین کە لەلایەکیترەوە ئەم تیۆرییە جەخت لە سروشتی دەوڵەت وەك یەکەیێکی سەربەخۆی وێرانکەر دەکات. هەموو دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەسەر بناغەی (هێز) دامەزراون، نەك بناغەی فەزیلەت و مرۆڤ دۆستی. هەر کردەیەکی ناچارانە کە لە لایەن دەوڵەت یا خود ئامرازی هێز ئەنجامبدرێت، بە پۆزەتیڤانە سەیری دەکرێ. لە بنەڕەتدا، کێشەی کۆمەڵگا لە کێشەی تاکەوە دەستپێدەکات. هەڵبەت بەم گریمانەیە کە لە کۆمەڵگادا یەکبوون و یەکبوونی هەبێ. بەم پێیەش ئەگەر بڕیار وابێ کە لە قۆناغی یەکەمدا سروشتی دەوڵەت لە پاراستن و زیادکردنی دارایی تایبەتیدا بێت نەك زیادکردنی بەرژەوەندی گشتی، کەواتە پێویستە دەوڵەت هەستێت بە خۆ راستکردنەوە. بەو مانەیە کە لە بری دەسەڵاتی دەوڵەت، فدراسیۆنێکی جیهانی بە رێککەوتنی گشتیانە و هاوبەش بێتەکایەوە، تاجێی دەسەڵاتی دەوڵەت بگرێتەوە. لە نووسینەکانی (تۆلستۆی)ش دا وەك یەکییەکی زۆر لەگەڵ بۆچوونەکانی گاندیدا دەبینرێ. تۆلستۆی خۆی لە هەمبەر روسیاییێکی تەقدیس کراودا دەبینێ کە ویژدانی هاوبەشی چینی دەوڵەمەند، دوعابێژی ئەوانە بوون. بەڵام بەدرێژایی هەفتە بەدوای رێگە و ئامرازگەلێکدا دەگەران تا لادێییەکانی بەرواڵەت رزگار کراو تالآن بکەن.

تۆلستۆی وێنەی بێگەرد و نەگۆڕاوی مەسیحییەت بە ئایینێك دەزانی کە لە بری کردە ناعەقلآنییەکان و بەکارهێنانی هێز (رێککەوتنێکی نوێ لەژیان)دا بێنێتەئارا، بە چەشنێك کە کەس بۆی نەبێ لە دژی کەسێکیتر هێز بەکاربێنێ.

ئانارشیزمی ئاشتیخواز بەم بەرەنجامە گەیشتبوو کە دەسەڵاتی دەوڵەت یان هەر دامەزراوە و تاکێك کە گرێدراوبێ بەدەسەڵاتی دەوڵەت ئەم (رێککەوتنە نوێیەیی ژیان) بە سادەیی پەسەند ناکات هەربۆیەش ئەوان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی تیرۆری



سیاسی. بە بڕوای تۆلستۆی حکوومەت و چینی دەسەڵاتدار بەپێی (حەق) کار ناکەن، بەڵکو رێکخراوێکی دەستکرد بە بوون دێنی کە بەکۆمەك و هاوکاری مەعریفەی کامڵبووی گشت مرۆڤەکان دەسەڵات دادەمەزرێنێ، دەسەڵاتێك کە خۆیان دەبن بە بەندکراوی و ئیتر رزگاربوون لێی مومکین نییە. بە بۆچوونی گاندی و تۆلستۆی، مێژووی خودی کۆمەڵگا چینایەتییەکان بەڵگەی ئەم ئیدعایەیە کە هێز هیچ کاتێك لە دژی خۆی واتە کۆدەنگی کۆمەڵگا بەکارنەهاتووە. کەواتە بەم پێیەش هێز جێگیرکراو دەکرێت و لە توانای زیاد دەبێ. بە هۆشیاربوونەوەی ویژدانی مرۆڤەکانە کە هێزی دەسەڵات جڵەودەکرێ و بە ئازادکردنی سەرمایە سروشتییەکانی جەماوەر، هاوکاری و خۆشەویستی دوو لایەنە لە نێوانیاندا دێتەکایەوە. بەهەر حاڵ ئانارشیستە ئاشتی خوازەکانیش بەردەوام خوازیاری بەرنگاربوونەوەی دەوڵەتن.

بڕواگەلی دژە دەسەڵاتخوازی تۆلستۆی، هەولێك بوو لە پێناو چاکسازی مەسیحییەتی پەتی و ئایدیالەکانی ژیانێکی سروشتی و سەرەتایی لە ناو نەتەوەیێکی سادەدا. بەڵام رەخنە توندەکانی لەگرێبەندی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەو چەوساندنانەی کە لە کۆمەڵگادا رووی دەدا بۆچوونەکانی تۆلستۆی بەرەو جۆرە نهیلیزمێکی فەرهەنگی ئاراستەکرد.

ئەو لە بەرهەڵستکارانی نوێگەری و پێشکەوتن و هەر جۆرە دەسەڵاتدارێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەنیسە بوو. هەربۆیەش لە ساڵی ١٩٠١ لە کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی روسیا دەکرا. ئەم هزرە بە پێچەوانەی هەموو ئەو هزرانەی کە باسمان لێکرد وەك فاشیزم، لیبڕالیزم و مارکسیزم، تائێستا بە دەسەڵات نەگەیشتووە و ئەزموونێکی پراکتیکی لە خۆ بەجێ نەهێشتووە.

# بەشی دەیەم: نهێلیزم (پوچگەرایی)

نهێل (nihil) لە زمانی یۆنانیدا بەمانای هیچ، و (نەفیکار) دێت. بەگشتی، مەبەست لە نهێلیزم قوتابخانە و رێچکە بیرکردنێکە کە نکۆڵی لە هەر جۆرە ناسین، بەها و بوونێك دەکات. لایەنگرانی ئەم قوتابخانە هزرییە هەر جۆرە بڕوا و باوەڕێك بە پووچ دەزانن و بە سووکایەتی دەڕواننە گشت داب و نەریتەکان، هەربۆیەش بە پوچگەرا ناویان دەرکرد.

ئەم رێچکە هزرییە لە سەدەی نۆزدەیەم لە روسیادا، بایەخێکی بەدەستهێنا. ئامانجی سەرەکیشی رووخاندن و نەهێشتنی گشت رێکخراوە کۆمەڵایەتی و دەوڵەتییەکان بوو. ئەگەرچی پشتگیری لە خۆپەرستی و تۆقاندنی دەکرد، بەڵام ئەلترناتیڤێکشی لە هەمبەر نکوڵی هەموو شتەکانی جیهانی پێشکەش نەکرد. هەروەها چەمکی نهێلیزم لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە روسیادا هاوکات بۆ ئانارشیست و تیرۆریستەکانیش بەکاردەبردرا. بۆ نموونە دەتوانین لە بە ناوبانگترین ئانارشیستەکانی ئەوکات لە روسیادا کە بەنهێلیزم ناوی دەرکرد بوو لە میخاییل باکۆنین ناو ببەین. باکۆنین لە ئانارشیستە پراگماتەکان بوو کە چەندین جار بە سێدارەدان و بەندکردنی هەتاهەتایی مەحکوم و سەرەنجام ئازاد کرا. لە روانگەی باکۆنین گرنگترین کردە بانگەشە بۆ بێ ئایینی، رووخاندنی دەوڵەت و شۆڕش و هەڵسانەوە لە بری هەر کردەیێکی سیاسی بوو.

یەکەم جار زاراوەی نهێلیزم بەمانای میتۆدێکی رەخنەیی- نیگەتیڤ بۆ گرێبەندو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، لە پەرتووکی (باوکان و کوڕان) بەرهەمی نووسەری روسی، ئیڤان تورگینۆف بە زەقی بەکارهات. تورگینۆف لەم پەرتووکەدا کە بە شێوازی رۆمان نووسراوە، هەوڵ دەدات باس لە مرۆڤ و وێناکانی بکات. مشت و مڕ لە نێوان دوو وەچە واتە باوك و کوڕ هەڵدەگیرسێت. باوك کە تەمەنێکی بڕیوە و لە چوارچێوەی داب و نەریتی کۆمەڵگا فێری ئەزموونێك بووە، سەرکۆنەی کوڕ دەکات بۆچی لە رێگای زانست



دەرچووە و پەیڕەوی لە ژیانی چاکەخوازی ناکات. لە کاتێکدا کە کوڕ بڕواکانی باوك بە کۆن و تایبەت بە وەچەی رابردوو دەزانێ. بە هەرحاڵ تۆرگینۆف بەم بەرەنجامە دەگات کە هەموو سونەت و داب و نەریتەکان، بیروباوەڕەکان، دەوڵەت و حکوومەت، هەر شتێك کە هەیە بۆ ئامرازی زۆرلێکردن و نارەزامەندی مرۆڤەکان کۆتادێت.

سونەتە کۆنەکان مرۆڤی دیلکردووە، لە کاتێکدا کە ژیانی مرۆڤ کورت و بە خێرایی لە دەربازبوون دایە.

«مرۆڤەکان وەك بوونەوەرێکی بێ ئیرادە تەنیا پەیڕەوی لە سونەت و نەریتەکان دەکەن و هیچ دەخالەتیان لە چارەنووسی خۆیاندا نییە».

هەروەك باسکرا نهێلیزم بە پووچگەرایی ناسراوە. کەواتە سەرسۆڕێنەر نییە کە هیچ نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووفێك، راستەوخۆ و بەراشکاوی ئامادە نەبێ خۆی بە پووچگەرا بزانێ. هەر بۆیەش لایەنگرانی دامەزرێنەرانی ئەم رێچکە هزرییە خۆیان بە بیردۆزێکی نهێلیزم پێناسە ناکەن. بەڵکو شیکاریستەکان لە ناخی بیروبۆچوونەکانیاندا، ئەوان بە پاساودەر یاخود پشتگیری نهێلیزم دەناسن.

ئەم بڕوایە واتە رەتکردنەوە و نکۆڵی لە هەموو شتێك لە سەدەی پێنجەمی پ.ز لە بیروبۆچوونەکانی کەلبیۆنەکانیشدا دەبینرێ، کەواتە بەرداشتێکی کۆنە. سەرەڕای ئەمەش، قوتابخانە و هزرە سیاسییەکان پۆڵە بۆچوونێك بەرهەمدێنن کە سەبارەت بە کێشەکانی تاك و کۆمەڵگا لە کات و شوێنی [جیاوازدا] بە شێوەی تایبەت بە خۆی سەریان هەڵداوە و هەر بۆیەش زۆرێك لەم قوتابخانەگەلە خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە، هەروەك چۆن لە یەك نزیکی زۆر لە نێوان ئانارشیزم، مارکسیزم و نهێلیزم دەبینرێت. بۆیە فەیلەسووفێکی ناسراو هەندێ جار لە چوارچێوەی قوتابخانەگەلی جۆراوجۆردا دەگونجێ. بۆ نموونە نیچە هەم لە چوارچێوەی زانایانی سەردەمی رۆمانتیك و هەمیش وەك نهێلیست دەخرێتە ژێر توێژینەوەدا.

بەهەرحاڵ یەکێك لە ناسراوترین ئەو فەیلەسووفانەی کە لێکدانەوە بۆ بیر و بۆچوونەکانی لە چوارچێوەی نهێلیزمدا دەکەن، نیچەیە. ئەو لە ساڵی ١٨٨٤دا، لە گوندێکی بچووك بەناوی (رۆکن) سەر بە (لوتسن) کە شارێکی بچووکە لە نزیك (لایبزیك) لە خێزانێکی ئایینی و پەیڕەوی لوتر لە دایکبوو. لە تەمەنی منداڵیدا

باوکی لە دەستدا و زۆربەی تەمەنی لە ناخۆشی عەسەبی و سەرئێشەی بەردەوام بەسەربرد. دوای مەرگی باوکی، لەگەڵ دایکی کە سەرپەرشتی نیچەی لە ئەستۆ گرتبوو بۆ شاری نورنبرگ لە باشووری ئەڵمانیا کۆچی کرد.

خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لەم شارەدا تەواو کرد و بۆ خوێندنی باڵا بەرەو شاری بۆن سەفەری کرد و بوو بە قوتابی لە بواری زمانەوانی و ئەدەبیات.

پێش وەرگرتنی پلەی دکتۆرا لە زانکۆی بازل لە سویسرا وانەبێژی زمانەوانی پێ سپێردرا و دوای ماوەییێك لە وەرگرتنی پلەی دکتۆرا بووبە بە وانەبێژی سەربەخۆ [مامۆستای تەواو] لە لایبزیك. بە بەرهەمەکانی شوپنهاور ئاشنا و هۆگری بیر و بۆچوونەکانی بوو، ئاشنایێتی شوپنهاور و واگنەر مۆسیقا ژەنی ناسراو و ناسیۆنالیستی ئەڵمانی کاریگەری زۆری بەسەر نیچەدا هەبوو.

کاریگەری شوپنهاوەر بەسەر نیچە بووە هۆی ئەوەی کە هەموارکردنی وێناکان لە پێشەوەی ئیرادە بزانێ. ئەو لە ناسراوترین رەخنەگرانی رەوشی سونەتییە و خوازیاری ئاشکراکردنی هەرجۆرە خۆ هەڵە کردنێکە لەلایەن خودی تاکەوە، هەر بۆیەش لە بازنەی لایەنگرانی فەیلەسوفێکی رۆمانتیك پڕە لە شەوق و سۆز و ئامانجگەرایی. ئەگەرچی خودی نیچە رەخنە لە رومانتیکەکان دەگرێ، بەڵام خۆشی لە چوارچێوەی هەزری رومانتیکەکان بەدەر نییە. زۆرتر لە خودی ئەفلاتوون، هۆگری بیروبۆچوونی فەیلەسووفە یۆنانییەکانی بەر لە ئەفلاتوونە. یەکبوونی دژەکانی هراکلیتۆس و جەنگ و دادگەری هەڵقولاو لەم یەکبوونە ستایش دەکات و رخنە ئاراستەی هیگل دەکات. هۆگری بیروبۆچوونەکانی شوپنهاوەر و ریکخستن و ناسیۆنالیزمی واگنەرە، بەڵام دواتر پشتیان لێ دەکات.

لە هەموو نووسینەکانی نیچەدا دوو بواری لە بەهاگەلی دژبەیەك لە هزر و بیر کردنەوەیدا چەقی گرتووە و بە یەك بەستراونەتەوە، ئەگەرچی لەگەڵ یەکدیدا ئاشت نابنەوە. بەواتایەکیتر، لە هەمانکاتدا کە خۆشەویستی بۆ فەلسەفە و هونەر و ئەدەب دەردەبڕێ، بەڵام ستایشی جەنگ و دەسەڵات ـ و ئۆریستۆکراتیش دەکات و سۆپەرمانەکان [بەمرۆڤی] گەورە لە قەڵەم دەدات. نیچە مرۆڤە لاوازەکان بە گوێڕایەڵ و ملکەچی بەهێزکان دەزانێ کە لە مۆدیلی پارتیو و روبرت میشلزدا بە راشکاوی بەچینی جەماوەر ناو دەبرێن. لە رۆما لەگەڵ کچێکی بە رەچەڵەك روسی



ئاشنا دەبێ کە حەزی دەکرد ببێت بەهاوسەری، بەڵام کاتێك کە وەڵامی رەت وەردەگرێ، کاریگەری نییگەتیڤی بۆ سەر نیچە دەبێ. گشت ئەم رووداوانە دەبێتە هۆی دژبەیەك و پێچەوانە و نیگەتیڤ بوونی بیرگەلی نیچە.

ئەو بە پێچەوانەی لێکدەروەکارانی نهێلیستی، فەیلەسوفێك و زماننناس و ئەنسرۆپۆلوجیست و، لە هەمووان گرنگتر مامۆستای زانکۆ و خاوەن ئیمکاناتی توێژینەوەبوو. هەر بۆیەش نووسینەکانی نیچە کە گشت ژیانی لە خۆ دەگرێ، خاوەن رەهەندی فرە چەشنە. نیچە ئازادی بیرو کردە لە چەقی قورسایی بیرکردنەوە و مۆدێلی خۆی دادەنێ.

ئەو خێر و شەڕ وەك دوو هێزی بزوێنەر لە مێژوودا دەزانێ کە دواجار شەڕی لە سەرووی خێر دادەنێ.

لە پەرتووکی «لەدایکبوونی تراژدی لە رۆحی میوزیك» کە لە ساڵی ١٨٧٢ دا بڵاوکرایەوە، تیۆری وێنای رەشبینی تراژیدیای مەسیحییەتی کلاسیك و رەخنەکانی خۆی لە بارەیدا دەخاتەڕوو، کە لە زانکۆ بە ساردی پێشوازی لێکرا.

لە پەرتووکی (وەها دەڵێ زەردەشت) بە نیمچە خوازە و شیعریانە، کۆیلایەتی رەوشتی مەسیحییەت لە هەمبەر سەروەری رەوشت و رەفتاری جوان دادەنێ و رەخنە لە مەسیحییەتی سونەتی دەگرێ و ئەرکی سۆپەرمان کە لەوبەری سەردمی مەسیحییەتی کلاسیکدایە وێنا دەکات.

لە روانگەی نیچە، نهێلیزم کاتالیزاتۆر و رووداوێکی مێژووییە کە بێ بەهابوونی گشت بەهاکانی بە دواوەیە. بە هەرحاڵ فەلسەفە و ئەدەبیاتی نیچە لە سەدەی بیستەمدا کاریگەری زۆری لەخۆ بەجێ هێشت. بەچەشنێك کە ناسیۆنال سۆسیالیستەکان، بە خراپی کەڵکیان لە هۆنراوە و نووسینەکانی وەرگرت و سۆپەرمانی نیچەیان لەجەستەی پێشەوادا بەرجەستە کرد.

ئەمرۆکە لە نیچە وەك یەکێك لە گرنگترین شایەت و پشکێنەرانی مرۆڤی مۆدێرن بەشێوە نوێیەکەی ناودەبردرێ. هایدگریش نهێلیزمی رۆژئاوایی لە تەشنە و گەشەیی خود فەرامۆشی لە فەلسەفەدا، لە سەردەمی سوقراتەوە دەزانێ، کە ترۆپکی گەشەی خۆی لە فەلسەفەی نیچەدا بەرجەستە کرد. هەروەها دەبێ ژان پۆل سارتر بیرمەندی فەرەنسی لە بڵاوکارانی جۆرێك لە نهێلیزمی حەماسی بزانین.